برای ئازیزکاک سالەنەڵۆسی،لەئوستەڕالیاوە هەتا وڵاتە جوانەکەی سوئید سڵاوم بۆت هەیە هیوادارم لەش ساخ وسڵامەت بی و لە خزمەت نەتەوەکەت هەروا ماندونەناس بیت،کاکەگیان ئەوەبەشی دووەمی کتێبی( لەگەڵ ئەم ئابڕوچوونە چ عافوو چاوپۆشینەک)م لە182لاپەڕە بەشمارە14بۆم ناردی کەلەسەرسایتی پێشمەرگەکان جێی بۆ بکەیەوە،هەربژی،کتیبەکانی دیکەشت بۆ دەنێرم. براتان حامیدڕەشیدی زەرزا.ڕیکەوت 2008/5/8ی زایینی شاری سیدنی ئوستەڕالیا.

..

منیش سوپاسی کاک حامید دەکەم کە کتێبەکانی بۆ من دەنێرێ و هیوادارم خوێنەران کەڵکی باش لە کتێبەکانی کاک حامید وەربگرن.

دەستی کاک حامید هەر خۆش بێت .
ساڵە نەڵۆسی
08-05-2008

**پێشەکی وەرگێڕی کوردی:**
کاتێک بە سەرمێژووی کوردەواریدا دەچینەخوار، گەوەو ڕژدو نواڵ و بەرزو نەوی بەسەر دەکەینەوە، تۆماری تەپۆڵکە و دۆڵ و دەرەکان هەڵدەوێزین، لە لوتکەو قیتەک و هەڵدیرەکان دەڕوانین، بە تەلان چەخت و هەڵەموتەکان هەڵدەڕوسکێین، بە هەتری چاو لاپاڵ وباوێشە و بانووی چیاکان و گۆڕەپانی دەشتەکانی کاکی بەکاکی کویستانەکانی تەژی لە بەیبوون و شێلرو هەڵاڵە سێرە لێهەڵدەگرین، زەنوێرە کانی هەزار بە هەزار هەستن بۆلای خۆ ڕادەکێشێت، قولنچکێک نییە کە تێیدا خەبات نەکرابێ و شوێنێک نییە کە قارمانێکی کورد خوێنی تێدا نەڕژابێت! بۆنی ئەو گوڵە تێکسڕماوانەی ڕەنگاوڕەنگ لە

پێدەست و بەرپاڵ و بەندەنی ئاڵ و سووری کوردستان، ئەو هەموو نیرگزانە وێنەی شەهیدانی سورخەڵاتی نەتەوەکەمانن، هەموو ئەو گوڵانە لە خوێنی پاک و بێگەردو بۆنخۆشی ڕۆڵە نەبەزەکانی کورد، پێشمەرگە گیان لە سەردەستەکان ڕواون، بەڵام هێشتا دیل و کویلەو یەخسیرین! بەڕاستی واقت وڕدەمێنێ!دەبینی هۆکاری تێشکان و هەرەس هێنانی ئەو هەموو شۆرش و ڕاپەڕینانە لە شێخ عەبەیدولەی شەمزینان کە1880سنووردەستکردەکانی پێ لێخشاندن وسمکۆ لە1920هەتا1925 کوردستانی ڕۆژهەڵات هەتا شێخ مەحموودی نەمر لەکوردستانی باشوور و شێخ سەعیدپیران 1925و کۆماری ئاگری لە بە ڕێبەری ئیحسان نووری پاشا،لە تورکیە لە ساڵەکانی 1930 و کۆماری مەهاباد 1946 ڕاپەرینەکانی بارزانی 1932هەتا ایلۆل 1960هەروا سەرهەڵدانی ئاپۆ،پ.ک.ک. لە تورکیە و هەڵچەرخینەکانی نێوان ئەوانەو سەرۆکانی عەشایەر چ بەر لە شەڕی چەلدران 1514و چ دوایی وی بە تێکڕایی متمانە بە داگیرکەران و دۆزو دەهۆی دوژمن و دەستەو پەستەی نەیار لە لایەک و لایەکەی دیکە (دارهورەی لە خۆی نەبێ ناقەڵشی) تێدا وەبەر چاو دەکەێ. بەڵام ئیمە هێشتا لەو هەموو قەیران و زەبر وێکەوتن و بەسەرهاتوو کارەساتە دڵ تەزێنانە ئاموجگاریمان وەر نەگرتووە، ئیستاش بەزم و ڕەزمی ناتەبایی نەحاوانەوە پێکەوە، کە لە بنچ و بنەبانی ناخی مێشک وکولەکەی زەین و هێلانەی گیانمان ڕیشەی داکوتاوە لە ڕەگ ئاژۆ دایە، لەم تەون وبەستە گۆریچنە شەقڵی پەنجەی نەیاری دوور لە حاشاکردنە، هەنۆکەش لەم چاخە سەخڵەتە لە دوورەوڵات،لە هەندەران لە دوورخراوەیی تەفرەقەو ویکهەڵنەکردن چڕو دەردەکات، گریمانەکان لە سەر پنجی هزری کاڵ و نەکوڵیو سەرهەڵدەدەنەوە، کۆنە برینەکان بە پلاری تەوس و توانجی شوورەیی دەکولێنەوە، لەسەر مقام و پلەو پایە وکارگێڕی شەڕە خەنجەرە،لە سەرناوی حیزب دێموکراتی ئیران ئەو ناوەی کە بە جەنە لێگرتن دەیان خەباتگێڕو شۆڕە سواری لە خوێن گەوزاندین دەیان شێلگێڕی لێ ئەستاندین ئەوە دیسان لاقی بەپۆتینی لە سەر قرساندراوە، ئەوانەی گەڕی سەرچۆپیان بە دەستە بۆ لە ناوبردنی و هەموارو تەرەزاەکان بە قولک و کەنداڵ قۆڵیان هەڵماڵیوە بەدەگمەن لە فکری ئاوەدانکردنەوەی ماڵی کوردن،بەپێچەوانە خەریکن خواروخێچی هزریان مشت وماڵ دەکەن،ئەمانە بنەمای تەوشۆ بە دەستانی باخی ساوای کوردین،ئەمانە ئولکە بۆ کارەساتی لێکهەڵبڕان و دابڕان و قەڵت و بڕو شەق شەق ولێکترازان بە گەسگی داگیرکەران دەماڵن و بەرسینگەیان لە دوورگەی ئاشتی بڕیوەتەوە! هەرچەند زەمینەی لە یەک دڕدۆنگی و ئاڵەدین بونەوە بەهۆی لێک حالێ نەبوون یان خۆ لێ گێل کردن مسووەگەر بووە، داوەڵی هیوا زۆرکەم جێنگوڕی پێ هەڵاوەسراوە بەڵام کەوی خۆخۆر لە قەفەزی ڕاوچی زۆربەچالاکی لەجۆزەردانی "می ڕۆژ" لە بەهاری"سیاسوت" لەبانگەوازە! وەک دەزانین زۆرجار تۆوی چەند دەستەیی و نیفاق و لێکدابڕان و تراوبڕاو ئاژاوە سازدان، بە پەڵپ و بڕوبیانوو هەجەتی پڕوپوچ ماڵی کوردی کاول کردوە بنچینەو بناخەو بنەمای میچی بە ئالاشی لە هەلدیرو کەوان و تەلان و لە هەتلەو هەڵوەدای دوورەوڵات لە بەریەک ڕەواندۆتەوەو هەڵوەشاندووەو ڕماندووە. ئەو جۆرە بنەتۆیانە هەمیشە بە ڕێنوینی نەیار چانداراوە ماڵوو کردنەکەش هەربەدەستی داگیرکەران بووە بەڵام

دەستکەنەی بەخۆماڵی کراوە، و چاوگەی بەڵێنی ئەوان ئەو تیتاڵانانەی وەک هەوادای داوی ئاڵۆز لە ناوماشەری پۆچەڵ و بەگریوگۆڵ بەجل وبەرگێکی دیکە لەگوڕەپانی سیاسی خەملاوە ئەوانەی کە هەموو کوردستان قوربانی ئیختیدارو قودڕەت و فرمانڕوای کەسینی و چندڕۆژ حوکمات وکورسی دەسەلات دەکەن، لە بن عەبای باڵی سیاسی وەک کلاوی فەخرەجندە، زەبر دەوەشێنن و چ شوینەوار لەخۆ بەجێ ناهێڵن و دەیان نەمەچێتری داکۆکی کەر بەرماڵ و کەشکۆڵیان بۆهەڵدەگرن چ بسم اللەیەک هەتا ئەمڕۆ کارتێکەریان نەبووە،ئاخۆ ئەمە شەیتان زللەی پێبردوون یان... ئەدی ... و! ئەوفرشتەیەی کە گۆیا دەرسی هەفتاهەزارمەلائیکەی دەگوت بە نافەرمانییەک لە بارگاو قاپی خودای هەیدیی لیکراوە بەشەیتان ناسرا بەڵام هی ئیمە کە بە زەقەزەقی چاوان نەتەوەکەیان بەدەسکە کەورێک دەفرۆشن! تازە لە بانگەوازەکەیان وادەنوێنن کە گۆیا ئەوانن ... !! ئەگەر لە ئاسمان کتێب بۆ نەتەوەی کوردنازل بوایە گەلێک ئایەی لە دەدرکاند کە پەیوەندی بەهەڵگەڕاوەکان بوایە! کە دەستی نامەحرەم وەمحفەرەکەیان نەکەوتووە !؟ بەداخەو قسەگنخاندراوەکان لە پاڵخۆیاندا برش هەلدێنن و دەبنە قەرەجە و خۆیانی ماڵی کورد لەجەنگەی کامڵ بوندا وەسەرزیوان وگەلێرە تاڵی ژەقەنەمووت دەگێڕن! هیوادارم ئەم خەونانە هیچ کامیان وەدینەیێن و وەڕاست نەگەڕین،و نووکی قەڵەمی ئەو تەوس و پلارانە کە سێرەی لە کەلەکەی خۆیی نیشانەکراوە بۆ سەر نەیاری گەلی کورد بگویزرینەوە ،تازە ئەگەر جیابوونەوەکە بەهۆی چلورەی بەستەلەک و زستانی زەمهەریری بیروباوڕی نەسەلمینداراوو پاییزی بە شەختە ئەنگاوتەی نامتمانە بەشیرنەک ڕوخساری پۆشیوەو کردەوەکان لە ناوجاڕو بەستێنی بێ تاڵخوش لەوپەڕی بژوینی تاسە لە بەستێنی قاقڕو ئیشکارو هۆبەی نەحاوانەوە هەڵداوە لەئاکامدا بەهۆی بەرژەوەندی کەسینی لیکترانزانەکە مسوەگەربووە بە هۆی هەڵکەوت وبارودۆخی کوردستان لە بەرامبەر نەیارانی بێبەزە و دەمارگرژ کە بۆ هەڵلوشینی ئیمەدایم و دەرهەم دەمیان داپچڕیوە، پێویستە بەرپرسان و هەموو کادرو ئەندامانی ئەم دوو بەرەبابە بە هۆی لە بەرچاوگرتنی باردۆخ وهەل ومەرج، لە کات و چاخی ئاخافتن و نوسین و وتار دان بەرپرسانەتر هەنگاو هەڵگرن و چونکە بێگومان ئەوەی زیوان و چۆدان و داڕوجان بچێنێ گەنمە شامی نادرویتەوە.

حامیدڕەشیدی زەرزا.ڕیکەوت 2008/5/8ی زایینی سیدنی ئوستەڕالیا.


پێشەکی وەرگێڕی کوردی ........ 1
After Such Knowledge ........ 4
What Forgiveness ........ 4
بەشی دووەم ........ **Fel! Bokmärket är inte definierat.**
ناوی کتێب: لەگەڵ ئەم ئابڕوچوونە چ عافوو چاوپۆشینەک ........ 4
نووسەر:جاناتان ڕەندڵ ........ 4
وەرگێڕی فارسی: ابراهیم یونسی ........ 4
وەرگیڕی کوردی: حامیدڕەشیدی زەرزا ........ 4

پاژی7 ........ 5
بەلەنگازی کوێر: چلەمین ........ 5
علی شیمیایی ........ 28
بۆمەلەرزەی کۆمەڵایەتی تورکیە: ........ 88
لێرەو لەوێ ........ 139
کۆتایی ........ 182

**After Such Knowledge**

**What Forgiveness**

**جلدی دووهەم**

**ناوی کتێب: لەگەڵ ئەم ئابڕوچوونە چ عافوو چاوپۆشینەک**

**نووسەر:جاناتان ڕەندڵ**

**وەرگێڕی فارسی: ابراهیم یونسی**

**وەرگیڕی کوردی: حامیدڕەشیدی زەرزا**

بەلەنگازی کوێری چلەمین
عەلی شیمیایی
بۆمەلەرزەی کۆمەڵاتەتی تورکیە
لێرەولەوێ

پاژی 7

**بەلەنگازی کوێر: چلەمین**

نوێژی شێوانی 27ی ئاوریلی 1979 لە باشگای هێزەکانی چەکداری ئیسرائیل،هەتا لە کورتە مێژووی عەمەلیاتی ئیستخباراتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ڕوداوێکی سەیروچاوەڕوان نەکراو بوو. چەند سەت کەس بە لێگێڕانەوەی فەرمی بۆ ئەم دانیشتنە بانگیشتن کرابوون: لەوانە سەرۆک وەزیران ئیسحاق ڕابین،سەرۆکانی پێشوو کاتی موساد،سازمانی سیخوری ئیسرائیل و کارگێڕانی نیزامی و موساد و هەموو ئەوانەی کە لەم عەمەلیاتە بەشداریان هەبوو کە ئیسرائیل بە پێچەقاندن ئەوی عەمەلیاتی نهینی ناودیرکردبوو، هەرچەند ئەم عەمەلیاتە خەرابترین نهێنی بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شاردرابۆوە،لە ماوەی ئەم دانیشتنەی کە چل و پێنج دەقیقەی خایاند،وتاری دەکورت و هێندیکجارئەو پەڕی خۆشەویستی و جارتێکەل بە هەست و ئیحساس بوو. شەیپورچیانی دەستەی موزیکی نیزامی، شەیپوری بێ دەنگییان لێدا،بەیداخی ئەستێرە داود هەڵدرا،و بۆ ڕێزگرتن لە هاوکار بە شیوەی نێوە بەرزەوە کراو بوو. ئەمەی بەم بانگیشتنی یەکدلی دەبەخشی ئەمە بوو کە چل ڕۆژ لە دوایی وەفاتی مرۆڤێک بریوە دەچوو کە ئەم ڕیوو ڕەسمە بە بۆنەی ڕیزگرتن لە وی پێکهاتبوو،ئەمڕۆ چلەمین ڕۆژ بوو،کە نەرتێکی ئیسلامی لە ڕیزگرتن لە موسڵمانانە.

بەلام ئەم مرۆڤەی کە ڕێزی لێدەگیرا "مەلامستەفابارزانی" بوو، کە لە ماوەی دەیەکی ئالۆزا لە تێکۆشانێک کە ئیسرائیل بە مەبەستی لاوازو کز کردنی دەوڵەتەکانی ئیراقی دەکرد یەکگرتووی ئەو بوو. لە نەخۆشخانەی زانستگای جورج تاوان لە واشنگتۆن وەفاتی کردبوو،لە حالێکدا کە شتێک کەلە دوورخراوەیی تاڵ و کوێرەوەری لە ئامریکا نیسکۆڵەیەک کەم بوو سزایەکی بەجێ بوو کە برۆک گری دەسەڵاتدارانی بە هێزببوو: کە پیلانی ئەم خەیانەتییەی سووکایەتیان سەبارەت بەوی (لەمارسی 1975)نەخشەدارڕشتبوو، و بەڕیوەبردبوو: سەرۆک ڕیچاردنیکسۆن لە سەر بێ ئابڕویی واترگێت لە1974 کەلکی وەرگرتبوو، وەزیری دەرەوە لە نموود کەوتبوو،یانی هنری کی سینجەر،بەتێشکانی سەرۆک جرالد فورد لە دەنگدانی سەرلەنوێی ساڵی 1976،لە سەرکورسی هێنرابووخوار،هەواری بومدین،ڕیبەری الجەزایەر،ڕێگا تەختکەری سەینەوبەینەی فروشتنی کوردەکان لە لای شا،لە گەڵ سەدام حسین بوو،ولە دسامبەری 1987 بە مردنێکی هەنگاو بە هەنگاو بە ئیش و ئۆف لە دنیا ڕۆیبوو،و تەنیا شەش حەوتوو بەر لە ئینقلابی ئیسلامی ئیران محەمەدڕەزاپەهلەوی لە ئێران ڕاونرابوو، بۆ دوورخراوەیی ناردرابوو.

(1- یەکەمین سەرۆکی فەرمی ئیسرائیل کە دەمی پێداهێنا: ئیسرائیل پارەو چەک و پسپۆری ڕاهێنانی لە بەردەست کوردەکان دادەنا،مناخم بگین سەرۆک وەزیران بوو. ئەو ئەم مەسەلەی لە29ی

سپتامبەری 1980 ئاشكراكرد و بەو كارە تووڕە بوونی دەسەڵاتدارای(موساد)ی وروژاو كرد. ڕۆژێک دوایی وی چاپەمەنیەكانی ئیسرائیل نووسیان كە ژەنەراڵ بارزانی لە ماوایی سالەكانی دەیەیی 1960 و سەرەتای دەیەیی 1970 چەندین كەرەت بە نهێنی لە ئیسرائیل سەردانی كردوە.

هەر وەک(چلەمین) نیشانی دەدا بەشدرانی ڕیووڕەسم بۆخۆیان تاوانێک سەبارەت بە سووكی و لە ئاش بەتاڵی بارزانی لە خۆیاندا هەست پێ نەدەكرد،بۆ ئەو هەموو ڕیزەی كە بۆ مەلامستەفاو ئامانجەكەیان دەگرت، هەر وەک یەكێک لە ئەفسەرە پلە بەرزەكانی موساد دواییەكان گوتی :( ئەو شتانەی كە هۆكاری سەرقاڵی ئەندیشەو هزریان بوو بیرەوەریەكی سانایی و ساكارنەبوو)بەڵام بەلانی كەم بە بووچوونی ئەم كەسایتیانە،بولێلی و تارمایی پەیوەندییەكانی ئیسرائیڵ لە گەڵ كوردەكانی ئێراق لە سەریەک هۆكاری حێجزو وەرزی هزرو ئەندیشەو هۆكاری لێكدانەوەی نەبوو. بە تێپەڕینی زەمان ئیسراِئیلیەكانی كە دەرگیری مەسەلەی كوردەكان بوون بە خۆیان سەلماندبوو كە لە خەیانەتی شا،وئایالاتی یەككرتووی ئامریكا، بەشداریان نەبووە. ئەمانەش وەكوو گەلێک لە دست و پێی ئیستخباڕاتی دیكە كە بە كردەوە لە سەرانسەری دونیا دەرگیری عەمەلیاتی ئیستخباراتی وێكچوون شیاوتریان دەدا لە سەرلایەنی دروشانەوەی ئەوشۆلانەی كە بەرێوەبردراون بەو دۆستانەیان كە لە دوورترین خاڵی دونیا پەیداكردبوو بسەلمێنن.

لە دوو ساڵی ئیكجار ئاڵۆزی نێوەڕاستی دەیەی 1960 یارمەتی ئیسرائیل لەشەرێک كە شتێكی ئەوهای لێ نەزانرابوو گۆیا بزوتنەوەی بارزانی لە لەناوچوون ڕزگاركردبوو، و بۆ ماوەی دەیەیەک بەدابین كردنی حوكم وشوێن تێكەری وی لە باشووری ئێراق بە وێنەی سەربەخۆیی یارمەتی و ئالیكاری كردبوو. دەرچوون و خەرجی ئیسراِئیڵ لە یارمەتی بە پێشمەرگەكانی كورد كە هەزاران كەس لە هێزەكانی ئێراقی لە هەرد بزماركوت كردبوو كەمتر لە بایی فرۆكەیەكی شەركەری بۆمب هاوێژی میراژ بوو- و ئەمە هێزێک بوو كە بە پێچەوانەی ئەمە لەوانە بوو لە شەڕەكانی 1873-1967ی عارەب و جولەكان دژی ئیسراِئیل لە پەیكار بەشداری بكات. لەكارەساتێكی دوایین تێدەپەڕین،دەگوزەرین لەمە كە ئەم یارمەتیە لەدابین كردنی ئامانجەی لە پێشدا ڕاگەیاندراو كە بریتی لە بزماركوتكردنی هەموو لەشكرەكانی ئێراق بوو كەمی هێناوە. لە دەسالەی دوایی لە ئەو ئیسراِئیلیانەی كە دەرگیری مەسەلەی كوردستان بوون،لە وتوویژ لەگەڵ كەسان، چاوپۆشی لە تاسەوخەونەكانی ڕابردوو،لێڕاوانین لەدونیای ڕاستی دەورویشت و بەتاڵ لەماجەرای دژوار بوو. ئەم گرووپە بەشانازی و لەخۆبایی هێندێک وێنەیان دەرخست كە ئەوانی لەگەڵ ڕێبەرانی كورد نیشان دەدا: لە دەوراندەوری كورسیەكی خری قاوە نۆشین، ئولكەكانی پەیكاریان نوێ دەكردەوە،تاكتیكەكانی دەكاریان كردبوو ڕەخنە لێدەگرت،بەدوای دۆستانی

کۆنی کوردیان دەکەوتن،ئارەزویان ئەمە بوو جارێکی دیکە ئەوان ببینن. یەکێک لەبالوێزەکانی بریتانیا لەئیراق لەماوەی دەیەی 1940 کە لەهاودڵی لەگەڵ کوردان دەنگین نییە جارێک بە لەبزێکی وێکەوتووگوتی: (ئانگلوساکسنەکان دایم ودەرهەم دڵبەندی خەڵکی سەیروسەمەرە دەبن.) ئیسرائیلیەکان ئەوهایان لێهاتووە: کوردەکان بەهۆکاری ڕاشکاو بی پێچووپەنا وساکاری تایبەتی خەڵکی چیانشین، جسوری و بەغیرەت لەشەڕ، و تاقەت خۆڕاگری مێرانەو دەردو کوێرەوەی پەسندو مەتح دەکەن. یەکێک لەکارگێرانی بەئازموونی موساد بە شەوق وزەوق دەیگوت:( کوردێکی بەتفەنگەک ونردوەک نانی جۆ، و چەند سەلکە پیواز لە سەرتەپۆڵکەێک دابنێ،پێشی ستوونێک سەربازدەگرێت) ئیسرائیلەکان هەروا دەمیان بەم عەمرەدا دەهێنا، کە نیوان ئەوان و کوردەکان،لە سەردەمێک کە کەمایەتیەکی مل لەبن نیری کویلەتی دابوون وێکچوون دەبێنن- هەرچەند کوردەکان بەپێچەوانەی ئیسرائیلەکان خەڵکانێکن کە پەیوەندییەی دەرەکی و چینی ڕاهینراوو سێوادداریان لەسەرانسەری دونیا نییە،وهەتابەپێچەوانەی ئیسرائیل ڕێگایی دەریاشیان نییە. دژکارنی پێچەقینی کوردەکان زەنگی مەترسیان لیدا کە یارمەتی ئیسرائیل بەئەوان بە مەبەستی کەلک وەرگرتن وبە قەستی گەیشتن بەئامانج و نییەتی کەسینییە.

هەر وەک دەرکەوت ئەزموونی کوردستان دواییەکان بۆ ئیسرائیلیش بەری تاڵی پیوەهات،کە بەکۆتایی پێهاتنی گەشەی حەزلێکردنێکی تۆقێنەر بەهەنگاو هەڵێنان بۆ عەمەلیاتی جێ مەترسی وئارینەر و بە شک تەواو بوو. کارگێران لەگەڵ ڕابردووی ئیسرائیل کەلە کوردستان هەیانبوو دوایەکان تووشی گەلیک عەمەلیاتیك بوون- لەباکوری سودان وئیتۆپی بگرە هەتالبنان وئامریکای لاتین، وئەم جەرەیانەی ئیسرائیلی بۆماوای دوو دەیە تووشی کیشمەکێش کرد. گروپێک لەو ئیسرائیلیانەی کە لە کوردستان خزمەتیان کردبوو پاشان لەگەڵ مەسەلەی گەندەڵی هاوپەیوەند بوون: لە مارونیەکانی لبنان وکارتل (موادمخدرمدلین)و پێچەقینەکانی ئامریکای ناوندی، لە (آناستازیو سوموزا دبایلە،نیکاراگۆ، بگرە هەتا(مانوئل آنتونیو نوریەگای پاناما.

ئەم تێکۆشانانەی خویسوج وخەراپکارانە وبەرفرەوان بەدوای شەڕی ساڵی 1956ی عارەب وجولەکان(شەڕیک کەلە سەرکانالی سوئز قەوما)،وئەوکات کەئیسرائیل بە هوشیارەکی تەواو سیاسەتێکی بەڕیوەبرد کەبەسیاستی(دەوروپشت)ناودیرو دەنگین بوو مەبەست لە وی هاتنەدەر لە لاتەریکی گۆشەنشینی لە ناوچە بوو،شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. ئەم سیاسەتە کە پەیدابوو لەفکری ڕوونی شیلوا،یەکەمین سەرۆکی موساد بوو، ڕیشەی لە تێکۆشآنەکانی سیاسی لەئیراق هەبوو: ئەوئەوکات بۆ ئاژانسی یەهود دەشوغڵی،کە دەزگایەک بوو(صهیونی) کەلە فەلەستین لەژێرچاوەدێری سەرپەرشتی بریتانیا لەجیاتی دەوڵەت کاری دەکرد،کە لەساڵەکانی دەیەی 1930 بۆ ماوەی سێ ساڵ وەکووماموستای قوتابخانە و هاواڵدەری نیوە وەخت کاری کرد،لە دەوروپشت دەکەوتە ڕێ ولەژێرناوی

کۆکردنەوەی بابەت بۆ نوسینی ئەووتارانەی کە قەت بڵاونەبوونەوە لەگەڵ کوردەکان و کەمایەتیەکانی دیکەی دانیشتووی ئێراق پەیوەندی دەگرت.

وەدیهێنانی پەیوەندییەکانی نهێنی لەگەڵ کەمایەتیەکانی ناعارەب لە وڵاتانی بە ئیستلاح عەرەبی و لەگەڵ وڵاتانی دراوسی موسڵمان و ناعەرەب بە یەکێک لە بنەماوبنچینەی عەمەلیاتی سیخوری ئیسرائیل گوردرا. جەوهەری ئەم سیاسەتە هەرئەو بنێشتەخۆشکەی سەرزاران بوو کە(دوژمنی دوژمنم دۆستی منە.)ئەم سیاسەتە کە مەبەست لە وی وەدیهێنانی تەنگەژەو ئاڕووشە بۆ سیستەمەکانی عەرەبی و هەل پێدان بۆ پشوو هەڵکێشانی ئیسرائیل بوو،رەگ وریشە لە ریکووپێکی فەرمی لە تیکەڵ بوون بەتێکۆشانی سیخوری لە رۆژهەلاتی نیوراست و پیوەند لە گەڵ موسڵمانانی ناعەرەب لە ئیران و تورکیە و- دواییەکان- ئیتۆپی لە شاخی ئافریقای هەبوو، کە مەسیحیان فەرمانڕوایی و حکوومەتیان بە سەردا دەکرد. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە،موساد لە 1958 فەرمانگەیەکی بە ناوی فەرمانگەی پەیوەندی دەرەکی بنیات نا کە ناوەندی رووگەی وی سنووردارکردنی شوێن تێکەری گەشەی دوزراوەی جەمال عەبدولناسر سەرۆک کۆماری میسر بوو،کە موساد ئەوی بە یەکگرتووی نافەرمی کمونیستی دونیا دەزانی.

سازمانی بەئیستلاح(سێ قۆزە)ی کە ئیسرائیل وئێران وتورکیەی پێکەوەگرێدەدا،لە 1958 بەم لاوە دانیشتنی ریکووپێکی هەبوو،و بناخەوپایەی وی لەسەرپەیوەندییەکانی هاوبەش بوو کە ئەم وڵاتانە لەگەڵ ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا هەیانبوو،وهەروا مەترسی لەناسیونالیسمی دەمارگرژی عارەب وکمونیسم. هەتا دوو دەیە دوایی کەرژیم شای ئێران روخاندرا،ئیران گەوهەرێکی دەروشاووبریقەدارو وەرشەداری  تۆقەسەری ئەم سیستمە بوو،وهەموو شت لەنەوت بگرەهەتا دابین کردنی بەرگری سەرەتایی- بەئیسرائیلی دەدا: ئەم بەرگرییەی سەرەتایە لەچوارچیوەی ئەیارەیەک چەک وچۆڵ بوو کەبە دەستگیرەی پەرچەنگ لەگەڵ شوورەوی لە ئامریکای دەکری،بەڵام لەراستیدا بە مەبەستی ترساندنی ئێراق و وەپیش کەوتن لە وی لە بەستێنی دابین کردنی چەک و چۆڵ بوو. یارمەتی بەکوردەکانی ئێراق بۆ ئیسرائیل  و ئیرانی شێعە و ئاریایی رەچەڵە(بە رابردوی دووردرێژ دوژمنداری کی لە گەڵ عارەبانی هەیبوو) هەردوو کارەکانی زۆر بەرێوجێ و لە بارو جێی خۆیبوو.

دیوید کیمچە لە کارگێرانی کۆنی موساد دەنوسێ: هەر دوو وڵات( لەبوونی یەک رووژهەڵاتی نیوراستی (سوننەمەزەب)و بەهێزوعموومی ئیکجارترسیان هەبوو. ئیسرائیل نەیدەویست کە ئەرتەشی ئیراق لە شەری دوارۆژی سورییەو ئۆردن بەهێزکات.) ئێرانیش پێیخۆشبوو ئەرتەشی ئیراق لە تخووبی باکووری خۆی کە لە درێژایی کەنداوی عەرەب کە چەقەی لە سەربوو،  وهەروا لە پارێزگای نەوتی خوزستان دووررابگرێ. لەدوای شەری 1948( عارەب وئیسرائیل)ئیراق تەنیا وڵاتیک بوو کە لە ئیمزای پەیمانی

ئاگربڕی فەرمی لە گەڵ ئیسرائیل سەرپێچی کردبوو. بزمارکوت کردنی لەشکرەکانی ئێراق،جار زوربەی لەشکرەکانی- بەکاربێنێکی بنەڕەتی(ژئواستراتژیک) گوڕدرا. کە بناخەوژێرپایەیی سیاسەتی یارمەتی بەکوردەکانی پێکهێنا،چونکە ئەم وڵاتی جولەکە بڕیارگربوو لە سەرئەمە کە لاوازی ئەژماری جەماوەری خۆی لە گەڵ وەدیهێنانی لانی زۆری تەنگ و چەڵەمەکان عارەب قەرەبۆ کاتەوە.

اسڕائیل ئەم سیاسەتەی بە پڕوپاگەندەیی دژی سەهیونیستیەکی توندی ڕژیمەکانی کەلەبەغدابەدوای یەکدا دەهاتنەسەرکار شی دەکردەوە. هەڵبەتە بەشێک لەوجنێوانەی ئیراق پەیدابوو لە بێپەڕوباڵبوون وزەبوونی لەم بابەتە بوو کەنەیدەتوانی بەپەیوەندی ئیسرائیل لەگەڵ کۆردەکان کۆتایی بێنێت. ئەم لێڕوانینە بەهەرحاڵ ئیراقی لەناردنی هێز بۆ جبهەکانی شەڕ لەساڵەکانی 1967-1973نەگێڕاوە. بەڵام تەنگەژە لە جبهەی کوردستان سروشتیەتوانایی ئێراقی بەیارمەتی زۆرتر بە ئامانجەی فەلەستین ئیکجاردەهێناخوار.

خاڵی سەرەتایی سیاسەتی ئیسڕائیل لە پەیوەند لەگەڵ کوردەکانی ئێراق ڕوخانی بنەماڵەی سەلتەنەتی هاشمی لە1958 وکۆتایی حوکم و تاقەت پێشکانی ئینگلیستان لەئێراق بوو،کەلە وەدیهاتن وپیکهێنانی وڵاتی ئێراق بەدوای شەڕی یەکەمی دونیاگر دەوامی هەبوو. لەگەڵ ئینقلابی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم نزیکەی دەیەیەکی تەواو نائارامی سیاسی هاتە کایە- وئەمە هەلی بۆ ئیسڕائیل ڕەخساند کە لاق لەئولکە بنێت. نائارام کردنی ئێراق ئامانجی دائیم وهاوبەشی ئیسڕائیل وئێران وکوردەکان بوو. ئێران لە 1950 ئیسڕائیلی بەفەرمی ناسی،وبەفڕوکەکانی شەریکەی ئیسڕائیلی ال عال،ئیجازەدا لە فڕۆکەخانەی تاران بنیشن،بەڵام هیچ کات بەفەرمی لێژنەی سیاسی ئیسڕائیلی ئیجازەنەدا کە بیداخی ئیسڕائیل بە ئەستیرەی داود لە سەربانی شوێنی لێژنەی سیاسی خۆی هەڵبدا یان هەتا تابلۆی بزینجینی بەناوی بالویخانە لە سەردەرگای سەفارەت  هەلاوەسێت. پەیوەندی لەگەڵ ئێران بۆ ئیسڕائیل بەڕادەیەک گرنگ بوو کە ئیسڕائیلەکان،هیچ کات خوازیارنەبوون لەمەسەلەی گچکە یان گەورە بەپێچەوانەی ئارەزوو بووچوونی (شا) هەنگاوباوێن. بەڕوانین لە ناشیاوی بەرچاو لەم پەیوەندیە،بە پێچەوانەی بە هەست بوونی بڕیک لە ئیسڕائیلیەکانی خەیاڵاوی کەجەرەیانەکەیان بەچاوی دوو کەمایەتی مل لەبن نیری ئەخسیری دەدیت کە یەکدری ئالیکاری دەکەن،شیاوتری گرنگی ئیسرائیلیەکان کوردەکان نەبوون. و بەڵام بارزانی- کە پارەوچەکی نەبوو،و بە تەنیا مابۆوە،و لە 1961بەم لاوە دژی بەغداڕاپەڕیبوو- ئێران بۆ وی تەنیا ڕەگی چۆڵەمەی ژیان، بەهۆی دەست وێراگەین بەدونیای دەرەکی بوو،و بە تەواوی و سەرجەم بە ئێران پەیوەندداربوو.

له ته‌واوی ده‌یه‌ی ئاماژه پێکراو ئه‌و یارمه‌تیه‌گرنگه‌ی که‌به‌کورده‌کانی ئێراق ده‌کرا،له‌لایان ئێران بوو، وئه‌م یارمه‌تیه به‌ستراوه به وه‌رگرتنی شا له‌سیاسه‌تی ئێراق له‌هه‌ورازونشیو بوو: بۆ نمونه،کاتێک عه‌بدولسه‌لام عارف ناسری، له‌ساڵی 1964 له‌ئیراق ده‌سه‌ڵاتی وه‌ده‌ست گرت،یارمه‌تی شا،به‌کورده‌کان به‌راده‌یه‌کی زۆر له‌زیاده‌یی دا. بۆ شا،ئیسرائیل که‌ره‌سه‌یه‌کی باشبوو: یه‌ک ئه‌مه بوو حکوومه‌تێکی گچکه بوو دوه‌هه‌م به‌پێچه‌وانه‌ی خۆدی وی ته‌شک وداوێنی تێوه‌ردراو به‌خه‌یانه‌ت به‌کورده‌کان نه‌بوو. که‌لک وه‌رگرتن له‌ئیسرائیل له‌ئالیکاری به‌کورده‌کان له‌چاوگه‌ی(ئیستخباراتی) ش زۆر به‌قازانج بوو: ده‌یتوانی به به‌ڵگه‌وده‌لێلی لۆژین خۆتێهه‌ڵقوتانی خۆی له جه‌ریاندا حاشا بکات.

به‌مجۆره ده‌بینین که‌به ره‌زامه‌ندی ته‌سدیقی (شا)ی بوو که ئیسرائیل و بارزانی ئه‌م هه‌له‌یان بۆ ره‌خسا که له ساڵه‌کانی ده‌یه‌ی 1960 ببنه‌هاوده‌ست. ئاخۆ کام یه‌ک هه‌نگاوی هه‌وڵی هه‌ڵیناوه به‌دورستی مه‌علووم نییه. یه‌کێک له‌کایه‌که‌ره‌کان بنه‌ره‌تی کامران به‌درخان بوو: ئه‌و له کورده‌کانی تورکیه بوو،به رابردویی خه‌باتیک که مێژوو وی بۆ ساڵه‌کانی نیوه‌راستی سه‌ده‌ی نۆزده ده‌گه‌راوه. به‌درخان ئه‌وسه‌رده‌م ته‌مه‌نی حه‌فتاساڵ بوو،قسه‌که‌ری بارزانی له ئوروپابوو، به موچه‌یه‌کی که‌م له قوتابخانه‌کانی مللی زوانه‌کانی زیندوی رۆژهه‌ڵاتی(ناسراوبه‌Langues‌ده‌رس ده‌کوته‌وه. ئه‌و به کرده‌وه‌ی سیخوری ئاشنا نه‌بوو.
له‌دوای تیشکانی عوسمانی له‌شه‌ری دونیاگری یه‌که‌م وه‌کوو دیلمانج ورێنوێنیکه‌ری ماژور ئه‌دوارد دابلیو.نوئل،کوردناس و سلنه‌که‌رو ده‌نگینی ئیگلیزی،بۆتورکیه چووبوو. ئه‌م راسپارده‌بییه له‌کوردستانی تورکیه(ئاوریلی 1919)به‌راده‌یه‌ک ده‌سه‌ڵاتدارانی تورکی قه‌لس و تووره‌و وروژاوکرد که‌ده‌وله‌تی ئینگلیستان مه‌جبووربه گه‌رانه‌وه‌ی وی کرد. تورکه‌کان به‌درخانیان به‌هۆکاری رۆڵیک که‌له‌شۆرشه‌کانی دوایی وه‌ریخستبوو ناپه‌ندی وپاشمله به‌ئیعدام محکووم کرد. له‌دوایی ئه‌مه ئه‌و له‌نیوان بێروت ودێمشق له هاتووچۆ دابوو: دوو وڵاتی ئامازه‌پێکراو له ژێرسه‌رپه‌رشتی و چاوه‌دێری فرانسه‌بوون. گۆڤاره‌کانی کوردی بڵاوده‌کرد. وه‌کوو وه‌کیل ومعامی کاری ده‌کرد. له 1945 به تکای رۆژه‌لسکو و رۆژهه‌ڵات ناسانی دیکه‌ی فرانسه‌ویی که بۆخۆیان تێوه‌ردراو داوین ته‌ر به تۆره‌کانی ئیستخباراتی ببوون بۆ پاریس چوو. لسکو خیرا به‌شێوه‌ی ته‌واو وه‌خت هه‌نگاوی له ده‌زگای ئیستخباراتی فرزانسه‌نا و کورسی مامۆستایه‌تی خۆی له بنکه‌ی زوانه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی بۆ به‌درخان به میرات به‌جێهێشت. به‌درخان ناوه‌ندیه‌کی به‌ناوی کۆی به‌سه‌رداچوونه‌وه‌ی کوردی بنیات نا،به‌ڵام به راده‌یه‌ک ده‌ست به‌تاڵ و نه‌بوو بوو که هه‌تا توانایی چاپی نوسینه‌کانی خۆی نه‌بوو،و مه‌جبوور به‌یارمه‌تی ماشینی ده‌ستی(میموگراف)سه‌روبنی کاره‌کانی تێکده‌کرده‌وه.

به‌درخان له‌گه‌ڵ سه‌هێۆنیسته‌کان په‌یوه‌ندی ده‌نهێنی و له‌مێژینه و کۆنی هه‌بوو. چه‌ندمانگ دوایی پێکهاتنی وڵاتی ئیسرائیل له‌مه‌ی 1948،ئه‌و له‌رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست- میسرو سورییه ولبنان و ماوراء

ئوردن_ خەریکی سەفەرکردن بوو،و لەخولێک هەرلەو هاوینی،هەڵگری هەرومەرجی مەلیک عەولا بۆ جێ بەجێ کردنی مەسەلەکانی هەڵاوەسراوی ماوراء ئوردۆن وئیسڕائیل بوو. ئەو بەخۆرایی حەولیدا داکۆکی ئیسڕائیل بۆ ڕوخانی دەوڵەتەکانی سورییەو لبنان،بەکەلک وەرگرتن لە(دەرۆزەکان وچرکسەکان ومەسیحیانی مارونی،کە هەموویان پلەوپایەی گرنگ وبەرزیان لەدەولەت وهێزەکانی چکداری ڕاهینڕاوی فڕانسەوەکان هەبوو ڕەکێش کات- بەڵام ئاکامەکی لەم حەولً وتەقەلاو تێکۆشان وخۆماندوکردنە نەبرد. بەدرخان دەیگوت: کە عەمەلیاتی ئەوها دەتوانیت سورییەولبنانی لەشەڕ لەگەڵ ئیسڕائیل دوور ڕابگرێ_وبۆ نموونەئارەزوتاسەکانی نەتەوەیی کوردیش لەسەرانسەری دەڤەر ورۆژاو وەخەبەربێنێت. هەڵبەتە ئەم فکروهزرە تازە نەبوو. جۆلەکەکان لەداوید کوڕی گوریون(سەرۆک وەزیرانیاسرائیل لە (1948-53-1955-63) بەملاوە زەمانها بوو لەگەڵ ئەم هزروئەندیشەکانی ویکچوو وئاگاکەرەوە لەمەڕ ئەمە کەتەنیاڕێگای دەستەمۆکردنی دونیای عەڕەب وەدیهێنانی وڵاتانی جۆراوجۆر وجامینخوازی لەکەمایەتیەکانی نەتەوەیی بەحیسابی ئەم سنوورانەیە کەلەکاولەکانی ئەمپەراتووری عوسمانی سەریان هەڵداوە، گۆنهەڵیان کرەدبوو. ئیسڕائیل لەئاکام دا بەو وەسوەسەیەی خۆ بەدەستەوەدا، ولە دەیەکانی 1970 و1980 واردی یەکیەتی نافەرمی،بەڵام تەواو،لەگەڵ ماروونیەکانی لبنان بوو- کەدوارۆژێکی کارەساتاوی بەدواداهەبوو. گەلیک لە تێکۆشەرانی پێشووی موساد لەکوردستان،تووشی ماجەرابوون.

مەیل نیشاندانی بەدرخان بەکارەکانی ئیستخباڕاتی بەبۆچوونی دۆستانی فرانسەوی وی لەمە ئاکام وەرگرتنەبوو کە لە دوایی لە بەریەک هەڵوەشانی دەستەوجێی شۆڕشی سالێ 1930،(سۆڕشی ئاگری) کوردەکان و ئەرمەنیەکان دژی تورکەکان کە زۆریش باش نەخشەی داڕژابوو،ئەو بۆخۆشی ڕۆڵی دەویدابەڕیوەبردبوو،ئیدی شۆڕشی چەکدارانە مومکین و لەکردن هاتوونییە. ئەو لەدوای کۆتایی شەڕی دونیاگری دووهەمیش،لە حالێکدا کە شەڕی سارد ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە دوو بەشی دژ بەیەک دابەشکردبوو، وەدیهێنانی وڵاتی ئیسرائیل برینی دە لەشی عارەب کردبوو،وایدوئولوژی دونیای سیوەم هیزی بەوی دابوو،هەروا لە سەرئەم بیروباوەرە سووربوو. لە دونیایەکی ئەوها ئامانج و هیوای کورد_ لەگەڵ ئەوداواکارییەی کە لە مەڕ ئێران و ئێراق و تورکیە و هەتاسورییە هەیەتی_ سنوورەکانی سیاسی دەستکردی تیکدەدا و لە نیوحیزبەکان و دەوڵەتەکانی جێکەوتووی دونیا پشتیوانی و داکۆکی کەری بەڕاستی نەدەدۆزیەوە. بە بۆچوونی بەدرخان باشترین شت کە کوردەکان دەیانتوانی چاوەنواڕی بکەن شیاوتریەک بوو کە لە ڕێگای کەلک وەرگرتنی بە پاریزو ئیحتیات لە سەرویسەکانی ئیستخباڕاتی پشت پەردە وەریاندەگرت. ئەمە میراتی کوڕەمامێکی دیهاتی بوو کە کوردەکان بە تایبەت کوردەکانی ئیراق، نەیانتوانی لەوی چاوبپۆشن،و کارەسات و مسیبەتی بۆ هێنان.

لەبەهاری سالی 1963 موساد،بە ودواکەفتن لە ئەزموونی (شیلواه)لە سێ دەیە پێش،ڕۆژنامەنووسێکی دەرەکی کە پێگەکەی پاریس بوو بۆ کوردستان نارد. ئەم هاوالدەرە لە کوردستان لەگەڵ بارزانی وبرایم ئەحمەد سکرتیری گشتی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق چاوپێکەوتنی کرد، و پێشنیاری کرد کە کەسێکی بۆ پاریس بنێرن هەتا لە هوتێێک لە رەخ ڕاست سن،لەگەڵ ئیسرائیلیەکان وتوویژ بکات. هوتیل لە نزیک بالویزخانەی ئیسرائیل هەڵکەتبوو،کە ئەو کات لە یەکێک لە کۆشکەکانی قەدیمی (روچیلد) لە شەقامی (واگرام) بوو. بارزانی کە بەتوندی لە بن زختی هێزەکانی ئێراقی دابوو ئەم پێشنیارەی قەبوول کرد،کەچی ئەم ڕەزامەندییە بەتاڵ لەو خۆشی و شایلەخانە بوو کە چاوەڕوان دەکرا،چونکە ئەو بەپلە شیاوتری دەزانی کە لەگەڵ ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا، یان عارەبەکان دەست بە وتوویژو مامەلە بکات_ یانی ئەگەر ئەمانە ئیلاقەی ڕاستیان بەم مەسەلە دەردەبڕی. بێزاری نەتەوەخوازێکی کورد هەرڕادەش سەبارەت بە ئازار دەرانی نەتەوەکەی، یانی عەرەبەکان و ئیرانیەکان و تورکەکان توند وتیژ بیت دیسان ئەم بێزاریە لە گەل ئیحترام بە قودرەتی ناوەندی ئەم ولاتانە داوەرانە دەبیت،و زۆرتر خوازیارە لە جیاتی ئەمە کە لەگەڵ ئەوان بە شەڕبێت، سەبارەت بە قازانجێک کە دەتوانێ بە شەرێکایەتی وەریبگرێ و لەگەڵ ئەوان وتوویژ بکات،و ئەمە ئارەزوەک بووە کە قەت وەڕاست نەگەڕاوەو تاقیکار نەبووە.

بارزانی هەر وەک بینیمان هیچ کات فکری بەدەست وەگرتنی جلەوی دەسەلاتی لە بەغدا لەمێشکدا نەبوو، ئەو ئەوپەرێ تاسەی هیوادار بوو بە یارمەتی دەرەکی بۆ دابین کردنی دەڤەرەیێکی ئازاد و بە دوور لە حوکمڕانی ڕاستەوخۆی دەوڵەت لە باشوور کەلک وەرگرێت. بۆ دەست وێراگەین بەم مەبەستە بە وتەی یەکێک لە مێژوونوسانی کورد(ئیسرائیلیەکان شتێکی ددانگرنەبوون، و ئەگەرعەرەبەکانی شتێکیان دابوایە، ئەو دەست و جێ لە خێری ئەوانی چاو دەپۆشی.)بەلام عەرەبەکان شتیکێان پێنەدا. بارزانیش وەکوو فەلەستینیەکان ڕێگایەکی دیکەی نەبوو جگە لەمە کە لە سەر هەر هەسپێک کە دەبینی گرۆ بکات. ئەو جاریک بە لێژنەیەک لە نوینەرانی ژنانی فەلەستینی کە ئەویان لە بەبەت ئەوەی کە هاوکاری لە گەڵ ئیسرائیل دەکات سەرکۆنە کردبوو گوتی: ئەم وەک ئەو(بەلەنگازی کوێر لە مزگەوتی سلیمانیەم،دەستیم درێژ کردەوە،نازانم چ کەسێک پارەی لە سەر لەپی دەستم داناوە.)

بەمجۆرە لە پاییزی ساڵی 1963 برایم ئەحمەد بۆ پاریس چوو،لەو هوتێلەی کە دیاریکرابوو هۆدەیەکی گرت و زەنگی بۆ هاوالدەری (ئامازەپێکراو) لێدا. هەروا ئیسرائیلەیەکانی ئاگادارکرد- ئیسرائیلەیەکان جگە لەوەی پێیان سەیربوو خۆشحالیش بوون. دلنیانەبوون کە بارزانی بەدوای مەسەلەکە بکەوێت، ئیدی چ بگات بەمە کە بۆ ئەم شۆڵە کەسایەتیەکی گرنگی وەک برایم ئەحمەد بنێرێت. مناخم(ناهیگ)ناوت،کارگێرانی موساد لە پاریس(جێگری دوایی موساد) یەکەمین ئیسرائیلی بوو کەلەگەڵ برایم ئەحمەد وتوویژی کرد،کە ئەوکات تەمەنی چل ساڵ بوو،وەک گەلێک لە خەڵکانی کوێرەوەری بینیو

بەتەمنتروبەسەڵاچووتری دیاری دەدا. ئەحمەد لە دواییدا چاوی بە والتر ایتان،باڵویزی ئیسرائیلیش کەوت: (ایتان) بە قسە دوورودرێژەکان و چارەڕەشی و دەرو عذاب و لە ئاکامدا بۆ داواکاریەکانی گوێچکە هەڵخست. ئەحمەد ئەنگۆستی لە سەرخالەکی گرنگ وهەست پێکراو دانا. ئەوچارەنووسی کوردەکانی لەگەڵ چارەنووسی جولەکەکان هەڵسەنگاند،و گوتی کە پێشمەرگەکانی کورد بەڕادەیەک دەست تەنگن کە هەتا ناتوانن قەندوچایی بکرن،بە هەستی دایکانەی خاتون گولدمایر،وەزیری دەرەوەی وەگەڕانەدەوە. کە چی دەزگای دەوڵەتی ئیسرائیل ناوبانگی بەعاتفی بوون نەبوو،بەڵام پاش سالها ناوت دیگێڕاوە کە ئەو و واتیان، کەئەم مەسەلە کارتێکەربوون لەهەر دەکیان بوو،و خانم گلدمایرکاتێک ئاگاداری مەسەلەکە کرا،دەست بەجێ عەمری ئەو پەیوەندی دا کە بەمجۆرەپڕبەڵالەئاوهاتەدەر. برایم ئەحمەد کەلە هۆگرایەتی ئیسرائیل ئاگاداربوو، ئەم باباتەی پێ سەیرنەبوو.

کاتیکیش بەدرخان- کە ئەحمەد بە ئەنقەست ئەوی لە مەسەلە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیلیەکان ئاگادارنکردبوو- شەوئەوی بۆ کابارە(لیدو) لە شانزەلیزە بردبوو و بە ڕەواڵەت لەگەڵ کەسیک لە میزی قەراخ خۆی قسەی کرد کە بەڕیککەوت،یەکێک لە نوینەرانی کمونیستی مجلیسی ئیسرائیل بوو،دیسان پێی سەیر نەبوو. ئیسرائیلیەکان برایم ئەحمەدیان بە/20هەزار دۆلارو، وادەی یارمەتی زۆرتر بۆ کوردستان وەڕێکردەوە. یەکەمین باروبنەی چەک و چۆڵ مانگێک دوایی گەیشت. کاتێک برایم ئەحمەد بۆ کوردستان گەڕاوە،بارزانی لە مەڕ چەک و چۆڵ خۆشحاڵ بوو بەڵام لە کەمبوونی پارەی کۆکراوە ناراحەت بوو. برایم ئەحمەد گازەندی دەکرد لەم بابەتە کە بارزانی ئاگر بڕی بە هەل ومەرجێک قبووڵ کردوە کە بە بۆچوونی وی و پارتی دیموکراتی کوردستان ناقیسەو،ئامانج لەباوەش ناگرێت، و بارزانی گوتی کەبۆ بەردەوامی شەڕپارەیەکی تیروتەسەلی لە بەر دەست دا نییە.

نزیکەی هەمووشت- چەک وچۆڵ،تەقەمەنی، پسپۆری نیزامی، ڕێنوێنی، فیرکردن،هەتاوەزیرەکی سڵنەکەرودروشەڕانی کابینە،پسۆرانی کشت وکاڵ، ددانسازو، ونەخۆشخانەیەکی گەرۆک- هەمووبەدوای یەکداگەیشن. یەکێک لەهاواڵدەران کەلەکوردستان سەردانی کردبوو هەرلەسەرەتای ئاوریلی 1963 لەوچەک وچۆلەی کە بەشیوەیەکی نهینی بە پەڕەشووت بردەدرانەوە خەبەری دا(سەرچاوەکانی دیکەدەیانگوت کەلە 1965هاوکاری نیزامی تەواولە نیوان لانەکان بوونی بووە)یاکف نمرودی،پەیوەنداری نیزامی ئیسرائیل لەتاران، لەجەرەیانی ناردنی چەک وچۆڵ لەئیسرائیل بۆئیران بۆ کوردەکان تێکۆشەروهەڵسوڕینەربوو. ئەوپاشان لەمامەلەی چەک وچۆل سامانێکی زۆری کۆکردەوە ولە ڕسوایی ئازادی بارمتەکانی ئامریکایی لەبەرامبەر وەرگرتنی چەک، لەدەیەی هەشتا،ڕۆڵی ئاچەری بەڕێوەبرد. تەحویلی چەک وچۆڵ وتەقەمەنی لەدوای شەرەکانی 1967و1973ی عارەب وجولەکان بەتوندی لەزێەیی

دا،و ئەمانە چەک وچولی رووسی پێکەوتوو بوون کە ئیسرائیل لەم دوو شەڕە لە ئەرتەشەکانی عەرەبی بەمفتە و بەلاش و ئاونتەی وەچەنگ کەوتبوو.

(تێبینی2- بۆ هەڵسەنگاندن- چەندساڵ دوایی،سامی عەبدولڕحمان،نوێنەری دیکەی بارزانی، توانی (فرانتس یوزف اشتراوس) سیاسەتمداریسوسیالیست مسیحی،لەباوریا ڕازی بکات بەمە کە دوو میلیون دۆلار بەبزوتنەوەی کورد یارمەتی بکات.

لە یەکێک لە عەمەلیاتی سەرتایی،موسادددانسازێکی لەگەڵ یەکێک لەچەرگەکانی لاوقی،بۆ کێشانی ددانەکانی بارزانی وچاککردنی ددانی دەستکرد بۆ وی بۆ کوردستان نارد_ ددانەکانیان لەتاران دورست کردن. یەکێک لە هەنگاوهەڵێنەنانی گرنگی ئیسراِئیل لە کوردستان کە بەبووچوونی هێندیک لەکوردەکان ئیکجارگرنگ بوو،یارمەتی ئیسراِئیل بە بنیات نانی سازمانی ئیستخباراتی کوردەکان بەناوی (پاراستن)بوو،کە بەرپرسی وی مەسعود کوڕی بارزانی بوو،کەهەم لەکوردستان وهەم لەئیسرائیل لەژێرچاوەدێری مەساد بەتەواوی ڕاهینرا. (پاراستن)لکەکانی خۆی بۆ هەموو کۆمەڵگای کوردلەهەمووشوێنەکان ڕاچاند، وموساد(لەهەرشتێک کەئاتاجی بە ڕێنوینی بوو)ئەوانی ڕێنوینی کرد_ ئەم قسە یەکیک لە دانیشگایەکانی ئیسراِئیلە لەپەیوندییەکانی لەگەڵ دەزگای ئیستخباراتی ئیسرائیل هەیە.

لە ناوکوردستان کارگێرانی موساد جل و بەرگی ئێرانیان لە بەردابوو،یان جل و بەرگی کوردی: پستبیند و پێچی ڕەشوسپی(ئاغابانوو)جاروەبوو بۆ تەفرەدانی زەینی مرۆڤی زۆربەپرسیار،پێگەی خۆیان وەک (خیوەتی هاوڵدەری) هەڵدەخست.

هیچ کات جگە لە کەمێک ئیسراِئێلی لە کوردستانی ئێراق نەبوون، وئەم گرووپە زۆرتەوەخت هیچ کات لەدەوراندەوری سنوورئێران وێوەترنەدەچوون. سەیرئەمە موساد لەم عەمەلیاتەدا لەدەیان هەزار جولەکەی کەلە کورستان لەدایک ببوون کەلک وەرنەگرت،وشیاوتری زانی بۆ پسپۆرانی لە دیلمانجی عەرەب زوان کەلک وەربگرێت.

(تێبینی: 2- ئەوگرووپە جولەکانەی کە کوردستانیان بە نشتیمانی خۆیان دەزانی بەرلە کۆچکردنی تێکراِیی سالی 1950 بۆ ئیسراِئیل نزیکەی/30000هەتا/40000 کەس بوو. ئەم ژمارەیە دانیشتووی شارەکانی زاخۆ وعمادیە و دهۆک و هەولێر وسلیمانیە بوون، وەکوو مەسیحیانی کورد بەزوانی ئارامی

وکوردی قسەیان دەکرد، وخۆیان لە ڕەچەڵەی جولەکەکانی بەدیل گیراوی بابل دازانی(652بەرلە زایین)،90%لەسەدی ئەم جولەکانە بیسیوادو بریتی بوون لە بازرگانان ودوکانداران و لۆتکەلخورانی(ڕوباری خابوور) ،سەیرئەمە هێندیک لەوان خاوەن ملّک و وەرزێربوون. زوربەی جولەکەکانی دیهاتی لە گوندەکانی تێکەڵ،لەگەڵ مەسیحیان وکوردەکان، دەژیان. گوندی سوندرو،هەڵکەوتوو لەنیوان عمادیە وزاخۆ، لەگەل دانیشتوانی 400/بنەماڵە،تەنیاگوندێکی تەواوجولەکەنشینی کوردستانی ئێراق بوو. ئەم جولەکانە لەدوایی دوو دەیە نشتەجێ لەئیسرائیل هەروا بەشوێنی لەدایک بوونی خۆیان هۆگرن ولە تێکۆشانی دەوڵەت لەیارمەتی بەکوردەکان داکۆکی دەکەن. هەتائەوسالانەی دوایی ژمارەیەک لەم خەڵکە بۆ نوێکردنەوەی ئاشنایی لەگەڵ خواسگای خۆیان وەکووتوریست بۆ ترکیەدەچوون،وبەئوتووبوس لەدەڤەری سنووریان سەردان دەکرد.

بەپێچەوانەی تۆمەتی پەیتاپەیتای ئێراق سەبارەت بەیارمەتی ئێران و ئیسرائیل بە بارزانی، هاواڵدەرانی دەرەکی و کەسانی دیکە کە سەردانی کوردستانیان دەکرد هیچ کات بەبوونی(گرووپی) موساد-یان- نەزانی: کاتێک اریک لوو، کە ئەوسەردەم پسپۆری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی لۆموند بوو،ڕۆژێکی بەهەڵکەوت تووشی ئەوئیسڕائیلیانە بوو کە کوردەکانی دەعاملاند،یەکێک لە پەروەردەکارانی موساد پێشنیاری کرد کە ئەوی بکوژن،و بە ڕووداوی ماشینی لە قەڵەم بدەن. کوردەکان  شک وگومانیان کرد،بەم خەیاڵە_کە دوایی وەڕاست گەڕا_کە رولو،بۆنێکی لە بوونی ئیسرائیلیەکان نەکردوە.

خولاسە تەنیا چەند کەس لە دەسەلاتدارانی پلەبەرزی کورد لە جەرەیانی کاری نهێنی موساد لە کوردستان بوون(کەچی ئەفسەرێکی ئیسراِئیلی کە یەکێک بوو لە ناولێژنەی نوینەرانی کورد لە وتوویژلەگەڵ دەسەلاتدرانی ئێراقی جێی بۆ کرابووە بە ئەنقەست پێناسی خۆی ئاشکراکرد- بەڕەوالەت بە تەسدیقی بارزانی)ڕاهێنانی نیزامی لە کوردستانی ئێراق، و ئێران و ئێسرائیل بە ڕیوەدەچوو: لە عەمەلیاتێک کە ناوی نهێنی وی (اومنت توا) بوو،کوردەکانی بە فرۆکە بۆ (حیفا) دەبرد... ڕاهێنان و فیرکردن وعاملان لە سەرتا،بە تاکتیکی ساکارو ئاسایی شەڕی پیادەنیزام کەڵکە بوو: یەک لەوان کەلک وەرگرتن لە خومپارهاوێژو، و تفەنگەکانی ئۆتماتیک و کەلک وەرگرتن لە موشکەکانی دژی تانگ، و موشک هاوێژەکانی دژی فڕۆکەی ساختی شووڕەوی کە لە سەرشان دەیانگێڕا.

ئیسڕائیلەکان قەت لەبەرئەمە دانەبوون کە شیوازی شەڕی کوردەکان بگۆڕن- ئاتاجییەک بەمکارەنەبوو. حئیم لەواکف. عەربناسی چالاک هەڵسوڕێنەری ئیسڕائیلی کە لە 1966 هەتا 1973 بەردەوام لەنێوان

ئیسڕائیل و کوردستان لە هاتووچۆ دابوو دەیگوت: (کوردەکان هەردیان دەناسی ودەیانزانی چلۆن وچتۆ بەشەربێن) ئەو تێکۆشانی لە نێوکوردەکان بە ئەزموونی سەردەمی لاوی لە دوایین دەیەی 1930 وشۆڵکردن لەگەڵ هیزەکانی یەهودی هەڵدەسەنگاند کە بەهۆی (اوردوینگیت،دەورەی جریکیان دەدیت(اورد وینگیت ئەفسەری بریتانیایی،وەک ماوریک مەیلەوسەهیونیست بوو کەدوایی بەدەکارکردنی ئەم تاکتیکانە  لەماوەی شەری دوەمی دونیاگر،لەبرمە دژی ژاپونیەکان،ئیکجاردرەۆشاوە) پەروەردەکارانی موساد،کوردەکانیان بەکلاشینکۆفەکانی رووسی وتفەنگەکانی هجووم ناودێربەکارل گوستاو سوئدی ئاشناکرد،وردبینی پێشمەرگەکانی کوردیان کە هۆی دەست پیوەگرتن لەتەقەمەنی بوو عافەرین دەکرد و لە توانایی وان بۆ ئەنگاوتنی ئامانج، لە فاسیلەی زۆرترلە پینج سەت مێتر،بەتفەنگەکانی بڕنوو لەڕدەدەرچوو کەشاە بەئەوانی دابوو،مدح دەکرد. یەکێک لەڕاهێنەرومەشقپێکەرەکانی پێشووی ئیسڕائیل بەسەرسوڕمان ومدح وعافەرین دەیگوت: (هەریەک بۆخۆی گوللەهاوێژێکی دەرجەیەکە- باشترین ئەنگێون هەتاکووئیستاکەدیوومە) ئیسڕائیلیەکان بەومەسەلەش کەکوردەکان بریندارەکانیان لەئولکەی پەیکار بەرەهەڵلا ناکەن بەهەرشێوەک بێت لەمەیدانی شەڕیان وەدەردەنین،بەچاوی ئافەرین وئیحترام لێیاندەڕوانین. کوردەکان قسەخۆش بەقسەی خۆش وەرام دەداوە دەیانگوت:(ئیسڕائیلیەکانی خودا بۆ شەڕ خولّقاندوە!)

ڕێنوێنەکانی ئیسڕائیلیەکان بۆ وەدەستهێنانی بەناوبانگترین سەرکەوتنی کوردەکان لە دەیەی 1960 ئالیکاری کرد: لەنابردنی تیپێکی تەواوی ئێراقی لە چیایی هەندرین، لەنزیکی ڕەواندز،لە12ی مەی 1966. هێندرین لەبنەڕتدا شانۆگەریەک بوو لە لایان کوردەکانبەفرماندەری ئیدریس،کوڕی بارزانی،و بەجێگری فەرماندەری بەرگری فخری مێرگەسۆری،کەیەکێک لە پێشمەرگەکانی بەئەزموون بوو. ئەفسەرانی کمونیست وپەیوەندار بەگروپەکانی چەپی کەلە ئەرتەشی ئێراق هەڵاتبوون ئەویان لەم شەڕە کارتێکەرە ئالیکاری کرد. ژمارەی ئەوکەسانەی کە ئەم پیروزییەی بەخۆیان نیسبەت دەدەن بەڕادەیەکە کە مرۆڤ ناتوانێ،پاک وپیس لێک بکاتەوە. لەڕاستیدا هەتا لەناو کارگێرانی خودی موسادیش سەبارەت بەگرنگی و بەشداری ئیسڕائیلیەکان،بەتایبەت ڕوڵی سەرهەنگ تسووری ساگویی باس وموجادەلەیە. ساگۆیی بەنافەرمی وەکوو بەرپەرسی ستادی کوردەکانی کاریدەکرد، بەگوێچکە هەڵخستنێکی زۆر بەپەیامەکانی ڕادیویی ئەرتەشی ئیراق بەم ئاکامە گەیی  کەئەفسەرانی تۆپخانەی ئەرتەش سەبارەت بەهەڵویستی پێشەوەی ئاگربارینەکانی بە لە خۆیان پلەبەرزتر گزارشتی بەپێچەوانەیان داوە. ئەو لە هەردی دەکۆڵیەوە،و لە تاران و ئیسرائیل بەڕووتێکردن لەم مەسەلە کوردەکانی فیرکردن: لاق قرسانی لەسەر ئەوشتانە بوو کە کوردەکان بۆخۆیان لە پێشدا دەیانزانی: لە مەتەرێزو چەپەرەکانتان مەینەدەر و خۆتان بە فرۆکەکان و وەسیلەی زریهی ئێراق نیشان مەدەن،

چەپەرو شوێنەقەیمەکانی سوپایی سازمەدەن، چونکە لێکهەڵاواردن لە ئاسمان کارێکی ساکاروسادەیە،بۆ خۆ شاردنەوە لە ڕازو دانە بەردو دارەکان کەلک وەربگرن.

(تێبینی: 1-پاراستن دواییەکان مێرگەسۆری و بنەماڵەکەی بە تۆمەتی خەیانەت ئیعدام کردن،بەڵام شێکردنەوەیەک کە سەبارە بەخەیانەتی وی پرێسکەی کراوە،قانع کەرنەبوو.

کاتێک هێزەکانی بەلێشاوی ئیمدادی ئێراقی چیاکانی دەوروپشتی ڕەواندزیان یەک بەدوای یەک دەست بەسەرداگرت،بارزانی و ئیسرائیلیەکان سرۆشتیە ئیکجار تووشی دڵەراوکە بوون. بارزانی دەیزانی کە هێزەکانی چەک و چۆڵ و ڕاهێنانی پێویستیان نییە کە لە شەڕێکی جبهەیی عەمرێکی حەیاتییە. ئەو لەو خولەی هەستی دەرونی مەجبوور بوو بە یەکێک لە فەرماندەکانی خاوەن ئاوزە کە لێی یەقین بوو پێشمەرگەکانی هەمووهێرشی ئیراقییەکان بەرپەرچ دەدەنەوە، ئەمر کرد پاشەکشە بکات، و ئێراقیەکان لە بۆسەبخات_بۆسەیەک کە بەحەماسەگۆڕا. کوردەکان- بریتی لەگوردانێکی تیرهاوێژی ناوبەدەر، و دووکوردان زەخیرە_ تەنیا بە تفەنگ و چەند خۆنپارەهاوێژێک دەستیان بەبەرەکانی کرد،لەحاڵێکدا کە ئێراقییەکان هەروا لە داوینەکانی چیا بەرەوبەرزایی قەتارەیان بەستبوو هەڵدەکشان. نزیکەی شەش هەزارپایی کە لە چیاوەسەردەکەوتن،کوردەکان لە دووڵا تەقیان لێکردن،وتیپی چوارەمی/1800کەسی و لەشکری دوومی ئیراقیان لە ماوی سێ کات ژمێرلەت و پەت کردن. کوردەکان لە وەی کە ویتنامیەکان، شەڕی دەستەویەخەیان پێدەگوت،یانی نزیک بوون لە دوژمن بە ڕادەیەک کە تۆپخانە وفڕۆکە لەترسی گیانی هێزەکانی خۆیان نەتوانن هنگاوهەڵێنن،مامۆستاوپسپۆڕ بوون. لەم عەمەلیاتەدا کەمترلەبیست پێشمەرگەکوژران،کوژرانی ئێراقییەکان بەڕاپۆرتی فرماندەری پەیوەندار لەدوای عەملیات بە لەخۆ پلەبەرزتری دا تەنیا لە لەشکریک 1200کەس بوو. ئەم کوژراوانەیان لە شارۆچکەیەک بەناوی (دیانان) لەقەبرنان، و لە جیاتی کیلی گڵکۆ،لە سەر هەر کوژراوێک قوتیلەیەکی بەتاڵی(سۆن ئاپ)یان، دانا. ئێراقیەکان لە ماوی 10ڕۆژ شەڕ لە دەوروپشتی ڕەواندز،بی حیساب کردنی جاشەکان،بەلانی کەم /2000کوژراویان دا.

بەر لە شەڕ دەستپێکردن،بارزانی زۆرنیگەرانی کوژراوی و یچوونی پێشمەرگەکانی خۆی لەم هجوومەدا بوو کە لەماوەی ویدا دەبوایە عەمەلیاتی پارتیزانی بە فەن وفوتی شەڕەکانی جبهەیی پێکەوە بەستباوەوە- کاتی خایاند هەتا لە ئاکامدا ئەویان بە ڕەزامەندی بەم کارە قانع کرد. کاتێک لە ئاکامی کۆتایی عەمەلیات ئاگاداربوو ئیکجارناڕاحەت بوو: بە ساگویی کەلەم بارهوە،واقی وڕمابوو گوت: (سی

چل کوژراو..ئەمە قەبیلی قەبوول نییە... بەڵام /3000کوژراو..ئاخ،ئیدی ئەمن چاو بەئەڕتەشی ئیراق هەڵنایە!)ساگویی بەخۆڕایی لەم قسەیەی ڕەخنەگرت،وگوتی ئیراقیەکان لێهاتووی ئەم سزایەبوون، چونکە هێرشەکە ئەوان دەستیان پێکردبوو. کاتێک ناردراوانی ئێراقی بەدووجیب و لەحاڵیکدا ئاڵای سپییان هەڵدابوو گەینە وێ وخوازیاری بوون چاویان بەبارزانی بکەوێت،ساگویی گوتی: ئێستاکە پێنج تیپی پاشملەشیان تەفروتونابکەن هەل و مەرج لەمە باشتردەبێت. بارزانی بیروبۆچوونی وی قەبووڵ نەکرد،وگوتی دەبووری،بەڵام ئەمن هەمووتەمەنم چاوەڕونی ئەمە دەکەم کە ئەمانە لەگەڵ من وتوویژ بکەن.) لەتل آیو ئەفسەرانی پلەبەرز چاخێک لە کوشتەی ئێراقیەکان ئاگاداربوون مەسەلە کەیان بەشک و گومان ودوو دڵی وەرگرت. ژەنەڕاڵ آهارون یاریو،بەرپرسی ئیستخباڕاتی نیزامی،گوتی: (ئەمکارە ئیمکانی هەیە..ئەمە شەڕێکی چریکییە... لەچ قسە دەکەن؟) پیرۆزی هەندرین دەوڵەتی ئێراقی هێناسەر ئەم بڕیارە کە لە شەشمی ژوئن ئاگربڕ رابگەیەنێت- ئەم ئاگربڕە دووساڵی دەوام کرد.

ئیسڕائیلیەکام لەم سەرمایەدانان وپارەتێرژتنەی کەلەکوردستانیان کردبوو قازانج ومنفەعەتیکی زۆریان برد: کوردەکان لەمەسەلەی فراری دانی فڕۆکەوانێکی مەسیحی بەناوی (منیرردفە) لەعەمەلیاتێکی زۆرچەتوون ودژوار موسادیان ئالیکاری کرد: ئەم فڕۆکەوانە لە15ی اوتی 1966فڕۆکەیەکی ئیکجارپێشکەوتەو تازەی مێک-21خۆی بۆئیسڕائیل برد. دەست وپیی موساد بنەماڵەی ردفەیان بەڕەواڵەت لەجەرەیانی سیرانێک لەبەغدابۆکوردستان نارد،وکوردەکان ئەوبنەماڵەیان بەسانایی لە سنوورپەڕاندەوە. ئیسڕائیلیەکان بەفڕۆکەوانەیان میلیونێک دۆڵارداو هەروابەخۆی وبنەماڵەکەی پەنابەری سیاسیان پێدان: بە بووچوونی ئیسڕائیل ئەمە پارەیەک بووکەزۆربەجێ ولەشوێنی خۆی خەرج کرابوو،و لەئامریکایەکان کە لەم بارەوە شەنگوڵ ببون بانگێشتن کرد کەچاویان بەفڕۆکەی ساختی شووڕەوی بکەوێ زانیاری لێ وەرگرن. موساد هەنۆکە نوقمی شانازی لەم بارەوەبوو،کەلەسەر دەنگدانەوەی لە واشنگتۆن زێدەدەبوو.

کوردەکان لەوعەمەلیاتانەی کە ئیسرائیل مڕاقی لێبوون پسبۆر بوون،و ئەو فراری دانی پاشمەنەی کۆمەڵگای جولەکان بوو کە بەجەماوەرەکەیان بەر لە کۆچی قانوونی ساڵی 1950بەزێدە لە سەد هەزارکەس دەگەیی. کوردەکان لە وەرزی هاوینەکانی 1970و1971 بەباشترین ڕێگا کەلکیان لێوەرگرت و لە ئاگربرێکی دیکە کە بە دوای ویداهات قازانجیان وەرگرت، کوردەکان بە ئوتومبیل جولەکەکانیان بۆ باشوور برد(بۆ دووری لە وروژاوکردنی زینی ئێراقیەکان کاتی ئەم کۆچبارەیان بە شێوەیەک ئامادەکرد بوو کە لە گەڵ ڕۆییینی خەڵکی شار بۆ کویستان زۆزان و هەڵاتن لە چەنگ گەرمای هاوین هاوچاخ بێت). خولاسە لە باشوور ئەوانیان بۆ ئێران نارد- کە لەوێرا بۆئیسڕائیل چوون. دەسەڵاتدارانی ئیراقی لەهیچ

خەڵێک خۆیان تێهەڵنەقوتاند و پێشی چ ترۆمبیلێکیان نەگرت. ژمارەی ئەم کۆچەرانە زۆر بوو (نزیکەی/3000کەس) کە موساد بەم ئاکامە گەیی کە دەوڵەت بە هۆکاری تایبەتی بەخۆی مەسەلەکەی چاولێداپۆشیووە. دەسەڵاتدرانی بەرپسیارموساد بیروبۆچوونیان وابوو کە ئەم عەمەلیاتی فراریدانی جولەکەکان بۆخۆی بەتەنیایی مەسەلەی پەیوەندی کوردەکان و ئیسرائیلی شی دەکردەوە، ونیشانیدەدا کە وەبەرزەحمەتەکەی دەکەوت.

بە قۆڵ لە سەر کیشانی شا،ئیسرائیلیەکان هەروا لە پلانی عەمەلیاتی مارسی 1969 یانی هێرش بۆ سەرچاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک، کە ئەوکاتی 75لەسەتی نەوتی ئیراقی بەرهەم دەهێنا،کوردەکانیان ئالیکاری کردووە. بەڕیوەبردنی ئەم هێرشە بەم مەبەستە بوو کە بە دونیا نیشان بدەن کە پێشمەرگەکانی بارزانی دەتوانن ئابووری ئێراق ئیفلیج بکەن. وێنەکانی ڕەش و سپی لەواکف دوو دەستە نیقابداری پیادە نیشان دەدەن کە بە چوارهێستر کە بارەکەیان خومپارەو تفەنگ بوون بێ پاشەکشە بەرەوئولکەی عەملیاتن: فەرماندەری عەمەلیات سامی عەبدولڕحمان بوو، کە مهندیس بوو، و لە ئینگلستان دەورەی بینیبوو،و ئەو کات یەکێک لە ئستێرەکانی بەختی کوردستان بوو.لەم هێرشەدا کە حەنباری گازی سروشتی و هێندیک لە بنکەکانی دیکە زبریان وێکەوت، هەست پێکردنی مەترسیەک کە مەبەستی بیروبۆچوونی کوردەکان بوو وروژاوکرد،بەڵام بەو ڕادەیەیی کە ئیسرائیلەکان چاوەڕوان بوون، سەرکەوتوو نەبوو. لەواکف بە گچکەبینی لێکداووگوتی:(باشتر لەمە دەبوو کە بوو، ئەگەر کوردەکان بەشێک لە ماددەی تەقینەوەیان لە گەڵ خۆیان هەڵنەگرتبوایە)

ئەگەرچی پەیوەندی کوردەکان و ئیسرائیلیەکان پەیوەندییەکی تەواو لە محەک دراو نەبوو،بەڵام قازانجێکی دیکەشی هەبوو کە کەمتر وەبەرچاودەکەوت- یەکێک لەوبابەتەی تایبەت، بەرفرەوانی شوێن تێکەری موساد بوو. موساد شانازی بەمە دەکرد کە ئێراقیەکانی ئەوجۆرە ناراحەت کردوە کە لە بابەت بوونی دەست و پێیەکانی لە کوردستان پێوەنان دەکەن تێشکان و ناسەرکەوتنەکانی نیزامی خۆیان بە بوونی نزیکەی هەزاران کەس لە دەست و پێوو کارگێرانی وی لەکوردستان بەبەڵگەدێنەوە. ئامریکاش لە عەملیای موساد لە کوردستان کە هۆکاری نائارامی و ئاڵۆزی ئیراق ببوو ناڕازی بوو. واشنگتۆن حەزی لەمە دەکرد لە ماوەی دەیەیەک لە دوایی ڕوخانی بنەمەڵەی هاشمی،ئەو دەولەتانەی کە بەدوای یەکدادێنەسەرکار یارمەتی بدات، و لە ماوەی سالەکانی سەرەتایی پەیوەندی کوردەکان وئیسرائیل، بارزانی بە(مەلای سوور) ناودەبرد و ئەوی بە توندی بە مەیلەومەسکۆ دەزانی،ئەویش بەم هۆکارە کە سەردەمێکی دوورودریژ لە وێ مابووە، وجاربار کە دەولەتی ئیراق بە دیپلوماتەکانی شووڕەوی ئیجازەی سەفەر بۆ باشووری ئیراق دەدا ئەوانی بۆلای خۆی وەردەگرت،بێ ئاگاداری بەمە کە بارزانی لەماوەی

مانەوەی لە شوورەوی بێ باوەریەکی قوڵی سەبارەت بە کۆمەنیسم و کمونیست پەیداکردبوو وکووسەرۆک عەشیرەیەک دژی ئیدوئولوژی ئەو بوو کە کوردەکانی شاری و شوێن تێکەری پارتی دێموکراتی کوردستان حەزیان لێدەکرد. بەڵام موساد لەم بارەوە کەیف خۆش بوو کە ئامریکایەکان عەمەلیاتەکەیان لە کوردستان بەراست وەرگرتبوو، و زەختیان دەخستە سەردەوڵەتی ئیسرائیل کە یارمەتی بەکوردەکان رابگرێ. یەکێک لە دەسەڵاتدارانی مووساد بە وەبیر هێناوەی بیرەوەیەکانی ڕابردوو گوتی: ( ئەو کات لەبەرخۆمان فکرن دەکرد): بەڵی ئاڕووشەیەکین بۆیان. و ئەمە بەم مانایە کە بە ناوی بایەخەکی(ملۆزم و مۆمڵ)بوونمان هەیە. وەدیهێنانی ئارووشە ودوام بەخشین بە خاوکێش و دژواری لە نیوان ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و وڵاتانی عارەب ئامانجی بەدڵ و ئێشتیا لێبووی موساد بوو. بەرلەوەی کە تل آویو پسپۆری و چالاکیەکی زۆرتر لە جزووپێوەنانی سیاسەتی ئامریکا وەدەست بێنێت،ئەم شتانە هۆکاری دڵخۆشی ئیسرائیل بوو.

(تێبینی: 1-یەکێک لەم دیدارکەرانە(یوگنی پریماکف)بوو، کەکارگێرێک بوو کەلەلێژنەی هاواڵدەران کاریدەکرد،وبنکەکەی بەغدا بوو. ئەم کەسینە لەبنەبانی توورەیوو قەلس بوونی دەوڵەتی بووش لە 1991 لە حەولدانی 11کاتژمێری تیکۆشا،سەدام حوسێنی قانع بکات کە کەویت چۆل کات. پریماکف،لەدەم ودەزگای رووسیە لەدوای شوورەوی بەرزترین پۆستی لەدەزگای ئیستخباراتی وەدەست هێنا ولە 1996 بەوەزیری دەرەوە دانرا.

ئێران لە خاوەکردنەوەی دەست وێڕاگەیشتنی بارزانی بە واشنگتۆن لە ڕاستیدا لەگەڵ ئاڕووشەیەکی زۆر بەرەوڕوو بوو، وبۆبارزانی دەست وێڕاگەین بەکارگێرانی و سیاسەتمەدارانی ئامریکا دایم ودەرهەم لە شیاوتری دەرجەی یەکەم بوو. لە1963 برایم ئەحمەد،سەرەتا بەبێ چ بەرنامەیەک داوای ویزای چوونی بۆئامریکا،کرد داوایەکی بە ساردی و کەمەتەر خەمی ڕەت کرا. پێیان گوت کە واشنگتۆن هیوادارە، هاتووچۆی ئێران وئێراق باشبکات،و قبول کردنی ناردراویک لە لایان بارزانی لەم هەل ومەرجەدا بە دوژمنداری لێکدەترێتەوە. بەڵام بارزانی هیواداربوو کە ئیسرائیل لەم بەستینەدا ئالیکاری بکات. ئیسراِئیلیەکان زۆریان حەول دا،بەڵام سەرکەوتنێکی هێندەیان وەدەست نەهێنا. عیسمەت شەریف وانلی، کە لە کوردەکانی لە دایک بووی سووریییەیە،ئەو کات لە ئوروپا بۆ بارزانی کار دەکرد،لە 1964 لە ئیسراِئیلی سەردان کرد: ئەو چاخێک بوو کە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەندامانی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دوای کیشمەکیشێکی توند لە بارزانی جیاببوونەوە. عیسمەت شەریف لە گەڵ(یاکف هرزوک) بەرپرسی گشتی وەزارەتی دەرەوە،شمیون پرز،جێگری دائیمی سەرۆک وەزیران، و سەرۆک وەزیر- لوی اشکول- چاوپێکەتنی کرد،لە حاڵێکدا کە ڕۆندکی خۆشحالی لە چاوانی دەتکاوە لەم جەلسەی وتوویژهاتەدەر. گوتی: (ئەودەسەڵاتدارانەی کە ئەو لە ئیسراِئیل لە گەڵیان دانیشتووەگوتیان:

کوردستان بەرەوسەربەخۆیی بەرەوپێش دەچێت. ئەمن لێم یقین بوو کە ئیسرائیل سەبارەت بەکوردەکان بیروبۆچونێکی باشی هەیە،و لە گەڵ ئەوان هەست بە هاودەردی دەکات.)

وانلی دەیگوت: ( بارزانی دلگەرم بوو، ولێیّ یەقین ودڵنیابوو کە ئێستا ئالیکاری ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لەبەردەستە.) بیروباوەڕو ئیمان ولێکدانەوەی بە زانین وئاگاداری و شوێن تێکەری ئیسرائیل هەتا بەم ڕادەبوو. سالیّ دوایی لەگەڵ بالویزخانەی ئیسرائیل لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکاپەیوەندی گرت،وباڵویزخانە ئەوی لەگەڵ یەکێک لە بنکەکانی پەیوەنداری گشتی لە شەقامی مایسن،کە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو،حەوالەکرد. ئەو لەواشنتگتۆن لە(باشگای چاپەمەنیەکانی نەتەوەیی) وتاری پێشکێش کرد،ولەگەل هێندیک لە سەناتۆرەکان ملاقاتی کرد. وانلی دەلێت: (خێراتیگەیشتم کە ئیسرائیل نەیتوانیوە ئامریکایەکان ئیقناع بکات،و ئامریکایەکان نەیاندەویست خۆیان تووش بکەن) قازی ویلیام ئۆ. دووگلاس،کەلەڕابردوو بیروبۆچوونێکی باشی سەبارەت بەکوردانی نوسیبوو،لە چاوپێکەوتن لەگەل وی سەری ڕووی وەرگێرا. وانلی دەڵیت:( لەهەموو شوێنک بەساردی وەرگیرام. چ نەقەوما) دەسەلاتدارانی وەزارەتی دەرەوە لە قبوول کردنی وی خودداریان کرد، بەڵام جەلسەیەکیان پێکهێنا کە لە ماوەی ویدا بۆ کارزانان و خیبرەو پسپۆران وتارپێشکیش بکات(ئەمە تەگبیرەک بوو کە وەزارەتی دەرەوە لە ماوای سێ دەیە لە پاش وی چەند کەڕەت بەباشی کەلکی لێ وەرگرت،)

چاخێک وانلی مەسەلەکەی بۆ بارزانی گوزارشت کرد بارزانی واقی وڕما و ناهومێد بوو.) بەڵام هەتا ئاش بەتاڵی 1975یش هیچ کات بیروباوەڕو ئاقیدەوئیمانی بەتوانایی ئیسرائیل لە شوێن تێکەری لە سەر ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە دەست نەدا. تکای بارزانی لە بەرپسیاران و پسپۆرانی موساد ئەمە بوو: تەنیالەبن گوێچکەی سەرۆک کۆماری ئامریکابسرێوێنن،)لەدوایین سەردان لە سەردانانەکانی چەندپات کەرەوەی کە لە ئیسرائیلی کرد،کە لە ماوەی ویدا لە گەڵ هەموو وەزیرەکان و فەرماندەری ستادی ئەرتەشی ئیسرائیل چاوپێکەوتنی کرد،بە شیمون پرێزی پێشنیارکرد: ئەگەردەولەتی سوورییە بڕوخێنی،کورەکانیش دەوڵەتی ئیراق لەناودەبن. کاتێک ئیسرائیلیەکان پەیمانی دۆستایەتی شووڕەویان لەگەڵ هەردوو وڵات بوخچەکردەوە، ئەم پیشنیاریان ڕەت کرد،بارزانی پەرسڤی داوە: (ئێوە دوگڵ ونیکسۆنتان لەکاروەلانا،ئیدی ناتوانن ئەمن فریوبدەن.) شتیک ئەم خەیاڵەی لەزەینی دوور نەدەکرد.

لە 1972 بەخت و شانس ڕووی لە بارزانی کرد- یان ئەو بۆخۆی ئەوهای فکر لێکردەوە- خاتوون گوڵدەمایر، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، لە تاران بوو، وداخوازی یارمەتی زۆرتر بۆ کوردەکان بوو- ئەمە

مانگێک بەر لە چاو پێکەوتنی (شا) لەگەڵ نیکسۆن و کیسینجەر بوو، کە لەوسەفەر یدا(شا) نیکسۆن و کیسینجەر ئیقناع کرد بەمە کە سیاسەتی ئامریکای سەبارەت بە ناخۆتێهەڵقوتان لە جەرەیانی کوردەکان وەلابنێن. کیمچە،بەرپرسی موساد،ئەم گۆڕانکارییەی بە حیسابی ئیسڕائیل دادەنا،کە ئەو هۆکاری ئەم ئاڵەگۆڕی سیاسەتە بووە. ئەم ئاڵەگۆڕەی سیاسەتی واشنگتۆن تەنیابە هۆی سوکنایی پێدانی دڵی کەسینی (شا) بوو، کە لەم بابەتە زێدە ناردنی چەک وچۆڵ بۆ ئێراق،بەپیی پەیمانی دۆستی ئیراق وشووڕەوی، کەوتبوودلە ڕاوکە. (و ئەو یارمەتیانەی نیزامی کارتێکەریش کە ئیسڕائیل و ئێران چەندپێش بەبارزانیان کردبوو،بۆخۆی گشت کردنی ئەم نیگەرانییە بوو). سەیرئەمە بوو بە پێچەوانەی زیدەبوونێکی بەرچاو هەرلەو هاوینی لە یارمەتی نیزامی ئیسرائیل بە کۆرەکان، داکۆکی نوێی ئامریکا و پشتیوانی ئاشکرای ئیران لە ئەوان بە زەرەری شوێن تێکەری ئیسڕائیل تەواو بوو.

بەرنامەی یارمەتی ئاسایی ئیسڕائیل هەروابەردەوام بوو، و بارزانی گەڵێک جار لەگەڵ ئەفسەرانی ئەڕتەشی ئیسڕائیلی لە تاران ڕاوێژی دەکرد. لە ماوەی شەڕی 1973 ی عارەب و ئیسڕائیل دەنگۆی قسەو قسەلۆکی بەربڵاو لێرەو لە وێ سەبارەت بە کردنەوەی جبهەی شەڕگەی دووەم لە لایان کوردەکان بە مەباستی گیرانەوەی ئیراق لە ناردنی هێزەکانی بۆ یارمەتی بە سوورییەکان لە بەرزایی جولان،وەبن گویچکە دەکەوت. هەتا هەنۆکەش ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەم فکرە لە لایان کوردەکان بوخچەکراوە، یان لەلای ئیسڕائیلیەکان- کە وێچوونی زۆرترە. یەکێک لە هاوکارانی گرنگی بارزانی بە ڕاشکاوی گوتوویەتی کە ئیسڕائیل بوو کە لە کوردانی داواکرد کە بەکردنەوەی شەڕگەیەکی ئەوها(بۆ ئیراق ئاڕووشە ومۆمڵ سازدەن، بەڵام بارزانی لەگەڵ بەمە ڕەزای نەبوو.)بەتایبەت لەدوای ئەمە کە ئامریکایەکان ڕایان ئاسپارد کە خۆتێهەڵقودانێکی ئەوها نەکرێت.

بارزانی لە سەر ئامریکای زۆرتر لە ئیسڕائیل حیساب دەکرد. (ڕاپۆرتی پایک) دەڵێت: ئەمە ڕاسپاردەیە کیسینجەر کەسینی کردی، کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ئامریکابوو. کیسینجەر لە بیرەوەریەکانیدا مەسەلەکەی بە دوو شێوە دێنێتەگوڕ: بەمە شانازی دەکات کە بەرگری لە جبهەی دووەم کردبوو،وئەمە کە بایەخی پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان مسوەگەربوو کە تەنیا (لەشکرێکی ئیراق(بۆبەشداری)لە بەردەست دابوو.) پازدەساڵ داوایی دەسلمێنێت کە لە گەڵ بەرنامەی ئیسڕائیلیەکان لەم بارەوە دژایەتی کرد کە مەترسی دەکرد کوردەکانی چەکی سووک هەڵگر(ئەگەرشاخاویەکان بەجێبهێڵن(لەبن تەگەری تانگ و زرێپۆشی قورسی ئیراق تەفروتونابن) خوڵاسە لە ترسی دواڕۆژی مەسەلەکە،لە دوایی کۆتایی هێنان بەشەڕ،یوم کیپور حەزی نەدەکرد یارمەتی بەبارزانی زێدەبکات،چونکە ئەم عەمرە(کردنەوەی شەڕگەی دووەم)پێویستی بەهەنگاوهەڵێنان بە دەستدرێژیەکی هەموولایانە بوو. سەرچاوەکانی ئیستخباراتی

ئیسرائیلیش لە سەر بەڵگەو لایانی تایبەت بە خۆیان لاقیان دەقرساند لە سەر ئەمە کە پێشنیارلەلایان خۆدی کوردەکان بووە، و ئیسرائیلیەکان لەم بابەتەوە لەگەڵ وی دژایەتیان دەکرد کە نەیاندەتوانی لە بەرامبەر تولە ئەستاندنەوەی دوارۆژ ئێراقیەکان لە ئەوان داکۆکی و پشتیوانی بکەن.

شیکردنەوەو ئازانتی ئەم قسە دژ بە یەکتربووانە ڕەنگە بکرێت لە کارتێکەریەک وەربگیرێت کە کسینجەر لەتل آیو، وەدەستی هێنا: ( ئیسرائیلیەکانی تل آویو،لە مەبەستەکەی من حالی بوون)بەلام ئەوئیسرائیلیانەی کە لەئولکە- یانی لە کوردستان- بوون لەگەڵ ئەم پلانە موافیق بوون. خولاسە هەنگاوێک هەڵنەهێنرا،و هێزەکانی ئێراق بریتی/لە30000سەرباز و/60فرۆکە و /400تانگ بۆ بەرزایەکانی جولان ناردران. سەدام حوسین هێندە لەم بابەت نیگەران بوو کە سەرەتا لە شای قەول وەرگرت کەلەم هەل ومەرجە کەلک وەرنگرێت. (شا) ئەوکات گوتبووی: ( ئەمن نامەوێ کە کوردەکان بە هەنگی ئامریکا وئیسرائیل ناوبەرن.) بەلام لە گەڵ ئەم هەمووە، لەبەرامبەر خۆڕاگری ناردنی هێزەکانی ئێراق بۆ سوریيە،نوێکردنەوەی پەیوەندی سیاسی بە سەر سەدام حوسین دا سەپاند. ئێراقیەکان 125سەرباز و 21فرۆکە و 180تانگیان لەگۆلان لەدەست دا.

لەدوای شەڕی ئیسرائیل گەلێک لەچەک وچۆلی رووسی بۆ کوردەکان نارد: ( تۆپخانە، موشکەهاوێژەکانی دژی فرۆکە ئەسترلا، کە لە سەرشانیان دادەنان بەلام کارئاییەکی ئەوتوویان نەبوو،وچەکەکانی دژی تانگ استاگر.

ئەو کات دوژمنداری لە نێوان کوردەکان و ئێراق لە 1974 دەستی پێکردبۆوە موساد لە بنەبانی نارحەتیەکانی تێگەیی کە هەنۆکە ئیدی دەخۆدەخۆی شا و ئامریکایە. ئیران بۆ داکۆکی لە کوردەکان،کە لە تەنگەژە کەوتبوون،ئاورپرژێکی تۆپی 120میلیمیتری دەسکاری شووڕەوی و ئاورپرژێنێکی دیکەی 130میلیمێتری بۆ ناوخاکی ئیراق نارد- تۆپەکانی دیکەش دوایی گەیشتن،جگە لە موشک هاوێژەکانی راپیری ئینگلیزی کە لە سنووردامەرزران. بەلام یەکیەتی شووڕەوی ئێراقی بە چەک و چۆلی زۆرتر و پێشکەوتەتر پۆشتە کردبوو- لە هەلیکۆپتەربگرە هەتا فرۆکە وتانگ. هیزی زریيی ئێراق بەشێوەیەکی بەردەوام کوردەکانی لە ڕاستایی و دەشتەکانی هەولێر بۆ لای سەنگەرانی کویستانی و شاخاویی ڕاونا. کاتێک کوردەکان پردێکی گرنگیان کە بە(گەڵی شوێن ناتێکەری  ناودێر بە (گەڵی عەلی بەگ) دەلکا،تەقاندەوە، ئەندازیارەکانی ئێراقی بە بۆلدزێر چیایان دادڕی و ڕێگایان بۆ تانگەکان کردەوە، و گوروهانەکی تانگی بە هێزکراو لە داوێنەکانی چیایی (هورک) بۆ لای دەشتایی دەوروپشتی دیانا و ئەو لای لە پێشرەوی بەردەوام بوو. (زوی زمیر)بەرپرسی موساد،کە کوردستانی لە نزیک دەناسی، دیسان

ساگویی نارد،ساگویی کە گەییەجێ سەری سوڕما لەمە کە بینی بارزانی و کوڕەکانی چ ئاگاداری عەمەلیاتی ئێراقیەکان نین: ساگویی دەیگوت کۆنترۆلیان لە سەر بارودۆخ لە دەست دابوو)

(6-نیشانەکان حیکاتکەر لەخەیانەت لەریزی پێشمەرگەکان دیاربوو: ستوونی زرێیی ئێراق کاتی شەو لەکاتێکی لەباردا وشێنێکی لەبار لەچیاهاتەخوار،ئەم بەرەوپێشچوونەکاتێک بوو کەهێزەکانی پێشمەرگە لەژێر هەل ومەرجێکی شک ودوو دڵی پاشەکشەیان کردبوو: هۆکاری پاشەکشە چەقەیەک بووکەلەنیوان خۆیان سازببوو،کە ڕاست ودرۆی وی مەعلووم نەبوو. بۆ داوەری لەحل ئیختلاف بۆناوەندی فەرماندەری گەڕابوونەوە.

دانیشتنێک کە لەگەڵ فەرماندەرانی کورد لە ئەشکەڤتێکی نزیک کێوی زوزەک لە دەرەوەی ڕەواندز پێکهات،سەلماندی کە بارودۆخ لە مەڕ تاکتیکی ئیکجارپڕمەترسییە. لە گەڵ ئەمەش ساگویی گەڵێک بۆسەی پۆشتە بەچەکی دژی تانگی استاگرو تۆپەکانی 106 بێ ماشەکشانەوە ڕیک وپێک کرد. ئیسرائیلیەکان بەم بۆ چوونە کە ئێراقیەکان هیچ کات لە شۆسە وەدەرناکەون،زۆریان لە داکۆکی تۆپخانە مابین نەدەدایە،بۆسەیەکیان پێکهینا کە لەماوەی نیوکات ژمێر سەت تانگی ئێراقی لەناوبرد. بۆسەکانی دیکە کوژرانی قورستریان هێناکایە،بەڵام ئەوجار ئێراقیەکان بی خەیاڵ لە کوشتار هەروا بەرەوپیش دەهاتن. بەشەڕ لە زورەک وەسەر زورەک دەکەوتن، چیای زورەک چەند کەرەت دەست بە دەست بوو. توندو تیژی ئەم شەڕە بە بارینی بەفر کەمتربوو،بەڵام شەڕ کۆتایی پێنەهات. ئێراقیەکان بۆ هەوەڵین کەڕەت لە شەڕ لە گەڵ کوردەکان توانیان لە زستان بەشەڕ لە چیاکان بمننەوە. ساگویی کە زۆر لەم بارەوە نیگەران بوو بۆ ئیسرائیل گەڕاوە هەتا تەکبیرێک بۆ ئەم جەرەیانە فکربکەنەوە.

هێشتا بە ڕێگاچارەی ئەم ئارووشە و ڕێک و پیکی نەخشەو پلان لەبۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوان خەریک بوو کە لەشەشمی مارس ڕیککەتتنامەی ئێران و ئێراق لە ئەلجەزایەر ڕاگەیاندرا. لە نەکاو بە دوو گوردان و نێو تۆپخانەی ئێران و تۆپەکانی دژی ئاسمانی و هێزەکانی ئێرانی کە لە ئێراق دامەزرابوون فەرمان درا لە سنوورئاوبن و بۆ ئێران بگەڕێنەوە. ئەم هێزانەی لە بەرچاوی کوردەکان و ئیسراٸیلیەکان کە واق ورماوو سەر سوڕماوبوون(کەل وپەلیان بارکردن، ورۆیشتن) ئەفسەرانی ئێرانی کە لە گوتنی ڕاستیەکان دەترسان ئەم پاشەکشەیان وەکوو شوێن گۆڕینی بە نۆرەی هێزەکان شێکردەوە. و گرووپی موساد کە هێشتا لە کوردستان بوو بە ئەمری ساواک کەل و پەلیان لە جیب هاویشت و دەست و جێ شوێنەکەیان چۆل کرد. ئەمە کۆتایەکی تاڵ لە(مەسەلە) بوو.

له تاران اوری لوبرانی سفیری نافەرمی ئیسرائیل،کە سەر زەمانێک لە دەستەو دیارەی سیاسەتی پەراویزی)موساد،لە ئیتۆپی هەتالبنان بوو لە(دلرەقی و بێ ئیحساسی وبێ عاتیفەیی شاه) پۆشەکا بوو. یەکێک لە دەسەلاتدارانی فەرمی حکوومەتی (شا) رەخنەی ئیسرائیلەکانی وەلانا و ئەوانی لەم بابەتەوە (کە عاتیفە لە سیاسەتدا دەخالەت دەدەن) سەرکۆنەکرد. ئەم دەسەلاتدارە ئاقیدەوبۆچوونی وابووکە(یارمەتی بەکمایەتیەکان نابێت بە وێنەی شتیک بدێترێ کە ئاکام وسەرئەنجامەکەی بەخۆی بگاتەوە،بلکوو دەبێ ئەوان بە چاوی وەسیلەیەک لێبروانیت،بۆ وەرگرتنی شیاوتریوو زێدەپاری بەقازانج لە زۆرایەتی) و لێی زێدەکرد: (سیاسەتی باش) یانی برینی یارمەتی لە چرکەی باش،بۆ وەرگرتنی لانی زۆری زێدەپارو-ئەمە کارێک بووکە(شا) کردی. لوبرانی ئاگاداری هەلەی ئیسرائیل بوو کە فکری دەکرد دوژمنی مێژووی ئێران و عارەب شتێکە محکەم و نەگۆر،و بە ئیرائیلی ئیجازە دەدا کە کوردەکان بۆ ئەم کارە دەلگەرم وهان بدات. ئەو بە ناراحتی تێگەیی لەوانەیە هەر وەخت (شا) بە مەسلەحەت بزانێت ئەم چارەنووسە بەرۆکی ئیسرائیلیش بگرێت.

بەلام دەلێت: هیچ کات دەستوورێکم وەرنەگرت کەبە لایانگری لەکوردەکان لەگەل (شا) باخۆم،نەهەتا لەبابەت یارمەتیەکانی ئینساندۆستانە بۆ لێمشتی پەنابەرانێک کە ئێستا بۆ ئیران سەروژێردەبوونەوە.)ولێی زێدەدەکات: ئاشکرایە وەکوو ئەو ئیسرائیلیانەی کەراستەوخۆ دەرگیری جەرەیان بووین بەتوندی هەستمان بە تاوان دەکرد.)دەیزانی کەسەدان کورد لەئیراق کوژراوە وهەزاران کەسی بە سارای بێ ئاوگیای باکووری ئیراق دوورخراوەکردوون. پاش سالهاگوتی: (ئەگەرئیسرائیل لەجیاتی 4/5میلیون کەسی ولاتێکی 25میلیونی بوایە ئەوکات جورێکی دیکەمان قسەکردبوو.) ومستی لەسەرمیزکوتا. بەلام ئەمە بەلگەهینانەوەیەک بوو کەبۆ رازی بوونی دلێ خۆی باسی دەکرد. ئیسرائیل هەرداوایەکی کە هەبوو هەرچەندخۆی(بەچوارمین قودرەتی نیزامی دونیا) دەژمارد،هیچ کات جگەلەولاتێکی گچکەی ناوچەیی نەبوو، ونەیدەتوانی دەسەلاتی مانەوەی بەدوو لەبنکەی مەدیترانەی خۆی درێژەپێ بدات، ولەسەرتاهەربەم هۆکارەبووکە(شا) ئەوی بەدەرگیری لەجەرەیانی کوردستان هاندا: دەیزانی کە ئیسرائیلیەکان لەبابەتێک دەینداری وین،وناتوانن لەگەل وی بەدژایەتی بکەن.

سالێ دواتر،ئەو کات کە لوبرانی لە دوورکەی کیش لەگەل (شا) بەتەنیا مابۆوە،چونکە ئاوهەوای فەرمی چاوپێکەوتن هێندیک هاتبووخوار،لە شای پرسیارکرد کە ئەم (یەکیەتیەی(بالفعل) لەگەل ئیسرائیل بە چ مەبەستێک بەدوادادەروا؟ (شا) گوتی: چونکە ئیسرائیل وەک مەقناتیسێکە کە بێزاری و هێزە عارەبەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێ،و بەم بۆنەوە بۆ وی بە قازانجە،ئەم مەسەلە بۆ ئیران هە لی ئەمەی رەخساند کە بۆ بەرەنگاری ورووبەروو بوون لە گەل عارەب،و نزیک بوونی لە تل آیو بە واشنگتۆن

ئامادەگی پەیدابکات،و ئەمە بۆ شیکردنەوە هەڵویستی ئیران و تێگەینی هەڵویستی خودشان بەقازانجە. ئەو لەهیچ جێگا قسەی لە مەڕ کوردەکان نەهێنائارا،کە بە یەقین بۆ وی لەم خۆسازدانەدا کاتیان بۆ هەڵ ڕەخساندبوو.

خاوەن پلەبەرزانی کورد داواکارن کە لە دەورویپشتی بارزانی لە وتویژیەکانی وەزیرانی دەرەوەی ئیران وئێراق لە نیوەڕاستی ساڵی 1974 کە بەهەڵگرتنی پەرژین وپاردە یارمەتی کرد،ئاگاداربوون،بەڵام دەڵێن قەت نەیاندەزانی کە ئەم ڕووداوە بەم نزیکانە دەقەومێت. لەگەڵ ئەمەش ،کوردەکان دەڵێن کە بە تایبەت لە ئیسرائیل توورەوقەڵس بوون کە ئەوان ئێمەیان لە دانیشتنی ئەلجەزایەرپێنەحەسیاند بوو،چونکە موساد بە یەقین لە پێشدا بە مەسەلە ئاگادار بوو... و ئەمە هەر ئەو دەهزرەوەچوون بوو کە سەبارەت بە ئیسرائیلیەکان هەیانبوو،و ئەوانیان بە ئاگاداروبوون لە سەرهەمووشت دەزانی. بەڵام مێژوو نووسانی ئیسرائیل لە گەڵ ئەم بیروبووچوونە موافیق نەبوون،و دەڵین ئیسرائیلیەکانیش وەکوو هەرکەسی دیکە دەتوانن(بێئاوەزو ئاپتەر)بن. مەگین خودی دەوڵەتی ئیسرائیل نەبوو کە لە1973نیشانەکانی ئاشکرای سەر هەڵدانی شەڕی دەدەی و لە گەڵ ئەم هەمووەش لە دەست دریژی هاوهەنگاو بوونی میسرو سوورییە ی ئەبەمجۆرە غافلگیربوو؟

کیمچە هەرجۆرە پێش ئاگاداری و بەگویهەڵینانی لە لایان شا،بەئیسرائیل،سەبارەت بە مامەلەی ئەلجەزایەر،حاشا دەکات، بەڵام مێژوونوسێکی ئیسرائیلی کە لە یەکیەتی کوردەکان وئیسرائیلیەکانی دەکۆڵیەوە لە بێتاوانی و نائاگاداری دەوڵەتی ئیسرائیل شک و گومان و دوو دڵی دەکات.و بە لێڕانین لە ئیلاقەی بەردامی ئیسرائیل بە کزو لاوازی ئێراق،ئەگەر شەرکۆتایی پێهاتبوایە، ئیسرائیل بێ گۆمان لەم مەسەردا زۆرشتی لە دەست دەدان و لە بەرامبەر هیچ شتی وەرنەدەگرت،دەجا کاتێک شەڕ کۆتایی دەهات سروشتیە کە ئێراق ئازاد دەبوو سوپایەکەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ وی بۆ ڕۆژئاو وەحەڕەکەت دەخست. هەر ئەوکاتی جوزف کرافت، وتارنووسی ئامریکایی کە لە کیسینجەرنزیک بوو لە وتاریک ئەمجۆرە شێوەفکرەی کردە ئاوێنەی بالانوین: ئەو لەم وتارەدا ڕێککەوتنی ئەلجەزایەری وەکوو(زەبرێک لەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا )پشتیوانی گرنگی ئیسرائیل لێکداوە.

دواییەکان ڕوونی کردەوە کە(ناتوانێت بەیەقین بلێت کە قسەی کوردەکان لەم بابەتە کە گوناح وتاوانی ئەلجەزایەری لەسەرشانی پاڵ ویکدەنانی ناقایمیان دادەنین هەتاچ ڕادەیەک دەکرێ باوەڕبکرێت) ئەوخەڵە هێناگۆڕ: شەڕبەرەوپێش دەچوو،و ئیراق بە شایی سەرکەوتنی دیپلۆماتیکی پێشنیاردەکرد کە

ئازادو دەربازبوو لە مەترسی تووش بوونی زۆرتری نیزامی لە جەرایانێک بوو کە بە تلاّخ شەباهەتی بوو. بەلام بارزانی هیچ کات ئیسرائیلی لەم بارەوە نەبخشی. مەلامستەفاهە تا چرکەی مردن،هەرکات کە لە پەیوەندی ئیسرائیل قسەیەک دەهاتەگۆڕ، هەودای قسەکەی دەگۆڕی.

کوڕەکەی مەسعود،لە مەش ڕاشکاوتر بوو. لە ئۆکتبەری 1991 چاخێک لە جەرەیانی سەردان لە کوردستان پێمگوت کە خێرا بۆ ئیسرائیل دەچم بەم هیوایە کە لەگەڵ کارگێرانی بەرابردوی موساد قسەبکەم،ئەم پیاوە کە حەسل و سەرەتای بە ئەدەبترین و خۆڕاگرترین پیاوی کوردە لە نەکاو هەڵچوو،و گوتی هیچ کات نایەوێ سەبارەت بە ئیسرائیلیەکان لە گەڵ من قسەبکات- لە حەجمەتی تووڕەیی دەفیدەداو دەکولی. گوتی: کە بەناوی بارزانیەک ئاقیدەی وایە کە پیوەند لە گەڵ ئیسرائیل باوکی،عەشیرەکەی،بنەماڵەکەی، حیزبەکەی، و هەموو کوردەکانی ئێراقی بۆ ڕیگایەک کێشا کە بەفتارات و کارەسات تەوا بوو. نابەئاکامی پەیوەندی لە گەڵ زلهێزەکانی بیانی کە سەردەمێک زۆرجێگای متمانە دەنواند، تووڕەبوونی لەمێژینەو مانەوەی لە خۆی هێشتبۆوە. راست یان درۆ بە بەڵگە یان بێ بەڵگە،کوردەکان بە خۆیان قەبوولْ کردبوو، و سەلماند بوو کە ئەگەر بەهۆی پەیوەندی سەرتایی بارزانی لەگەڵ ئیسرائیل نەبوو، ئەم ڕادەیە خوشخیاڵ نەبوو کە لەگەڵ شاو واشنگتۆن هەنگاو لە هاوکاریەکی تەواو عەیار بنێن.

لە گەڵ ئەمەش، لە ئیسرائیل پشتیوانی بێ شک و گومانی جەماوەر لە ئامانجی کورد هەروابەردەوامە. لە بەهاری ساڵی 1991 چاخێک کوردەکان دژی سەدام حوسین ڕاپەڕین، ئیسرائیلیەکانی کوردڕەچەڵە لە دەرەوەی خانوونەرەکانی دەوڵەتی کۆبوونەوە، و لە ئەسحاق شامیر،سەرۆک وەزیران،داوای یارمەتیان کرد،یارمەتیەکانی ئینساندۆستانە ناردرا،هەر چەند سیاسەتی(راستبینانە) سەرکەتووبوو. هەتا ویلیام سافایر،وتارنووسی نیویورک تایمز کە بێ چ لێپۆشین لە ئیسرائیل داکۆکی دەکات،ئیسرائیلی بە هۆکاری کەمتەرخەمی بە مسیبەتی کوردەکان(لەسەربناخەی ئەم نیگەرانیەی خۆبینانە کە سەربەخۆیی کورد لەوانیە ناڕاستەوخۆ فەلەستین بەرەوو سەربەخۆیی برێت) ئیکجار سەرکۆنەکرد.

هەروەک کە هەر یەک لە دەستەوپیی ئیستخباراتی بە ئەزموون دەزانێت،ئاقیدەو بۆچوونی پتەوقایم، چاوەروانی ئیکجارزۆر، پاشملەخراپە گوتن زۆربەی بایی خۆڵێبواردن لە عەمەلیاتێکی نهینیە کەلە وڵاتانی دونیای سیوەم بەڕیوەدەچن. ئەم جەرەیانە لەبابەتیکدا کە دەسەڵاتی گرنگ بەخەڵکی بەلەنگازەو ماف خوراو،زوڵم لێکراو،وەکوو کوردەکان، لایانی مامەلەیە،کارێکی سادەوساکاروئاساییە.

ویلیام کلبی،کە لەکاتی بەرەڵلاکردنی کوردەکان بەرپرسی(سیا) بوو،چەندساڵ دوایی بۆمنی ڕونکردەوە(هەرچەندزۆرترتووشی جەرەیان دەبی،دەرگیری عاتیفی بەتایبەت لە ناو دەست و پێی تێکۆشەروچالاک لە ئولکە زۆرتر دەبێت.) کلبی کە بۆخۆی یەکێک لە پسۆرانی لێهاتوو کاروباری ئاسیابوو لەم پۆستەدیزانی لە چ قسە دەکات. بۆ ئیسرائیل ئارووشەیەکی دەیکەش هەبوو: لەدوای 1975 لوبرانی گوتی: (خەلکی ئاسایی و ساویلکەی ناوچە- کوردەکان، ئێرانیەکان،و زوربەی خەڵکی دیکە- فکریان دەکرد کە جوڵەکە هەمووکارێکی بە هۆی پارە دەکات)-کە بە بووچوونی وی ئەم مەسەلە ئاماژەپێکراو بە لێکدانەوەیەک بوو کە لە(میثاق مشایخ یهودیان) هاتبوو،کە تراکتی دژی یەهودی مشهوورە کەپۆلیسی ڕووسیەی تزاری لە سەرەتای ئەم سەدە مزوری کرد بوو.

(تێبنی: 1-بەلام لە1991 لە گفتووگۆیەک لەگەڵ کامران قەرەداغی(لەالحیات) بەیانیکرد کە نەچوونی بۆ وتوویژ لەگەڵ ئیسرائیل ئەوەندە پەیدابوو لە دژایەتی ئەندامی کۆنگرەی ئیراقی،یانی ئوپسیونی دژی سەدامە،پەیوەندی بەرابردوونییە.
1-پەیوەندی (سیا) لەگەڵ کوردەکانی ئێراق سالهاوەکوو گیانێکی پۆشەکاوپەیوەندی نیوان ئایالاتی ئەکگرتووی ئامریکا وئێرانی کردەمیدانی هەلینگدان. دەست وجێ لەدوای ڕوخانی شا،ری کیو( Ray Csveبەرپرسی پێشووی(سیا) بنکەی تاران بۆ خزمەت بانگ کرایەوەهەتاوتوویژەکی لەگەڵ دەوڵەتی نوێ بکات،کەلە بوونی پەیوەندییەکانی ویچوونی ئیسرائیل وکوردەکانی ئیرانی ترسی هەبوو(کیو)گوتی هەتائەوجێگایە کە ئەودەیزانی پەیوەندییەک وجوودی نەبوو.

پاژی 8

**علی شیمیایی**

ئەوەی بۆ سەرکەوتن و پیرۆزی خەراپەو فەساد ئەوجەپێبوونە، ئەمەیە،کە مرۆڤەکانی باش دەست لە سەردەات دانین و کارێک نەکەن. ادموند برک.Edmund Burke

لە هاوێنی 1994سیمون وایزنتال(Simon Wiesenthalبەوپشووردرێژی و حوسەلە،تێکەل بەخۆشی خولقی کە تەنیا لە چاوپێکەتنمان زێدەتر لە یەک چوارم سەدە پێش لە بیرم بوو بە قسەکانمی گوێچلەڕاداشت.

لە ساڵی 1968، ئەو چاخ کە یەکەمین جارلە(وێن)گەیمە نووسینگەی ئەم مرۆڤەماندونەسە، کە شوێن پێیَ هەڵگری ئەونازیانە بوو کە لە جەرەیانی(ڕێگاچارەی دواییینی هێتلەر بە مەسەلەی جولەکەکان بەرپرسیارەتین هەبوو،هاوالدەری نیورک تایمز لە وەرشوبووم. ئاشنایم لە گەڵ شەیتانانی ئوروپایی نەبوو،و لە بابەت ئەوەی لە نەزەرم وەک یەک جەرەیانی سوررئالیستی لە ئولکەی جولەکە ئازاردان لە وڵاتێکی دەگەیی کە لە دوای تالانەکان وکوشت کوشتار ودەستدرێژی چەندپات کەرەوە،هیتلەر بەکردەوە لە وجود جولەکان خاوێن ببۆوە،حەوجەم بەڕێنوێنی بوو. ئەو ساڵی کیشمەکیش لە ناخی سەرانی حیزب لە وڵاتی کمونیستی لهستان پڕتاوی گرتبوو. وایزنتال بە پشوودری و لە سەرەخۆبوون ددان بەجەرگ داگرتن ئاگاداریەکی تەیروتەسەلی لەبەردەست نام.

ئەوکات ئەم بۆ وێن گەڕابوومەوە هەتا بەڕێنوێنی وی ڕازی ئەم جینایتە بەسام و تۆقێنەر کە سەدام حوسین لە مەڕ کوردەکانی ئێراق بەڕیوەی بردبوو پەردە لە سەرهەڵدەمەوەو ئاشکرابکەم. کوێرەوەری ئەم خەڵکە بە پلە خەراپتر لە کوێرەوەری(شدرک) و مشک و عەبدنغو)یی بوو کە لە (سەردەمی کەونارا) تاریف کرا بوو. ئەم سێ کەسەیان بە دەستووری نیوکدنصرلە(تون)ی ئاگر هاویشتن(کە دەگوترێ چالاوەکانی قەترانی، ئەم چالاوانەی نویی کەرکووکی کوردستان بووە)ئەم سەردارانەی سەردەمی کەونارا لە ئاکامدا ڕزگار بوون،- بەڵام بۆ کوردەکان کە کەوتنە بەڕەهێڵەی چەکەکانی شیمیایی و دوورخراوەیی و لە ناوچوونی تەواوی دێهاتیەکان هەڵکەوتن- ڕزگاریەک لەکاردانەبوو. دەیان هەزارکەس بێ دادگەو مەحکەمە و لێ پەرسین ئیعدام کران،ئەو هێندەکەوتنە بەر ئەشکەنجەو جەزرەبەو زوڵم و شەقاوەت، کە سەدام تۆمەتبارە بەمە کە ئەم جەزرەبەیەیی هەتا بەڕادەی هونەرێک وەک ئەکتەریک بەرزکردۆتەوە. هیواداربووم وایزنتال بە تێگەینی تایبەت لەم مانایەم دەست وێراگەێبێت، کە چ هۆکاربووە وچ شت پێچەقینەکانی ئەمڕۆی،چ ئاڵمانی و چ ڕۆژهەڵاتی وروژاوکات کە بۆ کردەوەی ئەوها کوێرەوەری و مەترسی وتۆقێنەر پیلان دارێژن و بەڕیوەبەرێن،و ئارشیفێکی ئەوهاو بەڵگەوسەندی ئەوها وردو کامڵ لەم بارەوە وەدیبێنێت،متدلوژی کوشتاری بەکۆمەل دابهێنێت- ولەئاکامدا ئەمەچ جۆرە کە زوربەی خەڵکی دونیا سەبارەت بەم وەحشی گەریە کەمەتەرخەم دەمێننەوە- لە ڕاستیدا پسپۆری و سەرهەودای بەتێگەین وحاڵیبوون وفامکردنی ڕوداو دەمزانی و پەیدام دەکرد کە دونیائیجازەی قەومانی دابوو،دەمەویست بزانم بۆچ؟ ئەمن نەمدەزانی کە ئاخۆ وایزنتال لەڕاستیدا ئیلاقەیەکی بەم جەرەیانی کوردان هەیە،شتێکی لە چارەنووسیان دەزانێت یان نا؟ بەڵام ئەو لەگەڵ هاواڵدەران ئیکجارلەسەرەخۆو میهرەبان بوو،لە بەرئەمە پابەندو بەگرنگ گر،حزمەکاری پسیارەکان نەبووم کە ڕەنگە بەبیروبۆچوونیان شێتانە بێن. ئەوهێندە مەسەلەی بەچۆڵەپێچە و گرێ نەکراوەو چارەسازنەکراو هەبوو کە هەستی ناراحەتێکی هێندەنەکەم لەم بابەتە کە لەوانەیە ناڕاحەتی بکەم: لە پالخومدا دەمگوت پیاوێک کە تەمەنی لەم ڕێگایەدا تێپەڕ کردوەکە ڕووداو پەیوەندی بە بەکۆژرانی بەکۆمەڵ وماشینی سەدەی بە شێوازێکی تەژی لە بەڵگە بە سەروبەرو بەدوای یەکداثبت وزبتکات لەوانەیە دەبێ پەرسەفەکانی بۆ

ئەم جەرەیانە بێت،هەرچەند کە بەرەوالەت بارستایی و رادەی کارزانی ئەوکوشتارە بۆهەڵسەنگان لەگەڵ ئەم کوشتارەی رابردوو نەبێت.

(تێبینی: 1- نبوکدنسر بەقەلس وتوورەیی وغەزەب فەرمانی دا هەتا(شدرک و میشک و عبدنغوی، حازکەن... فەرمانی دا هەتا(تون ئاگرحەوتجارزێدەتر لەئاسایی گەرم کەن وبدەفێنن...وفەرمانی دا: شدرک ومیشک وعبدنغو،ببستنەوە ولەتونی ئاگریان لەقەرمەشغەڵیان باوێژن... کتابی دانیال پێغەمبەر،بابی سیوەم.

2-(لەئێراق ئیعدامەکانی ناقانوونی هەتابەرادەیەک وەک هونەرێکی زریف بەرفرەوان وکامل بووە. شێوازی کارەکان بریتی بوون لە دەکارکردنی چەکەکانی شیمیایی دژی خەڵکی ئاسایی،ئیعدامی بەکۆمەڵ بەرەگباری چەک، بەزێندویی دەچاڵ کردن،قایم کردنی وەزنە لەلاقی کوژراوان و ئەوانیان لەچەم وروبارهاویشتن،دەرمانداوکردن،یان ژەهری(تالیوم) کەماددەکە وەک مەرگەمووش بکاردەبردرا) تیرەباران، مردنی هاویژتنەخوارلەهێلیکۆپتە،بل لەوانە هەزاران کەس لە زیندانەکان لەهەل ومەرجێکی نامەعلووم بەهۆی ئەشکنجەوجەزرەبە گیانیان لەدەست داوە- مردنی بەون بوون وکوژرانەکانی سیاسی: کتابێک لەژیرناوی(ئالۆزی مافی بەشەر لەسالەکانی 1990- عفوبین الملل 1994)

لەگەڵ ئەمەش لە ردیف کردنی بابەت خۆم دەپاراست. چەندین دەیە حازرکردنی گوزارشتەکانی خەبەری سەبارەت بە شەرەکانی ئافریقا و ئاسیا و رۆژهەلاتی ناوەراست و بابەتەکانی شکانی مافی بەشەر لەم دەڤەرانە، وتاوانبارکردنی ولاتان بەم زوڵم وزوری ووەحشی گەری وکوژرانی بەکۆمەڵ، وبابەتەکانی رەگەزبرینەوە،ئەمنی لەم بەستێنە بە پارێزو وشیارکردبوو. ئەم وەک یەک بوونە تەوفیری گرنگ و بنەرەتی دوو مەسەلەی لە بەرچاو دووردەکرد: جولەکەکانی ئوروپا تووشی کردەوەی دەستدرێژی بە ئاشکرانەببوون،ئەوان هیچ کات دژی دژکارانی خۆیان دەستیان بۆ چەک درێژ نەکردبوو، لە راستیداکارێکیان نەکردبوو کە هۆکاری هەڵسەنگان لەگەڵ شۆرشەکانی چەندپات کەرەوەبێت کە لە مێژووی کوردەکان،هەتا ئەرمەنیەکان دەبینین،کە هەنگاوهەڵینانی دژی عوسمانیان لە ماوەی شەری یەکەمی دونیاگر(رەگەزبرینەوە)ی لە سەدەی هەنوکە وەرێخست. هەڵبەتە کوردەکان لە کوشتاری بەکۆمەڵ زێدەتر لە یەک میلیون ئەرمەنی بێ تاوان نەبوون: بەشداریان لە کۆشرانی ئەرمەنیەکانی تورکیە،چ وەکوو کەسینی یان بە چەشنی تایفەیی،یان ئەندامانی سوارەنیزامی حەمیدیە( کەبەشێوازی سەربازی تزاری رووس پێکهاتبوو) مێژووی کوردی بولێل وتاریک دەکرد. لەگەڵ ئەم هەمووەش، لێکۆڵینەوەی بەرفرەوان کە بە هۆی کۆمیتەی پەیوەندیداری دەرەکی سەنای ئامریکا وسازمانی(لێبوردنی نێودەولەتی) و(دێدەبانی حقوقی بەشەر) وسازمانەکانی دیکە و خودی کوردەکان بەکردەوەی هاتنیان نیشانی دەدا کە سەدام حوسین تۆمەتبار بە کردەوەی سیاسەتی رەگەزبرینەوەیە، کەکنواسیون ساڵی

1948ی سازمانی نیونەتەوەیی وی بەم شێوەیە تاریف دەکات: (نیەت بەلەناوبردنی بەشێک یان تەواوی گروپەکانی نەتەوەیی یان مەزەبی و ئیخلاقی)

لەم بارەوحێجزیم لەخۆڕایی و بێ هودە بوو: وایزینتال بەهیچ جورلەم پرسیارانەی سەرسوڕمان نیشان نەدا. ئاشکراکەریەک کە هاتەکایە دیاریدا بەرلە من خوینکارانی کوردسەردانیان کردوە: ئەوان لەوی بۆ وەرگرتنی ئەم بابەتە کە دەردوکوێرەوری کوردەکان چ شوێنی لە زنجیرە ڕوداوەکانی نەحسی ئەم سەدە هەیە،لەویان یارمەتی ویستبوو. بە بۆچونی ئەم روداوەنووسە کە شێوەو شیوازی ڕەگەزبڕینەوەی نازیەکانی گرتبوبەر،نموونەی سەرمەشقی هیتلەر لە کوشتاری بەکۆمەڵ،انگزیسونی ئیسپانیا بوو. بە بۆچونی وایزنتال تەنیابەکەماڵ گەیشتنێک کە لەم ئولکە پێکهاتوو،و داروشکانەی ڕەنگاو ڕەنگ کراوە بۆ نیوقامکی پەنجە بۆ قسەلێ ڕاکێشان(اشکلکهای منقوش کامل)ی بەکورەکانی ئینسان سوتانی(آشویتس) کوڕاند بە کامل گەیشنیکە تێکنۆلۆژی. گوتی ئەگەر دەزگاکانی مفەتیش)ئەم کەرەسەی پێشەیی نوێیان لە بەردەست هەبوایە چ جولەکەیەک لە ئیسپانیای سەدی پازدەهەم زیندو نەدەماوە.)

بە ڕەواڵەت لە ئێراق دەست و پێی دیکە لە کاردابوون. بەڵام تەنیا هێتلەر نەبوو کەلە(انیزیسیون) ئیسپانیا ئیلهام وەرگرتبوو. هنری مورگنتاو باوکی کە لەجەرەیانی کوشتاری ئارامەنە لە1915 بالویزآمریکا سەبارەت بە عوسمانی بوو لە بەدریبەگی بەرپرسی پۆلیسی قوستەنتەنیە دەگێڕێتەوە کە بەوی گوت دەوڵەت(ڕاپۆرتەکانی انکیزیسیون)ئیسپانیا و نوسیەکانی دیکەی پەیوەندار بەئەشکەنجەو جەزرەبە بەوردی ماتاڵایی کردوە شێوەکانی ئاشکرای وی کەلک وەرگرتووە) بەبۆچوونی وایزنتال هیتلەر ئەم بازنەیەی کامل کردبوو. ئەو ئەشکەنجەو جەزرەبەدانی جولەکەکانی کە ڕەگ وڕیشەی قوڵی لە بنەماوبنچینەکانی کاتولیکی،بەتایبەت (انکیزیسیونی هەبوو، وهێتلەر خۆی بە دەیێنداریەک کە لەم بەستێنە بەتورکەکانی هەیە بەئاشکرایی دەم پێدادێنێت. (بێ دوو دڵی زاهدان البی)لەباکووری ڕۆژئاوای فرانسە،بەدەستی سیمون دومونفور لە سەدەی سێزدەهەم و لەسەرداوای (ڕم نیز)هەتا شایەدی قەدیم تری لەم بەستێنەیە) هێتلەر لە سەردەرانەی شەڕی دووەمی دونیاگر لە ئەوتی 1939 بە ژەنەراڵەکانی پلەبەرزی فەرمان دا بۆ لهستان هێرش بەرن: ( هەمووپیاوژنان و مناڵانی لهستانی ڕەچەڵە، بی هیچ جۆرە بەزەیی و ڕوحم و مهربانی لە ناوبەرن_ ئەمڕۆ چ کەسێک لە نابوودی نەمانی ئارامەنە قسەدەکات؟ )

هێتلەر و سەدام حوسین دڵبەندیەکی زۆرو سەیریان بە بەڵگەو دەلیلی(دەسکروگۆڕانی خۆیان) هەبوو،هەروا ئاقیدەیان بەمە کە بە دڵنیایەکی تەواو دەتوانن لە کارەکانیان بەردەوام بن. وایزنتال

گوتی: (نازیەکان ئەم ڕابردوەیان بەم هۆیە ڕاگرتبوو کە فکریان لێدەکردوەە کە نەزۆک لە مەعرەکە ڕزگاریان دەبێت. ئەمانە بەم کردەوەی کە دەیانکرد پێیان شانازی دکرد )ئالْمانیەکان خەلْکانێکی گەلیک وردبین و مووقەلێش و ناسک خەیالْ بوون ،فەرمان و دەستووریان بێ گنخاندن و ئەولاو ئەملا بەڕیوە دەبرد. گوتی:( بەفکری هیچ ئالْمانیەکی داتێنەدەپەڕی کە بتوانێ کە دژی هێتلەری هەستێتەوە جواب جەنگی بکات.) ئەم قسە ئاماژە بە حەزو مەیلەکە کە لە ویم دەرکیشا کە دەم و دەزگاکانی ڕەقیبی ئیستخباراتی حکوومەتی سەدام حوسینی لە بەلْگەو دەلیل هێناوەی کردەوەکانی تۆقینەری خۆی و پاراستنی ڕابردوو بەلْگەی پەیوەندار بەم تاوانانەی ترسینەر لە یەکدی جیاو بژاردە دەکرد. ئەم دەم ودەزگایانە کە لە بەلْگەو سەندو، وێنە و شتی وەکوو ئەوان خوشحالْ نەبوون،ئاگاداری نهێنی کامپێتری و نوار زەبتی وێدوئی لە کوردەکان خۆیان هەلْدەگرتن. کاتێک گوتم(اشتاسی)- پۆلیسی نهێنی ولاتی کمونیستی ئالْمانی ڕوژهەلات_ سالهای سالْ بەلەبەردەست دانی (کەل وپەلی فەنی) هاوتای خۆی، یانی پۆلیسی نهێنی ئێراقی ئالیکاری دەکرد،وایزنتال بە ڕوخسارێک کە نیشانی دەدا لە جەرەیان ئاگادارە،ئاخی هەلْکێشا.

ڕژیمی ئێراق بەڕادەیەک بەخۆی دلْنیایی هەبوو کە بەڕەوالْەت هیچ فکری ئەمەی نەدەکرد کەم ئەم بەلْگەوسەنەدانەی تۆمەتەئاوی ڕۆژێک وەدەست بنەمالْەی قوربانیان بکەون. جیالەهەرشت ئیدی،ئەم بەلْگە وسەندانە،بەتێگەیشتنی زۆرتر وایزنتالی لە بەستێنی گشتی لە گەلْ تێکنۆلۆژی نوێ قورسایی وئیعتوبارێکی دیکەی پی دەبەخشی.

کڕاندن و بیروبۆچوونەکانی وایزنتالْ ئەگەر چ ئیکجار بە قازانج بوو بەلام(وریایی) دەم ودەزگای سەدام حوسێن، عەلاحیدەیەکی هەبوو تایبەت بە ڕۆژهەلات کە لە بوردی فکری وی دوورمابوو. نەواری ویدۆیی بە تایبەت بە توندی جێگای مەشغولْ و حێجزبوونی دلم ببوو: لە ڕۆژێکی بەفەرین لە سەلاح ئەدین، مەقڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەهوشیاری زێباری گفتووگومان دەکرد، کە لەم نوارە قسەی هێناگۆڕ. فۆرییەی 1992 بوو و ئەو ئازانتی دەکرد کە سەدام حوسین لە گەلْ کوردەکان چ کردوە. بە بەرەکەتی بارینی بەفر لە سەردانی هاتووچۆکەران دەنگ و باسێک نەبوو،و زێباری بەلانی کەمەوە جاریک کاتی هەبوو کە عەمەلیاتی پۆلیسی نهێنی ئیراق بە بەلْگە بە من نیشان بدات. تازە لە بنەمالْەکەی دەگوت،بەر لە وەی سەدام بۆ سەرئیران هێرش بکات و ئاگری شەڕی هەشت سالەی ئیران و ئیراق هەلْکات، سی برای زێباری لە موسل کە قەلایچەی ئیراق بوو زندەگیان دەکرد. ئەوبرایانە لە سیاسەتی نەتەوەیی دەرگیرنەبوون(ئەگەربوان لە موسلْ نەدەبوون) بەلام هوشیاربۆخۆی بەتازەگی بە یەکێک لە هاوکارانی نزیکی مەسعودبارزانی گۆڕابوو.

ئەو هاوکارییە چارەنووسی برایانی تۆمارکرد. براکانی پەیامی وەک یەکیان لە پۆلیسی نهێنی ومەخفی بۆهات: هوشیار دەبێ لە هاوکاری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بکشێتەوە. براکان ڕەخنەیان گرت،گوتیان کە ئەوان هاوولاتی سەر بە فەرمان و لە یاسا پەیرەوی دەکەن،و پەیوەندیان لەگەڵ براکەیان نییە،ئیدی چ بگات بەمە کە حوکم و ئیختیاریان لە سەر هەبێت. پۆلیسی نهینی یەکێک لە براکانی بانگ کرد،بە لاق قرسان پەرداخێک ئاوی پرتەقاڵی بە وی تەعارف کرد،ئەوخواردیەوە،بەڵام دیاری داتیکەڵ بە (تالیوم) بووە،کە سەممێکە وەکوو (مشک کوژ )لەوی کەلک وەردەگیرێت. بەچ دکتۆرێکی ئیراقی ئیجازەنەدرا ئەوی دەرمان کات،بەڵام دکتورێک پەیوەندار بەپارتی دێموکراتی کوردستان بەدزی ئەوی لە مردن ڕزگارکرد. کاتێک چابۆوە،پولیسی نهێنی دیسان ئەوی گاس کرد،و نەخۆشەوانەکی ویست دەرزیەکی ژەهراوی لێدا... دوایی دوو براکەی دیکەشی پێکەوە ویست،ئەوانی سەبارەت بەتێکۆشانەکانی هوشیار لەپارتی دێموکراتی کوردستان سەرکۆنەکرد،براکان پێکەوبەئوتمبیل بۆماڵ وەڕیکەوتن، لەڕیگالە (وێککەوتنی ماشین)هەردوو کوژران.

پاشان هوشیار، چیرۆکی نواری ویدویی گێڕاوە کە لە ماوەی حەوتوێکی کورت کەلە1991 کەرکووک لە دەست کوردەکان دابوو،لە جەرەیانی هیرش بۆ ماڵی یەکێک لە فەرماندەرەکانی پلەبەرزی ئێراق نواریک وەدەست یەکیک لە پێشمەرگەکان کەتبوو. نواری ویدۆیی تەشەریفاتی ئیعدامی نیشاندەدا کەلە حزور کادیرەکانی گرنگی حیزبی بەعس و خاوەن پلەو پایەکانی دیکەی ڕژیم، و خەڵکیکی زۆر کە هەستیان دەردەبڕی بەڕیوە دەچوو. سەرەتا پێنج کوردیان کە بەپێچەکانی خۆیان چاویان بەستبوون و لە کۆڵەکانیان شەتەک دابوون وەبەررگباریاندان وکوشتنیان، پاشان ئەگەر چی کوردەکان مردبوون دیسان بەچەکەکانی آک- 47،اس بۆماوەیەکی دورودریژ کردبوویانە ئامانجی گوللە. لە دواییدا ئەفسەریک بە هەنگاوەکانی ژماردراو بۆ لای تەرمەکان چوو و بە دەمانچە فیشەنگی خەلاسی لە کەللە سەر (شەقیقە)یان بەتاڵ کرد،شتیک کە زۆرترجێگای سەرسوڕمان بوو ئەفسەری دووەمی بوو کە لە دوای ئەفسەری ئەوەڵ چوو، ئەویش چەندین گوللەی لە جەنازەکاندا. نوار لە نەکاو کۆتایی پێکهات، بەڵام مەعلووم بوو کە ئەفسەرەکان هەموو یەک بە دوای یەکدا چووبوون و ئەم کارەیان چەند پات کردبۆوە.

ئەم دووپات کردنەوە جەرەیانێکی لە زینمدا گوڕاند کە(فریااستارک)ئەم خاتوونەی ئینگلیزی کە لە کاروباری دەڤەر زۆر ئاگادارە،تاریف دەکات. ئەم تاریفە پەیوندداری بەئیعدامی نووری سەعید،سەرۆک وەزیر،لە جەرەیانی ئینقلابی ساڵی 1958ئێراقە کە بەحکوومەتی سەلتەنەتی داکۆکی کەری بریتانیایی کۆتایی پێهێنا. نوری سەعید تێکۆشی بەجل وبەرگی ژنانە لە مەعرەکە خۆی دەربازکات،بەڵام خەڵک

ئەویان گرت و کوشت. شەوی دواتر دوژمنانی چواردە جەنازەیان لە بن خۆڵ هێنادەر،هەتا لە ئاکامدا ئەویان دۆزیەوە، ئەو کات لێخورەکانی کەل و پەلی گویزتنەوەیان مەجبوورکرد چەندین جار بە سەر تەرمەکاندا بێن وبچن. (استارک)کە لە دۆستەکانی نزیکی نووری سەعید بوو بەوەحشی گەریەک ئاماژە دەکات کە(ئێراق لە درێژایی مێژووی دووروودریژی خۆیدا بە هۆکاری وی ناوبەدر بووە) ئەم خاتوونە (لە سەرهەژانی ئاونگی لە مێژینە و زانینی کوشتار مەکس دەکات کە لە کۆنەوە لەو(رۆژەی کە عەلی،زاوای پەیامبەری ئیسلام و خەلیفەچوارەمی موسڵمانان لە کوفە بە زبری شمشیر کوژرا (661)،وبەویچوون سەردەمێک پێشتر لە وی، نەخشەو پیلان و ئاڵگۆی کاری پێکهێناوە. هەتا کوژرانی بنەماڵەی پەیامبەری ئیسلامیش لەم وڵاتە، شتیکی تازە نییە.)

بەڵام ئاخۆ جیالەم کردەوە تۆقینەرەو وەحشی گەرکەلە نواریدۆئی دوویات دەبوو شتێکی دیکەش بوو کەئەمن لێی حاڵی نەبووم؟ بۆچ دەبێ پەیتاپەیتالە تەرمی بێ گیان وەبەرڕەگباری گوللەبدرێت؟ گوییس ببووم کەپۆلیسی نهێنی لە ئیزندانی جەنازەکان و تەسلیم کردنەوەیان بەبنەماڵەکان پارەی گوللەکانی هاویژراو( خەرج ودەرچوونی ئامادەکردنی تابووت وئامرازی بردن وهێنان)لەبنەماڵەکانیان وەردەگرد.یانی مسەلەی باجی سمێڵ لەدوای مردن!(تێبینی: ئەم شێوازە لەحکووکەتی مەندیل بەسەرانی رژیمی فاسستی ئاخوندی شتێکی رەوایە،پارەی ئەوگوڵلانەی کە خەڵکی بێ تاوان، بەناوی دژ بەئینقلاب پێدەکوژن، لە بنەماڵەکان وەردەگرنەوەهیچ هەتا بۆ تەرم وەرگرتنەوە پیویستە کە بنەماڵەی کوژراو هێندیک شیرینی بکرن و بۆبکوژەکان بەرن و دەست خۆشیان لێ بکەن لەگەڵ پارەی ئەوگوللەی کە تەقاندویانەو مناڵ و کەس و کاری ئەوانیان پی کوشتوون! ئەمەیە ڕەوڕەوەی ئیسلامی نابی محەمدی لە قاموسی کۆماری ئیسلامی ئیران!!وەرگێری کوردی)

هوشیارزێباری بەحەبەسان بەم سەرلێشیواویە پێدەکەنی. ئەوهەی بۆ من ئیکجارجیگای سەرسوڕمان بوو هاوهەنگاوی تەواوی ئیراقیەکان لەگەڵ ئەم شیوەیەی حکوومەتی سەدام بوو. هەموو لە خاوینکردنەوەوپاک وپیس لێکردنەوەی خاوەن پلەبەرزانی حیزبی بەعس کەلەدوای بەدەست وەگرتنی دەسەڵات لەلایان وی لە 1979 قەوما ئاگاداربوون: سەدام چەندسەت کەسی لەخاوەن پلەوپایەی حیزبی بەعس بۆ گوێراگرتن لەقسەکانی یەکێک لە بەشداربوان لەپیلانی کودتایەک کەقەراربوو بەرێوەبچیت ودەسەڵات بەدەستەوەبگرێ بۆ سالون کونفرانس بانگێشتن کرد. بەهێنانی ناوی هەریەک لەپیلان وەرەخەران،سەدام حوسین لەحالێکدا کەدەگریادەستووری دەداکەسینی ناوبراو لەناوچەپڵەڕیزان ودەربرینی ئیحساساتی دانیشتوان لەسالونی کۆنفرانس بۆ دەرەوەبەرن. گاردەکان تۆمەتباریان دەبردەدەر. ئەوکات سەدام هەمووەزیران ودەسەڵاتدارانی پایەبەرز و پاشمەنەی حیزبی وادارەدەکرد بەمە کە پێکەولەکابرای مەحکووم بەئیعدانم دەستریژوگوللەبارانی بکەن.

ئەم کردەوە هەیکەلێکی ناحەزو گڵاو لە داوینی پیسکێری هاوکاران بەماجەرا بوو- ئاڵگۆیەک بوو کە لە تەواوی ڕاستایی زنجیرەی فەرماندەری دووپات دەبۆوە: لە بچوکترین ئەندامی پۆلیسی نهێنی بگرە هەتا دەسەڵادارانی پلەبەرز،هەموو لە بەرپسیارەتی ئیعدامەکان شەریک بوون. بەمجۆرە وەفاداری بەسەدام حوسین و خزمەت بە وی بە زۆری دابین ودەستەبەردەبوو. بەم شیوازە ئەم فیلمەی ویدۆیی کە بۆمن شتێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراو بوو،لە ڕاستدا سەندیک بوو کە نیشانی دەدا کە فەرمان بەڕیوەچووە، وچ خاوەن پلەوپایەی مەزن نەیدەتوانی لە وەفاداری کەسینی دەرگیر لە مەسەلە  و کردەوەی شک ودوودڵی بکات. ئەم نوارانەی ویدویی و نەوارەکانی ئاسایی کە عەمەلیاتی ڕژیمی بە ترسەنۆک و تۆقێنەرو وەحشیناکرترین شێوەنیشان دەدان،لە ترساندنی کەسانێکیش کە لە کردەوەی تۆقێنەر خۆشحالێکی کەمتریان دەردەبڕی ئیکجار بەقازانج بوون.

ڕژیم لەم ڕوداوەی ساڵی 1979 هێندیک پێچەوانەی دەستنووسی حازرکرد و ئەوانی بە بێنەران دەستچین و هەڵبژاردی ئێراقی، یەک لە وان جاشەکانی کورد و حیزبەکانی عەرەب و دەسەڵاتدارانی فەرمی دیکە نیشاندا. ئەم ئەمرازانەی پڕئاموجگاری بە شێوەکانی دیکەی کە حکوومەتی بەعس دایهێنابوون پێکەوە گرێدەدران و هەموویان وێکڕا سیستەم و نێزامیکی پێچەقین و کەللەڕەق و سەرەڕۆو بێ لغاویان بنیات دەناو دەخوڵقاند کە بە سەدام حوسین و بنەماڵەکەی وی هەل دەڕخساند بە ناوی کەمایتیەکی عەڕەبی سوننەمەزەب و نشتەجێ لە شارەکانی دجلەو فرات وەکوو تکریت،شوینی لە دایک بوونی خودی سەدام، لە سەرئێراق حکوومەت و فرمارەوایی بکات. شەڕ لە گەڵ ئێران ئەم حەزومەیلەی بە ڕق و کینە و زوڵم و زۆری کە سەر دەمێک بوو لە کوڵ کەوتبوو بە هێزکرد. کەل و پەلێک کە بۆ دەربڕینی ڕەق و تووڕەیی هەڵبژارد توندترو وەحشتناکتر بوون،هەتا لە ئاکامدا بۆ خاوین کردنەوەی حیسابێکی جێگای قەبووڵ لەگەڵ دوژمنانی، ڕووی لە گازەکانی ژەهراویی و لە ناوبردنێکی کامل کرد- ئەویش نەک بەرامبەری لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی بەڵکوو لەگەڵ خەڵکێک کە وەکوو خۆی هاووڵاتی و ئێراقی بوون.

ڕووتێکەری سەدام حوسین لە کەڵک وەورگرتن لە ڕق و تووڕەیی و بێبەزەیی دیسانیش نابێ بۆ کوردەکان شتێکی لە نەکاو نخافڵ بێت. دوژمنداری و ڕەق ئەستووری سەبارەت بەوان زێدەتر لە دوو دیەپیش ڕابردووی هەبوو،ئەو بڕیاری خۆی بە تولەکردنەوە لە وان، هیچ کات لە هیچ کەس نەشاردەوە. تیگەین و لێحاڵیبوون و نییەت و ئامانجی پێشتری حیزب بەعس لە پەیوەندی لە گەڵ کوردەکان شتێکە کە مرۆڤی

مجبوور به لاینگری دەكات، و باشترە ئەم باسە لەم بارەوە بۆ مێژوو نووسان بهێڵێنەوە،دوژمن و نەیارانی بە ڕابردوکی ئاماژە دەكەن كە لە سەركوت و لە نابردنی حیزبەكانی دیكە بەردەوام بووە، بەڵام بەرگری كەرو جامینخوازانی ڕژیم دەڵێن كە حیزبی بەعس دەست و جێ لە دوایی گەڕانەوە بۆ سەردەسەڵات لە 1968 بڕیارگربوو كوردەكان لە دەسەڵاتی سیاسی و بەرهەمی نەوت شەریك و هاوبەش بكات، و ئەو كات بۆ وڵاتێكی كە بەهۆی دەیەیەك تۆفان و بەلا بێ لێبڕانەوەو سەرهەڵداو لە ئینقلاب و ڕووخانی بنەماڵەی هاشمی ئیكجاری لە گیان كەوتبوو ئاشتی هەموو خەڵكی ئێراق بریتی لە عاڕەبی شیعەو وعەڕەبیەكانی سوننەو كوردەكان بەرئاقلانەو لۆژینی دەنواند. جامینیخوازانی ڕژیم ئاقیدەیان وابوو كە حەزو مەیلی كوردەكان بە یەكیەتی لەگەڵ بێگانەكان-تایبەت ئێران و ئیسرائیل لەساڵەكانی دەیەی 1960- جوانی هەڵبژاردەی ئەوانی لە ڕێگای دورست، خواركردەوەو لادا، و هۆكاربوو كە داواكانیان بە شێوەكی ناعادلانە بەرزكەنەوە و لە ئاكامدا بەعسی ئیقناع بكەن بەمە كە لەجیاتی گەیشتن بە ئاشتی و ڕێككەوتن لە گەڵ نەتەوەخوازانی كورد لە ناخی ئێراقێكی یەكگرتوو،بەسەركوتی وان هەنگاو هەڵبێنێت.

خولاسە،سەدام حوسین هیچ كات لە بیری نەكرد كە لە ساڵی 1970 حیزبەكەی بە ڕادەیەك كز و لەڕو بێ توانا بوو كە ئەوی مەجبوور بە ئەنجامدانی وتوویژو مامەلەیەك، لە گەڵ كوردەكان كرد كە بوو بە هۆی بەخشینی خودموختاریەكی بەرفرەوان. نەبوونی ڕێككەوتن و لێك حالێ بوون لە كاروباری ئێراق_ شوێنەكانی دیكەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست_ بە ڕادەیەكە،كە وەك بینیمان دەوڵەتی ئێراق هیچ كات بە مێهربانی وڕاستگۆیی و سەداقەت حازرنەبوو كە قەراراداو ڕێككەوتننامەكە بەڕیوە بەرێت. لە بەرامبەر كاتێك ڕژیم بە هێزبوو، و گیانی تازەی هاتەوە بەر سەدام حوسین لە ناوەڕۆكی قەراردادەكەی پاشگەز بوو هەر لە بنی دەرچوو، و تێكۆشا داواو خوازیاری كوردەكان لە وڵاتێك كە بەحەق و ڕەوا بەخۆیان دەزانی لە ئیعتوبار بێخێت. لە گەل ئەم هەمووەش شێوەو ئاكارو ئائین و عادەتەكانی كارەكەی_ یانی ترۆڕی كەسینیەكان وێرانی وخاپووری دێهاتەكان، ودوورخراوەیی ئەو هەموو خەڵكە بۆ باكوور_ بەگشتی لە چوارچیوەی سوننەتەكانی ڕق ئەستووری و بێ بەزەیی بوو كە ئێراقی نوێ لە حكوومەتی عوسمانی بە میرات بردبوو.

لە 29ی سیپتامبەری 1971 پیلانێك كە بە(پیلانی خۆتەقینەقەی مەلاكان) ناودێربوو،حەول و تەقەلای دیكە بۆ كوژرانی بارزانی كرا. ڕژیم لە لێژنەیەك كە لە ڕووحانی شێعە وسوننە پێكهاتبوو ناردران كە سەردانی بارزانی بكەن،دوڵەت بەڕەوالەت ویستبووی كە بیروبۆچونی بخوازن،بەسەری وانیداسەپاند كە بۆ وەرگرتن و تۆماری قسەكانی زەبتی گچكەی لە بن پشتیندیان قایم كەن. بەڵام بەئەوەی ئەوان بزانن كە ئەوانە ماددەی تەقینەوەن. پۆلیسی نهێنی بە دورستی حیسابی كردبوو كە ڕێزوئیحتڕامێك كە

بارزانی بۆ مەلایانی هەیە بەرگری لەمە دەکات کە پارێزگاردەکانی جل و بەرگی ئەوان بکۆڵنەوە. کاتێک کە وتووێژ دەستی پێکرد، دەست و پێیەکانی ئیستخبارات کە بەشیوەی لێخوری ماشین لەگەڵ لێژنە بوون لە ماشینەکانی خۆیاندا ئاچەری تەقینەوەیان هاویشتە سەر، تەقاندەوە . مەلاکان بەخودای خۆیان لکان،لەتە گۆشت و خوێن و خوڕی لەشی وان چەند ڕۆژ دوایی بە بەری میچی هودە دەبینرا. بارزانی بە بەرەکەتی حزووری پێشمەرگەیەکی چایی هێنەر،کەچایی لەپیش دادەنا،گیانی ساخی لەمەعرەکە بردەدەر: لەشی چایچییەکە توندی شەپۆلی تەقینەنەوەکەی گرتبوو. پارێزگاردەکان لەوپۆشەکاویەدا،بەولێکدانەوە کەبارزانی کوژراوە،دەستیان بەکوژرانی مەلاکان وڕەگەڵبوان کرد کەلەتەقینەوەکە ڕزگاریان ببوو. بەمجۆرە شوێنی گوللەکان لەدەستشوئی دیاری دەدا،دیاربوو کەیەکیک لەمێوانان لەدەستشۆیی وەبەرڕەگباری گەللەدرابوو.

دەوڵەتی بەغدا لە دوایی چقاسێک دیسان سنووری( دابەشکردنی وڵاتی) بارەوبارپێکردو گۆڕی: کوردەکانی لە دەڤەرەکانی لشکرکێشی هەڵکەوتوو لە نزیک چاڵاوکانی نەوتی کەرکوک یان ناوچەکانی تخووبی ئێران و خودی شاری کەرکووک دەرپەڕاند و موچەو مەزرای کشت وکاڵ و بەرەجوتی بە پێزوپیتی ئەوانی بەعارەبەکان دا کە لە شوێنەکانی دیکەی بۆ ناوچە هێنابوو،و بەمجۆرە بەرابەربوون و هاوتەرازی جەماوەری پێشووی تێکدا. یەکەمین ئاوایی لە 4240 گوندی کوردی کە بەدەستی ڕژیم خاپوور بوون،دورست لە پاش ئاش بەتاڵی بزوتنەوەی بارزانی لە 1975 لە گەڵ خوڵ ڕاست کردەوە. سەدام حوسین سێ کوڕی بارزانی کوشت(لقمان،عبیداللە وصابر) و دەیان هەزار کوردی لە دوایی گەڕانەوە لە ئێران بۆ سارای بێ ئاو گیایی باکوور دوور خستەوە. زێدەترلە /2000گوندی کوردی بەر لە 1987لە لاپەڕەی جوغڕافیایی کوردستان ون کران وڕەش کرانەوە.

ئەمە هەشتمین ساڵی شەڕی سەدام حوسین لەگەڵ ئیران بوو. لەم ساڵەیدا ئەو ماشین نیزامی خۆی لە عەمەلیاتی تۆڵەیەک، کە بەم مەبەستە گەڵاڵەکرابوو کە لە کونترۆڵ دەربچن دژی کوردەکان وەکارخست. کوردەکان کاتێک ئاگاداری مەسەلەکە بوون ئیدی درەنگ ببوو. لە دسامبەری 1987 مەسعودبارزانی بەمنی گوت: ( ئەگەرجەرەیان بەم شێوەیە بەرەوپێش بڕوات ئیدی کوردێک لەکوردستان نامێنێ. نەخشەوپیلانی سەدام حوسین ئەمەیە کەئێمە وەکوونەتەوەیەک لەناوبەرێت وڕەگەزەمان ببڕیتەوە. یان ئەودەبێت یان ئێمە- رێگایەکی دیکە وجودی نییە.)

چاخێک لە 1980 شەڕی ئێراق لەگەڵ ئیران دەستیپێکرد،گەلێک لەکوردەکانی ئێراق دەرسی تێشکانی پێنج ساڵ وێشتریان هەزم نەکردبوو. ئەم خەڵکە لە یەک زنجیرەشەڕەکان کە ماوەی نەسلێک ڕوویدابوو هەرچرکەزێدە لەگەل قوڕخانەوجبەخانەی ئەرتەشی ئیراق کە ڕۆژ بەڕۆژ پڕمەترسیتر دەبوو عادەتیان پێگرتبوو- چەک وچۆڵە لەفرۆکەکانی جێتی بەرزترلەمانووڕەکانی(هاوکر هانتر هەتاناپاڵم وهێلوکۆپترەکانی جۆراوجۆر بریتی بوو،ئەمانە چەک وچۆڵێک بوون کە لەبایەخی داکۆکی شاخاویەکانیان بۆ کوردەکان زۆرکەم دەکردەوە. لەمە خەسارلێدانتر ناتوانی کوردەکان بە وارد کردنی وێچوون وئیحتیمالێ زەرەرلێدان لەحیساب کردن دابوو. کوردەکانی ئێراقی بەتایبەت ئەوانەی کە بەکوڕەکانی بارزانی وەفاداربوون زۆرتر وەکوو ڕابردوو شەڕیان تەنیا بەچاوی هەڵ ڕەخسانێک بۆ تۆڵەوەرگرتنەوە دەبێنی ولایانی وشیاریان بەتەواوی بەرەڵاکردبوو. کورد دەڵێن:( ڕۆژێک بەهەڵۆیی ژیانکردن باشتر لە تەمەنێک بەقەلی ڕوڕەش مانەوەیە)ئەمە خۆ بەقەزاو قەدەرئەسپاردنی بەباشترین ڕێگاوێنەهەڵدەهرتەوە. کوڕانی بارزانی لێڕوانین بەسەرکوتێک کەلەحاڵێکدا شکانی ئیران ومانەوەی سەدام چاوەروانێ دەکردن،دەستیان بۆچەک درێژکرد. ئەمن بۆخۆم لەماوەی دەیان کاتژمێر وتوویژ کە ئەوکات لەگەڵ کوردەکانم هەبوو هیچ کات گوییبس نەبووم کەڕیبەرێکی کورد لەسەرئەم گومانە سووربێت کەشەڕ لەوانەیە لەگەڵ هەل ومەرجێک کۆتایی پێ بێت کە زەرەوێکەوتڕو خەراپترو بەزەڕتر لەپێشوو باحاڵی ئامانجەکانیان بێت. ئەوان ئاقیدەیان ئەوهابوو کە شەڕپرزەوهێزوتاقەتی هەردوو وڵاتی ئیران وئیراقی دەگرێت. ئاڵگۆی خەیانەتی (شا)یان بەتەواوی لەبێربردبوو، ولەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئایەتووڵڵا خومەینی کەسالیک پێشتر کوردەکانی ئیرانی سەرکوت کردبوو دەستی یەکیەتیان دا. لەهاوینی دوایی ئینقلابی فوریەی ساڵی 1979ی ئیران،دەوڵەتی نوێ داوای کوردەکانی بۆ خودموختاری ڕەت کرد،وبە داستەوداوین بەهێزی نیزامی پیلانی سەرکوتی بۆ داڕشتن.

کوردستان هیچ کات ئولکەی شەڕی ئێران و ئێراق نەبوو،بەڵام پێشمەرگەکان بە ئازاد کردنی دەست وجێ و بە تاولۆکەی دەڤەرەکانی بەرفرەوان لە کوردستان- لە سنوور تورکیە بگرە هەتا ئیران- ئەم(دەهزرەوەچوون و سەرکەوتنیان)بۆخۆ وەدیهێنا،لە حاڵێکدا کە شەڕی حەسڵی لە باکوور لەو پەڕی توندو تیژی خۆی دابوو، کوردستانی ئیراق عەمارو کۆگای دەخڵ و دانەوێڵەی وڵات بوو،ولکەکانی هەرە گەورەی چەمەکانی دەجلە و فەڕات و چەمەکانیتر، ئێڕاقیان لە نێو وڵاتانی عەڕەبی بەئەنقەست بە وێنەی تەنیا وڵاتێک دەرهێنا بوو کە لە مەڕ مادەکانی خواردەمەنی و ئاو خۆژیو،بوو. هاوکاری کوردەکان لە باشوور لە گەڵ ئیران گەلێک لە هێزەکانی ئێراقی کە سەدام حوسین بە بوونی وان لە شەڕگە ئاتاجی زۆری هەبوو لە هەرد بزمارکوت کردبوو،و ئەم یاریدە دەریە بەشەکی لە چاخەکانی دەڤەرەکانی لشکرکیشی وەکوو چاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک و برغابەکانی(دەربەندیخان) و(دووکان) کە کارەباو ئاوی بەغدایان دابین دەکرد هەڕەشەدەکرد.

لە ئاکامدا بینین و هەڵکڕاندنی ڕژیم بە تەواوی ئاوەژو بوو، ئەم بەپێچەوانەیە،دواڕۆژێکی ناحەزی بە بەرو بوودا. بە بیرو بۆچوونی سەدام حوسین(پێشمەرگە) بەوێنەی(تێکدەر) خۆی نواند- لەبزێک کە لە قامووسی بەعس لە سەرجەمی کوردەکان بۆ هاووڵاتی ئیراق لە لێهاتوویی وشایانی ولایقی ڕێگری دەکرد، وبێ خەبەرو ئاگاداری ئەوان،ئەوانی لەو دێوی سنووری دانابوون،هەر جیابوونەوەو دابەشێکردنێک کە لە نیوان پێشمەرگەو خەڵکی ئاسایی بوونی هەبوو لە ناو چوو. ئەم هەڵکڕاندنەی خەڵکانی سەرەتایی بوو- یانی ڕەت کردنی ودوورخراوەکردن ونفی جەستەی نەیارودوژمن،وگۆڕانی وی بەکەسینییەکی بەی بایەخ . ڕژیم لەم نیوەدا هەرجۆرە لەبەرچاوبوون و بەندوداوێکی دەست وپێگرکەشەڕەکاندالەبەرچاودەگرن وەلانا. کاتێک ئەرتەشی ئیراق لەبارودۆخێک داقەراری گرت کەلەگەڵ کوردەکان حیسابی خۆی بکات_ هەروەک دەبینین لەئاوریلی 1987 دەستی بەمکارەکرد ولە ماوەی تەواویی ساڵی 1988 ئەوی وەرگرت- فەرماندەری پلەبەرزی ئەرتەشی ئیراق شانازی دەکردبەمە کە بەردەوام لە چەک و چۆڵی شیمیایی کەلک وەرگرتووە،و ئەم عەمەلیاتەی(پەرچەنگ و پەیکاریک ناو دیردەکرد کە جێگای عافەرین و دەست خۆشی لێکردنی هەموو خەڵکی سەرکورەی هەرد بووە- کە(هەموو خائیننانێک کە خۆیان بە بایی هەرزان بە دوژمنی دەرەکی دەفرۆشن شار بەدەر دەکات.

دوایەکان دۆزیمەوە کە ئەم زوانی وەحشتناک لە ناوچە بێ ڕابردوو نییە: وەک وەیەکچووەکانی حێجزکەری،لەنیوان بەغدا سەبارەت بە کوردەکان وەکوو خەڵکانی(خائین) کە لەگەڵ ئیران هاودەست دەبن،هەروا وێککەوتنیی ڕیبەرانی تورک لە پەیوەندی لەگەڵ ڕیشەکێش کردنی ئەرمەنیەکان لە 1915 بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ ڕوسییە،وەبەرچاو دەکەوت. ئەنوەرپاشا،وەزیری شەڕی عوسمانی بە مورگنتاوی گوت: (ئێوەدەبێ بزانن کە لە حالێکدا ئێمە لە داردانل،بۆ نەفسی ژیانمان شەڕمان دەکرد و هەزاران کەسمان فیدادەکرد، نەماندەویست ئیجازە بدەێن کە ئەم خەڵکە خەنجەر لە پشت ئیمە بدەن.)دەزگای ئیستخباڕاتی بریتانیا لە ماوەی شەڕی دونیاگری یەکەم دێمەنی تیلگرافی ڕەمزی بە ڕێکەوتی 15ی سپتامبەری 1915 بە ئیمزای تەڵعەت پاشا وەزیری ناوەخۆی عوسمانی بڵاوکرد، کەدەگوترا هێزەکانی ئینگلیزی لە سووریە دەستکەوتیان ببوو. تیلگراف دەیگوت: (دەوڵەتی عوسمانی بڕیارگرە لە سەر ئەمە کە بە ژیانی ئەم خەڵکە کۆتایی بێنێت، هەر ڕادە کە هەنگاوهەڵینانی ئاسایی لەم بەستینەدا توندو تیژ بێت...هیچ جۆرە چاوە ڕوانی جنسی و تەمەنی یان حێجز بوونی ویجدانی نابێت لە نێواندابێت.

عەلی حەسەن مەجید،کوڕەمامی سەدام وفەرماندەری پلەبەرزی کوردستان لە چوارچیوەی لەبز و دەستەواژەی وەک یەک لەمە فکری دەکردەوە. ئەو کاتێک لە3یمارسی 1987 وەکوو بەرپرسی گشتی نوسینگەی باشووری حیزبی بەعس جڵەوی کاروباری کوردستانی بەدەستەوگرت بە لێزانی تیکەڵ بە بێڕوحمی خۆی هەتاکوردەکانی عەبەساند. کوردەکان لە ماوەی پەرچەنگ و پەیکاری دوورودریژی خۆیان لە گەڵ ئێراق هیچ کات بە ئەمانی کەسێکی نەسپاردبوو کە ئیختیدارێکی ئەوهای مردن و ژیانی خەڵکێکیان لە دەست دابێت. لەڕابردوو سەدام حوسین و پێشینیانی هیچ چاخ لەترسی سەربەرزکردنەوەی نەیاران وێکچوویی وهوشیاری ئیتداری بێ ئەملائەولای بەکەسێک نەسپاردبوو.هەنۆکە عەلی حەسەن مەجید جگەلەسەدام لەخۆی گەورەترنەدەبێنی و نەبوو،ولەتەواوی کاروباری وڵات وسوپایی و ئەمنیەتی وئیتلاعاتی باشووری ئیراق خاوەن دەسەڵاتی بەرهەڵدراو خۆسەروسەربەست وخرمچون وتێگڕایی بوو. ئێستائیدی کوردەکان هیوادار‌یان نەبووبەمە کە بتوانن لەلابەلای کون و کاڕیژوو کەلین و گەڵشتی ئەم حکوومەتەی ژێبەردایی شۆڵیک بکەن،وبۆ مانەوەی چاوی هیواهومێد بە کێ بەرکێی وچاوتەنگیەکانی مەوجوود لەسازمان وبنکەکانی ئیستخباڕاتی و پۆلیسی و حیزبی حاکم و هێزەکانی چەکدار وجاشەکانی پۆشتەبدۆزنەوە. عەلی مەجید هەتاکاتیک کەلە 4ی ئاوریلی 1989،کوردستانی بەجێهێشت لە بنەبانی ئیلاقە و(لەزەتی) دەسەڵاتی کرد. هەروەک یەکێک لە دەرسخوینەکانی کورد بە پەرۆش وپەریشانی گوتی: ( سالەکانی 1987و1988 بۆ کوردەکان لەهێرشی ئەسکەندری پلەبەرز وپایەبڵیند لە331ی پێش زایین(لەسەرڕێگای خۆی بۆ هیند)بەم لاوەخەراپترین ساڵەکانی کوردستان بوو.) گوێهەڵخستن لەنوارەکانی دەسکەوت ئەم جەرەیانە بەڕوونی دەنواند. زبانی بێتەرتیب و نهێنی دەربڕینی زوربە بە قسەی کاڵ و نەکوڵیوو ناحەزی عەلی مەجید،دەنگی هاوارو هەڕەشەوگوڕەشەو قیژەو زێقەزیق و سەیروسەمەرەو لەبزی دیاریکراو ناوچەیی سەرجەم بڕیاری ڕژیمی بە لە ناو بردنی میراتی نەتەوەیی و شێوەژیانی ئەم خەڵکەی بە ڕاشکاوی ئاشکرا دەکرد.

مەجید دەست وجێ بەکەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی لە کوژران و تۆقاندنی خەڵکی دیهاتی باشووری ئیراق، بێچم و پێوەدان و داب وعادەتی تازەی لە سەربنچینەی کەون وکۆنی شەڕەکانی چرێکی زێدەکرد: لەلای کوردەکان بەعەلی شیمیایی ناودیر بوو. فەن وفێڵەکانی بەتاڵکردنی لە سەربنیاننان لە ئاکارو خووخدەو ڕەوشت و هەڵسوکەوتی دەقەرەکانی دیهاتی وەلەز خست، و ئەو کەموسکە پێشمەرگانەی کە مابوون لە دەست وێڕاگەین بە خواردەمەنی و دەنگوباس بێ بەشکرد. هەتا بەر لە هاتنی وی خەڵکی گوندەکانیان لە مەڵبەندەکانی ئاوایی ڕاونابوون و لە شارۆچەکان،بەناوی(پیرۆزی) کە لە ڕەخ جادەکان و نزیک بە شارەکان دورست کردبوو بە هاسانی دەکرا کونتڕۆڵ بکرێن، نشتەجێ کردبوون. عەلی مەجید بەوێران و خاپوورکردنی لیسە دیهاتەکان کە لە سەردەمی کەونارا بە بەرد سازدرابوون،بنچینەی کۆمەڵگای ئاوایەکانی کوردەواری پێکهێنابوو بەم جەرەیانە وەپەلە خست. لە خولەکی پاشتر،دەیان

هەزارکەسی لە گوندەبییەکان کۆکردەوە، و زیندانی و دەست بەسەرکرد، و ئەوانی بۆ کۆشتارگاو سەلاخانەکان نارد. عەلی مەجید لە ئازانتی و شێکردنەوەی خاپوورکردنی گوندەکانی کورد و، وەدیهێنانی ناوچەیەکی پەرژین بە بەرفرەوان و پان وبەرینی نیوانگلند(New England،لەیەکیک لەم نەوارانەی دەسکەوت دەلێت: ( ئەگەر بەم شێوەیە عەمەل نەکەین عەمەلیاتی تێکدەری هیچ کات هەتامیلیون سالی دیکە دوایی نایێت.

ئەوبەتڵان و لە قیسخۆدانی زاوزو کە ئاکامی بەتاڵکردنی ئاواییەکان لە خەڵک بوو بەم شێوەیە بە کەمتەرخەمی لە کۆڵخۆی دەکردەوە: (گەنمی ئەوانن ناوێ. ئەوبیست ساڵی ڕابردوو هەمووکەنممان واردکردوە،لێگەڕی پێنج سالی دیکەشی بێتەسەر)کوردەکان لە بنەبانی دەردو کویرەوەری دەیاندی کەبەرهەمی نەوت،کەبەشێکی زۆری وی لەکوردستان دابین دەبوو،بەسەدام حوسین ئەم هەلەی دەرخساند کە بەپارەی وی گەنم واردبکات- وچاوی تەماعی ئامریکا،ئەوجەرەیانەی بۆ وان سانایی کردوە: زوربەی گەنمی کەئیراق وارد دەکات،گەنمی سوبسیدی ئامریکابوو کەدەوڵەتەکانی ڕیگان وبووش هەجارزۆرتریان لەئیختیاریئیراق دەنا،ئەوهێندە کەبەبرەکەتی ناوبژیکەرانی کۆنگرە،ئیراق بەگرنگترین بازاری گەنمی ئامریکا گۆڕا: وبەبەرەکەتی یارانەی(سوبسیدەکان) ودەستەبەرەکان(کورپوراسیونی ئیعتباراتی کالا)(Cmmodity Credit Corporation،ئیراق لەساڵی 1989 چوارمیلیارد دۆلار گەنمی لەئامریکا کڕی،ولە 1989 دەوڵەتی بووش ئەم وامانەی کە (کورپوراسیون ترخان ودەستەبەری کردبوو دووقات زێدەکرد.

لە نەوارێکی دیکە عەلی شیمیایی کەلک وەرگرتنی چەند پات کەرەوەی لە گازەکانی شیمیایی دژی کوردەکان لە وتاریک کە ڕووی لە کادیرەکانی حیزبی بەعس بوو بەم شێوەییەی شیکردەوە: کێ دەیەوێ شتێک بڵێت؟ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؟ ناماقول دەکات... کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و هەموو ئەوکەسانەی کە گوێچەبە قسەکانیان هەڵدەخەن!) لە سەرەتای سالی 1989لە دانیشتیک کە لەگەڵ(مرئوسی) هەبوو لە بەرانبەر کەسانێک کە لەوانەیە غیرەت وەبەرخۆیان بنێن و لەم ئیعدامانەی بە کۆمەڵی پیاوژنان و منداڵانی کورد کەلە 1988 بەڕیوەچوو بوو، زوان بەڕەخنە بکەنەوە،و بەم قسەو ئاخافتنانە بەرگری لە خۆیان بکەن:(لە منیان چاوەڕان دەکرد کە ئەوان ساخ و سەلیم، ڕابگرم؟ ... نە،ئەمن ئەوانم بە بۆڵدزیر دەچاڵ کرد.) باشە، ئەم هەموو خەڵکە لەکوێ ڕاگرم و جێگای بۆ بکەمەوە؟ ئەوانم بەفەرمانداریەکان دابەشکرد. پاشان مەجبوور بووم بە بۆلدزیرکان، بۆ ئیرەوئەوێم نارد.)

ئەمە لافەکی نێوئاخن بەتاڵ نەبوو. هێدێک لەپاشمەنەکان دەیانگێڕاوە کە دەیان هەزار کورد چیۆ بەچ شێوەیەک بە دەستی وی ئیعدام کراون: ژنان و منالان ئەم ئیعدام کراوانیان پێکدێنان. سەردەمێک پاش،لەبەهاری ساڵی 1991،ئەوچاخ کەکوردەکان وئیراقیەکان زنجیرەیەک وتوویژی بێ ئاکامیان دەسپێکرد،مەسعودبارزانی و ئەندامانی دیکەی لێژنەی کورد هەستی خۆیان لغاوکرد ولەگەڵ ئەم عەلی حەسەن مەجیدە کە یەکیک لە لێژنەی نوێنەرانی دەوڵەتی ئیراق بوو، بۆ وتوویژ دانیشتن. کوردەکان بەویان گوت: کە بەپێی سەرئەژمێری/182هەزارکورد ون بوونە،کە گومان دەکرێت مردبن،وزوربەی ئەوان لە ماوەی عەمەلیاتێکی بێ وێنە لە ناوچوونە کەلە 1988 لە ژێرناوی عەمەلیاتی (ئەنفال)جنیوساید، بەڕیوەچوو،وزۆرایەتی ڕووی لە خەلکی ئاسایی بوو. حەلی حەسن مەجید لەداخ وتوورەیی لەجێی خۆی هەستاوە،وقیژاندی: (ئەم سەرئەژمێریە پێوەنراوە/182هەزاریانی چی؟ لە سدت هەزارکەس زێدەترنەبوو!

(تێبینی:1-عەدنان مفتی بەمنی گوت:( لەوچل ودوو ڕۆژەی کە وتوویژ بەردەوام بوو)جارێک عەلی شیمیایی کەلەهێنانەگۆڕی ئەوهەموووێرانی ئاواییەکان وکوژراوانە وکەلک وەرگرتن لەچەکەکانی شیمیایی بەئەمریوی وی ،کەفی هەڵدا وگوتی: (ئەگەرسەبارەت بەکوردستان قسەدەکەن دەبێ لەسەرەتاودەست پێبکەن،نەک تەنیا لە سەردەمی بەرپرسایەتی من)وەک بڵێی مێژووی دووورودرێژ پەیوەندی کوردەکان وئیراقیەکان ئەوی لەبەرپرسیارەتی ئەم جنایەتانە بخشیوە!

هەتا دەست وێڕاگەین بە بەڵگەوسەندی نهێنی لەبەغدا،کەرەنگەسەرهەودای ئەم کوشت وکوشتارە بەوردی وەدەست بێت،کوردەکانی کە بەڵگەودیکۆمەندی پەیوەندار بەم زوڵم وزۆریە کۆدەکەنەوە (رەقمی) مەجیدیان بەدورستتردەزانی. یەکێک لەلیکۆڵێنەرەکانی وردی کوردبەناوی شۆرش ڕەسوڵ،لەسەربناخەی وتوویژەکانی بەرفرەوان لە(کوردستان) وموتالای وردبێنانە بەڵگەی ئیراق،لەکۆتایی ساڵی 1994لەتەخمینێک کەبەوشیاری وئیحتیات لەم جەرەیانە،یانی ژماردنی کوردەکانی کە لە ماوەی دەورانی سەرپەرشتی عەلی مەجید لە ناوچوونە،دەکات، ژمارەی نیوان/60/000و110/000وەدەست دەدا. سازمانی لێبوردنی نیونەتەوەیی تەخمینی لێدەدا (جگەلەودەورە) لە ساڵەکانی دەیەی 1980لە کوردستان ناوچەکانی دیکەی ئیراق(سەدان هەزارکەس قوربابی ئەمجۆرە ئیعدامانەی سەرپێیی بوون) یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی سازمانی نێونەتەوەیی دەڵێت:(زوڵم وزۆری بەدفەڕی شەڕلەتانی سەدام حوسین سەبارەت بە کوردەکانی(ئەوهێندەتوندوتیژ) و بەڕادەیەک بەرفرەوان بوو کە شتێکی وەکوو وی لە شەڕی دونیاگری دووەم بەملاوە لە کەمتر شوێن دەکرێ بدۆزرێتەوە.

لە دوایی هێرشی سەدام حوسین بۆ سەرکەوێت لە 1990 کە هەڕەشەی نەک تەنیا لە گیانی خەڵک، بەڵکوو بۆسەر لاسەنگکردنی نەوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو،دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ شێکردنەوەی بێ ئیشتایا وبێ موجێزی خۆی لە پەیوەند لەگەڵ شکانی ئاشکرای مافی بەشەر لەلایان سەدام لە شەڕی ئێران و ئێراق،خۆی لەنەزانی دەدا. هەتا ئەو چاخ هیچ کام لە ئەندامانی جۆراوجۆری سازمانی نێو نەتەوەیی هەتا داخۆیانیکیان لە ڕەخنەگرتن لە کردەوەی ناحەزو ناقانوونی ئێراق دەرنەکرد،چ بگا بە زەخت هاویشتنەسەر، بۆ ڕاگرتنی ئەم کردەوە،بەڵام هاوپێچی کەویت بە ئیراق لەلایان سەدام حوسین لە نەکاو دژکردەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وروژاو کرد، و ئەم کۆمەڵگایە لە نەکاو ئاگاداری قەڵشت وکەلین تێکەوتن وشکاندنی بێ لینگەی حقوقی بەشەر لەئیراق بوو، و بەڕاشکاوی ئیراقی لەم بابەتە بەتوندی ئیدانەو مەحکووم کرد- ئەم ئیدانەومەحکووم بوونانە وەدواکەوتەی بڕیارێک بوو کەکۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە دامەزراندنی سەرلەنوێی حوکم و شوێن تێکەری خۆی لەمەڕ نەوتی ڕۆژهەلاتی نیوڕاست هەبوو. لە لێبوردن وچاوپۆشیەکانی کە بۆخۆی لە ڕابردو لەبەرامبەر بێرحمی ودڵڕەشی دلڕەقی وزوڵم وزۆری لەڕادەبەدەری وی،بەتایبەت ئەو خوێنخۆری وخویمژی دەستدرێژیانە لە خەڵکی کورد،کردبووی ئاخافتنەکی نەهیناگۆڕو دەمی لێنەدا،وئاماژەیەکی بەم مانایە نەکرد کە ئەم لێبوردن وچاوپۆشیانە بوون کەسەدام حوسین یان دڵگەرم کردوپاڵ پێوەنا،کە ئەم فکرەبکات لە مەسەلەی هاوپێچی کەویتیش بێ ئارەقە ڕژان لە مەعرەکە دەردەچێت و ڕزگاری دەبێت.

کاتێک کە کەویت ئازاد بوو شکانی بەئاشکرای حقوقی (بەشەری)ش لەئیراق دیسان لە بیرچوو. لە بڕیارنامەی بە ناوبانگی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی،کە دایکی هەموو بڕیارنامەکانە) وهەل ومەرجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ ئاگربڕ لە ئاوریلی 1991 دیاری دەکات،باسێک لەم جەرەیانە نەکرا. دەوڵەتی (بووشی)ش حەزی لە ڕاکێشانی سەدام حوسین بۆ بن پێچکی مەحکەمە،بەسزای جنایەتەکانی شەڕ و کردەوەی سیاسەتی ڕەگەزبڕینەوەی،دەرنە دەبڕی،هەرچەند لەماوەی زێدەتر لە دەیەیەک سازمانەکانی چالاک وشێلگێڕو سوورلە سەرکاری حقوقی بوشەر،ڕابردوەکی وردیان لە وێرانی دێهاتەکانی کوردنشین و ئیعدامەکانی سەرپێیی ودەسدریژی و جەورو تەعەداو خوێنڕێژی ستمکاری و بیڕوحمی دیکەو تەجاوەزاتی حیزبی بەعس،و ئامادە و نوسیبویان.

بەڵام هەتا بەڕوانین لە حەیارو ئەژمارو ئەنازەوەکانی تۆقێنەروترسێنەرلەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،سەدام حوسین نیشانی دابوو کە ئەو خۆرسک وخۆکردی دیکەیە. سەدام حوسین لە یەکەمین ویککەوتنی لە1983 لەگەڵ هێرشێکی پێکهاتوو لەشەپۆلی ئیسانی پیادەنیزامی ئێران کە ڕیگاکانی شەڕگەی ئێراقیەکانی

بەلەنابردن هەڕەشەلێدەکرد،بەکەلک وەرگرتن لەگازەکانی ژەهراوی یەکێک لە ئاخرین یاساخترینەکانی نیزامی دونیای لەبن لاق ناو پێشێل کرد. ئەمەزێدەکەم کەئێراق بۆخۆی یەکێک زێدەترلە وسەت وڵاتەبوو کە قەولنامەی ڕێکەوتی ساڵی 1925 ی ژنوی لە کەلک وەرگرتن لەچەک وچۆڵی شیمیایی ڕێگری لێکردبوو ئیمزاکرد بوو- ئەم چەکانە لەشەڕی ئەکەمی دونیاگر کوژراوبەتلانێکی زۆری لێ کەوتەوە. بەڵام دەستەبەریەکی ئەوها بۆ سەدام حوسین بایەخی نەبوو، بەتایبەت لەبەرامبەر وبەرەنگاری لەگەڵ دوژمنانی ناوچەیی،ئەوکات ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا ئیراقی بە هۆی کەلک وەرگرتن لەچەک وچۆڵەکانی شیمیایی مەحکووم کرد- وسی ساڵ دوایی ئیراق وئیران هەردووک- بەڵام هەنگاوی دیکەی هەڵنەگرت. بەڕەواڵەت ڕژیمی ئیراق بەمافی خۆی دەزانی کەبۆ ڕێگری لە سەرکەوتنی ئیران لەشەڕگەکانی باکوور وناوەندی لە هەرهۆکارێک کەلک وەردەگرێ.

بەڵام لە 1988 ئاشکرابوو کە وەرەقی شەڕ بە دڵنیایی و یەقین بە زیان و زەرەری ئیران وەرگەڕاوە و شەرگەی کوردستان زێدەتر لە هەمێشە شانۆگەریەکی فەرعییە. بەڵام نەبوونی هەست پێکردنی هەر جۆرە دنەدان و جۆلەخەرو هاندەر بە هیچ لەون ڕێگری لە وی نەبوو کە سەدام حوسینی کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی دژی کوردەکان بگێڕێتەوە دەست ڕابگرێت لەو سەینەوبەینەدا سەدام حوسین بە بەرفرەوانترین و ترسێنەرترین و تۆقێنەرترین ڕێگا لە چەک و چۆڵەکانی شیمیایی لە کوردستان کەلکی وەرگرت- ئەویش دژی خەڵکی ئاسایی و ناچەکداری کورد،و نەک جارێک بەڵکوو دەیان کەڕەت و بە دفعات. یەکەمین هێرش بەم چەکانە لە ئاوریلی 1987 بەڕێوە چوو،لە ماوەی ساڵ و نێوەک ڕژیمی سەدام بەلانی کەم شیست گوندی کوردی کوردی بە هاسانی و بێ ترس لە سزا بە چەکەکانی شیمیایی هێرش بردەسەر،و بەڵام هیچ کات نامانهەویٚ بزانین کە مەحکووم نەکردنی دەوڵەتانی دەرەکی هەتا چ ڕادە لە هاندان و دنەو پاڵ پیوەنان و دڵگەرمکردنی وی بە بەردەوام بوون لەم هێرشانە دەست تێوەردان و دەخەلاتی هەبووە.

(تێبینی:1-کنت تیمرمن Kenneth Timmerman،لەژمارەی ڕێکەوت 20ی ژانویەی 1996 نیوپابلیک،نووسی کە لەسەربنچینەی ڕابردوی مەوجود لەپیتاگون و مدارک بەوەدەست هاتووە لەئیراقیەکان سەدام حوسین بە هیزەکانی ڕێگای شەڕگەی فەرماندابوو لەبەرنگاری لەگەڵ هێزەکانی یەکگرتوو بەرێبەری ئامریکا لەچەکەکانی شیمیایی کەلک وەرگرێت،بەڵام فەرماندەرانی ئەم عەمرەیان بەریوەنەبرد.

دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە ئاکامدا مەجبووردژکردەوە بوون،ئەوکاتێک بوو کە لە1988 شیست هەزار کوردی کە هێرشەکانی شیمیایی ئیراق هەڵاتبوون و تۆقیندراوی لە سنووریئاوبوون لاقیان لەخاکی تورکیەنا. ئەم دەوڵەتانە هەتائەو چاخ،ئیلاقەمەند بەمە بوون کە بازارەکانی بەقازانجی ئیراقی بۆ خۆیان بپاریزن وراگرن،بە بریکاری و جێگری لە سەدام حوسین دەستیان بە هەڵەبردن کرد- کە بەڵێ،لەوجێگایە کە(قەولنامەکانی ژنو،ڕێگری لە بەکارهێنانی چەکەکانی شێمیایی دژی دەوڵەتانی ئیمزاکەر،کە خەڵکی خۆیان بەچەکی شیمیای دەکوژن ئاماژەنەکردوە،دەجا کوردەکان ناتوانن دژی ڕژیمی بەغدا بەقانوونی گرێپوچکەی داواکانیان بکەنەوە. ئەم بێدەنگی دونیا لە گەڵ سیاسەتەکانی مەیلەو ئیراق،وڵاتانی ڕۆژئاواش ئیکجار ناسازگاربووو ریکنەدەکەوت: هەڕەشەی ئیرانی ئینقلابی سەبارەت بەنەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئارامی سیاسی دەوڵەتانی ناوچە- کە سەبارەت بەئەوان قسەزۆرکراوە- وبوونی ئیراق وەکوو ڕێگری پاردە وپەرژین لەبەرامبەرئیرانی دەمارگرژو،لەبەرچاونەگرتنی دەستدرێژی و زێدەڕۆیی وزوڵم وزۆری سەدام حوسینی شیدەکردەوە. لەبەرئەمە دەلیل وهۆکاری کۆمەڵگای دونیا پێشتر شێوەی ڕەخنەکانی خۆی لەبەرامبەر قەبەکردنی دەوسییەی شکانی حقووقی بەشەر لەئیراق وکەلک وەرگرتنی ئیراق لەچەکەکانی شیمیایی دژی هێزەکانی ئیرانی،بەدەستاویزەکی سازگارتربردبوو.

ئەودیپلۆماتانەی کە بدوای ڕووداوی ئیراق هەڵدەسووران،بەتەواوی لێیان یەقین بوو کەسەدام حوسین سزایەکی توندوتیژ ووەک یەک ومساوی لە سەرکوردەکان بریتی لە پێشمەرگەو شەڕکەرو خەڵکی ئاسایی وناچەکدار، بە هۆی یەکیەتی لە گەڵ ئیران بەڕیوە دەبات. ویلیام ایگلتن،کە ئەوکات لە کەموسکە پسپۆرانی کاروباری کوردستان بوو، لە 1986 بۆ پێشبینی لە ناوبردنی بێروحمانەو دڵڕەقانەی کۆمەڵگای کورد،دەستەواژەی(جینوساید)ی لە کارکرد،چونکە چاخێک سەدام ئەم چەک و چۆڵەی شیمیایی دژی ئیران بەکار هێنا لە مەعرەکە نەجاتیبوو،دەجا بە وێچوون وبووچونی بەهێز ئەمە بوو: کە ئەگەر هەل ومەرجی نیزامی ئیجازە بدات ئەم چەکانە دژی کوردەکان بە کاردەهێنێ. شتێک بەناوی (لەنەکاو غافلگیری) لە بەین نەبوو: کوردەکان بە هەر کەسێک کە گوێچکەیان لە قسەکانیان هەڵدەختسبواتە دەیانگوت: کە ئینگلیزیەکان، هولەندیەکان، فرانسویەکان،ئاڵمانیەکان،ژاپونیەکان،ئیتالیایەکان، سوئیدهەکان کەل و پەلیان لە بەردەست ئیراق دانا، کە توانی فاکتۆریەکانی بەزاهیر بی زەرەرو خەسارەت کە دەرمانی جڕوجانەوەر کوژتن دورست دەکەن بە فاکتۆری چەکەکانی شیمیایی بگۆرێ.

چەکەکانی شیمیایی پێشوو ترس ولەرزو تۆقینیەکی کە لە کوردەکان وروژاوکردبوو، ونەخۆشی ومردنێک کە بڵاویان دەکردەو، زۆریان بۆ بە هەرزان تەواو دەبوو، ئیکجارکارتیکەر بوون. ساڵانی دوورودرێژ بوو کە کوردەکان بە ناوی شەڕکەرانی ترسەنۆک و بەغیرەت دەنگین بوون، و چ لە شەڕەکانی گچکە و چ

لەشەڕەکانی گەورە کوژراوێکی قورسیان لە هێزەکانی عارەب دابوو0 بەڵام کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی دژی نانیزامیان و خەڵکی ئاسایی لە سەروی توانایی و خۆڕاگری هیزەکانی پێشمەرگەدا بوو. چەند رۆژ دوای کەلک وەرگرتنی ئیراق لە مانگی ئەوتی 1988 لە چەکەکانی شیمیایی،مەسعودبارزانی ئەمرێکی دەرکرد کە ویکچوونی ئەوفەرمانە بوو کە باوکی لە سێزدەساڵ پێش یانی لە1975 دای، کە بەپیی وی لە گەڵ شەری چەکدارانی خواحافزی کرد بوو،ناهومیدترو، ویرانگرتر بوو. لەم پەیامەداهاتبوو: (هەمووشت دوایی پێهاتووە: شۆڕش تەواو بووە.) مفهووم و مانای ئەم پیامە خۆبەدەستەودان بوو، یانی ئەگەرئیمکانی هەبوایە بەم خۆ بەدەستەوەدانە ژیانی خەڵکی نانیزامی و ئاسایی بپارێزرێت: (ئێمە ناتوانین بە دەستی بەتاڵ لە گەڵ چەکەکانی شیمیایی بجنگین... ناتوانین لە شەڕ بەردەوام بین.) بەڵێ کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی لە کۆتایی شەڕی ئیران و ئێراق، لە کۆتایهێنان بەئاژاوەی کوردستان هەتا ئەم ڕادەیە بەقازانج بوو: دەرچوونێکی هێندەی نەبوو،وئیحتمالی تەلەفیاتی هیزەی خومالَیش لە گۆڕێ نەبوو.

0(تێبینی: 1-دەسەلاتدارانی پارتی دێموکراتی کوردستا ئەوکات بەرئاوردیان کرد کە/4300کورد کە حەولیاندەدا خۆویان بگەینەسنوور کوژراون،/4300کەس لەم خەلکە،کەزورایەتی ژنان ومناڵان پێکیان دەهێنا،لەنزیک گوندی کانی ماسی کوژران. ئەمن بۆخۆم لەگەڵ کوردەکان ئاخافتم،گوتیان هێزەکانی ئیراقی ناوچەیەکی بەرفرەوانیان گەمارو دابوو،ولەئاکامدا تەنیا کەسانێک کەلەباشوور لەگەمارحکەوتبوون بەسەلامەت گەیشتنەسنوور.
2-سازمانی سیا )ژمارەی کوژراوەکانی ئیراقی بە/150/000 هەتا340/000کەس یانی کەمترلەکوژراوانی ئیران تەخمین دەکرد: تەلەفیاتی ئیران بەتەخمینی(سیا ) بە440/000 هەتا730/000کەس بەرئاوردکرا بوو،کوژراوی ئیراق بەنیستب دانیشتوانی بەریک زێدەبوو،چونکە جەماوەری ئیراق نزیکەی یەک سیوەمی ئیران بوو.
3-سی دکتۆری ئامریکایی کە سەرکەوتووبون پەنابەران لە دیاربەکرو ماردین بکەن دەرمان بکەن گوتیان کە چاویان بە بابەتی دیاریکراو حادی لە(التصاق ریخۆڵە و سەدەمەی پێست کەوتووە(وال استریت جرنل، ژمارە ڕیکەوت 20سپتامبەری 1988). بەڵام دەسەڵادارانی تورک بۆ ڕێگری لە دەست وێراگەینی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و سێ دکتۆری ئامریکایی(نوینەرانی سازمانی برگری حقوقی بەشەر) بە دکتۆرانی خاچ سووری تورکیە و کەسانیک کە خەریکی پەنابەرەکانی دیکەبوون،لە چ تێکۆشانێک کۆتایان نەکرد. دەسەلاتدارانی تورکیە هەرواحەولیاندەدا،ڕێگری لە پەیوەندی هاوەڵدەرانی تورک لەگەڵ دکتۆرەکان بکەن،وراپۆرتی بەدرۆیان لە مەڕ شوێنی لەدانشتنی ژمارەیک پەنابەر کە بەوانیان دا،ریگر لە بە ریوەبردنی معاینەاتی پزشکی لە سنووربوون. عافوی نەێونەتەوەیی داخۆیانێکی لەم بارەوە دەرچواند، وبەم کردەوەی ئیعترازکرد.

سەدام حوسین هەروا بە دورستی حیساب کرد بوو کە دوو دڵیوو شک و گومانی ئیخلاقی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دەتوانێ و دەشێت بە کەلک وەرگرتن لە ئیلاقەی وڵاتانی دونیا بە بەشداری لە قەباڵ و کۆنتراتی دووبارە سازکردنەوەی ئەم وڵاتە لێهاتووی سەرینچاوی زەنگینی نەوت- کەلەم بارەوە لەدونیا لە دوایی عەرەبستانی سعودییە- کۆنترۆڵ کەن. لە ڕاستیدا لە ئەوتی 1988 دەوڵەتی تورکیە شادیەدو بەڵگەو دیکۆمەندی زۆری سەبارەت بە کۆژراوانی گازەکانی شیمیایی هەبوو کە لە(کلینکەکان و نەخۆشخانە لە نێوجێ دابوون،بەڵام لە ترسی دڵ ئێشی بەغدا بە مەسلەحەتی بینی شتێک نەلێت: تورکیە هاودراوسەکی بەڵاو جۆرتم و سەگەمەرگ هەڵگربوو،میلیاردها دۆلار بە ئێراق دەینداربوو، و لە قۆڕخانەی بەرزبووەی ئیراق،بە تایبەت موشکەکانی هەرد بە ئاسمانی وی،ئیکجارترسی هەبوو.کۆمەڵگای عارەب کە بە دەلیل و بەڵگە بە کەلک وەرگرتنی ئیراق لەم چەکانە ڕوبەڕووبوو(یەکیەتی تەوا)ی خۆی لەگەڵ ئیراق ڕاگەیاند،کە بۆ خۆی تێشکدانەوەی گچکەی ئەژماردنی ئەندامانی وی سەبارەت بە هەمووشت پەیوەندار بە کەمایەتیەکانی ناعەرەب و ترس لە تۆڵەی سەدام حوسین بوو.

تەنیا ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بوو کە بەزۆری دەنگی بەرزکرد: جورج شولتس،وەزیری دەرەوەی ئامریکا،گوتی: کەلک وەرگرتنی ئیراق لە چەک و چۆڵی ئەوها(کارەکی نەفرەت لێکەرە) دەوڵەتی ڕێگان بە ئاگاداریەکی ئاماژە کرد کە لە گوێچکە هەڵخستن گۆڕینەوەی پەیامەکان لە نیوان دەست و پێی ئەرتەشی ئیراق وەدەست هاتبووە،حیکایەتی لەمە دەکرد کە لەشی بریندارەکان بەهۆی کار تێکەری ئەم گازانەی شیمیایی بلۆقیان کردەوە، و سەدەمە دیتوەکان تووشی سەرەگیژەو خەیالات دەبن. بەڵام لە سەر ئەمەش،دەوڵەتی ڕیگان بە هەنگاو هەلێنان بۆ تەمێ کردنی سەدام بەهۆی ئەم(شەڕە ڕەگەزبڕینەوە) لەگەڵ ڕاگرتنی بەخشینی سەتان میلیون دۆلار وام بە سوودەکی کەم و دەستەبەر یەکانی ئابووری، کە لە سەناهاتبوو گۆڕ،دژایەتی نیشاندا. دەوڵەتی ڕیگان کە نیگەرانی ئەمە بوو مەبادا وڵاتانی دیکە لە دووبارەسازکردنەوەی ئێراق لەدوایی شەڕ،زێدەپاروی بازرگانی بەقازانج تر وەدەست بێنن، کاتێک ئەم گەڵاڵەیە لە کۆنگرە دەچاڵ کرا،پشوەکی ڕاحەتی هەڵکێشا.

ئەمن زۆرجار واقم وڕماوە ولەخۆم پرسیوە تۆبڵێی چاپەمەنیەکانی دەرەکیش لەم هاوهەنگاویە کارتێکەری کەلە مەسەلەی کەلک وەرگرتن لەچەکەکانی شیمیایی دژی کوردەکان بەپیلانێکی کپ کەربوو،تاوانبارنەبوون؟ ئەمن داوی پێبوردن دەکەم لەم بابەتە کە چاپەمەنیەکانی ڕۆژئاوا لە وەدیهێنانی دژکردەوەیەکی کارتێکەر سەرکەوتنێکی هێندەیان نەبوو. دەسەڵاداروکارگێرانی کورد چەند

حەوتوودوایی هێرشەکانی شیمیایی لە 1987 جەرەیانەکەیان بەمن وهاوالّدەرەکانی دەرەکی گوتن،وئێمەجەرەیانەکەمان وەک کە بوو گوزارشت کرد. بەلاّم چاپەمەنیەکانی عەرەب،جگە لە جیاوازی زۆردەگمەن،بەداخەوە غیرەتی ئەم هەنگاو هەلّینانەوەیان لە خۆیاندا نەبێنی. لەبیرمە لەگەلّ سەرنووسەری یەکێک لە ڕۆژنامەکانی عەرەب،کە لەگەلّ وی دۆست بووم، لەم بارەو قسەم کرد،ولەویم گلەیی کرد لەم بارەوە کە نەیویستووە لەگەلّ ئەم مەسەلە کە بە بووچوونی خودی ویش زۆرگرنگ بوو بەجۆرێکی لێهاتوو هەلّس وکەوت بکات. گوتی کە دەیزانی کە خاوەن ڕۆژنامە نایەوێ شتێکی ئەوها چاپ بکات. خولاسە... ئەمانەن بەرتەسکی و سنوورداری پیشەیەکی عەیبدار.

کوردەکانیش بۆخۆیان بە بەرەوپێشچوونی ئامانجی خۆیان یارمەتی نەکرد. سەدام حوسین بە نەدانی ویزا بە هاوالّدەرانی دەرەکی و ڕێگری لە واردبوونیان بۆ ولاّت،کوردستانی ئێراقی بە ئەنقەست لەدەست وێراگەین دووڕراگرتبوو. هەلّبەتە لە ئاکامدا هاوالّدەرانی بۆ ولاّت ڕیگادا،بەلاّم لە چوونیان بۆ کوردستان پێشگیری کرد. و کوردەکان بۆخۆیان بە چەشنەکی سەرسورماو لە خۆیان بێ لەیاقەتی نیشاندا. مەسعود بارزانی و جەلال تالّەبانی پەیتا پەیتا دەیانگوت و چەند پاتیان دەکردەوە کە ڕۆژئاوایەکان و شووڕەویەکان کۆمایەکی ئیکجار زۆریان کەل و پەلی شەڕی بە ئیراق تەحویل داوە، و ئوروپایەکان گەلێک فاکتۆری بەرهەم هێنەری جڕەوجانەوەر کوژیان بە ئیراق فرۆشتووە،و ئەم فاکتۆریانەی(دوومەبەست) و بەڕەوالّەت بێ زیان وزەرەر،گازی خردل و بیپریت و کامباخکەری دەمارەهەستەکان کە دژی کوردەکان کەلکیان لێ وەرگیراوە بەرهەم دێنن. سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوایی بی دەست وێڕاگەین بە ئیراق و دیاریکردنی ڕادەی ڕاست ودرۆو بینراو،ئیلاقەیەکی هێندەیان بە بلاّوکردنەوەی ئەم مەسەلە نیشان نەدەدا. کوردەکان کە چاخێک- دەیەیەک پێش- لە پەڕاندنەوەی ناقانوونی ڕۆژنامەوانان لە سنوور ئەو هەمووەکارزانی ولێهاتوویەیان لە خۆ دەردەبڕی،هەنۆکە لە پەڕاندنەوەی ئەم هاوالّەرانە لە تخووبەکانی تورکیەو ئیران یان سووریيە تێمابوون. خوا لەوسەرانە بۆخۆی شایەدە ئەمن زۆر جار سەبارەت بەمە دەیانجار لەگەلّ کارگیرانی کورد چەقەو باسم هەبوو- ولەم مەسەلە ئەمن بەتەنیا نەبووم. بەلاّم ئەوانیش ئاڕووشەوتەنگەژەی تایبەت بەخۆیان هەبوو. بۆ نموونە لە1987باشترین ڕێگایەک کە دەیانتوانی پێشانی منی بدەن ئەمەبوو کە لە باشووری ڕۆژهەلاتی سورییەبۆ ناوی خاکی تورکیەبچم و لە وێرا واردی خاکی ئیراق بم. بەردەستەکانی بارزانی لە دێمشق کرۆکیەکی وردیان بۆکێشام کە بواری چەمەکان و ئولکەکانی مین و هێلانەکانی مسلسلی نیشاندەدا- هەموو ئەم ڕێگایەم دەبوایە بەشەوێک بڕیبوایە. شک ودوودلّیم کرد. بەردەستی بارزانی گوتی: (سەرکۆنەت ناکەم،بۆخۆمان کە بۆ دوایین جارویستن لەم ناوچە بڕوین سی کەسمان لەدەست دا.)

له بنەبانی ناهۆمێدی پێشنیارم کرد کە پێشمەرگەکان دە دوازدە دانە لەم دووربینانەی ویدۆئی ئەرزان بایی،هەتا دەستی دووەم،بکڕن و لەوهەی کە لە کوردستان دەقەومێت فیلم هەڵگرنەوە وپاشان فیلمەکان لە دەرەوەبڵاو کەنەوە. بۆ بزوتنەوەیەکی دەست بەتاڵ،وەک بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد،کە هەر کات خەزینەی مشتاومشتی سازمانی فەلەستین لە حەسرەت ئاو ولێکاو لەدەمیان دێتەخوار، پێشنیارێکی ئەوها لە لایان ڕۆژئاوایەکی نەزان و بە نیەت پاکژیەکی وەکوومن ڕیگاچارەی ئارمانی وەدەست نەهاتووی دەنواند. کوردەکان ڕاسپاردی منیان جێبەجێ نەکرد. خولاسە،تەنیا فیلمێکی گەورە کە لە سەدەمە وەکەوتووەکانی شیمیایی بە دونیای دەرەکی گەیی، فیلمێک بوو کە ساڵیک دوایی وی ئامادەکرا- لە مارسی 1988 ئەو چاخ کە ئیرانیەکان هاوالدەرانی دەرکییان بۆ فیلم هەلگرتنەوە لە هەزاران کەس کە لە هەڵبجە بە هۆی کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی لە لایان ئیراق کوژرابوون بۆ ئەوشاریان بردن. کە ئەوکات بۆ سەردەمێکی کەم، ئیران داگیری کردبوو. (گەلێک نواری ویدوئیی جۆراوجۆر لە جەرەیانی شۆڕشی کوردەکان لە ساڵی 1991 لە دەزگاکانی ئیستخباڕاتی ئیراق دەسکەوت بوون کە جەنازەی کوژراوەکان کە بە هۆوکارتێکەری شیمیایی کوژرابوون و هەروا دوورودرێژی عەمەلیاتی نیشان دەدا. ئەم نەوارانەشیان زۆر نیشان نەدان،ڕەنگە لە بەرئەمە بێت کە گەلێک لەکوردەکان(جاش) لەم عەمەلیاتەدابەشداریان کردبوو.

لە سەردەمی(گوندی دونیا)هیواداری هەبوو کە شتێکی وەک کارەساتی هەڵەبجەی کەمتەر خەمتروبێ خۆش خەیاڵترین مرۆڤ بە دژکردەوەی بەردەوام و توندوتیژ ورووژاو بکات. بەلانەکەم لەدوای ڕووداوی هەلەبجە دونیای دەرەکی ئیدی نەیدەتوانی خۆی لە نەزانی و بێ دەنگی وبێ خەبەری بدات. بەلام ئەم شانۆگەرییەی گڵاو بۆ ڕاگرتنی سەدام حوسین وادارکردنی ڕۆژئاوا بە ئەنجامدانێ شتێکی زێدەتر لە دەربڕینی داخۆیانەکان لە ئیدانەومەحکووم کردنی وی بەس نەبوو. کەمایەتیەک لە کوردان کە بەرفەروانی کارەساتی هەڵەبجەیان وەرگرتبوو لە ڕووی ساویلکەیی هیواداربوون کە ئاوازەی ئەم بەڵاومسیبەتە لە دەرەوە بتوانێ لە کوردەکانی پاشمە داکۆکی بکات. ئەم خەڵکە دژکردەوەی دەرەوەیان زیتر لە مەی کەبوو بەرئاورد دەکرد. سەدام حوسین پێ داگربوو کە ئەم کارەساتەی هەڵەبجە کاری ئیرانیەکانە،بەڵام هیشتا پێنج مانگ لەم بەڵایە تێپەڕ نەببوو کە سەدام هەنگاوی بۆ ئاخرین هێرشی شیمیایی خۆی دژی کووردەکان کرد،کەلە 25ی ئەوت هەتا 9ی سپتامبەر بەردەوامی هەبوو- یانی لەدوای کۆتایی شەڕی ئیران و ئیراق: و توندوتیژی ئەم هێرشانە بەڕادەیەک بوو کە پۆرەی هەنگی هەنگوینی لەودێوی سنوور(یانی ناوخاکی کوردستانی تورکیە)یشی ژەراوی کرد ومێش هەنگوینەکانی کوشت. دەتگوت کەسەدام حوسین دەستی وەبەرچەنەی داوەو بەکۆمەڵگای دونیا پێدەکەنێت- هەرئەوکۆمەڵگای

دونیا کە بەزوری تیکۆشابوو لەگەل بەشتێکی نویی دیپلۆماتیک ویارمەتیەکانی چەک وچۆڵی پشتی پەردەونهێنی شەڕی بەقازانجی وی کۆتایی پێ بێنیت.

بەڵام بۆ یەکەمین جارژمارەیەک لە قوربانیانی ئەم هێرشانە زیندومانەوە وتوانیان لەدوای واردبوون بەتورکیە چێڕۆکی ڕوداوکەیان بۆ دونیابگێڕنەوە: کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کەبەشادەدانی بەم سەدەمە وەێکەوتووانە ڕوو بەڕوو ببوو لەبنەمای خەجاڵەتی هێندیک دەستی لێکخشاند ولەئاکامدا کۆنفراسێک لەژانویەی 1989 بەمەبەستی دەلماندن لە سەرپێویستی لە بەرچاوگرتنی بناخەی(پەیماننامەی ژنۆ) لە دواڕۆدا بانگیشین بەدانیشتنی کرد. بە پێ قرسانی سەدام حوسین،فرانسە کە ئەمیندارو پاسداری پەیمانی باوبراو وبانگێشتن کراوی کۆنفرانس بوو،بەشداری لە کۆنفرانسی سنووردار بەولاتانی سەربەخۆکرد، وبە مجۆرە ڕێگری لە ڕووبەڕوو بوونی کوردەکان لە گەڵ ئیراقیەکان بوو. تەها مەحیەدین مارف،جێگری سەرۆک کۆمار ونوێنەری دەولەتی ئیراق لە کنفرانس لە نوامبەری 1988 دەمی پێداهێنا هەرچەند کە ئیراق لە هەلەبجەی لە چەکەکانی شیمیایی کەلک وەرگرتووە،بەڵام کەلک وەرگرتن لەم جۆرە چەکانەی لەدوای ئاگربر وەدرۆخستەوە. لەماوەی کنفرانسسی پاریس دەولەتی فرانسە گوێچکەی بەچ جۆرە ئیحتیمال و ڕووداوێک نەدا: لەماوەی سەردەمێک کە کنفرانس لە ئیشکایی چەپی سان، لە مەقەڕی یونسکۆ،لە حال دانیشتن دابوو لە نزیک بوونی وەدەنگهاتوو ئیرادلێگر بۆ شوێنی کۆنفرانس ڕێگری کرا.

لەسپتامبەری 1988 بەتاڵوکە بۆ تورکییە چووبووم هەتاوارد بوونی دەیان هەزار پەنابەری سەرلێشواو تۆقیندراوی کەلە هیرشەکانی شیمیایی هەڵاتبوون ڕاپۆرت ئامادە بکەم. زوربەی سەدەمە دیتوەکانێ حەسلی کەوتبوونە تەڵەی هێزەکانی ئیراقی، یان بەهۆی لاوازی وکزی و بێ تاقەتی نەیانتوانێبوو خۆیان بۆ ئەو لای سنووربگەیێنن- بەڵام چەند کەسێک گەیبوونە تورکیە. وێنەی یەکێک لەپاشمەنەکان کە زۆر سەدەمەی دیبوو داوای فروشیان لێدەکرد،کاتێک جەرەیانەکەم لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامە هێناگۆڕ،ناوبراو بەناهومێدی لەدانی/200دۆلار بۆ وینە فرۆشەکە،ڕازی نەبوو لەحالێکدا کەئەمن ڕەنگە زیدەلەوپارەیەم لەخەرەیانی هەراوهوراو چروباس لە گەڵ وی بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ئەم مەسەلە لەمەڕ لە جەعبەی تەلەیفونی ڕیگای دوور کەدەولەتی کوردستان داینابوو تێهاویشتبوو.
بەلگەوبەهانەو هەنجەتی سەرنووسەر ئەمە بوو کە شادەدانی ماوەکان ئەوڕادەیەیە کەحاشاکردنەکانی چەندپات بووەی ئیراق بەمەسخەرەبنوێنێت،وئاتاجی بەوێنە نییە. بەڵام ئەم سەرنووسەرەپیاویک بوو کە ئەم کارتێەریەی لەمرۆڤدا وەدیدێنا کەلەسەرمیزی نانخواردن نیوڕۆ یان چێشت،هیچ کات لەخۆراکی گەرم ڕووی وەناگیرێ،وبیروبۆچونێکی باشی لەگەڵ ئەم توندوتیژی و خوارەپێچەو لادانی ڕۆژهەلاتی

نییه. بەڵام تاوان لەخۆم بوو. ئەگەرکەمێک دەستهەڵ وزیرەک بوامە بێ وەرگرتنی ئیجازە لەوی ئەم وێنەیەم هەرئەوکاتی دەکرِی و دەمنارد،تازەئەو پێی خۆش بوایە یان پێی ناخۆش بوایە بەرِووکردن لەوکارتێکەریەی کە دەیبوو هەرئەوکاتی چاپی دەکرد.

تێبینی: 1-شیلاآوسترینSheila Austrien،قسەکەری کاتی بالویزخانەی ئامریکا لەئانکارا لە وتوویژی تەلەفونی کەلە دەسامبەری 1993 لەواشنگتۆن لەگەڵ ویم کرد گوتی کە ئەو هەڵویستەی کەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بە مەجبووری گرتی لە سەربنچینەی ئەو گفتوگۆیانەبوو کە مێردەکە دەڤەرەکانی نزیکی سنوور لەگەڵ هاواڵدەرانی دەرەکی کردبووی. مێردی ئەم خاتوونە،مایکل آوسترین،خاوەن پلەوپایەیی سیاسی بالویزخانە بوو(Political Officer).

ئەم ناهومیدیەکاتێک بەتوندوتیژی گۆرِا کەدەوڵەتی ئیراق هەروەک چاوەرِوان دەکرا کەلک وەرگرتنی لەچەکەکانی شیمیایی حاشالێکردە وەدرۆی دەخستەوە، وداوای وڵاتانی بۆ بەرِیوەبردنی لێکۆڵینەوە بێ لایانە لە ناوچە رەت کرد. بەغدا دەیگوت کە ئیجازەدان بەدەرەکیەکان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ناوچەیی دوورکردنی حاکمێتی ئیراقە،ولە سورِانەوەی شانۆگەری داواکانی بۆ نیشاندانی بەلگەودیکۆمەند بانگ کرد! سەدام حوسین تەقریبەن نەزۆک لە مەعرەکەرِەزگار بوو.نزیکەی دووسەت هاواڵدەر بانگیشتن کرا کە لەکوردستانی ئیراق سەردان بکەن: ئەم گرووپەیان بە توورەکانی ریکوپێک گەرِاندن،هەروەک چاوەرِواندەرا بەشایەدو بەڵگەیەک کە کە کەلک وەرگرتن لە چەک وچۆڵی شیمیایی نیشان بدا، تووش نەبوون. رژیم بەئیما وئیشارەت حالێکرد کەکارتێکەری کارەساتی هەڵەبجە-کەبۆخۆی هەرواتاوانەکەی لەملی ئیران قایم دەکرد- هێندەبوو کە کەلک وەرگرتن لە چەک وچۆڵی شیمیایی لە وێککەوتن لەگەڵ جەماوەری شەقامەکان هۆکاربووە کەکوردەکان بەترسەوە بۆ تورکیەهەڵێن. بەڵام گرووپێک لەوهاواڵدەرانە لە بنەبانی ترس ووەحشەتی پاریزگاردەکانیان تووشی هیزیکی نیزامی بوون کە لەسەرهەتاپێ پۆشتەبە چەکی شەرِەکانی شیمیایی بوون. چەندساڵ دوایی بوو کە موتالاولێکۆڵینەوەی عیلمی کەلک وەرگرتنی لە گازەکانی خردل و دژی دەمارە هەستەکان لەلایان ئیراق بەبرِیاردەری وەراست گەرِاند.

تێبینی:1- ئەزموونێک کە ئازموونگای چەکەکانی شیمیایی (پورتن داون)پەیوەندار بەهێزەکانی چەکداری بریتانیا لە خۆڵ ونموونەکانی دیکە کرا کەلەئەوتی 1993کۆکرابۆوە،بوونی ماددەکانی پێکهاتوو لەگازی خردل ودەمارەهەستەکانیان سەلماند. ئەم نموونانە لە گوندی بیرجینی وەدەست

هاتبوون کەلەئەوتی 1988 هیرشی شیمیایی کرابووسەر. گرین رابرتس ناحەرفەیی ئینگلیزی وپسپۆری کۆنەکاروبەئەزموونی کاروباری کوردستان لەئەکتۆبەری 1988 بە رێنوێنی کوردیک بەنهێنی لەسنوورتورکیەی واردی ئیراق بوو،بەلاّم ئەزموونی پورتن داون،ئەوکات هێندەڕوون ودیاریکراونەبوو.

لە گەڵ ئەمەش ئەم تووشبوونەی بە هەڵکەوتی هاواڵدەران لەگەڵ ئەم هێزەی ئیراقی شتێک بە پلە گرنگتر لەمە بوو کە ئەو کات سەنگاندراو قرساندرا،ئەو چەند بالویخانەی ڕۆژئاوایی کە لە بەغدا بوون و دایم ودەرهەم گوێچکە بە زەنگ و ئاگاداری دەلیل و بەڵگەو شایەدو شوێنەواریک بوون، هیچ کات شتێکی بەم گرنگایەتیەیان نیشان نەدا- و هۆکارەکەش ئەمە بوو کە بەپێچەوانەی فکرلێکردنەوەی کوردەکان، حەولیان نەدەدا. نە،دەسەلاتدارانی ئیراقی عەمەلیات و سەرکەوتنی نیزامی خۆیان، لە کوردستان، لە بووق و کەڕەنا دەفشقاند،و بۆ نموونە لە ڕوونکردەوەی ئەم عەمەلیاتە لە فەرمانگەیەکی پۆست و چاوگەیەکی گازی سروشتیش ناویان برد،بەلاّم لە داو داوی عەمرو شێوەی عەمەلیات شتیکیان نەدەگوت و بە چ دیپلۆماتی دەرەکیشیان ئیجازەنەدەدا کە بۆ باشووربچن هەتا بۆخۆیان بەچاوی خۆیان ببین. بەهانەی فەرمی کە بۆ ئەم نارەزایەت دەربرینە دەردەبڕا( لە ئەماندابوونی)خودی ئەم دیپلۆماتانەبوو، چونکە کوردستان بە هۆی بوونی هیزەکانی ئیران و هێزەکانی پێشمەرگە شوێنیکی پرمەترسی بوو. بەم ڕیووشوینە هەتا هێندیك جار کە بە ڕەواڵەت زۆرئارامی دەنواند دەسەلاّدارانی بەشکی ئیراقی پەیوەندی دەرەکیان لەگەڵ هەر ئیراقیەک بەتایبەت لەگەڵ کوردەکان،ڕیگانەدەدا. لەهەڵ ومەرج وبارودۆخێکی ئەوها(سیا)دەستەوەستان مابوو. دەم ودەزگاکانی دیکەی ئیستخباراتی دەرەکیش هەل ومەرجێکی لەمە باشتریان نەبووو. دەست وێراگەینی بێ مۆمڵ وملۆزم بەکوردستان بۆ دیپلۆماتەکان ئیمکانی نەبوو: کوردستان ناوچەیەکی یاساخ کراو بوو،ئەگەر وەزارەتی دەرەوەی ئێراق بەدەگمەن ئیجازەی سەفەری بۆ دەڤەرەکانی دیهاتی کوردستان دەدا پۆلیسی نهینی بە بێڕوحمی و تورەوتۆسنی تازەکارو ڕانەهاتوو،شوێنی گەرانی سەفەری کۆنترۆڵ دەکرد.

(ابیریل گلاسپی) باڵوێزی ئامریکا لە ئیراق،و(هی وود زانگین)یەکێک لەو دوو خاوەن پلەو پایەی باڵویزخانە کە بە زوانی عەڕەبی ئاشنا بوون،لە کۆتایی هرشەکانی شیمیایی ئیراق لەعەمەلیاتی ئەنفالی ئەوتی 1988 ئاخرین حەول وتەقلای خۆیان دا کە بۆ کوردستان بچن و تیبەگەن کەچ ڕوویداوە. پاش چەندساڵ گلاسپی،لە واشنگتۆن بەمنی گوت کە لە ئاکامدا بەزۆری هەڕەشەو بەهانەی سەردان لە چەند ئامریکایی کە لە شەریکەیەکی ئەندازیاری تیکەڵی تورک ویوگوسلاولە بەربەسی (سەد)بخمە کاردەکەن،توانی خۆی بگەێنێتەکوردستان. بلێندایی ئەو پەنگاوە،284پێ بوو مەبەست وی دابین کردنی ئاوی پێویست بۆ کەشت وکاڵ بوو. وبەرهەمی کارەبا،بەلاّم دەلالیەکی کەهەبوو ئەم بوو کە گوندی

بارزانی وەبنەخۆی دەدا و هەروا بارزانیەکان لە بادینان لەیەکیەتی نشتیمانی کوردستان،لە ڕۆژهەڵات وناوەندی،لەیەکترجیادەکردەوە.گلاسپی توورەبوو وهەڕەشەی کرد ئەگەرئیراقیەکان خۆبەدەستەوەنەدەن و لە گەڵ سەفەرەکەی ڕەزامەندی دەرنەبڕن کارگیرانی بالویزخانەی ئیراق لە واشنگتۆن ئیجازەیان پی نادرایَ بە ئازادی لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکاسەفەربکەن- کە دەیزانی ئەو بەم مانایە دەبێت کە دەست وپیی پۆلیسی نهینی ئیراق ئیدی ناتوانێت بەئازادی لە دوروپشت خول وسوڕبدەن وئیراقیەکان دانیشتووی ئامریکای هەڕەشەلێبکەن.

چوون بۆکوردستان بەم مانایە نەبوو کە کەسین دەبێت ئاگاداری وەربگرێت، هەتا ئەگەرتووشی مرۆڤی و کەسینی بیَ لایانیش بوایە کە بە ڕیژیم وەفاداربوون. رانکین بەم هۆیە کە لەگەڵ یەکێک لە خەلکی ئاوایی عاشایەری سەر وە دەوڵەت سەردانی کردبوو(بەمرۆڤێکی خەراب)راگەیاندرا.قسەکردنی لەگەڵ دیپلۆماتیک بۆ هەرکوردیک کارێکی پڕمەترسی بوو. جارێک ئەم خاتوونەی باڵویز، توانی ئیسکۆرتی پۆلیسی نهێنی فریوداو هێندیک لەوی دووربکەوێتەوە،بەڵام ئیسکۆرت خیراخۆی گەیاندیَ. گلاسپی بەترسەوەلە ئاوینەی بەرامبەر بینی کە پۆلیسەکانی نهێنی کوردەکیان گرت،کە ئەو تەنیا لە وی پرسیارکردبوو کە لە چ شوێنێک هەنگوینی حەسل بکرێت. لەهێندیک کات ناچاربوو بۆ تەخمینی بارستایی گوندەکانی خاپووربوو لەناو ئوتومبیل بە متاڵایی یادنامەی اام.هامیلتن،ئەندازیاری نیوزلندی بەس بکات. ئەم ئەندازیارە هەر ئەوکەسەیە کەلەساڵەکانی دوو دیەی 1920و1930 لەسەردەمی سەرپەرشتی ئینگلیستان یەکەمین جادەی نیزامی ناسراو بە(هامیلتن)ی لێدا کەلەکوردستانی ئیراق تێدەپەڕی وبەسنوورئیران بەکۆتایی دەگەیی.

هەتا بینەرێکی بەئەزموونیش بەفریوو دەچوو. عەبدولڕحمان قاسملو،ڕێبەری کوردەکانی ئیران کەلە ئازادیەکی تەواو لەئیراق کەلکی وەردەگرت و هەتا ئیجازەی پێدرابوو لە گەڵ باڵویزخانەکانی دەرەکی پەیوەندی بگریَ، لە وتوویژیک کە لەگەڵ کوردەکانی ئیراقی هەیبوو لێی یەقین و دڵنیا ببوو کە ئەوگازە شیمیاییەی کە ئیراق لە ئەوتی 1988 دەکاری کردبوو ئینسان کوژ نەبووەو گازێکی فرمیسک هێنەرە بووە کە لە بەرامبەر ئاپورەی ناوشەقامەکان کەلکی لیَ وەردەگیریَ. دەولەت ئەوها بە سەر بارودۆخدا زاڵ بوو کە لە ژوئنی 1989 قاسملوبۆ دیاری کردنی ڕاست و درۆی تایمز لندن کە دەیگوت ئەڕتەشی ئیراق ڕانیەی لەگەل هەردڕاست کردۆتەوە مەجبووربەسەفەر بۆ قوڵایی کورەدستان بوو. مەعلووم بوو ڕاپۆرت راست نەبووە: ڕانیە ساخ وسەلیم لەجێگای خۆی بوو،شاری ویران وخاپوورکراو شاری(قەڵادزە) بوو کە/70000دانیشتووی هەبوو.

خانمی باڵویز(گلاسی) گوتی کەلەماوەی سەفەرەکانی بۆ کوردستان، ئەوکوردانەی کەئەو لەگەڵ ئەوان چاوپێکەوتنی کردوە، ئامادەبوون ئەوحەول وتەقالایانەی کەلەکن دەسەلاتدرانی ئیراقی کردویانە هەتا لە خاپوورکردنی گوندەکانیان چاوپۆشی بکات،بەوی بڵێن. لەهاوینی 1989خانمی باڵویز بەدەستەوداوین بەتۆپ وتەشەرخۆی گەیاندەشاری عیمادیە کەشاریکە هەڵکەوتوو لەبەرزای: شەوی هەینی بوو-باشی حیساب کردبوو،دەیزانی کەکارگێرانی ئیراقی غێرەتیان نییە موسافیریک پێنج سەمووواردی شوێنیک دەبێ بەپێچەوانەی ڕیزلێ گرتنی ئیسلامی لە ناوچە دووری کەنەوە. کەس حازر نەبوو بەوی بڵێت کەچ قەوماوە،بەلام یەکێک لە کارگێرانی شار لە سەرمیزی نان خواردن گوتی: (دووسال بەرلەمە گردنبەندێک لە ڕووناکایی دێهاتەکانی دوروپشتی قەراخ شاردەدیت.)خانمی باڵویز تەنیا ڕووناکایەکی دەبینی کە لە خانووبەرەیەک بوو کە پەیوەندار بەکۆشکەکانی سەدام حوسین لە نزیک سەرسەنگ. ئەم شیکردنەوەو ئازانتیەی کورت بۆ لێکدانەوەوی چلۆنایەتی هەل و مەرج وبارو دۆخ بەس بوو.

خانمی باڵوێز گوتی: (سەیر ئەمە کە هیچ کام لە کوردەکانی کە ئەمن ڕازی بە چاوپێکەوتنیان بووم شتێکیان لە کوشتارەکای بەکۆمەڵ و هێرشەکانی بەچەکی شیمایی نەگوت.)جێگای باوەڕنییە کە ئەمانە لە ڕووداوەکان بێ خەبەربووبن. ئاخۆ ئەو کەسانەی کە خانمی باڵوێز لەگەڵ ئەوانی چاوپێکەوتن کردبوو ترسابوون لەمە کە بڵێن چ ڕوویداوەو قەوماوە؟ ئاخۆ جاش بوونە؟ وبۆ ڕژیمیان کارکردوە؟ یان تەنیا کوردەکانی دانیشتووی شار بوونە کە پێشترلە(شارۆچکەکانی پیروزی) نشتەجێ کراون وڕاستەوخۆ لە شوێنی هێرشەکانی شیمیایی یان لە شوێنی گیراوەکانی دێهاتی نەبوونە؟ ئەوکوردانەی کە بە خوازی خۆازیاری یان بە زۆرەملی لە(شارۆچکەکان) نشتەجێ کرابوون لە لەناوبرنی خولی ئاخری عەمەلیات، کە چارەنووسی بنی اعمامی دیهاتیەکان بوو،لە مردن ڕزگاریان هاتبوو.

خانمی گلاسی وەبیرەخۆی هێناوە کەلەسەرەتای سپتامبەری 1988 لەماوەی یەکێک لە ڕاگیاندەراوەکانی لێبوردنی دەوریی دەولەتی ئیراق کە لە کۆتایی عەمەلیاتی ئەنفال بەڕیوە چووبوو،لە سلیمانیە بۆ لای ڕۆژئاوا سەفەری دەکرد، گوتی کە لە ماوەی ئەم سەفەرە تووشی گروپێک ژن و منداڵلی پەریشان و لێقەماو بووە کە لە قەراخ جادە لە ڕەخ شڕەو برەی بێ کەلکی خۆیان ڕاوستابوون. (مرۆڤێک لەناو ئەوان دا نەدەبینرا. وئەمن وام فکربۆ چوو کارگێرانی حکوومەت بە تایبەت، بەئەنقەست ویستوویانە ئەمن ئەوان ببینم. )سەدام کەسێک نەبوو کە ئەمجۆرەتووشبوونانە بە هەڵکەوت بسپێرێ. ئەو بنەماڵانەی کە نیگەرانی چارەنووسی کەس و کاریان بوون و دەیانەویست کە بە هەرشێوەیەک بێ خەباریکیان لەوان وەدەست بێنن،لە بێخەبەری و دوودڵیان دەهێشتنەوە: ڕژیم بە لاساکردندەوە لە شێوەکاری نازیەکان(ئەندامی حیزبی ناسیونال سوسیالیست هێتلەر) کە حەولیان دەدا پردەیەک لە

بێخەبەری بەسەرچارەنووسی گیراوەکان بکێشن، بە ئەنقەست سەبارەت بە ئەوان خەبەرەکیان بە بنەماڵەکانیان نەدەدا. بەڵگەیەکی دەست کەوت لە ڕیکەوتی 20ی سپتامبەری 1990،یانی زێدەتر لە دووسال لەدوایی عەمەلیاتی ئەنفال،بڕیاری لە سەر دەدرا کە دەستەواژەی(خەبەریکمان لە چارەنووسیان نییە)جێگری دەستەواژەی پێشووبکەن کە دەیگوت: (لەجەرەیانی عەمەلیاتی سەر کەوتوانەی ئەنفال دەست بەسەرکران و هەنۆکەش زیندانین.)

بەمجۆرە ئاگاداری هەم کەم بوو وهەم زۆر. لەگەڵ ئەم هەمووە هیچ کوردێک کەسەری بەلەشی بایەخی هەبێت کە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوایی،بە تایبەت ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،هەتا تەنیا قسەی کوردەکانی دەکردە دەلیل، لەو ڕوداوانەی کە لەکوردستان قەومابوو بێخەبەر ببن. تاڵەبانی سویندی دەخوارد کە لە جەرەیانی سەردانی لە واشنگتۆن لە ژوئیەی 1988 سەبارەت بەکەلک وەرگرتنی ئیراق لە چەکەکانی شیمیایی و خاپووربوون ووێرانی ئاواییەکانی کورردستان ئاگاداری زیدە لە ڕادەی لە بەر دەست سی کەس لە دەسەڵاتدارو کارگێڕانی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا داناوە،و لەم نیوەدا ئەوانی لەوتویژی زۆرتر لەگەڵ سەدام حوسین ئاگادارکردوەو هۆکاری تێشکانی وتوویژەکانی بۆیان ئازانتی وشێکردۆتەوەمبەم هیوایە کەڕەنگەبتوانێ تەکانێکی لەم دەوڵەتەی کەلەمەڕ ئیخلاقی تاساوحەبەسابوو وەدی بێنێت وئەوی بەئاشکراکردنی ئەم دەستدرێژی وسنوورپەڕاندنە بە زوڵم وزۆری وفەسادوناحەقی وخوینخۆرییەی دەوڵەتی بەغدا ورووژاوبکات. تیلگرافەکانی باڵوێزخانە بەوەزارەتی دەرەوە (کە ئێستا لە ڕەدەی بەڵگەکانی پلەبەندی کراو دەرچوو،جێگای کەلک لێوەرگرتنی گشتین)لە چوارچێوەی دەستەواژەیەکی بەییکجارەکی تەواوشیکراوەتنەوە،کە حیکایەت لەو دژواریانە دەکەن کەلە بابەت سەلماندن و قوڵ لە سەرکێشانیان بوونی هەبووە،و بەکردەوە نەبووی ئاگاداری زێدەتر لە داخۆیانەکانی فەرمی دەوڵەتی ئیراقن. لە تیلگرافێکدا ڕیکەوتی 19ی ئاوریلی 1988 تەخمین کراوە کە1/5میلیون کەسی کوردیان لە شارۆچکەکانی(پیرۆزی) نشتەجێ کردوون،لە بیروبۆچوونیان دایە جێگای /700هەتا1000گوندی(بگۆڕن) ماهوارەکانی ئامریکایی کە لە بەرزایی ئاسمانی ئیراق لەفڕین دابوون ڕادەی ئەو سەدەمەو زەرەرانەیان بە وردی دیاری دەکرد(ئەونەخشانەی کە لە جەرەیانی ئازدکردنی کەویت لە نیوان هێزەکانی ئامریکایی بڵاو دەکراوە ئەم عەمری بە ڕووناکی نیشاندەدەن. نەخشەهەلگرەکانی نیزامی ئەم ویرانیە بەرفرەوانانەی دەڤەرەکانی ئەوگوندانەیەیان کەلەلایان سەدام حوسین بە دیاری کردنی گوندەکانی(ویران کراو)نیشان دەدەن.) بەپێی ڕاپۆرتەکانی گروپێکی نادیاریکراو بەڵام گەلێک زۆر لەکوردەکان، لە ئوردۆگایەکی هەڵکەوتوو لەسنوورلەگەڵ ئوردۆن وعەرەبستانی سعودی جێکردۆنەوە.)خودی ئەوکارگێرانی کوردی کە ئەوکات لە فرانسە و سوورییە لە گەلیانم چاوپێکەوتن کرد، بوچوونێکی ڕوونتریان لە چارەنووسی ئەم خەڵکە نەبوو. یەکێک لە پەیامەکانی تیلگرافی باڵوێزخانە ڕیکەوت 15ی ئەوتی 1988، یانی بەرلە دواییین کەلک وەرگرتنی ئیراق لە چەکەکانی شیمیایی دەڵێت:

(ئیران وکوردەکانی ئیراقیەکانیان تۆمتباردەکرد بەکەلک وەرگرتن لەچەکەکانی شیمیایی لەعەمەلیات کردوە.)

ئەوکات ئازارو بەڵای ئاخرین وارد ببوو- و چ مزرەتیک! ئەمن لە ناوچەکانی شەڕم گەلیک سەردان کرد،بەپلە ئەوەی زێدەتر لەمەی وەبیر بێنمەوە یان هەتا بمهەوێ کە وەبیرم بێتەوە. بەڵام پان وبەرینی و داوینی وێرانی و خاپووربوون کە لە کوردستانی ئێراق قسەکەری خۆشی وشاییەکە، کە سەدام حوسین لەم جەرەیانە کردویەتی. باشم وەبیردەیتەوەو قەت لەبیرم ناچێت کە لە ئوکتۆبەری 1991 بەماشین لەکوێرەڕێگایەک لەگەڵی(جافتی) لە کوردستانی ئیراق تێدەپەڕیم،وبەقسەکانی کوردێکی دەم وچاوگرژ کە ڕێنوینی کەرم بوو وزینی وێنەیەکی هەبوو گویچکەم هەڵخستبوو،ئەم ڕێنوێنی کەرە بیرووەری ویادنامەمەکانی خۆی وەکوو پێشمەرگەیەک بۆناو زێنی دەهێنا ودەگێڕاوە: ئێرە گوڵلەباران کرابوو، هێدێک پێشتر هێرشی شیمایی کرابووسەر،پاشەکشە لەگەڵ ترس و لەرز لە کوێرەڕێگاکانی هەلدیروو هەڵەمووت و چەخت وڕژدی شاخاوی،کە بەگردۆڵەیەکی دیکە دەلکاو دوایی دەهات. ڕینوینی کەرەکەم ئەم شوێنانەی بە وردی نیشان دەدا. پاییزی ئەو ساڵی لە دەرەوەی شارەکانی هەولێر ودهۆک وسلیمانیە، هەموو شوێنێک چۆل و بەتاڵ لە خەلک بوو- جگە لە سەدان خیوەت و چادر. ئەمانەی ئەو چادرانە خەلکانێک بوون کە ماڵ وحاڵی خۆیان لە بەهار دا بەرەڵڵا کردبوو هەنۆکە بەنیگەرانی چاوەڕوانین دەکرد هەتابەسەرهەڵدانێکی کموسکەیەک نیشانەی مەترسی دیسان بۆلای سنوورتیی تەقێنن.

ئەندازیاری ئەرتەشی ئیراق،پۆشتە بە بۆڵدزیرو ماددەی تەقینەوە،لەماوەی ساڵەکانی عەمەلیات،لەپەنجەی سەرخۆشیەکی شیتانەی ویرانی،ماڵەکانی لەگەڵ هەرد ڕاست کردبوو،بڕیەکانی ئاوی پەقاندبوو وزاری بیرووسەرینخاوەی کانیەکانی بەسیمان گرتبوو وباغەکانی میوەجاتی خاپوورکردبوون. لەبەرخۆمداگوتم تۆبلێی لەخاکی کوردستان،لەدەشتەکان،لەڕەخ چەمەکان،لەگردۆلەکانی بێ دارو درەخت و ئەم چیایانا،چ ژمارەیەک لەم ڕێنوینی گەرانە وچاوساغانە هەبن،کە زەینەکی ئەوهایان هەبێت کە خەلکی ئەم گوندانەیانە وەبیربیننەوە یان بۆخۆیان ئەوان لە زەینی خۆیاندا زیندوبکەنەوە؟ مرۆڤ چلۆن دەشێت،گوندەکانی ویران کراو لە کاولەکانی دەیان دیهاتی خاپووربووی دیکە یان قلاکانی بەردی بەشکلی ڕووسی لە برجەکەی دیکە کە چەند میل دوایی دەیبینی بناسێتەوە؟

دوڵەتی ئیراق لە بنەبانی ڕق و کینە بەتاڵ کردن،بێئەوەی بیهەوێ بۆخۆی بەم پرسیارانەی پەرسف دەداوە: هەژدە (تۆن)بەڵگەو دەلیل و دیکۆمەندو سەندی دەوڵەتی کە لە ماوەی شۆڕشی مانگی مارسی 1991 لە ئارشیفەکانی فەرمانگەکان و دەم دەزگاکانی جۆراوجۆری پۆلیسی نهێنی حیزبی بەعس بە دەستکەوت گیرابوو، سەرچاوەی بە دەلیل و بەڵگەی لە دیکۆمەند وەدەست دەدا کە لە پیلان ونەخشەکان نییەت و ئامانج و کردەوەی دەوڵەتی ئیراق پەردەی لادەدەو لادەبرد. هێندیک لەم بەڵگ نامەو باڵکۆک ودەلیلانە دەست لێنەدراوو سەربە مۆرمابوونەوە،هیندیک گنج تێکەوتوو گەچڵاوو هێندیک تولاوەو قوڕاویی و ژمارەیەکیش لە جەرەیانی هێرشی کوردەکان بۆ ناوەندی و فەرمانگەیەکان بەعەسی لەعنەتی و ئاگربەربوون لە بناکان زەرریان وەێکەوتبوو. ئەم بەڵگە نامەو دەلیلانە بە ممبارکی تیکۆشانەکانی کۆمیتەی پەیوەنداری دەرەوەی سەنای ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا دیدەبانی حقوقی بەشەر،وهێزەکانی ئاسمانی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بە مەبەستی ڕاگرتن،بۆئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا گویزرانەوە و بەناوی بەڵگەی فەرمی کۆنگرە لە(بایگانی بەڵگەکانی مللی) دانران،وهەنۆکە خەریکی وەرگێڕان و وەکیەکین. ئەم بەڵگەنامانە لە سەرڕاست ودورستی ئەو بابەتانەی کە ساڵانی ساڵ بوولێبوردنی گشتی کۆمەلگای نێونەتەوەیی گوتبووی وگوێچکەی هیچ کام لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کارتکەر نەببوو شایەدی دەدەن و ڕاست ودورستی ئەو وتوویژانەی دورودرێژی کە کوردەکان و دیدەبانی حقوق بوشەر وڕۆژنامەنووسان وهاوالدەران لەکوردستان کردبوویان دەسلمێنن. بۆ یەکەمین جار لە مێژوو،ڕژیمیک کە هێشتا لە سەرکورسی دەسەلات بوو، و بە بەڵگەنامەو سەنەتی خۆی پەردەی بەڕوو ڕەشییەکانی کە لە ئولکەی شکاندنی حقوقی بەشەر کردبووی دادەپۆشاند. بەغدا سروشتیە بە دەستەوەستانی بوون، ئەو بەڵگەنامانەی حاشالێدەکرد وداوای کرد کە ئەمانە بەڵگەنامەو دەلیل و سەنەدی داتاشراوو مزور و دورستکراون کە لە سەرقاقەزەکانی مارک داری دەوڵەتی مزوروجەعل کراون. بەڵام ئەم وەڵامانە و حاشالێکردنانە قالبێک کە دەوڵەتی ئیراق بە چەندپات کردنەوە لەمەڕ حقوقی بەشەر نیشانی دابوو ئەمجارەش وەک بلقی سەرئاو بوو. بارستایی گەورەی ئەم بەڵگەنامانە کە نزیکەی لە چوارمیلیون لاپەرە دەدا، وەرگرتنێکی نویی لە بوروکراسی سەرکوتکردن وەدەست دەدا کە هەتائێستا سپەروپەرژینی ئەم حاشالێکرنەوە دروو دەلەسەکانیان بوو.

گروپی پسپۆڕانی حقوق بەشەر،کە لەسەرئەم بەڵگەنامانەکاردەکەن،قانع وئیقناع بوون لەسەرئەمە کە ئەوکردەوەی کە بەپیی ناوەرۆکی ئەم بەلگەنامانە کراون،سەرلە(جینوساید) دەدەن، و تەنیا کارو کردەوەیەک نین وکوو زولم و زۆری و جنایەتی شەڕی، بەجنایەت دژی بەشەریەت بەحساب دێن. بەڵام (تەڕزوانیە)کانی حقوق بەشەرجۆرێکە کە دەبێ دەوڵەتدیکەدژی سەدام حوسین داواکاری بکات هەتا بکرێ ئەوی بۆ بن میزی مەحکەمەی دادگەی نیودەولەتی لاهە بکێشێت. لەبڕیارنامەکانی کۆمەڵگای

نیونەتەوەیی سەبارەت بەئیراق نەک ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا ونەهیچ کام لەولآتانی ڕۆژئاوا خوازیاری محاکمەیەکی ئەوهانەبوو. جامینخوازانی سەدام حوسین لەئیراق وولآتانی دیکەی ڕۆژئاوا سەرشتیە لەشتێکی ئەوها بە(عەدالەتی سەرکەوتووانیان) ناولێدەبردولێکدەداوە. بەلآم ڕابردووەک لەم بارەوە بوونی نەبوو: کوشتاری ئەرمەنیان لە 1919 دادگای نیزامی خودی ولآتی تێکشاوی عوسمانی لەژێر تەوژم وزەختی ئینگلیزیەکانی ئەندامانی حەسلی هەسوڕێنەرانی کوشتارو بەرپرسیاری(جینوساید)ی ئەرمەنیەکان و جینایەتەکانی دیکەی شەڕ، بۆ بن پێچکی میزی محاکمەی کیشاو مەحکووم کرد. دادگاکانی ناوبراو(نیشابیدا کە چتوون نییەو دەتوانرێ لەدادگەکانی ولآتی ژێرکەوتوو دوڕاو چاوەڕوان بکرێ کە تۆڵەی بەدفەڕیەکان لە ڕێبەرێک بستێنتەوە کە لە سەردەمی شەڕ دژی نەتەوەکانی دیکە کردۆیەتی.)

بەڵگەنامەو دەلیلی لە گۆڕێ دژی ڕژیمی بەغدا حاشاهەڵنەگرن: لێکۆلەر و تۆژەکاران هەرکات لە بەڵگە نامانەی پەیوندار بە ئارشیڤەکانی ناوەندی فەرماندەری کە زۆر بە لێکدری مابینیان هەیە تووشی بەڵگەنامە دەبن. باشترین نموونەی ئەمجۆرە بەڵگەنامانە،ئەو دیکۆمەندانەن کە بۆ یەکەمین جار کە لە ئاوریلی 1987 دژی پێشمەرگەکان و خەڵکی ئاسایی و ناچەکداری کورد لە چەکەکانی شیمیایی کەلک وەرگیراوە،کە نیشان دەدن لە ئولکەی شەڕ چ گوزەراوە. ئەگەر ئایەتوڵلەخومەینی بەو کەڵلەڕەقیە لە ڕاگرتنی شەڕ سەری لانادەبوایە و لە کوردستان زەختی زێدە نەدەکرد، عەلی شیمیایی بەوێچوونی زۆر ئەو فەرمانانەی لە ڕادە بەدەر توندو تیژانەی وەرنەدەگرت. لە چاخەکانی کەم مەترسیتر لەوی،سەدام حوسین بەهیچ جۆرحازر نەبوو بە هیچ کەس-هەتا بە کۆڕی مامی تەکریتی- ئیختیداری تەواوی پێ بسپێرێت.

لە سەرەتای سالی 1987 تالەبانی لە دوای دوو دلیەکی تەواو لە ئاکامدا بەختی خۆی لە بەختی ئێران گرێدا. ئەو یانی جەلال تالەبانی کە بۆخۆی سەردەمێک لە زەمانی مەلامستەفای بارزانی یانی لەسالی 1966(جاش)بوو یان بلێین ببوو بە(جاش) ویەکیەتی نیشتمانی کوردستانی) لە سەر کاولەکانی تێشکان و ئاش بەتالی سالی 1975ی ژەنەڕاڵ بارزانی بناخەدارشتبوو، سەردەمێک بە توندوتیژی لە گەڵ کوڕانی بارزانی بەشەڕهاتبوو، ئەم شەڕانە کوژراوێکی زۆری لە هەردوولایان لێ کەوتبوە. بەلآم ڕێککەوتن و ئاشتی لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کاتێکی زۆرتری خایاند. یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە ماوەی شەش ساڵ شەڕی ئێران و ئیراق لە لکان بەپارتی دێموکراتی کوردستان لە هاوکاری نیزامی لەگەڵ ئیران دژی ئیراق سەری لادا،(لە ڕاستیدا لە1984 ڕیبەری یەکیەتی نیشتمانی وتوویژێکی لەگەڵ بەغدا ئەنجامدا)ئەم هەلویستەی تالەبەنی هێندیک پەیدابوو لە هوشیاری وئیحتییات وهێندیک

کارتێکەر لەم چاوڕوانکراوەبوو کە ڕەنگەبتوانرێ زێدە پاروەک لە ئیراق بەدەست بێنێت،و بەوی هۆکاری پارتی دێموکراتی کوردستان بەدواوەبەرێت. ئەو یانی تاڵەبانی داواکاربوو کە نوێنەری چینی خویندەوار و ڕاهێنەر لە خەڵکی شارییە،لەگەڵ مەزنایەتی بارزانیەکان بەرێبەری هەمووچین وتویژ ویەکیەتی دیکەیان لەگەڵ ئیران بەتوندی دژایەتی دەکرد.

حەول و تەقەلاکانی یەکیەتی نیشتمانی بەمە کە مامەلەیەکی باشتر سەبارەت بە خودموختاری لەگەڵ ڕژیم بێنیتەکایە بی ئاکام مابۆوە. دژایەتی تورکیە لە گەڵ هەر جۆرە پێهاتن وریککەوتن وئاشتی لەگەڵ کوردەکانی دراوسی- ئیدی چاوپۆشی لە کوردەکانی خۆی- وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی ناوبراوی بە پەیامێکی بێ پەردە بە تاڵۆکە ڕەوانەی بەغدا کرد: دەوڵەتی بەغدا دەبێت وتوویژی پەیوەندار بە خودموختاری نوێ لە گەڵ کوردەکان ڕابگریت،دەنا نا، تورکیە لولەی نەوت کە تەنیا سەرچاوەی گەورەی دابین کردنی پارەی دەرەکی ئیراق بوو دەبەستێت(ئەم لولەی نەوت لەم نێوەدا یەک سیوەم نەوتی جێ ئاتاجی تورکیەشی دابین دەکرد وسالانە/300میلیون دۆلار دەسحەقی هاتووچۆی لەگیرفانی تورکیەدەنا.)

ئەم ویکەوتنەی هوشیارانەی تاڵەبانی لەگەڵ سەدام حوسین بەتەواوی جێی خۆی بوو: ڕیبەری ئیراق بەهۆی یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئیراق بەئیران لەدەست بەسەرداگرتنی بنکەی ژاندارمەری حاج ئۆمەران.هەڵکەوتوو لە بەرزایەکانی زاگروس،لە ژوئیەی 1983سزایەکی ئیکجارتوندوتیژ لە سەرپارتی بەڕیوەچووبوو: ژمارەیەک لەنێوان پێنج هەتاهەشت هەزارنێرێنەی بارزانیەکان، کەژمارەیەک لەوان لەژێردەسال،بەلام زۆرتری لەسەرەوەی 15سالانە بوون و42کەس لەخزم وکەس وکاری نزیکی مەسعودبارزانی دەباوەش دەگرت،دەست بەسەرکرد: ئیدی ئەوژمارەیە کەس نەیدیتنەوە. کەسێک لەوان نەگەڕاوە. مانگێک دوایی سەدام حوسێن ڕایگەیاند کە(ئەم خەڵکە بەتوندی سزادران و بۆ جەهەنم بەڕێ کران)-ئەمە لێکدانەوەیەک بوو ڕەمزی،لەچارەنووسی دەیان هەزارکوردی دیکەش کەدوایی (ون) بوون. وەک بینیمان ئەم(ئەم تۆڵەوەرگرتنەوەیە لەبارزانی) شتێکی تازەنەبوو.

بەلاگەردانانی بارزانی ئیدی ئەوپێشمەرگەی سەربەهەردو هیکایە نەبوون. ژنان و زارۆکان پاشمەندی بارزانیەکانیان، کۆمەڵ کۆمەڵ لە ڕەخ ریگاکانی حەسلی وەک قۆش تەپە یان شۆسەکانی نێوان هەولێرو کەرکووک جێکرابوون.بەشیک لە کوردان بەم ئاکامە گەیین کە دەست بەسەرکردنی سانایی ئەو هەموو

بارزانیەی ناچەکدارو ئاسایی و بێ تاوان بەڵگەی بە بڕشتە لە سەرئەمە کە (داب ونەریتی پەیکار خوازی و کللەڕەقی) بارزانیەکان ئیدی بەو پێودانی بەردەوامی و قایمی ڕابردوو نییە. سووک وچرووک تر لە هەمووشت ڕووی بردنی ژمارەیەک لە ژنانی هەژارو بەلەنگازو بێ پەناو داڵەدەی بارزانی بۆ سووزمانی بوو. لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، کە لە زاڵ بوونی هزرو فکرەکانی شەرم هێنەر،چارەنووسی ئەم ژنانەی لێقوماو،سەلماندنی دەرسێکی عیبرەت و ترسەنوکە، کە سەدام حوسین بەو خەڵکەی داوە،و هەروا چارەنووسی ئەومندالانەی کە لە دوای 1983 لە دەرەوەی چوارچێوەی ژن و میردایەتی چاویان بە دونیا هەڵێناوە. گەلێک لە مرۆڤانی بارزانی لە ئاکامی هەست بە شەرم و سووکایەتی ئاغابانووی خۆیان فڕیداو وەک خەلکی ئاسایی پیچی ڕەشبەڵەکیان لێبەست. کوردەکان ئیدی لێقوماوی و دەستەوەستانی و هەژاری و بەلەنگازی ئەم خەڵکەیان بە دوو چاوی زەق دەبێنی.

ڕۆژی دەخەرابترو ڕەشتر چاوەرون دەکرا،چونکە ڕژیم بە مەجبوورکردنی کوردەکانی ئاسایی بە بەشداریکردن لە تاوانەکان، شیوەکانی توندوتیژی و خوینڕیژی کامڵ کرد،یەکێک لەو کوردانەی کە لە خزمەتی قازاخی رایکرد بوو،و ئەمن لە1991بە ڕیکەوت ئەوم بینی چێرۆکی باری تاوانی کە بە ماوەی سێ سال لە گەڵ ویژدانی وی ڕازابوو گێراوە: گێرانەوەی ئەم قسە هەتا بۆ دەرەکی یەک،بۆوی لەجێگای سووک وچروکی بوو. ئەم کوردە لە1988 یەکێک لە ئەرتەشی سەدام بوو کە لە کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی دژی هاو ڕەچەڵەی کوردی ئیکجار تێکۆشەربووە. دەیگوت عیلاجی نەبووە،بەردەوام دووپاتی دەکردەوە:(ئەگەرفەرانم بەڕیوەنەبردبوایە دەست و جێ ئیعدامیان دەکردم،و لە شوێنی من کەسێکی دیکەیان دادنا کە ئەم کارەی دەکرد.)

جاشەکانی ئەگەر هەستیان بەم تاوانە کردبوایە بە دەگمەن دەریاندەبڕی. گەلێک لەعەشیرەتەکان بریتی لەزێباری،سوورچی و برادۆستی-بەتەواوی دەرگیری ئەم مەسەلە بوون.،ئەم ژمارەیە لەم بابەتە ڕابردووەکی دووروو درێژیان هەبوو: لەکۆنەوە لەگەڵ عوسمانی وئێران وئینگلیزیەکان وعارەبەکان وجێگری ئەم دوو ئەمپەراتوریانە دژی کوردەکان خزمەت ونۆکریان کردبوو. (بەڵام ئەم مەسەلە ڕێگری لەمە نەبوو کەعەلی شیمیایی لەماوەی وتارێکی دوورودرێژ کەخراوەبووسەرکاسیت بڵێت کە: (ئەگەرتیئۆری جەستەی کوردێکی باش لەنێوکوردەکان گومان بۆچووبێت،ئێمەبەکردەوە تووشی شتێکی ئەوها نەبووین.)سەدام حوسین فەرماندەرانی جاشی بەدانی پارەیەکی تەواو بۆهەر(جاشێک) بەنۆکەری خۆفرۆشی وەردەگرت: ئەم جاشانە خۆفرۆشانێک بوون کەبۆ نکردنی خزمەتی قازاخی لەشەڕگەکانی ئێران وئێراق بە(هێزەکانی یارمەتی ئەرتەشی ئێراق دەلکان. تازەهاتووەکان بەدانی بەرتیل بۆ ڕێزی جاشەکان دەلکانردان،ولەشەڕ لەگەڵ هیزی پیشمەرگە وەکوو پێش قەرەوڵ وگۆشتی بەرگوڵەتۆپ کەلکیان

لێ وەردەگیرا،ولەهێرشەکانی ئەڕتەش بۆسەرگوندەکانی کوردنشین بەتاڵان وڕاوڕووتی گوندەیەکان دەستخۆشانەیان وەردەگرت. کەلک وەرگرتن لەجاشەکان بۆ بەغدا لەسەرتری دیکەشی هەبوو،وئەو ئەمە بوو کە سرچاوەی دابین کردنی خەڵکی بۆ پیشمەرگە بوون کەم دەکردەوە. هەربەمجۆرە،درێژخایاندنی وتوویژ لەگەڵ تاڵەبانیش زۆربوقازانج بوو،چونکە یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی کەلەباریکایی سنوورئێران وئیراق زاڵ بوو نەزۆک وو بێ قازانج و نێرەمووک کرد.

کاتێک وتووێژ لەگەڵ بەغدا بە تێشکان دواییهات،تاڵەبانی مەجبوور پەنای بۆتاران برد.و تاران دەست وجێ زەختی خستەسەر کە بە ناوی(وەدەست هێنانی سەرکەوتن) لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان ئاشتی بکات. ئێران بۆ کەم کردنەوە لە تەوەژمی ئێراق لە باکوور ئیکجار بەکردنەوەی شەڕگەیەکی تازە لە حەوجێ بەکوردستان بوو. لەم نێوەدا لە ئۆکتۆبەری 1987 سەربازانی سوپای ئیران وهێزەکانی پێشمەرگە بۆ چالاواکانی نەوتی کەرکووک یان هێرش بردو بە تێپەڕین لە(خەتی سوور)ئەم ماددەی استراتژیکیان لە سێرەی مەترسی هاویشت. لە ژانویەی 1987 ئیران دیسان دەستی بەهێرشیکی دیکەی دەمار هەستە وردکەری شەپۆلەکانی ئینسانی کرد: ئەمجار ئامانجی ئەم هجوومە(دەریای ماسی) لە باکووری ئیراق بوو، کە مەعلووم بوو ئاخرین جوڵانەوەی گەورەی پیادەنیزامی ئیرانە،کە هەڵبەتە ئەو کات کەسێک شتیکی لەم بارەوە نەدەزانی. ئەو کات کوردستان تەژی لە هەڵاتوانی سوپایی و مشمولین بوو کە لە خۆناساندنی خۆیان بە ناوەندی قازاخ گرتن پاشگەز ببوون وهەڵاتبوون و لە ئەشکەوت و گەڵی و دۆڵەکاندا خۆیان حاشار دا بوو. عەلی شیمیایی یکجار لەم بابەتەوە ناراحەت بوو. دەیگوت: (بەبی ئوتمبیلێکی زرێپۆش ئیوە ناتوانن لە هەولیر بۆ کورکووک بچن!) کاتیک لە مانگی مارس فەرماندەری وەسوکر گرت،پیشمەرگەکان و هێزەکانی ئیرانی لە هەشت مایلی ڕەواندز بوون،کە شاریکی گەورە لە باشووری کوردستان و ڕیگایەکی دورو دریژی لە سنوور نێوان و مابین هەبوو،و پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەگەلی(جافتی) هەلکەوتوو لە ڕۆژهەلاتی سلیمانیە،وەرەیان بەرزببۆوە.

چاخێک کە فەرمانی ژمارە160لە28ی فوریبەی 1987 بە ئیمزای سەدام حوسین گەیی و بەپیی وی ئیختیداری تەواو بەعەلی شیمیایی دراو،ناوبراو لەکەلک وەرگرتنێکی تەواو لەم ئیختیدارودەسەڵاتە ئیدی گنخانی بەپێویست نەزانی. ئەم فەرمانە بەدوو بەڵگەوسەنەتی گرنگی دیکە کامڵ بوو کەوەکوو دەستوورو بەرنامەی رۆژانە)حیسابیان لە سەرکرا. یەکێک لەم دوو بەڵگەیە کە لە سیوەمی زەیندەرچوو(دەڤەرەکانی یاساخی)-یانی مەلبەندەکانی ژێر دەسەڵات وشوێن تیکەری هیزی پیشمەرگەی- لە ژێریاساخ کردنی مامەلە و هات و چوو لە گەڵ ماباقی ئیراق قەراردەدا. (بەپیی ناوەرۆکی ئەم سەنەت)دیاری کرا بوو کە گو ندەکان و ێران بکرێن و دانیشتوانیان بۆ (شارۆچکەکانی پیروزی)

بگویزرێنەونشتەجێ بکرێن. سەنەدی ژمارە/28/3650،قەراری لە سەردرابوو: (هیزەکانی چەکدار) هەر زیندەواریک بریتی لە ئینسان و جانوەر بوونی لەم ناوچانە یاساخ بکوژن. ئەم دەڤەرانە بێ تیکرایی(یاساخن)سەنەدی دووەم بەژمارە/4008ڕیکەوت 20ی ژوئن بەفەرماندەکانی نیزامی عەمر دەکرد(لە تەواوی 24کات ژمێر،بە نوورەو،بە هەڵکەوت،بە تۆپخانە، هێلیکۆپتەر وفرۆکە هەنگاویان بە گوللەباران و بۆمباردومان ناوچەکان بکەن نزیکەی/1000گوندی لە باوەش دەگرت،و هەر ئەندازە کە دەتوانن خەڵکێکی زێدەتربکوژن.)سەنەد بڕیاری لە سەردەدا کە ئەوکوردانەی کە لەوگوندانەی یاساخ کراو دەگێرێن بەدەستی دەم ودەزگاکانی ئیستخباراتی لە ژێرلێپرسینەوەقەرار دەگرن و لە دوایی وەرگرتنی خەبەروباسێکی گرنگ و بە قازانج، مرۆڤی 15سالە هەتا حەفاسالەیان ئیعدام بکەن. فەرماندەرەکانی جاش(کەبەموستشار)دەناسران)ئیجازەیان هەبوو هەموو ماڵ وحال وسامانی تالان لە کوردەکانی دانیشتووی ئەم شوێنانەی یاساخ، وەکوو گاو مەڕو ژنان وچەکەکانی ئاگرین جیالە چەکەکانی قورس و مام ناوەندی دەست بەسەردابگرن و بە ساحیب بکەن.

یەک لەوانە قۆڕخانەو ئەمرەکان و دەستوورەکانی المجید بوو کە هەمیشە بە فەرمانەکانی تازەترکامل وتەکمیل دەبوو، یەکیکیش سەنەدێک بوو کە هاوولاتی ئیراقی لە هەرکوردیك کە لە سەرژماری 1987 بەشداری نەکردبوو بێ بەش دەکرد. لەو جێگایە کە تەنیا لە کەسانێک سەرژمارەی کرابوو کە لە کۆمەلگاکانی دەولەتی دەژیان،ئەم سەنەدە پاشمەنەی ئەو خەڵکانەی کە لە گوندەکان یان ناوچەکانی یاساخکراو دانیشتووبوون لە هاوولاتی ئیراقی وەدەردەناو حیساب نەدەکرد: ئەم خەڵکە لە (گەڕانەوە بۆ ڕێزی مللەت)کەمتەر خەمیان کردبوو،لە بەرئەمە وەبەر(دەستووڕات وبڕیاری پیویست وزەرووری کەوتبوون.)لە مانادا بە زوان و لێکدانەوەی ڕژیم،وەبەر لە ناوچوون ڕەگەزبڕینەوە بەتلان کەوتبوون. (کەمایەتی مەسیحی وکوردەکانی یەزیدی(ایزدی)نەزانراو تووش بوون. ئەم خەڵکە لە بەشداریکردن لە سەرئەژمێری خۆیان بە ناوی عەڕەب نەنوسیبوو،هەر ئەو خۆ بەعەڕەب نەزانینە بوو بە هۆی (ناهاوولاتی بۆنیان). و بۆیان گەلێک بە چارەرەشی تەواو بوو. کوردەکانی زەڕدوشتی بە پێچەوانەی پاڕانەوەکی زۆر کە حەول و تەقەلایان دا ئیجازەیان پینەدرا وەکوو کورد وەبگێرێن و سەرئەژمێری بکرێن،لەبەر ئەمە دەلێل و لایان لە فەرمانی لێبوردنی سیپتامبەری 1988 کە هەموو کوردەکانی دەگرێتەوە،لە ڕستیدا لە دۆزو کەڵەک و مکرو حیلەو فریوکاری زیدتر نەبوو، جیاکرانەوە. ئەم فەرمانەی عافووش یەکیک لەو لێبوردنانە بوو کە ئانانج و مەبەست لەوی دنەدان و پاڵ پیوەنانی کوردەکانی پەنابەر بە تورکیەو گەڕانەوەیان بۆ ئیراق بوو. کارگێرانی ئیراقی هەزاران ئاشۆڕی وکوردی زەڕدوشتی یان کەلە تورکییە گەرابوونەوە لە سنوورگرت و زیندنی کردو،دەستبەبندیان لێدان و بردیان وئیدی قەت نەگەڕانەوەو کەس چاوی پێنەکەوتنەوە.)

عەلی شیمیایی ماوەی شەش مانک لەدانانی بەفەرماندەری نویَ،لەقەبەکەی وەرگرتبوو. لە15ی ئاوریلی 1987 فڕۆکەکانی ئیراقی بەستەکانی شیمیایی خۆیان لەسەرناوەندی فەرماندەری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیَموکراتی کوردستان،کە دوورلیَکتربوون بردانەوە. ڕۆژی دایی وی گوندەییەکانی شیخ وسان وبالیسان،هەلَکەوتوو لەباشووری سلیمانیە،کەوتنەبەرهیَرش. ئەمە یەکەمین هیَرش نزیکەی شیست هیَرش بەگازەکانی شیمیایی بوو کەلەماوەی 18مانگ لەدوایی وی بۆسەرئامانجەکانی نانیزامی وئاسایی دەستیپیکرد. خەلَکی ئەم گوندانە هەوەلَینی کوردەکان بوون کە لەگەلَ هەورەکانی ڕەنگاورەنگی پەیدابوو لەگازەکانی شیمیایی ڕوو بە ڕوو بوون،کە بۆنی سیر،سیَوی ڕزیوو بۆگەنی،گولَەباغەو، نەعنا،گرمک، هارویَ(خیار) یان عەتریان دەدا. سەدەمە ویَکەوتووەکان خیراتووشی بلۆق وپۆرگ هەلَدان، ئیش و ئۆفی باتوو، مەمکەکانیان بوون، هیَندیک خوین دەمیزتن و دەستەیەک تووشی کویَری سەردەمی بوون یان پەریشانی سۆمایی چاویان بوون، یان لیَکاوەکی رەنگ زەردیان لە چاوو دەمیان دەهاتەخوار. پیستی لەشیان ڕەش هەلَدگرا یان بلۆقی دەکرد. گروپیَک دەست وجیَ لە پیَکەوتن،لە دوایی وەی کە بەپیسی تووشی لەرزین و سەرەگیَژە یان پیَکەنینی دەمارەهەستەکان بوون مردن. ئەمجۆرەنیشانانە وحەلامەتانە پەیوەندی بە گازی خەردەل نەبوو کە بەفراوانی بکاربردرابوو بەلَکوو پەیدابوو لەکەلک وەرگرتن لە ماددەکی دیکەی شیمیایی بەناوی(سارین) بوو کە کارتیَکەری لە سەر دەمارەهەستەکان هەبوو،و نازیەکانی هیچ کات کەلکیان لە وی وەرنەگرت.

لەو دوو گوندەی کەباسمان کردن،لەماوەی یەک کات ژمیَر 120کەس مردن ونزیکەی 200کەس بۆدەرمانکردنی سەرتایی بۆڕانیە وپاشان بۆ هەولیَر بردران- لە هەولیَر ئەم خەلَکەیان مەجبوورکرد کەبەلَین لەلایان ئیرانیەکان هیرشی شیمیاییان کراوەتەسەر. بەلاَم ئەمە بەس نەبوو. پۆلیسی نهیَنی ئەوانی بەزۆری سەرنیزە لەنەخۆشخانەی هەولیَر،کەلەویَ بۆ دەرمانکردنی سەرەتایی وەکوو سوتان وپۆرگدان لەژیَرچارەسەری دابوون،وەدەریانان وبۆزیندانی پۆلیسی نهیَنیان گویزتنەوە: لیَرە پیاوەکانیان لەژنان ومندالاَن جیاکردنەوە وهەموویان بیَ ئاگالیَبوون دکتۆرەکان و نان وچایی لەزیندان ڕاگرتن. لیَرەلەنیَوان 64هەتا142کەس بەهۆی کیَم وخویَن لەبرینەکانیان مردن،حەفتاکەسەکەی دیکەیان بەئوتووبوس لەزیندان هیَنانەدەر، وئەوانیان وەکووبارزانیەکانی دیکە شرت وگۆم کردن وکەس نەیدنەوە. ژن ومنالَەکانیان لەدەشتی هەولیرێ بەرهەلَلا کردن،هەتاخۆیان بەهەرجۆریک کەدەتوانن بەرێ بەرن. یەکیَک لە کریکاری ساردخانەی شارداری کە بەپیی ئەرکی خۆی حیسابی مردوانی ڕادەگرت کەزوربەیان منالَ وپیربوون ،دەلَیَت: لەکارگیَریکی سوپایی گویَبیس بووە کەگوتی: (ئەمانەتیکدەرن... هەمووتیکدەرن... ئیمە بە چەکی شیمیایی هیرشمان کردنەسەر.)

ڕاشکاەیەکی ئەوها شتێکی ئاساییە،چونکە باسکردن لە چەکی شیمیایی بەفەرمی یاساخ بوو. بەلام باشە،هەڵەش دەکرا، و لە بابەتی دەگمەن بەڵگەو سەنەدی دەستکەوت بەڕاشکاوی لە(هێرشەکانی شیمیایی) یان هەتا(چەک وچۆڵی تایبەت)قسەدەکەن،کە جوانی تەکبیرێکە لەلایان رژیم بۆگازەکانی ژەهراوی. عەلی شیمیایی لە قسەکانی کە لە سەرکاسیت زەبت بووە بە یەکەمین هێرشی شیمیایی و پێشنیاری لە خۆرای تالەبانی ئاماژە دەکات کە حازرە بە هاوکاری خۆی لەگەڵ ئیران کۆتایی بێنێت بەم مەرجە کە دەولەت لە ویرانی و خاپوور بوونی کوردستان چاوپۆشی بکات: تالەبانی ئەم پەیامەی بە وەسیلەی دوو ئەفسەری پلە بەرزی ئیراقی کە بەدەستی هیزەکانی یەخسیر بوون بۆ خودی سەدام حوسین نارد. عەلی شیمیایی لەم کاسیتەدا دەڵێت: (تاڵەبانی لە منی ویست کەدەرگای وتوویژلەگەل وی بکەمەوە. ئەمن هەر ئەو شەوی بۆ سلیمانیە چووم و ئەوانم بە چەک و چۆڵی تایبەت کوتا) لەکاسێتێکی دیکە ڕەپ و ڕاست بە کۆمەڵێک لە جاشە)کان دەلێت: (ناتوانم گوندەکانی ئیوە سەربەموورو دەست وێنەکەوتوو بهێڵمەوە، چونکەنازانم ئەگەر بە چەکی شیمیایی هێرشیان بکەمە سەر چ دێتەپێش... لەو حالادا بنەماڵەکانتان دەمرن. ئێوەدەبێ هەر لە ئیستاوە لێرە بڕۆن،چونکە ناتوانم بڵێم چ ڕۆژێک ئەوێ وەبەرهێرشی شیمیایی دەدەم.)

لەنیوان 21ی ژوئنی 1987 عەلی مەجید زیدەلە/700گوندی کوردستانی زوربەی لە دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و لە قەراخ جادەکان هەڵکەوتبوون ویران کرد،و تەنیا زەرورەتیەکانی نیزامی لە هێندیک شوێن هۆکاری راگرتن لە عەمەلیات بوون و شێوەیەک داڕێژاکە بەپێی وی بڕیار درا عەمەلیات دژی ناوچەکانی یاساخ و ژێر دەسەلاتی هێزی پیشمەرگە بە ڕیوەبچێت. بەڵام هەتا ئەو کات عەلی شیمیایی ئەزموونی کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی دژی خەڵکی ئاسایی و نانیزامی ،ون بوونی کەسان نێرینەو دوور خستنەوەی بە کۆمەڵ و(شێوێنەکانی گویزتنەوە)و جیاکردنەوەو هەلاوێردنی ژن و پیاوو پیرو زارۆک، وبێبەشی ئەوان لە ئاگالێبوونەکانی تەندروستی و خواردەمەنی، ئیعدامکردنەکانی بە کۆمەڵ و قەبرەکانی بە کۆمەڵ لە پشت سەری خۆی بەجێهێشتبوو. ئەو لە وتارێک کە ڕووی قسەی لە کادیرەکانی پلە بەرزی حیزبی بەعس بوو، و لە نەخشەکانی(سیستماتیک)ی دەئاخافت کە(بۆگەمارۆی پیشمەرگەکان لە ناوچەیەکی کچکە و لە ناو بردنی ئەوان دارشتبوو. (ئەمن ئەوان تەنیا ڕۆژێک بەچەکەکانی شیمیایی ناکوتم، هێرشەکە پازدە ڕۆژ بەردەوام دەکەم.)

بەمجۆرە لە ئاخرین هێرشێک کە لە فوریەی 1988 دژی کوردەکان دەستیپێکرد هەموو ئەسپابات و پێداویستی فەرمانگەیی و نیزامی سەرکوت،کە بە کردەوە ئیمتحانی خۆیان دابوو،بەکارگیران. ناوی ئەم عەمەلیاتە(ئەنفال) بوو،کە بەنیشانەی کڕنۆش بۆ ئیسلام لە لایان نیزامی کە سەردەمێک گەلێک نادینی

بوو هەلبژێردرابوو. انفال،هەشتمین سورەی قورئان و قسەی پیرۆزی 319کەس لە جامینخوازانی دینی نوێی ئیسلام لە شەڕی بدرە(624ی میلادی). ئەم گروپە کە بەئەژمارسێ بەرابەری ئەم خەلکە بوون سەرکەوتوو بوون. لەبزی(انفال) بە مانای (تالانە)و بەم هۆیەوە بۆ عەمەلیاتێک کە ئامانج لە بەڕیوەبردنی وی،هدم ونهب بێت باشترین ناوە- بوچ کە عەمەلیاتی عەلی شیمیایی لەوانە بوو: بەپێی فەرمان و حوکمێک بۆ جاشەکان،بە ساحیب کردنی پەزو بزن و گاوگۆل وچەکەکانی دەستکەوت (بێچکەلە چەکەکانی قورس)وهەتا ژنەکانیان بە شەرع حەلاڵ و زەلاڵ ڕاگەیاندرا بوو.

1-تێبینی: ڕووتێکردن ولکان بە ڕژیمی بەعس بەاسلام واصول اسلامی(دەسکەوتێکی)نوێ بوو. ئەوانەی سەردانیان لە ئیراق بەر لە شەر(لەگەڵ ئیران)کردبوو لە ئیلاقەی حزب بەعس بە بایەخەکانی نادینی دەئاخافتن. هێندیک لەشیکەرەوان وئازانتی کەرانی سیاسی داواکارن کەمیشل عفلقی مسیحی لەدەیەی 1950ئیدولۆژی نادینی حزبی بەعسی بەتایبەت بەم مەبەستە بنیات نا کەبەکەمایەتیەکانی ناموسڵمانی ئەم هەلە دەرخسێنێ لەسیاسەتەکانی ڕوژهەلاتی ناوەڕاست ڕۆڵێک بەڕیوەبەرن. بەلام کاتێک شەڕلەگەڵ ئیران درێژ بۆوە،سەدام بەمەسلەحەتی زانی کەخۆی بەخزمی پیغەمبەری ئیسلام بزانی،مالێ خوای زیارەت بکات،لەوێ وینەبکێشیت.

پیلانی عەمەلیاتی ئەنفال کاتیک کێشرا،و بەرێوەبردنی وی خولی یەکەمی ئەوچاخ بوو کە ڕژیم بە توندی تووشی ترس و دلهورە بوو- بە هەلە وای فکر بۆ دەچوو کە دوور نییە ئێرانییەکان دیسان دەست بە هێرشێکی دێکەی گەورەی زستانی بکەن. هەر وەک بینیمان لەم بابەتەش یەکجار لە دڵە ڕاوکە دابوو کە کوردەکان وەکوو وەی لە ئاکامدا نیشانەیەکیان دەردەبڕی کە پێاننا خۆش نییە کە بە سەر نێوانناخۆشیەکانی لەمێژینەی خۆیاندا زاڵ بن. لە ڕاستیدا لە مانگی نوامبەر ئیران ئاشتی لە نێوان پارتی دیموکڕات و یەکیەتی نیشتمانی بە کردەوە هێنادی،و دوو حیزبی ئاماژە پێکراو لە سەر پێکهێنانی(جەبهەی کوردستان)خەریک بوون،کە لە ڕاستیدا دەباوەش گرتووی سێ حیزبی گچکەش بوو. بەلام ئێستا ئیدی ئەڕتەشی ئێران لە حالی(لەبەریەک بلاوبوون) بوو: لە زستانی 1988لە ژێرتوەژم وزەختی تاکتیکەکانی تۆقینەری(شەڕی شارەکان)تووشی سەرە گێژەببوو،و ئەم تاکتیکانە بریتی بوون لە هێرشەکانی (کوێرکوێرانە) بە موشکەکانی هەرد بە ئاسمان اسکاد لە شارەکانی ئیران بوو. لەنێوەڕاستی ئاوریل تێشکانی ئێڕان ئیدی دوور لە شک وگومان بوو،ئەمە چاخێک بوو کە هێزەکانی ئیرانی(فاو)یان کە لە نگەرگەی هەلکەوتوو لە یەکاوی عەرەبان و شوێنی دەرچوونی نەوت بوو، و دەست بەسەرداگرتنی ئەو گەورەترین سەرکەوتنی ئیران لە خاکی ئێراق بوو، لەدەست دابوو.

عەمەلیاتی ئەنفال کە ئامانجی وی خاوینکردنەوەی دەڤەرەکانی دیهاتی کوردستان لە دانیشتوو چریک و خەڵکی ئاسایی یانی ناچەکداربوو،لە23ی فورییەی 1988بە هێرشێکی بەرفرەوانی ئەرتەشی ئیراق بە بنکەی فەرماندەری یەکیەتی نێشتمانی کوردستان لە گەڵی(جافتی)هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەلاتی سلیمانیە و نزیک سنووری ئیران دەستیپێکرد. هێشتا یەکەمین دەورەی عەمەلیات لە19ی مارس کۆتایی پێنەهاتبوو کە بڕووسکەیەک لە خەتەکانی دیاریکراوی گەورەی وی ئاشکرابوو: پان و بەرینەی عەمەلیات چ لەهەرد چ لە ئاسمان،وێرانی و خاپووربوونی گوندەکان،کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی،ڕاگەیاندنی لێبوردنی بە درۆو دەلەسە،بە مەبەستی دەلگەرم کردنی خەلکی ساویلکە و بی خەبەر بەخۆ بە دەستەوەدان، و پاشان مەحکووم کردنی ئەم خەڵکە بە(ون بوون)و لە ئاکامدا کوشتن!

(ئەنفالەکان)لە سەریەک هەشت عەمەلیات بوون- و هەشت مانگ بەردەوام بوون. ئیراقیەکان لە جەرەیانی عەمەلیاتەکان زیرەکی و وردەکاریەکی زوریان بەکاربردبوو: بنەماڵەکان ئامانج قەراریان گرتبوو،ژنان ومندالەکانیان لە ماوەی عەمەلیاتی لێگەڕان و وێران کردن،کە مەبەست لە وی لە ناوبردنی سەرجەمی خەلک بوو،زیندانیان کردند. ئەم خەڵکانەیان بۆ ناو(قەلایچەکان)بردن،دەستیان بەهەلاواردن کرد، پیاوەکانیان لە ژنەکان و زارۆکەکان جیاکردنەوە، تیرو پڕیان قوتان،ئەوانیان ڕووت کردنەوە ،جگە لە جلی بنەوە لەبەریاندا نەهێشتن،خواردەمەنێکی هێندەیان نەدانێ، بەر لە ناو بردن و بەتلان و ونکردنیان، هیچ کات بۆ سەردەمێک لە شوێنیک نەمانەوە لە گوێزگوێزدابوون،دەستبندیان لێدان و لە لۆری دەپیس و شکاویان کردن،بۆ کوشتارگایان بردن کە سەتان مایل لە ئولکەی عەمەلیات دوور بوون، بنەماڵەکانی ئەم خەڵکانە(ڕێگا)یان بە لە سەرەخۆییەکی زورتربڕی. چەند کەسێک لەوانەی کە ڕزگاریان ببوو مابوونەوە چیڕۆکی کورتی ژیانی خۆیان دەگێراوە: سەرانسەری کات،بی خواردەمەنی و ئاو بۆ شوێنی سارای ویشکارۆی باکوور ڕێگامان برێ،لە شوێنەکە، لە تاریک وڕونی نوێژی شێوان،یان بڵین سەرەتای شەو،ئەوانیان لە ماشینەکانی بێ پەنجەرە هیناخوار،دەستبندەکانیان بۆ کەلک وەرگرتنی کاروانەکانی دیکە لەدەستیان کردنەوە،دەستەکانیان بەتەناف وکەندڕ بەستن،دوایی ئەوانیان بۆناوچاڵ و خەندەکەکان بردن،لەوێ لەبەرشەبەقی ڕوناکایی چرای بۆلدزێرەکان ئەوانیان بۆ ناوخەندەکەکان ڕاونان،وەبەر ڕەگباریان دان.

وێرانگەرترین عەمەلیاتی ئیراق دژی کوردەکان فەرمی بەشێک لە عەمەلیاتی(ئەنفال) نەبوو، چونکە ئامانج وی نەک دەڤەرەکانی دێهاتی کوردستان بەڵکوو شاری هەڵەبجە بوو کە تەژی لە پەنابەر بوو: شاری هەڵەبجە نزیک کەوشەنی ئیران و بەنداوی استراتژیکی(دەربندی خان)بوو. لە نێوەڕاستی مانگی

مارس سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیران بە ئالیکاری پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان واردی هەڵەبجە بوو: خەلکی هەڵەبجە ئیکجار لەم کارە ترسیان رێنیشت، چونکە بە شێکی زۆر خەڵکی شار، لایانگرانی حکوومەت بوون. ڕادیوی تاران خەبەری ئەم سەرکەوتنەی بە بوق وکەرەنا بڵاوکرد، ئەوی وەکوو تۆڵەی عەمەلیاتی شیمیایی پێشی، دژی کوردەکان باس لیوەکرد. لە15ی مارس ڕادیوی تاران گوتی: کە پاسدارانی ئینقلاب سەرکەوتنی خۆیان لەو شارە پەنجاهەزارکەسیە دا جەژن گرت. هەر ئەو ڕۆژی ئیراق بەکارگێرانی ناوخۆی دەستور دا شاری بەجێ هێڵن،ئەم ئاگاداری بە گویهەلێنانە هۆکاری شلەژان و نیگەرانی دانیشتوانی شاری زێدەکرد. لەو بەڵگەو سەنەدانەی کەلە دەم ودەزگای ئیستخباراتی ئیراق دەستکەوت بووە(خۆنوا
ندنی قودرەت ورق ئەستووری نیزامی)ڕاسپاردراوە. ڕێکەوتی ئەم بەڵگەیە 16ی مارسە.

سبحەینەی ئەوڕۆژی چەند فرۆکەیەک، کە نیشانی دیریکراوی نیزامی سوپای ئیراقیان پێوەبوو شەپۆل لە دوای شەپۆل بۆمبەکانی ئاگراوی خۆیان بەسەرشاری دابەرداوە. دانیشتوانی شار لە حاشارگایەکانی بەربەرین بەلام سەرەتایی دژی هەوایی خۆیان حاشاردا. هێندیک پاش دوایی نیوە ڕۆ، فرۆکەکان بە بەستەی ماددی شیمیایی گەڕانەوە و بارەکانی خۆیان لە سەرشاری بەتاڵ کرد. کەسانێک کەهیشتا لە حاشارگەکاندابوون حەولیاندا کەلین و قەڵشتی حاشارگاکانیان بە هەوڵەی تەڕ بگرن،پارچەی تەڕ کراویان لە سەر دەم و ڕوخساری خۆیان دادەنا، و بۆ بڵاوکردنی گازەکان ئاگریان کردەوە. بەڵام گەلێک لەوان لە ناو حاشارگایەکاندا مردن. یارمەتی دەرانێک کە تەقەلایان دەکرد و نزیکەی 400کەس لە کوژراوەکان کە لە حەنبارێک دۆزیبۆوە بە خاک دەسپاردن ازتێکۆشانی خۆیان دەست هەڵگرت،چونکە کە دەستیان بۆ مەیتەکان دەبرد ئەو جێیی کە دەیانگرت،دەست یان لاق یان سەر،لە لاشەکانیان دەبوونەوە هەموو ڕزیبوون. ئەوانەی کە لە حاشارگاه زیندو مابوونەوە مەجبوور بەهاتنەدەر بوون،بەکۆپی لە (پمپی)چاخی نوێ ڕووبەڕووبوون. (1-پمپی،شارێکی قەدیمی لە باکووری ئیتالیا،هەڵکەوتوو لەکەناوی ناپل،کەلەساڵی 79ی میلادی بەهۆی ئاگرپەژێنی کێوی وزو،لەناوچوو.
هەزاران هاووڵاتی کوردیان بینی کە وشک ببوون و مردبوون،هێندیکیان لە هەل ومەرجێکدادۆزیبۆوە کە ویستبوویان منداڵەکانیان بپارێزن هەر لەو وەزعیدا مردبوون،بەشێک لە پشت فەرمانی ماشینەکانیان کە نەیانتوانیبوو خۆیان بەشوێنەکەی ئەمین بگەیەنن لە وێ گیانیان دابوو،گرووپێک بە ڕەنگ ورووی چرژاوی وشین ڕەش هەڵگەڕاوو لە شکل و شەمایل کەوتوو لە شەقەمەکان مردبوون، دەستەیەک وەک مەستان بەلادادەهاتن ولاپەیان دەبرد و پێکەنینەکی بە توورەیان دەکرد- کە بۆخۆی چێرۆکی ڕازی مەستی مردن، پەیدابوو لەگازی بکوژی(سارین) بوو.

شۆرش ڕەسول،تۆژێنەری پسپۆری کورد، ژمارەی کوژراوانی بە/3800کەس توخمین دەکرد،کە بەراوردێکە هوشیارانەو بەئیحتیات،هی دیکە پێیانوایە، نزیکەی/7000کەس لە هەڵەبجە کوژراون. هەزاران کەس لە ڕەزگاربووەکان لە ڕێگای شاخاوی بۆئێران هەڵاتن: لە وێ گروپەکانی پزشکی لە حاڵی ئامادەباش دابوون بۆ بێ شوێن کردنی کارتێکەری (سارین)بەآتروپین چاوەنوارویان دەکرد. هاواڵدەرانی دەرەکی کە چەند رۆژ دوایی بە هیلیکۆپتەرکانی ئێرانی خۆیان گەیاندە هەڵەبجە،راپورتەکانیان لەم کوشتارە ئامادەکرد. بەغدا سەرەتا حاشای لە کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی کرد و تێکۆشا ئەم تاوانە بخاتە سەر سوکری ئیران،بەڵام بەڵگەی بەدستکەوت وەرگیراوی ئیراقی تۆمەتێکی ئەوهای بوخچە ناکەنەوە. لە پیامیکی دەستکەوت لە دەزگاکانی ئیستخباراتی سوپایی ڕێکەوتی 11ی ئاوریلی 1988،لە باباتێکی زوردەگمەن،قەراروبرپەی پەیوەندار بە گازەکانی شیمیایی شکاندراوە. پەیام بەنواری ویدۆئی ئامازە دەکات کە لە سلیمانە دەفروشرێ و(هێرشی شیمیایی ئیراق لە هەڵەبجە)نیشاندەدا. بە پێچەوانەی بوونی بەڵگەیەکی ئەوها، کالجی شەڕی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە کارلایل پنسیلوانیا بە خیلە سەریەکی تەوەو لاق دەقرسێنێ کە لایانەکانی شەڕکەر-یانی ئیران وئیراق- هردوک شانزدهمی مارس کەلکیان لە چەکەکانی شیمیایی وەرگرتووە.

ڕووداوو کارەساتی هەڵەبجە بۆ ڕێبەری(پیشمەرگە) زەبرێکی گورچووبڕ بوو، و جەبهەی کوردستانی ئیراق) کە هێشتا لە حاڵ شکلگیری گونجان بوو بە تەواوی لە هێز بەتاڵ کرد و لەشوێن تیکەری وی لە ناو خەڵکی ئاسایی کورد بە توندی کەم کرد. یەکیەتی لە گەڵ ئیران بۆ چەندمین کەڕەت کارەساتاوی بوو. هێندیک دوایی ڕووداوی هەڵەبجە،ئەمن لە دێمشق بووم و لە گەڵ ڕێبەرانی پلە بەرزی کورد،کە بە دەگمەن تووشیان بووم، سەردانێکی بە ژان و کول و خەماویم بوو ئەم گروپە بە ناهومیدیەکی تەواو بە هەڵەیەکی تۆقێنەر کە لە لێکدانەوە بارودۆخ کرد بوویان و هەنۆکە زێدەتر لە هەر چرکەیەک دەیانزانی کە ئیران شەڕەکە دەدۆڕینێ، لێیان یەقین بوو. دکتۆر مەحموود عوسمان،لە ڕێبەرانی مەزنی حیزبی سوسیالیست،و هاڤال و یارمەتیدەری پێشووی ژەنەڕاڵ بارزانی،گوتی: (خەڵک تووشی ترس و لەزو تۆقین بوونە،و لەمە تووڕەن...و مافی خۆیانە،حق بە دەست ئەوانە)بەڵام ئەوو ئەوانی دیکە خۆیان بەقەزاو قەدەر ئەسپاردبوو،و دەیانزانی کە(سزای گەلێک توندو تیژ چاوەڕوانیان دەکات،و بە ئامازەو هیما لە عەمەلیاتی چریکی ناوشار قسەیان دەکرد. دکتۆرعوسمان گوتی: (دەڵێی جەرەیانی سالی 1975 دوو پات دەبێتەوە)لە دوایی کارەساتی هەڵەبجە ئەو بە دەسەڵاتدارانی تارانی گوت: کە(یەکیەتی لەگەڵ ئیران بۆ ئیمە مانای شەڕ هەتا لە ناوچوونی یەکجارەکییە.) و لێی زێدەکرد:(ئەم قسەیەیان زۆرپێخۆش نەبوو)لەناو ڕێبەرانی کورد ئەو تەنیا کەسێک بوو کە بە ڕوونی دەیبینی کە هەر چاخ سەدام حوسێن شەڕ بباتەوە(بارو دۆخی ئێمە یکجارشپڕیوو حەستەم دەبێت،چونکە بە دواماندا دێ وئێمە مەحوو دەکاتەوە. بە بیرو بۆچوونی وی ئێمە لۆچێک جرۆجانەوەرین.)

ڕێبەرانی کورد پێداگربوون لەسەرئەمە کەبەبێ هیچ فریووخواردن وئیخفال کردن پەیوەندیان لەگەڵ ئیران گرتووە،وتەنیا بەم هۆکارە کە کولاوکەی هیوا لەڕۆژئاوا یان بلوکی کمونیستی یان دونیای عەڕەب یان وەک چاوگە لەبەرەوڕووی خۆیان نەدەدی. دیسان هەمان چێرۆکی ئاشنا... کە(دوژمنی دوژمنم دۆستی منە.)کوردەکانی ئیراق لەم خولە بەرەوپێشترنەڕۆیشتوونە. ئێشتا زۆرترین کارێکی کەدەیانتوانی بیکەن ئەمە بوو کە بێ وەسوکرگرتنی دەستەبەریەکی دیاری کراو لەلایان ئیران،لەهاوکاری زیاترلەعەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ وی ڕوووەرگێرن. یەکێک لەکادیرەکانی پێشمەرگە لەجەرەیانی سەردانێک لە ئوروپا گوتی: (کەسێک هەتا قامکێکی بەداکۆکی لەئێمە نەبزاوت. ڕوانینی فیلمی هەڵەبجە وەکوولێڕوانینی ڕووداوێک بوو کەچل وپێنج ساڵ پێش بەسەرجولەکان هات.)

هەموو شت بەتاڵ لە مانا بوو: قسەکان وەک خەیاڵی تریاکیەک بوو، و ڕێبەرانی کورد ئەو هایان دەنواند کە هەموو شتیکیان دەزانی. بەڵام...تاڵەبانی لە جەرەیانی هڕشەکانی شیمیایی لە 1987(پەیامەکی) وەگرتبوو،ئەو پیشنیاری ئاگربڕی دابوو. بەڵام عەلی شیمیایی نەرمی نیشان نەدابوو،لە ڕاستیدا هەتا ڕژیم کاتیک کە عەمەلیاتی ئەنفال لە سپتامبەری 1988 کۆتایی پێهات بەکەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی بەردەوام بوو. بەهاری دوایی کارەساتی هەڵەبجە،لە دێمشق تێنەدەگەیشم کە بۆچ پیشمەرگەکان بۆ لە ئاسایشدا بوون لە زەبری چەکەکانی شیمیایی پەنا بۆ ئیران نابەن. ئەوکات رسول بە منی گوت: (هەموو کوردەکان دەیانزانی کە مەڵبەندەکان وەبەرهێرشی شیمیایی کەوتوون. بەڵام دەترسام کە ئەگەر دەست لە خەبات بکێشمەوە خەراپتر لەمانە لە چاوەنواری خەڵکەکەمان بن. ئیستا ڕاسپاردەی پیشمەرگەکان لە جیاتی هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئێراقی داکۆکی لە خەڵک بوو.)

ئەم جۆرە فکرکردنەوانە بە خەیال لەئاوهاتنەدەر. لەدوایی لەدەست دانی(فاو)بەتێپەر بوونی هەر ڕۆژێک ئیرانیەکان لاوازتر بوون و لەشکری زۆرتر لە جەبهەکانی باکوور بۆ بەڕیوەبردنی عەمەلیاتی ئەنفال بۆ کوردستان ناردران. لە خولیک لەعە مەلیات،ئێراق لە هەڵسەنگان لە گەڵ هەشت لەشکر کە لە دەیەی 1970 لە بەرامبەر ژەنەڕاڵ بارزانی هەیبوو،چل و شەش لەشکری واردی ئولکەی شەڕ کرد. لە مانگی ژوئیە ئەو چاخ آیەتوللە خومەینی(ڕەزامەندی بەخواردنی جامی ژەهر) و قبوڵ کردنی بڕیارنامەی ئاگربڕی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەربڕی، ساڵێک لە بە سەرچوونی وی تێدەپەڕی،ئیران ئیدی پەکی بەمە نەکەوتبوو کە بەر لەم کردەوەیەی کە لە حوکمی بەستنی پیمانێکی بەجوداگانە بوو بەوادەی خۆی وەفا بکات و لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ڕاوێژبکات.

کارەساتی هەڵەبجە دوارۆژو چۆرتمێکی نەحس دیکەشی بۆ کوردەکان- لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی مهاجرنشین سەروی وی-هەبوو. ئەگەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی توانایی پێشگرتنی ڕووداوێکی وەک ڕووداوی هەڵەبجە نەبوو- و حازر نەبوو هەنگاوێکی بە بڕشت و بە زاکون لەم بەستێنە هەڵبێنییێ و بەرپسیارانی وی بۆبن کورسی عەداڵەت ڕابکێشیێ- لەو حاڵەدا کوردەکان هەرچرکەیەک زێدەتر لێیان یەقین دەبوو کە بە تەنیا دەتوانن بەخۆیان پشت بە بەستن و پشت ئەستووربن. جارێکی دیکە لەکاتی خۆیدا بۆ بنێشتە خۆشکەی مێژوویی خۆیان گەڕانەوە: ( کوردەکان جیالەچیاکان دوست ویاریدەرو مەدەدکاریان نییە.) وتوویژ،مامالە،یەکیەتی،پاڵپشت بە یارمەتی دەرەکی، و تێکۆشان لەناخی نیزام... بەڵی،ئەمانە ئێستا هەموو بەزبلدانی میژوو ئەسپاردرا. وەرزێران، ئەندازیاران،حقوق زانان،لێخوران،دکتۆران،ومامۆستایان هەموو لە لەپی ڕق و تووڕەیی چەکدارانە قسەیان دەکرد.

ئەلحان ئیدی ئەم بابەتە گرنگ نەبوو کە فەلەستینیەکان کاتێک بە سوکنایی پێدانی قوبولکردن و داکۆکی ئاپورەی خەڵکی دەرەوە سەرکەوتوو بوون کە چەک و توندەتیژی کردەوە بە قازانجی ئاشتی سیاسی و بەرد هاوێژی لەرزاندن(انتفاضه) بەرەلاکرد. سەیرئەمە هەتا بۆ کوردەکانی دەرس خوێن ورۆشنبیریش ئەم خاڵەگرنگ نەبوو کە ئەم گۆڕانکارییەی ئیکجارگرنگی سیاسەتی فەلەستینیەکان لە دوای تێپەڕینی دوو نسل لە بارودۆخێکی ئەوهادا سەری گرتبوو. گرنگایەتی و ئیعتوباری بنکەی ئازادیخوازی فەلەستین بۆ کوردەکان تەنیا لەمە دا بوو کە بە ڕاهێنان وفیرکردنی ئەندامانی حیزب کرێکاری کوردستان(پ.ک.ک.)یارمەتی کردبوو- لە حالێکدا کە ئەمە خزمەتێک بوو کە سازمانی ئامازەپێکراو دەرهەقی دەیان گروپی توندڕەو دەمارگرژ،چاوپۆشی لە هەلۆیستی سیاسی وان،ئەنجامی دابووە. ئەو زانیاری سیاسی کە کوردەکان لە ماوەی سەدەیەک بە بایی یکجارگران وەدەستیان هێنابوو ئێستا شتێکی وەکوو لۆچێک پارەی بێ بایەخ و بێ کەلک لە کاتی ئاوسانی توندداببوو. ئەمەی گرنگ بوو ئەمە بوو کە ڕووداوی هەڵەبجە ئێستا بانگێشتنی کرابوو- وئەم کردەوە هەرڕادە توندتربوو بەوڕادەیەش باشتر بوو.

ئەگەر شک ودوو دڵیەکیشم لەم بارەوە هەبوو،ئەم دوو دڵیانەش لە دوای شەوێکی درێژ کەلەگەڵ کۆمەڵیک لەدۆستانی کوردی قامیشلی تێپەڕکرد،لە ناوچوون. (قامیشلی شارێکە کوردنشینەو پەیوەندار بە سووریيە،پاڵداوە بەسنوورتورکییە،کە هێندەش لە ئێراق دوور نییە) یەکیک لەدۆستانی کوردی ئێراقی ئەم چاوپێکەوتنەی ڕێکخستبوو. خانەخوێیەکانن ئیکجاربە عەدەب دلۆڤان بوون،بەلام ئەم ئەندازیاراندو

دکتۆرانە بە هەموو ڕەخنەکانی من کە بە زێدەڕۆیی پ.ک.ک.م واردەکرد تەنیا بە لەبزی(هەڵەبجە) وڵامیان دەداوە. لە قسەکانیان بە تەواوی روون بوو کە تەنیا سازمانێک کە لە بڕیارگرتن بە تۆڵە وەرگرتنەوە قازانج دەبات پ.ک.ک.یە.

ئەم هەڵبژاردنە بەشکلی ڕەواڵەتی هەڵنژاردنەکی سەیربوو. ڕێبەری پ.ک.ک. عەولا ئەوجەلان،یەکێک لەکوردەکانی تورکییەیە،کەلەمەڕ فرهەنگی ئەوهالەکەشایەتی دوورکەوتۆتەوە کەنەک بەکوردی بەڵکوو بەتورکی بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕی. ئاپۆ پێیخۆشە بەم ناوەی بانگ کەن- خۆ بە بیرداڕێژەر دەزانی.لەگەڵ ئەو هەمووە ئەمن لە وتوویژێک کە لە16ی مارسی 1991 لەدێمشق،لەیەکێک لەماڵەکانی پارێزراو،لەگەڵ ئەون کرد،ماوەی چوارکاتژمێرکەلەگەڵ وی قسەوگوتنم هەبوو بیرکردنەوە شوێن تێکەرێکی دورست لەژێربناخەی فکری وی لەم شەڕەی کەبۆ جیابوونەوەلەتورکیە دەستپیکردوە وەدەستم نەهێنا.ئەوخۆی بەناوی مارکسیستێک، بەڵام نەک کمونیستێک، لێکدەداوە وبەیانی دەکرد-وهەر وەک بۆخۆی شی دەکردەوە بێ شک کمونیستیکی(کلاسیک) یان کمونیست بەشێوەی شۆڕەوی نەبوو. ئەو لەگەڵ ئیسلام بەوشێوەییەی کە کاری پێدکرێ دژایەتی دەکرد. بەڵام بایەخداری بەئیسلام بۆزوربەی کوردەکانی دیهاتی وسونەتی دەم پێدادەهێنا. (پ.ک.ک.لەم ئولکە لەکردەوە لێهاتووی پێڕەوابوون زۆری نیشان داوە: لە هەڵگێر وەرگێڕو هاتوولەگەڵ خەڵکی ڕاهاتووشارنشین لەمارکسیسم کەلک وەرگرتووە،و لە ڕوو بوون لەگەڵ کوردەکانی دێهاتی لەئیسلامی یارمەتی وەرگرتووە.) ئەو کوڕەی باب وەرزێرو ناشمانقشە کردستان بزرگ رابە خیال واهی میندارید آنرابعنوان ارتدکس آرزوی بیمارگونە وافرطی نامبردەاید، وعلیە آن زبان نقدوانتقاد گشودەاید، بایدگفت نقشەکردستان بزرک نە تنها آرزوی توسعەطڵبانە وافراطی نیست بەلکە استقلال یکی ازآمال بحق ملت کرد است، مگرشما نمیدانید کە سرزمین کوردستان دربین این چهارکشورتقسیم شدەاست مگرشما ازمعاهدەلۆزان وچلدران بی خبەرهستید، نمیدانید این مزرها تصنعی و مصنوعی هستند و بدست بیگانەگان ازجملە انگلیزو فرانسە آنهم بخاطرمنافع خودشان طرح زیزی وضمیمەایران وتورکیە وسوریەوعراق گردیدەاند مگرشما آنهارا انکارمیکنید پس لاف وگزاف دیموکراسی آزادیخواهی شماچێست نکند کردهادردایرەفکرمسموم شماز سایرملل استثناشدەباشند.
شما کە خود در زیرسلطە حکومت مرکزی مینالید، تعجب است مبارزەی رهایی بخشی خودرا بە مبارزە برای بە زیرسلطە درآوردن ملت کرد بدل میسازیدسەرکەوتوو ئیلاقەیەکی سەیری بە کردەوەی توندوتیژی هەیە کەئەمن ساڵانی ساڵە ئەوم بە ناوی سەرەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسیوە. ئەمن ئەم توندوتیژیەم لە(دەمارگرژانی یەهودی)،لە سەردەستەی گروپەکانی مەسیحی لبنان،ودەمارگرژانی ئێرانی ئیسلامی بینیوە. دەوڵەتانی تورکیەو ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا آپۆیان بە تڕۆڕیست ناسیوە- وڵاتانی ڕۆژئاوایش هەروا- ئەماهەڵبەتە بەیەک جیاوازی دەرۆەڕیوو هەڵتۆقیو: هەرچەند کە تورکیە- ئەم دوژمنەی سونەتیەی- کزو لاواز بکات لەبەر چاوی یۆنانیان بەڕیزو ئیحترامە. یەکێک لە دیپلۆماتەکانی

یۆنانی کە(ئاپۆ)ی باش دەناسی لە دێمشق دەیگوت: (ئاپۆ هزرێکی شیاوو مەیلەو نەرمی نییە،و پیاوێکی زۆرناوبەدەریش نییە بەڵام تورک کۆژێکی ئیکبارقابلە)

ئاپۆ کە بلۆزی خۆڵەمیشی ڕەنگی تایبەتی سەربازانی ئینگلیز لەبەر دەکات،قسەکانی خۆی بەباسکردن لە قەول ونەقڵەکان لە مارکس وانگلس،فریدریش نیچە،ئارنۆرد توین بی،هانری برگسون،وامیل دورکهایم دەڕازاندەوە. گوتی کە شوێنی قەڵەمەی ئەم گەورەپیاوانەی کاتیک خوێندەوە کەلەزانستگای ئانکاڕا بەیارمەتی خەرجی دەوڵەتی،درسی حقوقم دەخوێند. هەرئەمە کوڕێژگێلێکی وەرزیری بی دەرامەد لەنزیک (ئورفە)توایویەتی ئەوهەمووڕێگایە ببڕێ ولەئاکامدا زانستگاەتەواوبکات،ئەمەبۆخۆی جێگای ڕێزلێگرتنە سەبارەت بەنیزامی سیاسی کەئەودەیەوێ ئەوی وەلانێت. ئەوانەی کەلەدانشگاەئەویان دەناسی دەیانگوت ڕووتێکردنی بەناسیونالیسمی کوردچاخێک بووە کە توندڕەوەکانی چەپی بزوتنەوەی خوێنکارانی دەیەی 1970 ئەویان وەرنەگرتبوو.

(شک وگومان)ی ئاپۆ ئاکامی نیو سەدە بوو کە لەماوەی وی کۆماری تورکیە بەردەوام بوونی زنان وفەرهرنگ وهەتا پێناسی کوردانی حاشا کردبوو. گوتی: تورکەکان کارەکیان کردوە کە ژیانی ئێمە لە ژیانی جانەوەران داڕوخاوترە.) لە ڕاستیدا هەتا سەرهەڵدانی سەدام حوسێن و بێ عەدالەتیەکانی وی زۆرتری کوردەکانی تورکیە بە ڕووتێکردن بە سەرکوتیەکی توندوتیژی شۆڕشەکانی کردوسیاسەتی پێچەقین کە بۆ توانەوەی کوردەکان و گۆڕانی ئەوان بەتورک وەپێشەخۆ گرتبوو،خەرابترین دوژمنی خۆیان دەژماردن. گوتی: (ئەمن لە پێناساندنی پێناسی کوردی خۆم لەگەڵ دەردەسەریەکی زۆر ڕژد ڕوو بەڕوو بووم. هەر گوتنی ئەمە کە ئەمن کوردم بە مانای ئەمە بوو کە دەبوایە خۆم بۆ ڕوو بەڕوو بوون لە گەڵ دژواری وتەنگەژەوتەنگ وچەڵەمەکان ئامادەبکردبوایە و هەموو دەرگاکانم لە ڕووی خۆم بە گاڵەدراوی دەبینی.)

ئاپۆ ئێستا شک و گومانی ئەم ڕێگا درێژانەی بڕیبوو لە پشت سەربەجێهێشتبوو- مەگین ئەمە کە ئیلاقەی بە شات وشوت و لاف لێدان نیشانەیەک لە مانەوەوی ئەم شک وگومانە حیساب کەێن. بێ ئەمە کە شوێن پێیەک لە چ خۆڕانان لە قسەکانی دیاری بدەن گوتی: ( ئەمن بەهیزترین مرۆڤی کوردستانم، خەڵکی کورد ئەمن بە چاوی ڕاسپارەیەکی خودا لێدەڕوانن.) ئەو داواکاربوو کە حیزبەکەی گرنگترین، و لە مانا تەنیا حیزبی ڕاستینی خەڵکی کوردە،چونکە بە شتێک کەمتر لە سەربەخۆیی ڕازی نییە، وبەهیچ

دەسەڵاتدارێکی دەرکی دەیندارنییە. بە بۆچوونی وی (پەیوەنداری) تاوان و وەسوەسەیەکە، کە هزری هەموو دوژمنانی وی لە ئیران و تورکیە و ئیراق و شوێنەکانی دیکە،کردۆتە جێ ڕەمبازی خۆی.

دەگۆترا کە ئاپۆ لە دۆستانی خۆشەویستی جمیل الاسد،برای سەرکۆماری سوورییەیە، بەلام ئەگەر سەبارەت بە بەردەوامی پشتیوانی سوورییە- و لە وی سەیرترداکۆکی سەدام حوسێن- پرسیارەکی بەشک و گومان لە وی دەکرا بە چەتوونی هەڵدەچوو. ئەمن بێ ئاگاداری لەم بارەوە کە ئاخۆ ژنی هێناوە، و ئەگەر هێناوەیەتی خێزانی چ ڕۆڵێکی لە بزوتنەوەدا هەیە،لە سەر خاڵیکی بەهەست ترقامکم دانا. لەم پرسیارە مەبەستێکی تایبەتم نەبوو. ئەو بە وەکوو یەکی(بەرابنەری) ژن وپیاو ئاقیدەی هەبوو،وزوربەی لە شەڕکەرانی ژنی گەنج ولاو پیکیاندەهێنا،باسی خێزانیم بەو مەبەستە هێناگۆڕ هەتالە قسەکانی ئاقیدەتی و تەژی لە لەفافە و ناڕوون و خوارەپێچە و بیرچەوتی و ڕێگۆڕین ڕێ هەتڵە کردن وەدەست بێنێت. لەبەرامبەردا ئەوم بە خوێندنەوەی وتارێکی دووڕودرێژ و توسناوی وبێ ماناو تێنەگەیشتراو وڕروژاوکرد،کە لە ماوەی ویدا خێزانی ،کە بە ڕەواڵەت لە چینی مام ناوەندی بود،تاوانبارکردبەمە کە دەیەویست ئەوی بە دەسەلاتدارانی تورکیە وەبەردەست بدات،و فەرمانی بە ڕیوەبردنی عەمەلیاتێکی توندوتیژی داوبوو کە تەنگەژەیەکی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

ئەوشیکردنەوەی کە کردەی، ئەمن هێندەی لێ تینەگەیشتم، چونکە لەبەستینەی قسەکانیم ئاگاداری نەبوو،هەستم پێکرد کە رادەیەک خۆڕانان وخۆبینییە. بەشوێنی ویم دەستدریژی کردبوو کە ئەوپێی باشبوو لە بیرەخۆی بەریتەوە. خێزانی هەر ڕۆڵیکی کە لە ژیانی ویدا یان لەپ.ک.ک. بەڕیوەبردبوو ئێستا لە بیرچووبۆوە. ئەمەجێگای شک وگومان نەبوو. چەندچرکەیەک بێدەنگ بوو، کە ئەمن لە ماوەی ئەم ماوەیە،زور دڵنیا نەبووم کە لە مەترسیدا نیم. ئەما ئەو وەکوو وەی کە هیچ نەقەومابێت باسەکەی گوڕی. هەڵچونی تووڕەبوونی وی ناڕەحەتی خۆم دەستیان بەدەستی یەکداو تێبینیەکی وردی بۆناوندی هزرم هێنا کەلە سەرانسەری ئەو شەویدا تێکۆشا بووم پێناسی دیاری بکەم: ئەم پیاوە کورتەباڵایە و بە هێزە،بە دوو چاوی دەڕەش،مووی سەروسمێڵی ڕەش،بیچم وقەلافەت و هەیکەلی ئیستالینی دەهزرم دادەکێشا،کە ئایین پەرەستی و کەسایەتی و کەسینی لە گەڵ ئەو هەموو بڕوپاگەندە وپسپۆری هونەری لە سەرزاری خەلک جێگیرکرد بوو.

ئاپۆ ئیکجار بە ڕیکوپێکی و لانەدان لە یاسای فکری پەروەردەو فیرکردنی سیاسی ئاقیدەی هەبوو. لە ئوردوگای پڕوپاگەندەی حاملان و ڕاهێنەری لە (گەڵی بقاع)ی لبنان شوێنیکی سەرتایی بۆ ڕاهینانی ئیدولۆژیک تەرخان کرابوو. ئەو خۆبەخشینەرانە لکاوو هاتبوونە ناو ڕیزی پ.ک.ک. (پێکهاتوو لە کوردەکانی تورکیە وئێراق وئێران و سووریيە وهەتاکوردەکانی دانیشتووی ئوڕوپا)ی بەبێ بایەخ و بەچاوی مەتاعێکی عەیب دارو زبەروێکەوتوو دەبینی.) لاوانی دێهاتی ڕق ئەستووروتوڕە،خوێنکارانی زانستگاکانی تورکیە،و ژنانی گەنج و دەرس خوێنی شوێنەکانی دووری وەک ئوستەڕالیا وبلژیک... خولاسە هەموویان لە ژیر فیرکردن و ڕاهێنان قەراریان دەگرت کە وەشوورانەوەی مێشک دەچوو.
ئاپۆ،لە ماوەی چاوپێکەوتن و ئاخافتنمان هیچ کات دەستەواژەکی ئەو های لە کارنەکرد،بەڵام پەردەی لە سەرهەڵداوەو ئاشکرای کرد کە مانگەکان و مانگەکان ڕاهێنانی سیاسی بە پلە گرنگتر لەڕاهێنان وحاملانی شەڕی و فەندو تەگبیری شەڕی چرێکی یان شیاوتر دان بەژیانی سەخت و ڕێکوپێکی لەشییە.

گوتی کە سەرمایە دانان لە(ئیدۆلۆژی) زۆرتر لەم ڕووە گرنگە کە ئێمە(دەتوانین) لە ماوەی ساڵێک لە دوایی تەواو بوونی ڕاهێنەر، حەفتاد لە سەدتی خۆبەخشێنەرەکان لە مەیدانی شەڕ لە دەست بدین.)
بەڵام ئەمە شتێک نەبوو کە ئەو کەسینی ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ وی قەبووڵ بکات: بەسەرجەمی ئەم ئاخافتنانە ئاپۆ کەسی نەبوو کە عەمەلیاتی لە ئولکە بەڕیوەبەرێ: ئەو لەدوای ئەوەی کە سوپای تورکیە لە ماوەی نزیک بەسێ دەیە بۆ سومین کەڕەت کودتای کرد،لە تورکیە هەڵات،ئەوئیدی هیچ کات بۆتورکییەنەگەڕاوە.

لەگەڵ ئەم هەمووە قەست وبڕیاری گەنجان جامینخوازی بەکوژران- و لەئولکەی شەڕ مردن- بوو کە ئەودکتۆران وئەندازیاران وحقوق زانانی سەرکەوتووم لە قامێشلی بینی ڕادەکێشا. هەربەمجۆرە کە دەسەڵاتدارانی تورکیە هیچ کات لە پێداگرتن بەمە کە لەگەڵ لۆچێک تروریست پەیکاردەکەن هەستیان بە ماندووبوون نەدەکرد وبەردەوام ئەم خاڵەیان دووپات دەکردەوە،شێوەکانی کاری پ.ک.ک. بەبنەبانەی ڕادەی ڕق ئەستووری دوورلەڕوحم ومهرەبانی بوو. ئامانج هێرشەکانی پ.ک.ک. نەک تەنیاژاندارمی تورک بەڵکە سەربازانی دیکە،جاشەکانی ناوچەیی بوون. لەوکاتەی کە پ.ک.ک. لە 1984شەڕی سەربەخۆیی دەستپێکرد،لایانگرانی ناوبانگیان بەکوشتنی ژنان ومناڵان وسوتاندنی قوتابخانە وکوژرانی مامۆستایانێک کەزوانی تورکیان بەقوتابیانی تورک دەگوت،دەرکرد. ئاپۆ بەشێوەیەک کەگوێرادێری تێنەدەگەیاند وئیقناع نەدەکرد تاوانی ئەم وەحشیگەری وتوندوتیژییەی دژی هاووڵاتیانی کورد لەسوکری خائینان دەپستاوت کەلە ڕیزی پ.ک.ک. شوێن تێکەرو کەلێنیان کرد بوو. بەڵام ئەوکەسانەی کەئەمن

لەقامتشلی بینیمن- وهەرواکوردەکانی شوێنەکانی دیکە- فریووی ئەم قسانەی خۆفریودانیان نەدەخوارد. ڕەپ وڕاست،گەێچکەیان بەم شتانەنەدەدا.

لەبەرتوندوتیژی سەرکوتی هێزەکانی تورکیەش نیگەرانی وپەریشانیان دەرنەدەبڕی. بەتێپەڕبوونی هەرساڵێک شەڕی پ.ک.ک. بیچمەکی ناحەزترو، وبێزارتری بە خۆوەدەگرت وتۆڵە وەرگرتنەوەی هێزەکانی نیزامی و ئیستخباڕاتی تورکیەش بەو ڕادەو میزان پیسترو لەعنەتی تر دەبوو.تەنیا لەهەوەڵی دەیەی شەڕ- کە چرکەبە چرکە توندو تیژی زۆرتری بەخۆوە دەگرت- زێدەلە16/000/کوردگیانیان لەدەست دا،زێدەتر لە هەزارگوندی کوردان لە گەڵ هەرد ڕاست کەرانەوە، یان بە زۆری لە دانیشتوانیان بەتاڵ کران،و سەدان هەزار لادێیی کورد مەجبوور بوون بۆ شارەکانی دیاربەکر وآنکاراو استانبۆڵ و ازمیر، لە ڕۆژئاوای تورکیە،پەنابەرن. ئاپۆ گوتی: (لە دوایی هەڵەبجە ئێمە بەهیزتر بووین،و خۆبەخشێنەرانی زورترمان پەیداکرد.)

لەفۆرییەی 1993،دووساڵ لەدوایی چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئاپۆ،بۆ سەردان لەئوردەگایەکی پ.ک.ک. کەلە قەراخ سنووری ئیران هەڵکەوتبوو وناوەندی ڕاهێنان وفیرکردنی لاوانی کورد بۆ شەڕلەگەڵ تورکیە بوو،کوێرەڕێگایەکی زۆزانی و تەژی لە بەفرم بڕی. نەمدەزانی کە چتۆ ئەمن وەردەگرن،وئاخۆ قبووڵم دەکەن یان نا. لەو دوو ساڵیدا گۆڕایانکار وباراوبارکرانێکی ئیکجار زۆر ڕوویدابوو: کەویت بەدەستی هێزەکانی (بەرە) بە ڕیبەرایەتی ئامریکا لە هجوم و دەست بەسەرداگرتنی ئیراق ئازاد کرابوو، کوردەکانی ئێراق لە کۆتایی شەڕ ڕاپەڕیبوون و بەدەستی هێزەکانی پاشمەنەی سەدام حوسێن سەرکوت ببوون،و بۆ شاخاویەکان هەڵاتبوون،لە(داکۆکی)ئاسمانی یەکگرتووەکان کەلکیان وەرگرتبوو ولەمەی 1992یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادیان بۆ پێکهێنانی پەڕلەمانی دەڤەر سازدابوو. بەڵام ئاپۆ لە بۆشاییەک کە بە هۆی وێککەوتنی ئەم شەپۆلانە سەری هەڵدابوو کەلکی وەرگرتبوو و باشووری ئێراقی بۆ پێگەو بنکەی عەمەلیاتێکی گەورە بۆ دەست ئەندازی بۆ ناوتورکیە گۆڕیبوو. تەنگەلێکێشان وبەرفرەوان کردنی عەمەلیاتی تورکیە ئاپۆی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی باشووری ئێراق تووشی یەکتری کرد،کە بە بایی سەدان کوژراو تەواوبوو،کە زۆربەیان لە پێشمەرگەی پ.ک.ک. بوون.

کوردەکانی ئێراق لە خۆرا تێکۆشاون لەم ڕوو بەڕوو بوونە خۆیان بپارێزن. ئەمانە لە ژیر بەرەگە لێگرتن گشتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەرگەلێگرتنی ئابووری و بۆچکی تایبەتی کە سەدام حوسێن لە ئوکتەبەری 1991 لە سەر باشووری ئێراقی بەڕیوە بردبوو لە بەڕیوەردنی سەرهەردی وێران خۆیان

لەگەڵ تەنگەژەو دژواری ئیکجار زۆر دەست بە یەخە بوون،خوازیاری ئاڕووشەو دەردەسەر لەگەڵ تورکیە نەبوون کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەڵ هیرشەکانی پ.ک.ک. لە ناو تورکییە زێدەتر دەبوو. ڕیبەرانی کوردی ئێراق کە چاوەڕوانی پەیکاریان لە گەڵ هاووڵاتی کوردی خۆیان نەبوو لە بنەبانی سەبروحەوسەلە حەولیاندا ڕێگری لەمە بکەن کە پ.ک.ک. لە خاکی ئێراق وەکوو بنکە کەلک لێ وەرنەگرێت. بەڵام فیزو خۆبینی وتەکەبری ئۆجلان ئەو هێندە بوو کە گویچکەی بەم ئاگاداریانەی پەیتاپەیتا نەدەبزوت. بۆ وی هەموو کوردستان وەک یەک بوو،و سنوورەکانی دەوڵەتی مانای نەبوو. هەستی پێدەکرد خاون ماف وحەقە و دەتوانێ هەرکارێکی کە بخوازێ بکات،و بە بەرەکەتی نیو میلیون کورد تورکیە کە دانیشتووی، ئوڕوپان پارەیەکی تەواوی لە بەردەست دابوو. ئەو هەروا لیی یەقین بوو کە ناوبانگ و خۆشەویستی لە ناو کوردەکانی ئێراق بەڕادەیەکە،کە بارزانی و طاڵەبانی ناوێرن دژی پ.ک.ک. دەست بۆچەک بەرن. بەڵام کوردەکانی ئێراقی تووشی هەژاری ببوون،ڕێگایەکیان جیالەهێرش بۆسەرپ.ک.ک. نەبوو. بو دەست وێراگەین بەتەنیا ڕێگای دڵنیایی بۆ دونیای دەرەکی هیوادار بە تورکیەبوون،و مافی گومرگی کە لە بابەت فرۆشتنی قاچاخی گازۆئیل بۆ تورکیە وەدەست دەکەوێ،تەنیا بەرێچونیان بوو کە بە هۆکاری وی دەیانتوانی دەم و دەزگای لەرزۆکی ڕیوەبەری خۆیان لە سەر لاق ڕابگرن.

تورکیە لە سەرتا تێکۆشابوو بە بۆمباردمانی گوندەکانی باشووری ئێراق،کوردەکان کە نایانهەوێ لەگەڵ پ.ک.ک. بەشەڕبێن،وادایان بەشەربکات. خاوەن نەزەرانی نیزامی ڕۆژئاوا لە باشووری ئێراق لە سەرئەم بیرو بۆچوونە بوون کە باەرزایی و توندی فرۆکەکانی تورکیە لە جەرەیانی بۆمباردمانەکان زێدتر لەمە بووە کە فرۆکەوانەکان بزانن کە ئەو بۆمبانەی کە ئەوان بەریاندە دەنەوە ئاخو وەگوندەکان دەکەوێ یان بە بنکەکانی پ.ک.ک. بەڵام (نیشانە)بەهەرحال دیاری بوو،وئەم جەرەیانە بۆ تورکەکان تاکتیکەکەی تازەنەبوو.(لە 1986فرۆکەکانی شەڕکەری تورکیە بە تۆڵەی تێکۆشانی پ.ک.ک.هێرشی بوسەر بنکەکانی بارزانی کرد،وتورگوت اوزل،سەرۆک وەزیری کاتی تورکیە، لەنێوڕاستی مانگی ئەوتی ئەوسالێداگوتی: (لێگەڕێ با ئەم کارە ئاگاداری بۆ کەسانێک بێت کە شورشگێڕان پەنا دەدەن.) لەگەڵ ئەم هەمووە عەمەلیاتی دەرەوەی سنووری پ.ک.ک. ئەوهێندە دەوامی هەبوو کە تورکیە تخووبی گاڵەدا. چەند ڕۆژ دوایی کوردەکانی ئێراق لە ئاکامدا خەریکی پ.ک.ک. بوون،وسوپای تورکیە لەگەڵ هێزەکانی گەورە لەم عەمەلیاتە ناڕیکوپێکە کە داواکاری پ.ک.ک.ی لە بابەت نۆکەرایەتی پێشمەرگەکان بە تورکیە پەسنددەکرد،تداخولی کرد. ئەم عەمەلیاتەی تورکیە یەکەمین دەستدرێژی لە زنجیرە دەستدرێژیەک بوو کە لە ئاکامدا ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای نیگەران کرد،بەڵام بەنیشانەی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکیەتی ناتۆ،بۆخۆی هەنگاوێکی لەم بەستێنە هەڵنەهێنا،ولەمانادا بەم کارە

داکۆکی ڕۆژئاوای لەکوردەکانی باشووری ئێراق بە پاراستن لەبەرامبەر سەدام حوسێن بەرتەسک وسنوردارکرد.

پ.ک.ک.لە ڕووی خۆشباوەڕی وساویلکەیی فکری دەکرد کە ڕادەی داکۆکی لە وی لەکوردستانی ئێراق بو ڕادەیەکە، کە ڕێبەرانی پێشمەرگە لە ترسی تۆمەت وەپاڵدان بە بەشداری لە سەرکوتی هاووڵاتیانی کورد جەساڕەت ناکەن لەگەڵ ئەوان دەرگیربن. (ئاپۆ)یان بارودۆخی نالەباری کە پێشمەرگەکان لەگەڵ وی دەست بەیەخە بوون تێنەدەگەیی یان بۆخۆی وای فکر بۆ دەچوو لە هەل ومەرج و هەڵکەوتیکی دڵنیاو زەبر وێنەکەوتوو کە دەتوانێت لەم ئالۆزییەی کە بۆخۆی وەدیهێناوە بەرهەم وەرگرێت. ئەو لەو نیوەدا هیوادرابوو کە لەگەڵ پەیوەندییەک کە لەگاڵ یەکیتی نێشتمانی کوردستان وەدینهیناوە بتوانن لەڕیزی کوردەکانی ئێراق تەفرەقە باوێژێت.
لە بیری چوو بوو کە بەشێکی مەزنی سنوور لە گەڵ تورکیە لە ژێرحوکم و دەسەڵاتی پارتی دێموکراتی کوردستان دایە و یەکیەتی نیشتمانی لە وێ شوێن تێکەری نییە. ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی قەبووڵیان کردبوایە کە پ.ک.ک. لە خاکی ئێراق وەکوو بنکەیەک کەلک وەربگرێ، لەوحاڵیدا مەسەلەی (کوردستانی گەورە)ی ئاپۆ،بە زەرەری ئەوان بەهێز دەکرا. لە ئۆکتۆبەری 1992 کاتێک پارتی دێموکڕاتی کوردستان ویەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە عەمەلیاتێکی یەکدەست و خوێناوی بە ئالیکاری نزیکی تورکیە، پ.ک.ک.یان لە سنووری تورکیە ڕاونا،ئاپۆ،بە ڕاستی واقی وڕما. بەم هۆیە بوو کە تەنیا پایەگای پ.ک.ک.لە ئێراق،یانی بنکەی ڕاهێنانی برای ئاپۆ،کە بە نابەدڵی سپاندرابوو بۆشوێنیکی دوور لەتورکیە گوێزرایەوە. بۆ ئەوە کە پ.ک.ک.ئەم پەیامە لە بیر نەکات فرۆکەکانی جێتی تورکیە جارناجارئەم بنکەیان بۆمباردومان دەکەن.

بۆ هەڵسەنگانی خوو خدەو ورەی پ.ک.ک. بوو کە لەو زستانیدا زەحمەتی ئەو ڕێگابڕینەم لە سنووری تورکیە لە بەرە خۆم هاسان کرد. شەو بەفرێکی ئەستوور باریبوو،و ئەمن لە کازیوەی بەرەبەیانی وەڕێکەوتم،بەو نییەتە کە ئەگەر سەرکەوتوو بە چاوپێکەوتن نەبووم بتوانم بۆ کاتی ڕۆژئاوا بۆ شوێنی لێ هاتنم بگەڕێمەوە.لە وێ  پێشمەرگەی پارێزگارد لە بازێری قاچاغچیاندا چاوەڕێم بوو. ڕێگا بە تایبەت نێوەی سەرەتای وی، هێندە ڕاحەت نەبوو و پێچ و گەوەو ئانیشکەی زۆر هەبوو. لە دوایی دووساعەت بەردەوام لە ڕێگاڕۆیشتن،دەیلمانجەکەم- موئید یونس،و ئەمن و پیشمەرگەی پارێزگارد- گەینە یەکەمین پۆستی بازرەسی پ.ک.ک. کە لەگوندەکی گچکە بوو بە ناوی(زالە) وەنوساو بە کەوشەنی ئیران.

لاوێک،لە کوردەکانی سورییە، کارت وێزتمی بە تووزو نەزەرێکی سروشتی،وابزانە،بینەرو گوێ قوڵاغی ئەربابی لە شەقامی پینجەم سەرەتای سەدە،وەرگرت. بەتکای من ئەو چاوپێکەوتنەی کە بەرێ لەگەڵ ئاپۆم هەبوو بە وردی نوسی، و ون بوو. ساعەتێک تێپەڕی. وەڕەس بووم- کاتی زێدەشم کۆتایی پێدەهات. ئێستا بە ئیستلاح دەبوایە بۆ(ساعەت 10خۆم گەیاندەبوایە ئوتووبوس.) شەیتانم لەعنەت کرد! چاخێک کار بە فۆرمەلیە پەیوەندی دەبێت، ئینقلابچیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانن بەڕادەی مەلەگەی ئینگلیستان بە گرنگ گری داب و نەریتی تەشریفاتی بن. و ئەمن پ.ک.ک.م لە چوونی خۆم ئاگادار نەکردبوو، هۆیەکەشی ئەمە بوو کە ئەگەر ویستبواشم وێڕانەدەگەیشتم چونکە ڕێگایەکم بۆ ئەمکارە نەبوو.

عوسمان،برای ئاپۆ،کە بەڕواڵەت لەم کارە ولەمە کە دەیدی ساڵەکانی گەنجیم لە پشت سر بەجێهێشتووە، سەر سوڕمانی دەر دەبڕی،ئەمن کە مێوانی بانگێشتن نەکراوبووم(دەخۆدەخۆ) بۆسەرمیزی خۆی خولق و فەرموو کرد. دەیەویست قەبووڵ بکەم کە ئەو گنخاندنەی هاتۆتە پێش وڕیگر لەمە بووە کە خیرا تر لەمە ئەمن لەو هۆدە ساردە نەجات بدا،و قەبووڵ بکەم ،بەم هۆکارەبووە کە دەست وێڕاگەین بە براکەی لە سوورییە ئاڕووشەی هەبووە. ئەمن لە شک و دوو دلێ دابووم کە بۆ ئەم شۆڵە زەحمەتی بەخۆی دابێ یان کاتی بە فێرۆ دابێت،یا کوو ئاپۆ چاوپێکەوتنەکەی لە گەڵ من وەبیربووە. لەمەڕ قەڵافەتی بەرچاو بە ترسنۆکی براگەورەی نەبوو. فکر دەکەم سەردانێک لە لایان هاواڵدەرکی ئامریکایی و چاوەڕوانی دەنگوباسی دونیا،ئەم زستانەی بە بەفروو کڕیوە لە یەکهاوی و بیکدەنگی پەریشان بێنێتەدەر.

هەروا گوێچکەم بۆ قسەکانی کاک عوسمان هەڵدەخست،گۆڕانکارێەکم لە سەلماندنی هێندێک لە داخوازیەکانی هەست پێکرد. پ.ک.ک. بڕیک لە داواکاریەکانی وەلا نابوو، بەڵام نەک هەموو. عوسمان زۆر بە ڕاشکاوی گوتی کە ئاپۆ شتە (زۆرەکانی) بوخچەکردۆتەوە. ڕەنگە هەروەک کە عوسمان گوتی بەهۆی(هەڵەی حەساوکردن)بێت. ئاخافتنی لە کاتی فراوین ئەو ویشکی وبێ تام وخویی وفەرمی نەبوو کە ئەمن چاوەڕوانم دەکرد. عوسمان لە خەرمانەیەک لەگەرم وگوڕی ئاویتەوتێکەڵ بە شەوق و دڵپاکی کوردەکانی حازر لەسەرمیزفراوین،لێکدانەوەکی خۆش بەڵام خاو لەمارکسیسمی راهێناگۆڕ،کە وێدەچوو پۆختەیەک لە کۆمای وتارەکانی ئیستالین بێت، کەلە قفسەی هۆدی چاوەڕوانی بینی بووم. دو کیژی جندی بە جل و بەرگێکی وەک یەک،وهەرکام دەمانچەیان لەناوقد بەستوو ونارەنجۆکیان پێ هەڵاوەسیبوو بە بیچم و قەوارەو هەیکەلی بەڕاستی سفرەی میزیان دەڕازاندەوە. ئەم دوو کیژە لە

کوردەکانی تورکیە بوون. لەم ئۆردگایە کوردەکانی سوورییە و لبنان و خودی ئێراق وئورۆپا وهەتا ئەستەڕالیاش دەبینران کە تەعلیمیان دەدەیت.

عوسمان لە خانوبەرەیەک کە کەمتر لە دەیەک پێش بنکەی نهێنی جەلال تاڵەبەنی بوو کەلکی وەردەگرت. یکهزاروسێصد خۆبەخشێننەری لاو کە زۆربەی ژنان پێکیان دەهێنا لە ناو خیوەت دەژیان. بە پێچەوانە ساردو سەرما،ئەم ژنانە سۆلی سووکیان لە پێ دابوو. بێ گومان ئەمە تەنیا بە مەبەستی عادەت کردن بە خۆڕاگری تەنگانە بوو دەنا دەستی پ.ک.ک. لە مەر ئابووری و مالی کراوەبوو،جگە لەمەش سنووری ئێران لە یەک هەنگاوی بوو،و کوردەکان لە کۆنەوە کە کەس وەبیری نەدەهات لە زستانان پێلاوی گرمیان لە لاق دەکرد کە لە گەڵ کەش و هەواو ساردو سری شاخاویەکان باشترڕێکدەکەوتن ودەگونجان. بی دنەو دڵگەرمی و هاندانی من لەبزی(هەڵەبجە)ی گەلیک جار لە ناو ئاخاتنی ئەو خۆبەخشێنەرانە دا دەهات،و ئەمە هۆکاری ملڕکیشانیان بەپ.ک.ک. بوو.ئەم گەنجانە بە تەواوی بەخولق کراوو ڕاهینەراوی ئاپۆ گۆڕابوون- ئەمانە پیاو ژنانی نوێی پ.ک.ک. بوون.

موئید دیلمانجی کوردم، کە مرۆڤێکی بەئاوەزپەسند و هێمن وهێدی ولەسەرخۆ بوو لەماوەی سەردەمێک کە لە هۆدەی چاوەڕوانی دانیشتبووین و چاوەنواڕی ئیجازەی چاوپێکەوتن بوین لەگەڵ سێ کەس لەم خۆبەخشێنەرانەی گەنج چووناو باسێکی خۆرایی وبێ تام. ئەو بەتایبەت لە کەمتەرخەمیان بە لە بەر چاوگرتنی هەڵ ومەرجێک کە ئەو چەند مانگ پێش قبوڵیان کردبوو و لەجێگای خۆ بەدەستەوەدان بە پێشمەرگەکان بوو یەکجارحێجزبوو. ئەم گروپە ڕیککەوتنی کوردەکانی ئێراقیان،ئەویش بۆ ئەم خودموختارییەی نیوەچڵ،بە چاوی سووک و چروک لێدەڕوانێ. ئەم خۆبەخشێنەرانە گوتیان کە هەتا ئیستاش پ.ک.ک. پێشمەرگەکانی لە ڕێگای ئیراق بۆ تورکیە دەنێرێت: ئەوان لە سنووری ئیران بەدانی بەرتیل واردی ئێراق دەکات(دواییەکان تێگەییم کە پ،ک،ک، بەپارە پوستەکانی بازرەسی کوردەکانی ئیراقی کە بەم مەبەستە وەدیهاتبوون کە ئەوان لە تۆڕی قەفەزی زیندان ڕابگرن،کڕیبوو. جەنگاوەرانی پ.ک.ک. دەیانتوانی ڕاستەوخۆ بۆناوخاکی ئێراق بچن و لە سنوورنزیک بنەوە وعەمەلیاتی دژی تورک دەست پێبکەن) لێڕاوانینی توورەبوونی موئید،ئەم کابرایەی هێدی و بەئاوەز، و چاوکراوە،لەو بەرزایی هەشتهزار پێیی، وئەو گەڵیەی دوور کەوتوو،لەو چلەی زستان، ئیقناعی کردم بەمە کە پ.ک.ک. هێزێکە مەترسیدار- یەویش تەنیا نەک بەم هۆیە کە سێ بەخشێنەرەی ئەوهایان دەگوت ودووپات وسێ پاتیان دەکردەوە.

لەدوایی فراوین بۆ شوێنی پێشومان گەڕاینەوە،ئێستا تالۆکەم دەکرد کە بەر لە تاریکان بگەینە مەقسەد. گەڕانەوەمان عەزابێک بوو: بەفر لە بەرگزنگی هەتاو لە نێوەی رۆژێدا تووابۆوە، دەبوایە لەو جۆگەلانەی کە ئیدی سەهۆڵ نەیبەستبوون لیماندابوایە. ڕێگا باریک بوو پاڵی وەشانی کێو دابوو، لە ترسی بپسانی ڕەنووی بەفر،دەبوایە لە ڕێگا ڕۆین و شیاربواین و ئیحتییاتمان بکردبوایە. لە شوێنێک، لە دەرەوەی گوندەکی بەرەڵلا کراو، لۆچێک سەوزی شەختەلێدراو چەند ئالای ڕەش تێپەڕین کە نیشانەی گۆرستان بوو: گڵکۆی شەهیدان، ئەوپێشمەرگەکانەی کە لە ماوەی دەیەی دوورودرێژ لەپێناو کوردستان پەیکاریان کردبوو و کوژرابوون. ئەم بەیداخانەی کەبەسۆزەی بای زستانی دەلەرین و دەنگیان لێدەهات ئەمنیان بۆ ئەم فکرە برد کە کوردەکانیش نەتەوەیەکی سەیرو سەمەرەن: بەو ڕادەیەی کە لە فکری مردوەکانیان دان لە خەمی زیندوەکانیان دانین! هیچ فکرم نەدەکرد کە ئەمە هەست وئیحساسیک بێت بەتواوی ڕوژهەلاتی، لە تێگەین وحالێیبوونی قەزاوقەدەر،یان جۆرە بێ هەستی لە بەرامبەر کوێرەوەری کەسێک لە قبوڵی شەهید بوونی بێ کۆتایی بۆ کردستان.

دورست ساڵیک بەر لە وی، ڕۆژێکی تۆفانیم لەگەڵ تەیمورعەولا تێپەڕکردبوو، کە لاوێکی شانزدەساڵە،بە پێچوانە کە تازە مووی لە پشت لیوی ڕواوە هەر سێزەچواردە ساڵەخۆیا دەکات. لە بەفرێکی قورس وئاویتە بە بارزان یانی شڵێوە،لە سلیمانیە بۆ باکوور چووبووم،کات ژمیرێکم بەسەرگەردانی ڕابواردبوو، هەتا لە ئاکامدا ئەوم لە یەکێک لە(شارۆچکەکانی پیرۆزی)پیس وپەڵۆسی سەدام حوسین لە قەراخ کلار کە ڕیگایەکی هێندە لە سنووری ئێران دوورنییە دۆزیەوە. ئەو کات فکری بۆ دەچوو کە تەنیا کەسێک بێت کە لە جینوسایدی(ئەنفال) گیانی ڕزگار کردبێت(دواییەکان چەند کەسی دیکە لەم پاشمەنانە پەیدابوون) بە بوونی ئینسان کوژانی سەدام حوسێن کە بە ئازادی لە (کوردستانی ئازاد) لەهاتوو چوو دابوون، ژیانی ئەم گەنجە هەر چرکەیەک لە مەترسی دابوو: لەگەڵ ئەم هەمووە تەیمور بە بێ داکۆکی لە دەمایلی خەتەکانی جەبهەی ڕژیم دەژیا کە داهێنانی لە شێوەکانی تۆڵە ئاستاندەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ناوبانێکی ئەفسانەیی کەلک وەرگرتبوو.

پێشتر چەندین کەڕەت ئەویان بۆ وتووێژ بۆ تۆڕەکانی تولەفزیۆنی دەرەمی،بەجل وبەرگی پێشمەرگایەتی –کەواپانتۆڵ ویان ڕانک وچۆغەڵە وپێچ وکلاو یان ئاغابانو وپستبیند،پۆشەبەچەک –بۆسلیمانی بردبوو.سەرتاوام فکردەکرد هۆی ئەمە کەئەوها بەئارامی وپشوودرێژی ورەوانی قسەدەکات عەزاب ودەردی دڵی دەردەبڕی غروری لاوی یان لەڕاستیدامێرانی وئازایەتی وبوێری وبەجەرگی چاونەترسی بەناوبانگی کوردی بێت. پەیتاپەیتا دەستەکانی بە سەرکورەی نەوتی ڕادەداشت وبەناسەرکەوتوانە تێدەکۆشاهۆدەکە گەرم کات. لەسەردۆشگێک دانیشتبوو،ولەگەڵ فنجانی چایەکەی گەمە دەکرد،و بەدەنگێک بەرز بەلام لەسەرخۆچێرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕاوە،وەک وەی بڵیی قوتابیەک کە دەرسی

شیمی کەباش لەبەرکردوە بۆ مامۆستاکەی بخوێنیتەوە. گوتی کە لەوبەیانەی ئاوریلی 1988 سەربازانی ئێراقی کە لە هەل ومەرج دالەگەڵ پێشمەرگان لەشەڕدابوون لەماوەی یەکیک لەو عەمەلیات هەرچەند جاش گرتن بۆ دێهاتیان هاتن. گوتی بەپێچەوانەی پێشو کەخۆیان لەماڵەکان دەهاویشت ومشموڵین بەزۆرەملی بۆ هێزی جاش دەبردن ئەمجاربەئێمەیان(درووۆگوت) ئەوباوکی ودایکی وسێ خوشکی گچکەتری وشش سەت کەسی خەکی دە بوون کەبۆ قەلایچەی سوپایی(خوروتو)یان بردین،کوردەکانی دیکەش لەوێ بوون،ئەوانیان بۆماوەی دەرۆژ لە شوێنێکی بەرفرەوان کەبانێکی بەرزی هەبوو ڕاگرتن. گوتی: ( ئێمەهەتائەوکایتش دەترساین وهەستن پێدەکردکەئێمەدەکوژن،چونکە دەمانزانی کاتێک مرۆڤ لە ئاوەدانی بۆ دەرەوەبەرن ئیدی بەلاوچورتم دەست وجێ وحەتمییە.)

دوایی ئەوانیان لەناوکامێون هاویشتن وبۆ ڕۆژهەلات بردن،و بۆ پەگەیەک لە(تۆبزاوە) لەدەرەوەی کەرکووک. هەلێان هاواردن یانی پیوەکانیان لە ژنان و منداڵەکانیانی ژێر هەژدەسالە جیاکردنەوە،ڕووتیان کردنەوە، بوخۆرێک کەجگەلە ژێرکراس لەبەریاندانەبوو،لەئاکامدادەستبندیان لێدان وبەکامیون ئەوانیان بۆ شوێنی چاەرنووسی نامەعلووم بردن. باوکی تەیمووروگروپێک لەپیاوەکانی دیکە بیست ڕۆژدوای واردبوون بە(تۆبزاوە)بەمۆرە ون بوون. نۆرەی تەیموورو دەرۆژ دوایی بوو. ئەوکات کە ئەوو دایکی و خوشکەکانی سەدان کەس وبنەماڵەی دیکەیان بە زۆرەملی لەسی کامیۆنی میجدارئاخنین وبۆباکووریان بردن. تەواوی کاتی رۆژ بێ ڕاوەستان ڕۆیشتن. چ نان وئاویان نەدانێ،مەجبوور هەرلەکامێونەکاندا دەچوونەسەرپێشاو. ئەمەنە یەکەمین کەسانێک نەبوون کەئەوایان دەکرد.کامێوەنەکان شەوانە لەشوێنەک ڕایانگرت. چۆڕەئاوەکیان دانێ،دوایی ڕیگای نزیکەی ساعەتیکمان برِی. چاخێک کامیۆنەکان لەئاکامدا ڕایانگرت هەواتاریک ببوو،بەلام تەیموور لەبەرشەبەقی ڕۆناکایی چراکانی ماشینەکان توانی بەرلەهێنانەخوار سەحنەکە بدینی. سربازانی چەکدار گەمارۆیان دان کەهەڵنەین.

هەرکامێونیك لەرەخ قوڵکەکی کەم قوڵکراوڕاوەستابوو. سەربازەکان ئەوانیان بۆ خوارەوەی خۆلاوی پاڵپێوەنا. هەتائەوانی کەدەگریان ئێستا بێدەنگ بوون. تەیمورگوتی هەربەمجۆرەی کەلەگەڵ دایکی وخوشکەکانی دانیشتبوون هەستی پێکرد کە بەزوویی دەمرێ. گوتی چرکەتیدەپەڕین،( بەلام فکرم جگەلەمە بەشتکی دیکە خەریک نەبوو.) لەدوایی سەردەمیک کەپێم وابوونیوساعەت دەبوو سەربازەکان ڕەگباریان لیکردین.گوتی: (بۆ دەمێک درێژهەرکەس کەدەبزوت ڕگباریان لیدەکرد.)تەیمورکەگوللەوەشانی چەپەی کەوتبوو لەبن هەنگڵی وەدەرکەوتبوو،خۆی لە قوڵکەکەدەرکیشا،ئەفسەرفرمانی دا،تویموریان

لەناوقوڵکەکەهاویشتەوە. گوللەی دووەمیشی وێکەوت ئەوجار وە باریکایی پشتی. سەربازەکان ڕۆیین کە بۆڵدزیر بێنن کە قووڵکەکان پڕ کەنەوە، تەیمورهەستاوەسەر پێ. کچکەکی بریندارى بینی کە بڕێک لە خۆی گەورەتربوو-هەنگاوێک لە وی دوور بوو لە ناو کوژراوەکان کەوتبوو. تەیموورگوتی: ( لەگەڵ من وەرە...)کیژەکە گوتی: (نا لە سەربازەکان دەترسم.) ئەو کردەوەی لە گیاندارەو ڕووەک ڕوودەدا بۆمانەوی ئەوپەڕی وەرگرت. چاوەڕوان بوو هەتا کامێۆنەکانی ئەرتەشی کە بە یارمەتی شەبەقی چراکان بەدوای پاشمەنەی ئیحتمالی دەگەڕان تێپەڕی،دوای خۆی لە قووڵکە دەرکێشا،بە چنچڕوکانی لە یەکێک لە بە سەریەکداکۆماکراوەکانی خۆڵ، کە بۆڵدزێرەکان بۆ قەراخ قووڵکەکیان هەڵدابۆوە قەبرێکی بۆ خۆی سازدا،و دەویداخۆی مەلاس و حاشاردا. هەرکات کە شەبەقی چرای کامێونی ئەرتەشی تێدەپەڕی بۆ قوولکەی دووەمی دەچوو،و بەمجۆرە خۆی دەشاردەوە. لە دوای ئەوەی کە خۆی گەیاندە قوولکەی چوارەم ئیدی بێ هۆش بوو،چاخێک وەخۆ هاتەوە،قوولکەکانیان پڕکردبوونەوە،بەلاّم سەربازهێشتا لە دەوروبەربوون،چوارێیانەکی بینی ڕێگای چوارمی هەڵبژارد کە تازەتر بوو،دوو ساعەت ڕۆیی، دەنگی عەپەعەپی سەگانی وەبەرگوێچکە کەوت،و عەرەبێکی چادرنشین بە چرا گازەکی دستی لە چادرهاتەدەر،ودەستی گرت.

تەیمورگوتی برینەکانم خوێنرێژیان دەکرد، ئەمن عارەبیم نەدەزانی ئەویش کوردی نەدەزانی.) بەهیما ئیشارە حاڵیمکردبرسیمە،چیشتیان دامێ. عەرەبی سارانشین برینەکەی شووشتم. ئەم بنەماڵە سێ ڕۆژ دوایی جلی عارەبیان لەبەر ئەوی کرد و ئەویان بۆماڵی یەکێک لە خزمەکانیان لە سەماوانارد. پەنادان بە تەیموور ژیانی مرۆڤی سارانشین و بنەماڵەکەیان لە ئیراقی سەدام حوسێن بەتوندی لە مەترسی دەخست،بەلاّم بنەماڵە لە ناوچە نەمانەوە. کەس و کاری کابرا بۆ ئەوەی شک وگومانیک لەسەماوا هەڵنەستێنێ مەجبوور سەدان مایل ڕێگایان بڕی هەتا لە بەغدا بۆ برینەکانی دەرمان وەرگرن. دوو ساڵ و نیو هەرگیز تەیموور لە سەماوا لەماڵ نەهاتە دەر. زوانی عارەبی فیربوو،ئەو هێندە کە کوردی لەبیردەچوو،و لە گەڵ منالّەکانی بنەماڵەکە،کە سڕی بوونی ئەویان دەرنەبڕی،گەمەی دەکرد.

یەکێک لەکورەکانی ئەوبنەماڵەیە خزمەتی سەربازی لەزاخۆ دەکرد،کەشارێکە لەکوردستان،لەسنووری باشووری ڕۆژئاوا لەگەڵ تورکیە. ئەولاوە لەگەڵ یەکێک لەسەربارانی کورد هاقاڵ بوو،لەئاکامدا بە هۆی وی خەبەری بۆ مامی تەیموور نارد،بابی ئەم سەربازەکوردە،پەیامەکەی گەیاند. جارێکی دیکە خەڵکی ئاسایی وعەرەب وکورد ژیانی خۆیان بەهۆی کەسانێک کەنەدەناسی لەمەترسی دەخست. مامی تەێمور دڵنیابوو کە تەیموورو هەمووبنەماڵەکەی کوژراون،بەلاّم لەگەڵ ئەم هەموولەبن داپۆشراوەی ئەم چیرۆکە بەبەهانەیە کەدەیەوێ تراکتۆرێکی دەستی دووەم بکڕێ،بەرەو(سەماوا)ی گرتەبەر. جاری ئەوەڵ

سەرکەوتوو بەدۆزینەوەی تەیمورنەبوو. بەڵام کەرەتی دووهەم دوو لەمامی تەیموور لەگەل سەربازی کەس وکاری بنەماڵەکە وسەربازی کوردی دۆستی وی ئەویان بۆ(سەماوا) چوون وتەیمووریانسواری ماشین کردو نزیکەی نیوەشەو بۆ(کلار)یان هیناوە. ئەم مەسەلە لەسپتامبەری 1990،کموکەیەک دوایی هێرشی ئێراق بۆسەرکەویت بوو. پۆلیس هێشتا لەشەقامەکانی هەرشارێک وشارۆچکەیەک دابوو. لەتەواوی شەورۆژدا پێناسی خەلکیان چاوبەسەردادەخشاند وبازرەسی دەکرد.

تەیموورگفت: ( لە بینینی مامەکانم خۆشحاڵ بووم،بەڵام بەرادەیەک لە قسەهێنان وبەردن وسیخوران دەترسام کە نەمدەوێرا بۆ قوتابخانەبچم. لەو مانگاندا حکوومەتی بەعس لە باشووری ئێراق،پێگەکانی پۆلیس لە کەلێن قوژبنی شەقامەکان هەموودانیشتوانی شارەکانی بەوردی لەژێرچاوەدێری دەگرت. کاتێک بنەماڵەکەی زانی کە پۆلیس بەدوای تەیمووردادەگەرێ ئەویان بۆ شوێنکی ئەمین بۆ زۆزانی نزیک برد و خەرێکی شوانیان کرد- بنەماڵەکەی دەنگۆیان بڵاوکردەوە کە بۆ بەغداچووە هەتا لە رەستوورانێک کاربکات. ئەو تەنیا لە فۆرییەی دوایی،لە دوایی ئازادکردنی کەویت بۆ ماڵی مامی گەراوە. ئێستا مامی، سێ کەسی دیکەو تەیموور هەموو چەکدار بوون. مامی دەیگوت: ( بەڵام بەنزیکی کردنی سوپای سەدام،دەست وپێێ وجیرەخۆرانی- کەلە هەموو شوێنێکن- هێستانیگەرانی سەلامەتی وین .) بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ بنەماڵەی سەماوایی،و سوپاس لەوان ،کە هەر وا لە ناوچە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەت بوون،هێشتازوو بوو. چوونی تەیموریش بۆ قوتابخانە زۆرمەترسیداربوو- ئیکجارپرمەترسی بوو- وئەو تەنیاشتێک بوو کەئەو ئارەزوی بوو. تەیموورلەناکاوسەری هەڵبری،بەوێنەکانی رەش وسپی باوکی ومامی کوژراوی لە دیواری روانی وگوتی: ( زورحێجزم. هیچ کات ناپرسم کە چ کرا چ بوو ئەم شانسم هێنا.) لیی زیدەکرد: (شوێنی برینەکانم دێشێ،ژان دەکەن، دەمەوێ بۆلای دکتۆربچم...) کراسی هەڵداوە جێگاگوللەکانی نیشان دا.

لە بیستنی قسەی تەیموور پستم لەرزی، و لە کەمتەرخەمی رێبەرانی کورد کە بەرواڵەت روو تێکردن بەو لاوەیان سنووردار بە کەلک وەرگرتنەی پروپاگەندەی نمایشی لە سەر شاشەی تەلەفزیون کردە بوو،هەستم بە حێجز بوون کرد. بە بێدەنگی لەگەڵ دیلمانجم دیسان بۆ باشوور چووین. پەریشانی و حێجزبوونم وەکوو نەخۆشیەکی پرژان و بەدمەوەچوون بوو،چونکە دیلمانجەکەم گوتی: (ئەگەرتوانیبوامە تەیموورم لە قەلاندۆش دەکرد و لە گەڵ خۆم دەهێنا.)داوێنی تاڵەبانی و بارزانی و هەرکوردێکی خاوەن دەسەلات وشوێن تێکەرم گرت،و لە بەریان پارامەوە و تکام لێکردن کە تەیمووری وەکووتەنیا پاشمەنەی عەمەلیاتی ئەنفال(جینوساید)دەبێ لەدەست وێگراهەشتنی سەدام دووربکەن وبۆ دەرمانکردن و خوێندن

بۆ دەرەوەی بنێرن. وەکوو هاوالّدەرێک،دەرەکیەک،پەیوەندی بە من نەبوو کە کوردەکان چ دەکەن یان ناکەن،بەڵام لە ڕووی ساویلکەیی فکرم دەکرد کە ڕەنگە دواییەکان،ڕۆژێک بەهۆکاری ڕەگەزبڕینەوە دژی ڕژیمی سەدام داوای سزابکرێت،و لەو حاڵەی دا بوونی پاشماوەکی وەک تەیموورئیکجار پێکهێنەری گرنگایەتی دەبێ.

فکردەکەم هێندیک زێدەڕۆیم کردبێت. تاڵەبانی لە دوایی ئەوەی قسەکانمی گوێلێگرت باسکی گرتم و بەشێوەیەکی هێمن و لە سەرخۆ گوتی: (سەدان هەزارتەیموور لەکوردستانن.)هەڵبەتە بەڕواڵەت کە لیی بڕوانی قسەکەی نادورستە. ئەم شێوە هزرو لێکدانەوە لە بنەبانی لێک ولووس کردنی لێوەکانی تیژی مێژوو دەنگێن بەڕاستی گوتن بوو، وهەر چەشنە هەست پێکردنی بەرپسیارەتی کەسێنی لەناودەبرد. ئەم دەڤەرە بۆکەسانێکی وەک سەدام حوسێن- و هەتا بارزانی و تاڵەبانی کە لە ماوەی چەند دەیە تووشی خەباتی پەرچەنگ وپەیکار دەسەڵاتی بوونە کە زوربەی گەوزاو بە فیتنەوگێچەل ڕەوشتی خەراپ بووە- ژێهاتی قبوول بوو. خولاسە لێپرسینەوە حیساب لێ کێشان لە ڕژیم سەدام حوسێن لە بەبەت ڕەوشتی ناحەزو گڵاو، کردبووی هیچ گرنگایەتی بۆ کوردەکان لە دەست نەدابوو،و شایەدی تەیموور لەم بەستێنە ئەمرێکی زۆرگرنگ بوو. ئاتاج نییە بەمە کە دەرەکیەک بە نییەت پاکی شتێکی تێبگات ئەوهەی کە ئاشکراو لە بەر چاوانە چ حەوجێ بە شێکردنەوە ئازانتی و لێکدانەوەو بەیانکردنە.

بەردەوام لە سەر ئەم جەرەیانە ڕاوەستام خۆم گنخاند... دوو هاوین دوایی لە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ تورکیە لە بارزان ویستام،هەتا سیلە چاوێک لەو کاولانەی ئەم گوندە بکەم. بارزانیەکان چ لەسەردەمی عوسمانیەکان و چ لە پاش ئەوی لە حکوومەتی ئینگلیزیەکان و ڕژیمی سەلتەنەتی و ڕژیمەکانی جۆراجۆری کۆماری دەیان کەڕەت بە هۆکاری ڕاپەڕین و وەکوڵهاتنی چەندپات بووەی  وەکوو (نموونە) یەکی ئامۆجگاری وەرگرتنەکی هەڵبژێردراو دیاریکراو بوون. بەڵام کاتێکی کە سەدام حوسێن از سزادانی کوردستان تەواو بوو، بارزانیش ئیدی گوندێکی وێران از هەزاران ئاوایی دیکە بوو کە لەگەڵ هەردڕاست کرابووە، و گوندەکیش بوو کە زەویووزارێکی بە پیتی نەبوو بە بەرەکەتی سەدەقەی ئاڵمانیەکان سەد خانوەکی لە بەردەست دورستکردن دابوو،و ژیانی گوندەیی دەڕۆیی هەتا دیسان ڕیشە باژوات.

هەروەک کەلەگەڵ دووکەس لە هاڤاڵانی ئامریکایی کە بۆ یەکەمین جار لە کوردستانیان سەردان دەکرد لە بەدەورەی کەلاوەکاندا خول وسووڕماندەدا،تووشی عبدوالسلام بارزانی بووین، کەلەگەرمایەکی

115دەرجە بۆبن سێبەری دارێکی پەناەبردبوو. عەبدوالسلام کەناوی باپیرەگەورەی باناوبانگیان لەوی نابوو کەعوسمانیان لەسەردەرانەی شەڕی یەکەمی دونیاگربە هۆی هاودەستی لەگەڵ ڕووسییە لەسێدارەیان دابوو،بەرلە گەڕانەوە بۆ بارزان لە 1991لەسەردەمی دوورخراوەیی دوورودرێژی لەئێران مامۆستای زوانی عەرەبی وئینگلیزی بوو: ئەولەساڵی 1939 لەم گوندە لەدایک ببوو،وبارزانی بەکۆمڵگای مەسیحی وجولەکە وەبیر بوو کەسەردەمیک بوو رۆییبوون. شوێنی کلیساو مزگەوت وکەنیسەی نیشاندا کە بەرلە خاپووربوون بەماددەی تەقێنەوە پێکەوە لەڕەخ یەک دەژیان. گوتی: ( اسحاق وەبیردێنمەوە کەبەجووتی گایەکانی نێری زەوی دەکێڵا.) ئاماژەی بەمە بوو کەبەپیچەوانەی گەلیک لەشوێنەکانی دیکەی دونیا،کوردستان بەجەلەکانی ئیمکان دەدا کەبەرەجووت وجێجووت وموووچەو زمینی خۆیان هەبێت وکاری تێدابەکەن حاسڵاتی لێ ڕەعەمەڵ بێنن.

گوتی: (هەمووومان تاسەو ئارەزومان ئەوە بوو کەبۆئێرە بگەڕینەوە- بۆخۆی و نۆمندالـەکانی،کە هەموو باشیان خۆیندبوو ولە وڵاتانی جۆراجۆر وەک تاران هەتا اورلاندی،فلوریدا،بڵاوببوون. بەڵام بەلانی کەم بۆخۆی گەڕابۆوە،هەر وەک دەمان بینین. گوتی: ( هێشتا دوو دڵیم، لەو دڕندەیە وەحشییە هەیە.) مەبەستی سەدام حوسێن،و ئاماژەی بەم بارودۆخە نائارخەینە بوو کە(شەڕی ناتەواوی) بووش لەکوردستان پێکێهێنابوو. لە ڕاستیدا سەرجەمی ژیانی ئەم پیاوە لە پەریشانی وبی سەروسامانی تێپەڕببوو.

مەلامستەفابارزانی و برای مەزنی وی شێخ ئەحمەد، کە پیاوەکی ئیکجارجێگای ڕێزوئیحتڕام بەڵام باردوخێکی سەیر. بۆ هەوەڵین کەڕەت بارزانیان لە سەرەتای دەیەی 1930 بەناوندی ڕووتیکردن هێناو تووشی چورتم ودەردەسەریان کرد. ئەو دووە دژی نەخشەی ئینگلیزیەکان بوون کە دەیانویست هۆزەکانی مەسیحی حەکاری لە بارزان و دەوروپشتی وی نشتەجێ بکەن (حەکاری ناوچەیەکە شاخاوی وزۆزانی و ئیکجارحاسێ و چەخت و هەڵەمووت،هەڵکەوتوو لە باشوور، و دورست لەو لای سنوور) لەشەڕی دونیاگری هەوەڵ مەسیحیەکانی حەکاری لە ڕەخ ڕووسییەی هاودین و مەزەبیان لە گەڵ عوسمانی بەشەڕ هاتبوون،لە شاخاوەکانی وێ ڕاونرابوون،و لە قەراخ گۆلی ورمێ (ارومیە)خۆیان گرتبۆوە.. بریتانیا ئەم جەنگاوەرە شاخاویانەی بەناوی(هێزەکانی چریکی (جاش)وەک نیزامی آشوری) وەرگرت. ئەم شیوەیە، یانی کەلک وەرگرتن لە کەمایەتیەکانی قەومی بۆ پاراستنی ئارامی و ئەمنیەت،یەکێک لە شێوەی داگیرکارانی جێ کەوتووبوو. ئەم چریکانی ویکچووی نیزامی(جاش) لە ڕەخ سوپای تازەوەسەرپێ کەوتووی ئیراق بەفەماندەری ئەفسەرانی ئینگلیز لەگەڵ شۆڕشگێرانی کورد شەڕیان کرد.

تێبینی: 3- عبدالسلام وەبیری دەهێنا کە جارێک یەکێک لەمریدانی شێخ بەوی گوت کەخەڵک شتی خەراپ دەلێن، ودەڵێن کە شێخ بەڕۆژو نابێت و نوێژ ناکات. گوتی: (تەنیائەمە دەڵێن.؟) کاتێک گوتم ئەوشێخە فرقەیەکی تایبەتی پێکهێناوە،بەشێوەکی زیرەکانە گوتی: (ئەم داوایە لەوانەیە زۆر لەڕاستی بەدوورنەبێت.)پاشان ئایەتە کی لە قورئان خوێندەوە: (نیوژبکەن هەتا ئەمنتان لە بیر بێت.) وگوتی ئێمە پاڵپشت بە وەبیر هێنانەوەی خودایە، هەتا نویژ کردن. هێندیک دەڵێن: مرۆڤ دەبێ لە شەو ڕۆژدا سێ یان پێنج جار نوێژ بکات،بەڵام ئەگەر خودا دایم و دەرهەم لە دڵی مرۆڤ دابێت کە هەمیشەهەیە،چ لە خەو چ لە وەخەبەربوون، چ لە کاتی کارو شۆل و ڕیگاڕۆیشتن...)

ئینگلیزیەکان لە ئاکامدا هێزەکانی(جاشی ئاسۆریان)بەرەڵڵا کردن. ئەم ئەمرە ئاکامی گۆڕانی چاکتریووشیاوتری ئەمپەڕاتوری بوو،و دواڕۆژێکی تاڵ وناخۆشی بە دواوە هەبوو. بریتانیا لە ئاکامدا ڕەزامەندی کۆمەڵگای نێونەتەوەی سەبارەت بە نەوتی کەرکووک لە 1926وەرگرت،و بە گۆڕانی سەرپەرشتی بە ناسینی ڕواڵەتی ئیراق وەکوو وڵاتێکی سەر بەخۆ لە 1932 حەولیدادەمارگرژانی عەرەب بێدەنگ بکات. گوێزتنەوە دەسەڵات بە دەوڵەتی خۆسازدراوی ئێراق بە مانای کۆتایی داکۆکی بریتانیا لە(جاشەکانی ئاشۆڕی) بوو، کە هەر دوو کۆمەلگای عەرب و کورد لێیان بێزار بوون. کوردەکانیش لەم بارودۆخە بەحق ترسیان هەبوو،و ئەویان بە مانای کۆتایی خودموختاری خۆیان- ئیدی چ بگات بە سەربەخۆیی- لێکەداوە، و بە توندی ناڕازی بوون. ئەو گوێزتنەوەی حاکمیەت بەدەوڵەتی دەسکری ئێراق- زێدە لەمە لە مەڕ ئەم خەریتەیەی کە ئینگلیزیەکان بۆ نشتەجێکردنی ئاشۆریەکان هەیان بووبە- هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش برایانی بارزانی ئالیکاری کرد.

لە سەردەم وچەرخێکدا کە چاوپۆشی زۆرتر باو بوو،دوو براوجامینخوازنی ئەوانیان بۆ باکووری ئێراق دوورخستنەوە ولە دوایی سەردەمێکیان لەسلیمانیە لەژێرچاوەدێری خستن. شیخ ئەحمەد ڕیبەری دین ودنیای بارزانی بوو،بەڵام ئەمە مەلامستەفا بوو کەلە سلیمانیە هەڵات وئاڵای شۆڕشی سەرەتالە 1943 پاشان لە 1945 هەڵدا. ئینگلیزیەکان لە لەجەنگەی شەری دووەمی دونیاگر،ئەم جەرەیانەیان زۆرپێخۆش نەبوو. هێزەکی کارتێکەریان بۆ سەرکوتی ئەم دوو برایەنارد. عبدالسلام کە منداڵێک ئەوکای منداڵ بوو لەگەڵ مەمامەکانی لەچیاکانی ئیراق بۆ ئیران هەڵات،ولەئیران بارزانیەکان بە پشتیوانێکی مەزنی (کۆماری تەمەن کورتی مەهاباد)گۆڕان.

له 1947 کاتێک ژەنەڕاڵ بارزانی لە جیاتی گەرانەوە بۆئێراق و ڕوو بەڕووبوون لەگەڵ تۆمەتی شۆڕش یان قبوولی پەنابەری لە ئیران بڕیاری ڕێگا بڕینی بەناوبانگ وحەماسەی خۆیان بۆ یەکیەتی شووڕەوی گرت،باوکی عبدالسلام لەگەڵ وی چوو. بەڵام عبدالسلام، شیخ ئەحمەد وزوربەی پیاوەکان وهەموو بنەماڵەکان لە سنوورئاوابوون وبۆ ئیراق هاتنەوە و خۆیان بەدەستەوەدا. سەرەتا ئەوانیان لەکوردستان زیندانی کردن،پاشان بۆ کەربەلا- شاری پیرۆزی شیعەکان- ناردن، و دوایی بۆ لەنگەرگای بەسرەو بەغدایان دوورخستنەوە. لە 1958 کارگێرانی ئینقلابی کە حکوومەتی سەلتەنەتی ئیراقیان ڕووخاند بوو شیخ ئەحمەدیان ئازادکرد،و ئەودەست بەجێ لە بابەت مەلامستەفاو هاڤاڵانی دەست بەکاربوو. عبدالسلام بۆ بارزان گەڕاوە،باوکی لە 1961چوو پاڵ شۆرشی بارزان،لە 1975 لە(ئاش بەتاڵ) بۆئیران هەڵات،پاشان بۆئیراق گەڕاوەبەڵام بۆ باکووردوورخراوە.

عندالسلام لەسەریەک جواردەساڵ لەبارزان بووە،وبەپێچەانەی حێجزبوونێک کەلە خۆتێهەڵقوتاندنی دەرەکیان لەکاروباری کوردستان هەیبوو،تاوانی هەڵەکانی کەچاورەنوسێکی ئەوهان بۆ خەڵک سازدا ڕیبەرانی کوردی بەتاوانکاردەزانی. بۆ هەشتهەزاربارزانی کە لە 1983 ون کران بەداخ بوو. بۆ ئەوەی بتوانێ لەڕێبەرانی کوردباشتر ڕەخنەبگرێ خۆی لەجێگای ئەوان دادەنا،وئەم داوایەی ڕەت دەکرد،کەدەرکیەکان بەرپسیاری ئەم ڕووداوە بوونە. دەیگوت: (ئێمە لەخۆمان زێدەتر بابی کەس شیاوی سەرکۆنەبزانین. کاتێک ئێمەلەگەڵ دوژمنانی سەدام هاوکاریمان دەکرد، وخەڵکەکەمان لەژێرچاودێری وئیختیاری ئەودابوون وئێمەتەنیا لەفکری قازانجی خۆمان دابووین،فکرمان دەکردکەسەدام چ دەکات؟ بەمن کەلە ئیران بووم دەستی وێرانەدەگەیی، بەڵام بەئەوانەی کە لێرەبوون وبەداخەوە هاوناوی من بوون وبارزانی بوون،دەستی وێرادەگەیی.)

فاتمە محەمەدسالح(کە یەکێک لە خانوەکانی ئاسایی کە بە پارەی ئاڵمانیەکان پینەوپەڕۆکرابوو بەویان دابوو) خۆی بە یەکێک لە بارزانیەکانی خۆشبەخت دەزانی. مناڵ بوو چاخێک دایک وباوکی بۆ مەهاباد چوون، دوایی لە گەڵ ئەوان بۆئیراق گەڕاوە،لە جەرەیانی ئاش بەتاڵی 1975 لەدوایین چرکە بڕیاری گرت کە ئیدی نەچێتە ئیران. گوتی: (یسترن نەبوو،ڕیگاش هەتا سنوورزۆر دوور بوو) ئەو لەگەڵ بنەماڵەکەی بۆ باکوور دورخراوە.( بنەماڵەی کوردەکانیان هەریەک بۆ گوندێک داروبەشکرد،هەتا

پێکەوەپەیوەندیمان نەبێت.) بەڵام دوایی پێنج ساڵ ئەوو بنەماڵەکەیان ئیجازەدان بۆکوردستان بگەڕینەوە،وبۆ(قوش تپە)ی بەڕی کران.

کاتیک سەدام حوسێن لەوبەیانی ژوئیەی 1983 بێ هیچ ئاگاداری و پێڕاگەیاندن /8000بارزانی کۆکردەوە مێردەکەی لەماڵ نەبوو،بۆلای دکتۆر چووبوو- لەئاکامدا توانی خۆی حاشاردبدات ونیدوبمێنێتەوە. بەڵام کوڕەیازدەساڵەکەیان(ون) بوو. گوتی: ( بەئێمەیان گوت مرۆڤەکانیان بۆ کۆبوونەوەیەک دەوێ،سێ ڕۆژی دیکە دەگەڕێنەوە. گوتی: بەڵام کەس فریووی ئەم قسانەی نەدەخوارد. ئەوژنانەی کەدەیانەویست ڕێگری لە بردنی مێردەکانیان بکەن بۆ ئەوە کەئاڕووشەیان دورست کردبوو کوشتن. ژاندارمیان ناردن لێیاندابن، ئاوکارەبایان لێ بڕین. هەتا ماوەی دوومانگ هەردەهاتن بەدەورەماندەهەڵدەسووران ئاخۆ چ مرۆڤ ماوەن کەلەبیریان چووبێ یان خۆیان حاشاردابێت؟! بەئیمان گوت دەبێ ئێوەلیرەبمرن.) ئەم ژنە لەسەریەک نزیکەی /300ئەندامی ماڵ و کەس وکاری لەدەست دابوو،بەڵام دووکوڕو پێنج کچی مابوونەوە. لە 1991 ئەوەی توانی بۆ بارزان گەڕاوە،ودوو زستانی سەخڵەتی لەبن خێوەت تێپەرکرد. گوتی: ( هەموو ڕەزی ترێ وباغ وێران کرابوون،گای جوتیشمان نەبوومان کە بەجوتی گا زەوی بکێلین و دەغل ودان بچێنین)دەستەکانی بەهۆی کۆکردنەوەی دروداڵ لەکاتی خاوێنکردنەوەی زەوی بۆ چاندنی دارودرەختی سێو وهەنجیر، چاندنی سەوزیجات وهەناروپوستە کەبڕیارگربوو دیسان لەعەمەل بێنێت،قەڵشت قەڵشت ببوو. گوتی: (لەڕابردووبارزانیەکان زێدەتر لەکوردەکانی دیکە عەزابیان بینی. بەڵام ئەوجاریش ئازاریان دی- هەمووکوێرەوەریان کیشا.)

پاژی (9)

**بۆمەلەرزەی کۆمەڵایەتی تورکیە:**

آنکارا لە گوینە بتوانێ دەریا ویشک بکات بەڵام ناتوانێت ماسی بگرێت.

یاشارکەماڵ.

تەنیا وڵاتێکی کە وەکوو خولام و کۆیلە، بە بنەڕەت و بنچینە و یشک و وەک پاشماەی زیندەوارانی کۆنینە بۆ جوقەواربڕانەوەو خاشەبڕکردنی خۆی ئەمین بەوەفا ببێت توانییەتی وەکوو تورکیە ئەمجۆرە

خۆی لە دواییین سەدەی بیستەم لە تەنگەژە  باوێت. و ئەتۆ گەمەی مێژوو بدینە کە کوردەکانی کە لە کۆماری تورکیە لەیەکەمین قوربانیانی وی بوون هەنۆکە لەدوایی حەوت دەیەخۆیان لەهەل ومەرج وباردۆخ وهەڵکەوتێک دۆزیوەتەوە کە لە ڕێزی ئەوەڵی دەست و پێیەکن کە چرکە بەچرکە نیزامێکی بەرەو توانەوە دەبن کە مستەفا کەماڵ ئاتاتورک خمی دارشت. سەرناکەوتنی دەوڵەتیش بەنۆرەی خۆی هۆکار بوو ئەو شتی کە لە تورکان چاوەڕواندەکرا باشترین فورسەتی لە بارو مومکن بۆ سەنعەتی بوونی زۆرتر وەبەر هەمووان خستنی دێموکراسی نادینی و گەشە و سامان و ئابووری و ئارامی وئاسایشی وڵاتی وەدەست بدات، لە مەترسی بکەوێت. هەموو ئەم هیواداریانە لە گەڵ ناسەرکەوتنی دەوڵەتەکان کە لە دوای 1948هاتنە سەرکار، و نەیانتوانی بەشەڕی ناوەخۆ کە لە وڵات دەکەوتە سەرپێ وئیکجارخەرجی هەبوو کۆتایی پێ بێنن،بە ناهومیدی گۆڕدران.

لەگەڵ ئەم هەمووە ئەو دەرفەتانەی کە لە سەرکاغەز بۆ تورکیە هاتبووپیش،هیچ کات لەمە باشتر نەبوو.بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، و لێک بلاوبوون و لە بەریەک هەڵوەشانی یەکیەتی شووڕەوی، تورکیە بۆ یەکەمین کەڕەت لە ماوەی دووصدساڵ پێش ئیدی بەهۆی دراوسی بەهێزکەی_ ڕووسیە هەڕەشەی لێ نەدەکرا. بەڵام بەم تاریفاتەش ئەم هیواداریانە تویژەرەوە نەبوو، وەڕاست نەگەڕا،خەیاڵ وخەونی وەدەست هێنانی شوێن تێکەری و سامان لەکۆمارەکانی تورک زوان کە لەژێرنیری کۆیلیەتی درێژخایەنی مەسکۆ ڕەزگاریان پەیداکردبوو ناوئاخن بەتاڵ لەئاوهاتەدەر. کۆماری تورکیە بەپابەن بە ڕوالەتی دێموکڕاسی و ئەندامەتی لە پەیمانی ئاتلانتیکی باشووری، وبوونی لە خەتی پێشەوەی وی،و بەشداری لە دایرەکانی جۆراوجۆری ئوروپایی،خۆی دوورەپەریز کردبوو،وبەردەوام حەزومەیلی ڕۆژئاوایی خۆی وەکوو وەفاداری بە خەونەکانی (پێکشکەوخوازی) ئەتاتورک لەپیک وماپێک دەدا. بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمان کمالیسم ئەو ڕادە کە ئاوازەی ئیدۆلۆژیەکانی جۆراوجۆر،وەرگیراو لە ئیقلابەکانی فرانسەو ڕووسیە وهزری وڵاتی پێکەوە گرێدراوی موسولێنی بوو،مانای(مدرن) نەبوو... شتێک کە مستەفا کەماڵی لە بنیاتنانی وڵاتی تورکیە لە 1923بە توندی خستبوو ژێرکارتێکەری،هزرەکانی موسولینی بوو.

ڕیزوحورمەت لێنان و کرنۆش کردنی فەرمی بەو(سازمانانەی)ی کە ڕۆژ بەرۆژ نێویان بەتال وخاڵی دەبوو ولە بن سندوقەکانی دەنگدان وەدرۆ دەکەوتنەوە. کەمایەسی یەکان و کەم وکوڕیەکانی ئەمر هەر چ بووتورکیە(لە فاسلەی نێوان کودتاکان)هەروا وڵاتێکی بە ڕوالەت دێموکڕاسی بوو کە هزری دەنگدانی ئازاد و چەندحیزبی لە بەرچاو دەگرت- و ئەمە بۆخۆی لە هەڵسەنگان لەگەڵ ئیران وئێراق وسوورییە کە خەڵکێکی بەرفرەوان لە کوردەکان لە خۆوە دەگرت،تە وفیرەکی مەزنی هەبوو. بەڵام هەڵبژاردن و دەنگدانی 1995 چل و شەش لە سەت لە کەسینیەکان شیاوی هەل ومەرجی بەشداری کردن لە دەنگدان،

دەنگەکانیان بەفیرۆچوو: بە پێچەوانەی زۆرەملی قانوونی لە بەشداری کردن لە دەنگدان،لە هەڵبژاردن دابەشداریان نەکرد،دەنگی لارێیاندا: بە پالێوتراوەکانی ئیسلامی، یان حیزبەکانی گچکە دەنگیان دا کە بە هۆی وەدەست نەهێنانی 10/ لەسەتی گشتی دەنگەکان و خۆ پێ نەگەین بەڕادەی پێویست نەیان توانی بۆ پارلەمان بچن. ڕۆژنامەی(حریت)کە پەیوەندار بە(جەرەیانی گەورەی سیاسی) وڵاتە بەداخەوە بەم ئاکامە گەیشت کە تورکەکان بۆ ئەوەڵین کەرەت لە گەڵ ئیدۆلۆژی و(بنکە)کانی کۆماری دژایەتیان دەربڕی. دڵ شکان لە هەڵبژاردن بە ڕادەیەک بوو کە یەکێک لە هاواڵدەرانی جێگێربوو نوسی: (دەم ودەزگایەک کە لە تورکیە حکوومەت دەکات، نەک دەوڵەتی هەڵبژاردە بەڵکوو(حکومەتێە کە)کەلەلایانی هێزەکانی (نهینی)کۆنترۆڵ دەکرێت کەبۆ نەجاتی خۆی و(نیزامی ئیدولۆژیکی فەرمی)هێندیک پارووی بۆ پێش دەوڵەتەکانی درۆزن دەهاوێژن.)

لەسەرەتای نوامبەری 1996 ڕووداوێکی ئوتمبێل لە یەکێک لە شارێگاکان هەڵکەوتوو لە سەت مایلی باکووری ڕۆژئاوای ئەستانبۆڵ قەوما، کە ئەم بابەتەی بەشێوەیەک وێنە دەکێشا، کە هیچ(نیشتمان پەروەر) و پێداگرێک نەیدەتوانی بوونی دەزگای حکوومەتی تورکیە لە چوارچیوەی ویدا، حاشا بکات. کەسانێک کەلەم ڕووداوە دەست و جێ گیانیان لە دەست دا بریتی بوون لە: یەکێک لە شاخاتوونی جوانی پێشووی تورکیە و داکۆکەری گانگستری وی، کە بە هۆکاری هەڵاتن لە زیندانی سوئیس،بە تاوانی دەست هەبوون لە کڕین و فرۆشتنی ماددەی سڕکەر، پلیسی نیو نەتەوەیی وەدوای دەکەوت،کەسی سیوەم کە لەم ڕووداوە کوژرا یەکێک لە دەسەڵاتدارانی پلەبەرزی ئیستخباراب بوو کە سەردەمێکی دوورودرێژ لە عەمەلیاتی دژی چریکی لەکوردستان کاری کردبوو، ولەم بارەوە دەنگین بوو. تەنیا ماوەکانی ئەم ڕووداوە سەدات بوچاک،خاوەن ملکداری کورد و ئەندامی پارلمان بوو،کە سوپایەکی تایبەتی پێکهاتوو لە جاشەکانی بۆ حکوومەت پۆشتەکردبوو، ودەوڵەتی تورکیە بە دانی مانگانە،یەک میلیون دۆلار بەوی لە بابەت مووچەی جاشەکان حەسلی(حیسابداری)خۆی شکاند بوو. دکتۆری تیمارکەرو چارەسازی بۆجاک گوتی کە نەخۆشەکەی تووشی لە بیرچوونەوەیەکی کاتی بووە،کە هەنوکە ڕێگری لەمە دەکات شتێکی بەقازانج و بەدەردخۆی لە بیربێتەوە. بەڵام چەند ڕۆژێکی نەکیشا کە دۆستی دیرینی ئەم گروپەی چوارکەسی،یانی محەمەد ئاگار،وەزیری ناەخۆ،مەجبوور بە وازهێنان و ئیستعفا بوو. رادیوو گۆڤارورۆژنامەکانی گشتی تورکیە لە بێ ئابڕویی و شەرمەزاریەکان، یەک لەدوای یەک پەردەیان لادا: ئەم کارەیان لە چەک و چۆڵی دەنگ کپ کەر و پاسەپۆرتەکانی فەرمی ئیجازەی هەڵگرتنی چەک وپێنج شەش دانە پێناس بۆ عەبدوللەجاتلی بەناوی جۆراوجۆر دەستپێکرد. یەکێک لە خاڵی زەقی ئەم بەسەرهاتە ئەم داواکاریە بوو کە دەیگوت عەولا جاتلی بۆماوەی زێدەتر لە دەیەیەک یەکێک لە تروریستەکانی فەرمی دەوڵەت بووە،وئەمە بەپێچەوانەی ڕۆڵێک بوو کە لە ساڵی 1978 لە هەڵاتنی عەلی ئەگجە لە زێندان بەڕیوەی بردبوو: محەمەد عەلی ئەگجە ئەوکەسە بوو کە دواییەکان پاپی

ترۆڕکرد. بەڵام لەم نێوە و لەم پێشامەدە دایم ودەرهەم شوێنکی (پێداودەرکەوتن)ی هاوبەشبوو: شوێن تێکەری وبڵاوبوونەوەی جنایەت بنیاتنەر لە ئەڕتەش و هیزەکانی ئیستخباڕاتی و دەوڵەتی، وپاڕلەمان- زوۆبە کاتەکان قاچاخچێگەری گوشتن و کەلک وەرگرتنی ناحەز لە وی،چەندکەسێ خوشبەختی کەلەم (حکوومەت ناوحکوومەت) تێۆشەربوون نەدێتوو دەگرت. ئەمانە لە سەریەک دڵ وناوەندیەکیان پێکدێنا کە بەئیتیلاح بە گروپی(لایانگرانی شەڕ) بەناوبانگ بوون، کە تەماعی سامان کۆکردنەوەی خۆی لەگەڵ(نیشتمان دۆستی کمالیستی) دەشاردنەوە، و بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان دژایەتیان دەکرد. شتێک کە بەنەخازە زۆرکەمالیستەکانی قوڵپ بۆوەو ،ژێروڕوو سەرنخوون کرد سەرهەڵدانی حیزبی ڕفاه بوو. کە وەکوو تەنیا حیزبی مەزنی وڵات بۆسەرشانۆ هات: ئەم حیزبە لە هەڵبژاردن 1987 21لەسەتی گشتی دەنگەکانی وەدەست هێنا،کە سێجار لە ڕادەی دەنگەکانی وی لەهەڵبژاردنی بوو. لە 1994 رفاە زۆرتری شارداەکانی گەورەی تورکیە لە وان شارداەکانی ئانکاڕا واستانبۆڵ وازمیری دەست بەسەرداگرت.

گەلێک لەکورەکان بۆ تەنبێی حیزبەکانی نادێنی گەورەی وڵات، کە بەرپسیاری شڵەژاوی ارودۆخی کوردستانیان دەزانین، بەڕفایان دەنگ دا. و ئەووادانەی کە ڕفاه بەوانی دابوو،وقەولی دا کەبەشەڕی کقردستان کۆتایی بهێنێ، و کەلک وەرگرتن لە زوانی کوردی لە ڕادیوو تەلەفزیون و قوتابخانە ئیجازەبدات،لەم مەسەلە کارتێکەر بوو. دەوڵەت بەڕادەیەک لە دەست وێراگەیشتنی(ڕفاه)بەدەسەڵات ترسی بوو وخۆفی دەکرد کەمانگێک بەرلە دەنگدان بۆ تێکدان وگێرەشێوێنی لەکاری ئیسلامیەکان لەکوردستان بە هادپ،حیزبی ئیجازەپێدا پاڵاوتراوەکانی بۆ هەڵبژاردن بناسێنێت. پەیکاری هەڵبژاردن بەپێچەوانی دەیە یەک شەڕوسەرکوتی کوردستان،زۆر ورووژاو بوو. ژنانی کورد بەپێی خووخدەو داب ونەرەیت وعادەت لەپشت شانۆدەمانەوە،بۆیەکەمین کەڕەت پشتیان لە خەین وداب وریوشتە کرد ولەکۆبۆنەوەکانی سیاسی لەدیاربەکر شارەکانی کوردنشینی دیکە برشداریان کرد وخوازیاری کۆتایی پێهاتن بە زوڵم وسەرەڕۆیی و سەرکوتن بوو.
شتێکی تازەی دیکەش لەو بەینەدا خۆی نواند: دامودەزگای مەزنی پیشەیی و بازرگانی، یانی ئەو بەش لە تورکیەیی نوێ، کە بڕیارگربوو کۆت و زنجیری بروکراتیکی سیستەمی کمالیستی لە دەست وپیی خۆی بقەتێنە و بکاتەوە،وڵات بۆلای سیستەمی نەرم وسازگاری باژوات، بۆ یەکەمین جارگوتیان کە دەبێ بە شەڕ دژی کۆردان کۆتایی بێت. لە 1995 ،یەکیتی گەورەی فرماندەران سپاردنی متاڵایەکی) نیشان دەدا کە کوردەکان بەپێچەوانەی داواکاری پ.ک.ک. ولاق قرساندنی حکوومەت لە سەرئەمە کە بەسەرخەڵکی داسەپێنن کە ئامانجیان سەربەخۆییە،داوای جیایی ناکەن و بەڵکوو داواکاری ئەمەن کە لە پارێزگاکانی کوردنشین لە مافی سیاسی هاووڵاتی (دەرجەیەل) کەلک وەرگرن- وئەم مافە داوایەک بوو کە بە ڕیوەبردنەکەی لە مێژ بوو وەدرنگ کەتوبوو گنخاندرابوو. بەللی نیە چ بوو چ هاتەپێش کە کۆملگای پێشەیی وبازرگانی لەئاکامدا ئەم غیرەت و شەهامەتەی دەخۆیدابینی کە بیروبۆچوونی خۆی بەڕاشکاوی

دەربڕی و قاەی دڵی هەڵڕیژێ،و بۆچ ئەوهەموو سەردەمە سەری لە بن قابخی خۆی نابوو. خولاسە، ئەم ڕووتێکردنە بەقازانجی کەسینی لە ئاکامدا باسەکەی بۆ رادیوو تەلەفزیون و چاپەمەنیەکان کێشا.

سەرکەوتنی نوێی تورکیە لە کاروباری بانکی و پێشەسازی وتەونکەری و دورستکردنی کالاکانی جۆراوجۆر لە ماشین بگرە هەتا سەهوڵخانە بەهۆی ئەم ڕووبەڕووبونی بەرتەسک وسنووورداری هزروفکری دەوڵەت کە نەیدەتوانی ودەخۆیڕا نەدەدی چارەسەری ئەو شەڕە درێژخاینە بکات،کەوتە بەرسێرەی لوتکەی هێرش.
بەلاّم هەتا کۆمەڵگای پێشەسازی وبازرگانیش پایەدارێکی پێویستی نەبوو. ئەم کۆمەڵگایە بە ئەندازەیەک لە سێرەی هەتەری نزیک بوون حیزبی ڕفاە بەدەسەلاّت تووشی ترس و تۆقین بوو کەکاتێک ئاکامی دەنگەکان ڕاگەیاندرا دەستی یەکیەتی بە نیزامیان دا. دوو جەرەیانی مەزنی سیاسی ولاّت،یانی کە حیزبی دایکی نشتیمان مەسعود یلماز و حیزبی ڕێگای حەقیقەت تنسوچیللر لەدوایی دوومانگ چەنە لێدان لە ئاکامدا ئتلاف لە رزانێکیان پێکێنا. کەم بوون ئەوتورکانەی کە ئاقیدەیان وابێت کەئەم دەوڵەتە کە هەرچەند مانگ بەرپرسێ یەکێک لەم دوو حیزبە بەسکرتێری وی وەسوکردەگرت،بتونێت هەتا کۆتایی دەورەی پێنج ساڵەی پارلەمان دەوام بکات،چ بگات بەمە کە ڕیگای دورست و لەبار بۆ شەڕی کوردستان یان گرێپۆچکەو تەنگەژەی تورکیە بدۆزێتەوە.

تێبینی: 2-بەپێچەوانەی ڕیککەوتنێک لە بابەت پالّیوتراوەکانی هەڵبژاردە هادب،رفاە 37 لەسەتی دەنگەکانی پارێزگاکانی کوردنشینی وەدەست هێنا و لە کوردستان دەرجەی یەک دووەی وەدەست هێنا.
بەلاّم هادب،لە ماوەندی گەورەی کورد ئیکجارسەرکەوتووبوو: حەکاری 54 لە سەد،دیاربەکرد37لەسەت.
لەم ناوچانە دەنگ دەرەکان ئاقیدەیان وایە کە هادب لە پێناسی کوردی بەرگری کرد. بەلاّم لەشارەکانی ڕۆژئاوای تورکیە زۆر ناسەر کەوتوو بوو. ئەم ناسەرکەوتنەی 4/17لە سەت لە تەواوی ولاّت)پەیدابوو لە هۆکارو دەلیلی جۆرا جۆر بوو: ناوونوسی نەکردن لەو کوردانەی کە بۆ شارەکانی جۆراوجور دوور خرابوونەوە،کمبوونی کات و دەرفەت بۆ بەرێوەبردنی پەیکاری هەڵبژاردن، حەزو مەیلی خەڵکی بە لە ناو نەبردنی دەنگەکان و ترسی لە داکۆکی هادپ،لە پ.ک.ک. ویەکیەتی هادب،لە گەڵ حیزبەکانی گچکە باڵی چەپ.(وەدەست نەهێنان( دە)لە سەدی پێویست دەنگەکان لە بۆ ورد بە پارلەمان)ئاکامەکەی ئەمە بوو کە گەلێک لەکوردەکان،بە تایبەت لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژهەلاّت،بەم ئاکام گەین کەلە بەشداری ڕاستی لەدەنگدان بێ بەش بوونە.

بەم هۆکارە کاتێک دەوڵەتی ئیتلافی نوێ هەر لە سەرەتا سیاسەتێکی ڕاگەیاند کە  بە بیروبۆچوونی گۆڕانکارێکی گەورە لە سیاسەتی کوردی، حکوومەت دەکرد و گەلێک لە تورک وکوردەکان شک ودوودڵیان دەربڕی. یلماز برێک پاش ئەمە کە لە مارسی 1996 وەکوو یەکەمین سەرۆک وەزیران دەورەیی جڵەوی هەڵسوڕانی کاروباری گرتەدەست،لە نەورۆز،جەژنی نەتەوەیی کوردەکان، کە کەمالیستەکان بە کۆمەلیک مەبەستی تایبەتی خۆیان بە وێیان وێنەو ڕەنگ وڕووی تورکی دابوو،وادەکانی ناڕونی بۆڵێڵی لە مەڕرووبەڕووبوونی تازەی دەوڵەت لە گەڵ مەسەلەی کوردو کۆتایی هێنان بە باردۆخی پێویست لە کوردستان بوخچەکردەوە. زوربەی تورک وکوردەکان لەو وادانەیان بە چاوی شک وگومان ودوودلێ لێدڕاونی. ئەو ڕووی لە مجلیسی مەزنی نەتەوەیی(پارڵمانی تورکیە)  کرد و گوتی: (ئێمەبەم ئاکامە گەیشتووین کە ئەم مەسەلەی دەکرێ نەک تەنیا لە ڕیگای دەست و داوێن بە کەرەسەی نیزامی بەڵکوو لە ڕێگای ئاشتیخوازانە جێبەکەین. ئەو هەوەڵین ڕێبەری تورک بوو کە لە دەست وێڕاگەین بەدەسەڵات وادەی دەئەوهای دەدا، و ئامانجی بە لە ڕێگری لە یاساخ بوون لە زوانی کوردی  بەشێوە ئیزافە لەکوردستان بەم مانایە نەبوو کە دەوڵەت دەیەوێ لە ڕێگای وتوویژ بەشەڕی کۆردستان کۆتایی بهێنێت.

خولاسە،دوڵەتی بەرە،لە ئاکامی تۆڵەوەرگرتەوەی نەجمەدینی ئەربکان ڕێبەری حیزبی ڕفاە کە لە دەسەڵات وەلانرابوو دورست بەر لە هەڵبژاردن ودەنگدان لە کارلابردرا. شتێک کە بەلابردنی دەوڵەتی یەکگرتووی، ئالیکاری کرد تۆمەتێک بوو کە رفاە لە خانمی چیللر،یەکەمین سەرۆک وەزیری تورکیەیی،دا،و ئەوی تۆمەتبار بە وەرگرتنی 6/5میلیون دلار بەر تیل کرد. ئاداب وئیخلاقی سیاسەت لە تورکیە شێوەو بارۆدۆخێکی ئەوەهای پەیدا کردبوو، کە لەگەڵ ئەم هەمووە ئەربەکان و چیللر خێرا دەوڵەتەکیان پێکهێنا،کە بۆ هەوەڵین کەڕەت لە 1923 بەم لاوە سیاسەتمەدارێکی ئیسلامیان بەسەرۆک وەزیر بۆ وڵاتێک دانا،کە سیاسەتی جیایی دین لە سیاسەتی گرتبوە بەر. چیللەر لە نەکاو ڕۆڵێک کە سەبارەت بەوی پڕوپاگەندە گەلێک کرابوو،و ئەوی وەکوو پاردەو پەرژینێک لە بەرامبەرئیسلام دەناساند لەو لا دانا: و ئەمە هەڵویستێک بوو کە ئەو لە واشنگتۆن و پایتەختەکانی تری ڕۆژئاوا سەبارەت بە وی وتاری دابوو. حازربوونی ئەربەکان بە ئاوەکی کردنی شوێنەکانی سیاسەت پێشووی لە بارەی کوردەکان ووڵات وجەرەیانەتەکانی دیکەی پێشوو،سەرهەڵداو لە پێویست وزەرورەتی لابردنی شک وگومان لە ئەڕتەشێک بوو کە سەبارەت بەوی پڕوپاگەندە زۆرکرابوو.

ئەم وشیارەیەو ئیحتیاتە بۆ لێحالیبوون دەبوو. لە سیاسەت،ڕمزو نیشان و ڕووکارەکان گرنگایەتیان هەیە،بەڵام ئەم لەکۆلخۆکردنەوانە زۆرجار کەسین لە دەست وێڕاگەین بە مامەلای بەقازانج دەگێڕنەوە.

ئیلاقەو حەزو ڕووتێکردنێکی ئاویتەوتێکەڵ بە ممبارکی کە ئەتاتورک بەئینقلابی فرانسە هەیبوو بە ئازانتی وشیکردنەوەو حەزومەیل بەردەوامی تورکیە بە (ژاکوبنیسم)ئالیکاری کرد: یانی ئاقیدەبوون بەوڵاتێکی ناوەندی بە جیایی لە دین لەسیاسەت کە مللەتەکانی جۆراوجۆری ئائین پەرست تەنیا مللەتێک،هەتا بە زەرەری فەرهەنگەکان و زوانەکان و مەزەبەکان و هەموو خۆنواندنی قەومی ونەتەوەیی ئەم نەتەوانە پێکەوە گرێدەدا. لە دوایی شەڕی دونیاگری ئەوەل (یانی توانەوەی نەتەوەکانی ژێردەست،مترجم)تەنیافرمولێک بوو کە بتوانێت بە تورکیە هەل برخسێنێت کەپشت لەداب ونەریتەتەکانی پڕ لە عەیبەوشوورەیی بێ ئابڕوی ئەمپەڕاتووری عوسمانی کات، وئەمە کاتێک بوو کە پەیمانی (سڤر) سەر زمینەکانی پاشمەنەی عوسمانی لە نیوان یونان و ئیتالیا و ئەرمەنیەکان و هەتا کوردەکان دابەش دەکرد. ئەم پەیمانە و دەست تێوەردانەی لێژنەکانی مەزەبی مەسیحی لەکاروباری عوسمانی سەدەی نۆزدەهەم (پارانویایا)کی ئەوهای لەنیو تورکان هێنائارا، کە زورینەی داکۆکیەک کە بە ڕیبەری ئامریکا لە کوردەکان لە بەرامبەر سەدام حوسێن دەکرا بە چاوی نوسخەی نوێ لە پیلانی کۆنی دەڕوانین کە ڕووی لە بەریەک هەڵوەشانی تورکیە بوو.

لە گەڵ ئەم هەمووە(مەینی)ڕەگەکانی خوێنبەری سیاسی لە ماوەی تێپەڕین سالەکان،و بەزۆرەملی پەیکەرەکان و، وێنەکانی ئاتاتورک لە شوێنەکانی گشتی بوون و گەڕەک و کۆلان بەرووکاری ڕەمزی دڵنەخوازی حکوومەت لە قەبووڵکردنی گوڕانکاری  لە ئائینەکان وبنچینەی مەبەستی وی گوڕا،لە حالیکدا کە قەبوولی جورێکی تر لەم ئائینانەیە کە دەتوانێ دواڕۆژی  نیزامێکی کە بە ناوی وی ئاویتەبووە دەستەبەر بکات. تورکیە کەلە بازنەی سیاسەتدا مابۆوە کە سەردەمێک  پێپیخۆش نەبوو دمودەزگا و شەریکەکانی دەوڵەتی کە زیانیان بەباردێنا بە بەشی تایبەتی بسپێرێ ویان نیزامیەکانی سیاسی وناپسپۆر و  نالێهاتوو گەندەڵ لە شیوەی ناوەندی وەدەربخات،لە ڕوو بە ڕووبوون لەگەل کوردەکان دەستەوداوین بە زولّم وزۆری بوو. لە دوایی نزیک بە نێوسەدە کە لە خۆ بەدەستەوەدان و قبولّکردنی کوردەکان تێپەڕی،عەمەلیاتی گچکەی پارتیزانی لە 1984 بەهۆی عەولائۆجەلان و حیزبی کرێکارانی کوردستانی وی لە پێگەکانی  سووریيە وپاشان لە ئیراق و لە دوایی وی لە ئێران وردە وردە لە پارێزگاکانی ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژهەلاتی ولّات بەرفرەوان بوو. چریکەکانی پ.ک.ک. بە رق ئەستووریەکی  تەواو، بە مەبەستی ترساندنی ملّکدارەکان و مامۆستایانی قوتابخانە کان و ئورگانەکانی دیکەی حکوومەت و هەرواکوردەکانی ئاسایی، یەک لە وان ژمارەیەکی بەرچاو لەژنان ومنالان بنەمالّەی جاشەکان،دەستیان لە عەمەلیاتی تروریستی دا. پ.ک.ک. بۆ بەدەست هێنانی پارە بۆ بەردەوام بوون لە پەیکارو خەبات ڕۆژ بەڕۆژ زێدەتر تووشی مامەلەی قاچاغی هروئین لەئوروپای ڕۆژئاوا بوو.

تێبینی: 1-کوردستان سەردەمێکی دوورودرێژە کە بەهەشتی قاچاغچیانە. بە ناوبانگترین ناوەندیەکانی ئەم قاچاغەی گەوەر(یانی یوسکەکوا) لە تورکیە و زاخۆ لە ئیراقە، هەڵبەتەکوردستانی ئیراق. بەر لە ئینقلابی ئیسلامی ئیران لە 1979،بۆ رووخانی دمودزگای شا،چەک وچۆڵ لە رێگای باشووری ئیراق قاچاقچی بۆ ئیرانیان دەهێنا. (چەک وچۆڵ لەرێگای تورکیە رادەهات وەرگێڕ) لەساڵەکانی دەیەی 1980،بەتایبەت دەیەی 1990 هروئین کە لە ئیران وناوچەکانی ئەولای بۆ تورکیە دەهات ولەئاکامدا بەچەورکردنی سمێلی گارگێرانی پۆلیس لە هولەند بەدەستی قاچاغچی دەبەسامانی پ.ک.ک. دەگەیی. دەرگیری پ.ک.ک.لەکاری قاچاغی تریاک وهروئین شتێکی تازەو بێ رابردوونییە. نموونەکای دیاری کراوی ئەم مەسەلە ئینگلیزیەکان بوون کە بازرگانی ومامەلەی تریاکیان بەسەرچین داسپاند(شەڕی تریاک 1842) تریاک هندوستانیان بۆ چین دەبرد،دوایی فراندنسەویوکان کەبەشێک لەخەرجی شەڕی هێندوچین (1945-54)یان لەم رێگایە دابین دەکرد. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکاش لەجەرەیانی شەڕی وێتنام(1963-74) تۆمتباربەم مەسەلە بوو.

لە ساڵی 1987 سەرەتا لە دە وپاشان لە سێزدەپارێزگای دراوسی،لە رۆژهەڵاتی باکوورو رۆژهەڵاتی تورکیە حاڵەتی نائاسایی راگەیاندرا،کە شتێکی وەکوو حکوومەتی زەروری،کە ئەو ناوچەیە لە 1925 هەتا 1950 تووشی وی ببوو و لە دوایی وی لە1960 هەتا 1863 و دیسان لە 1970 هەتا 1974 بەردەوام بوو. لە1990 بە(فرماندری گشتی) کە بنکەی لە دیاربەکر بوو دەسەڵات و ئیختیداراردرا کە چاپەمەنیەکانی کوردی لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی تورکیە رابگرێ و چاپخانەکان پەیوەندار دەست بە سەردابرێ،کارگێرانی ولات جێگۆری پێبکات،گوندەکان چۆڵ و بەتاڵ بکات، وچۆنی پێی مەسڵەحەتە و بەباش دەزانی خەڵکەکەی دوور بخاتەوە وتەبعیدبکات. (لەگەڵ هەلاواردنێکی ئێکجاردەگمەن) تەنیا ئەورووداوانە لە چاپەمەنیەکانی رەگەزپەرستی تورکیە بلاودەکرانەوە کەئەم فەرماندارى گشتی بە پێویستی دەزانی،و ئەم چاپەمەنیانەی سانسۆری ئاتاجیان بەدڵگەرمی وهاندان نەبوو،بە تایبەت کە مەترسی دەست بە سەرداگرتنی چاپخانەش لە ئارا دابوو. (دیسان بەهەلاواردنێکی دەگمەن) رادەی چاپەمەنیەکان و رادیوکانی رۆژئاواش لەمە باشترنەبوو)بەپێچەوانەی رەنگکردنی گۆرانکاری رواڵەتی کە لە چرۆچاوی سیستەمی حقوقی و قەزایی توندوتیژی تورکیە دەدرا(کە ئەویش لە ژێرزەخت و تەوەژمێک دابوو کە ولاتانی رۆژئاوا لە 1992 بەسەرتورکییەیاندا سەپاند) بەکردەوەهیچ کام لەم (ئیسلاحات)دەباوش گرتووی ئەو دەفەرانە نەدەبوو کە لەواندا حاڵەتی نائاسایی لە گۆرێدابوو. لە بەر ئەمە تێکۆشەرانی حقوقی بە شەر،لێبوردن وعافوی نیونەتەوەیی،دیدەبانی حقووقی بەشەر راپۆرتەکانی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە بابەت بارودۆخی حقوقی بەشەر لە دونیا،لەم

دەڤەرانەی پۆلیس ودەست وپێی داکۆکی کەری وی زۆر بە هێمنایەتی خەڵکیان جەزرەبەو ئەشکەنجە دەکرد ودەکوشت. هەزاران کەس لە (شک وددوودڵ لێبوون) بۆ بن پێچکی میزی محاکەمەی ئەمنیەتی ڕاکێشان کە دژی دادگاکانی ئیتسقلالْ بوون کە لە دوایی شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران لە 1925 هاتەئارا.

لە سەرەتای دەیەی 1990 بەم لاوە، ژمارەیەک کوژراوی شەڕ لە نیوان تورک وکوردەکان ساڵ بەسال بەرزبووە. چ بەهۆکاری تێکۆشان و خەباتی پ.ک.ک. کە مامۆستایانی بڵاوکەرەوی فەرهەنگی مارِزو نفرەت لێکراوی تورکی کردبوو بە ئامانج،و بەم هۆکارە دەوڵەت ئیدی مامۆستایانی نەدۆزیەوە کە ژیانی خۆیان لە مەترسی بهاویژن و لە کوردستان دەرس بڵێن، هەتا 1994 نزیکەی 4000قوتابخانە لە کوردستان گاڵە درا. لە نزیکەی کۆتایی سالی 1994 شەرو عەمەلیاتی هێزەکانی ئیستخباراتی زێدەلە 2600 گوندیان لە دانیشتوانی کورد بە تاڵ و چۆل کردو نزیکەی بە دوومیلیون خەڵکی دێهاتی کوردی رەوانە و هەتڵەی شارەکانی دوورو نزیک کردبوو- لەوجێگایە کە شۆڵی بنچینەیی بۆ ژیان وئاسایش وئاسودەیی و ئەوان بەرِیوەنەچووبوو. ئەم خەڵکەی بێ بەش سەرچاوەیەکی حازر بۆ (ئالیکاری بەپ.ک.ک. بوون.
بوونی ئەم خەڵکەی بەلێشاو لە شارەکانی باکوور ورۆژئاوای تورکیە لە سەرتوندو تیژیەکانی زێدە دەکرد، چونکە کوردەکان سکالایان هەبوو لەمە کە لەوەرگرتنی ئەنوا وشۆڵ وحازرکردنی جێگا لە قوتابخانەکان بۆ منداڵەکان تەفاوەتیان لە نیوان دانین. گەلێک گەلاڵەی نارِیکووپێک بۆ بەرامبەری لەگەڵ ئەم بارودۆخە راگەیاندرا،کە لاساکردنەوەی مەیموون سیفەتی لە ئوردگاکان بو کەسەدام حوسین بەناوی (شارۆچکەکانی پیرۆزی) لە قەراخ جادەکان دورست کرد بوو. بەلام ئەم گەلالانە بەهۆکاری نەبوونی پارە هیچ کات بەواقع هەڵنەگەراوە. تورکیە ئیراق نەبوو کە لە سەر دوومین چاوگە لە سەر ینچاوە گرنگ نەوتی دونیا دانیشتێت.

لەئاوریلی 1994 ئەم شەرە لە سالدا بۆ تورکیە8/2میلیارد دۆلاری خەرج هەڵدەگرت و بەقسەت عەلی ساواکی ارک،وەزیری پێشووی ولات، بە20% سەتی تەواوی بودجەی ولات ونزیکەی بەدووبەرابەر کسری بودجەی سالانەی ولات گەیی. لەعەمەلیاتێک کەلە ئەنجومەنی تایبەتی لەگەڵ شەرِی ئامریکا لەویتنام هەڵدەسەنگا،فرۆکەکان وهیلێکۆپتەرەکان وتانگەکان وتۆپخانە دژی شۆرِشگێران چەک سووک هەڵگری کوردی لاقیان لەعەمەلیات دەبوون کەژمارەیان بەتەخمینی خودی تورکیە،هەتالەڵ هێزەکانی داکۆکی کەر،لەشەش هەزارکەس زێدەترنەدەبوو. خەرجی ئەم شەرە کەلە سەردەمی دەستپێکردن

به/40میلیون دۆلار بەراورد دەکرا لە1993لەنەکاو بەبەهێزکردنی هێزەکانی ئیستخباڕاتی لەکوردستان جێگێر.../..3سەربازلەویدا،لەزیدەی دا: هێزەکانی سوپا وژاندارمەری(ڕەگەزپەرستەکان)قەراخەکانی (اژە)یان هەڵگرتن و(بۆکوردستانیان گوێزتنەوە). حکوومەتی لاپەڕەکی دیکەی لەکتێبی سەدام حوسێن کۆپی کردو دەستی بە وەرگرتنی (جاشەکانی دێهاتی) کردکەنوسخەی مزوری جاشەکانی ئیراق بوو. هەتا 1995 نزیک بە.../.6کەس لە جاش لە سەرکاردانرا بوون،کە هەر یەک مانگانە /200دۆلاری وەردەگرت، کە بۆ شوێنێکی وەک کوردستان کە لە مەڕ ئابووری پێشکەوتوویی بەخۆوەنەدیوە بەرهەمێک شایانە بوو. ئەم گروپە ئەم گروپە لە ئاماندابوونێکی تەواو دراوسیەکانی کوردی خۆیان جەزرەبەو ئەشکەنجە دەکردن و تۆڵەی ناکۆکی پێشوویان لێدەکردنەوە. و پ.ک.ک.یان تاوانباردەکرد. بەلکان بەو جاشانەی دێهاتی – کە زوربەی کوردەکان لە ترسی کێشەو مرخیش مرخێشی ناوەخۆ لەم کارەیان بیزاری دەردەبڕی- لێکدانەوە لە سەر ڕەزامەندی دەربڕین لەگەڵ پ.ک.ک.دەستگیرەیەک بۆ وێرانی وخاپووربوون یان بەتاڵ وچۆلکردنی گوندەکان دەبوو.

ژمارەی سەرڕاستی ئەم گوندانەی چۆل کراو بەشێک لە سڕیاتی نیزامی بوو،تەخمینەکانی جیاجیای تێکۆشەرانی کوردی حقوقی بەشەر،سیاسەتمەدارانی کورد،دانیشگایەکانی تورک، وسەرچاوەکانی ڕۆژئاوایی، یەک لەوان دیپلۆماتەکان، زۆیانپێکەوە فەوفیریان هەیە. ناهیدمندسیبە وەزیری ناوەخۆ،لەکورتەی ڕاپۆرتێک کەلە 27ی ژوئینی 1955 بەپاڕلمانی دا لە/2000گوندی قسەکرد کە بەتەواوی یان نێوەچڵەی چۆل کراون،ئەوکارگێرە ژمارەی کوژراواکانی بریتی لەنیزامی وچەکدارو ئاسایی /19000کەس وژمارەیەکیش کوژراوی بەدزیوەک ون وشرتوگۆم ناوبرد. سەرئەژمێری فەرمی پەیوەندار بەعەمەلیاتی نیزامی هەتا 1994 کەلەژوئیە 1995 بلاوکراوە،ژمارەی گوندەکانی بەتاڵی بە2600 ڕاگەیاند. لەفورییەی 1996 تەخمینی کەبەمن نیشاندا کە بریتی لە2700هەتا3000ئاوایی یە. ئەم ناکۆکییەی گچکە لەنیوان ئەوسەرئەژمێریانە بەهۆکاری بوونی ئەوکەلاوانەی کە عادەتەن بەشێک لەگوندەهای گەورە حیساب دەکرێن.

لە ساڵەکانی 1993 و1994 نزیکەی 3200کەس لەم جەرەیانە، بە ئیستلاح بێ سەروشوێنی بەدزی و نهێنی کە خەباتکەرانی حقوقی بەشەری تورکیە و دەرەکی بە ئیعدام و تیرەبارانی داکۆکی لێکەرانی حکومەتیان نیسبەت دەدا،ون بوون. بێسەروشوین و شرت و گۆم و ون بووەکان تێکۆشەرانی سیاسی و حزبی، خەباتکەرانی حقوقی بەشەر،هاواڵدەران و ڕۆژنامەنوسان و ئەندامانی دەمودەزگاکانی فەرهەنگی کورد بوون. بە کردەوە هیچ کام لەوانە لێکۆڵینەوەیەکی وردی لە مەڕ نەکرا-چ بگات بە

پیاگەیشتن و پرسینەوە پێڕاگەین لە دادگاکان- هیچ کام لە بکوژەکان سزانەدرا. لەوجێگایە کە ڕێگای تێکۆشانی دەوڵەت ترس وەبەر نان و تۆقاندنی تیکۆشەروخەباتگێڕان بوو،ئەو حقوق زانانەی کە لە کوردەکانی تۆمەتبارکراویان بە تاوانی سیاسی بەرگری و دیفاع لێدەکرد زوربە بۆخۆیان تۆمەتی سیاسی ویکچوویان وەک(دنەو هاندان و پڕوپاگەندەی جیاییخوازی)یان وەپاڵ دەنرا. وبەزیندانی درێژخاین مەحکووم دەبوون.

تورکیە بەلاساکردنەوە لەم کردەوە شێتانەی کە ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی لە پەیکاروپرچەنگ لە گەل چەپەکان کردبوویان،خەرێکی هاندانی گروپێکی ئیسلامی دەمارگرژ بە ناوی(حیزب اللە) بوو(کە لە گەڵ حیزب اللەی جێگە پشتیوانی ئیران پەیوەندی هەبوو)و بە هۆی ئەم حیزبە هەنگاوی بۆ کوشتنی ئەو کەسانە کە گومانیان لێدەکرا ئەندامانی حیزبی پ.ک.ک.یان هەتا کوردەکانی ئاسایی بن، هەڵینا. (هێزەکانی ئیستخباڕاتی تورکیە لە 1994لە نەکاو،وایان بەباش زانی کە لە عەمەلیاتی ئەم حیزبە ڕێگری بکەن،سەدان کەس لە ئەندامانی ویان دەست بەسەرکردن،و تاوانی ئەوکوژراوانەیان وەپاڵ وان داو، خستەسەرسوکری گروپی جیابووە کە گۆیا لە ناو ئەواندا ڕویداوە، بەلام ڕانەگەیاندرابوو.بەلام لەمەڕ عەمەلیاتی زیندانی حیزب اللە، کە لە پەنجاەمێتری پۆلیسی(باتمان) بوو، ودەویداخەڵک جەزرەبەوئەشکەنجەدەدران و سەدان کەس لە وێ کوژرابوون،هەروالەم بارەوە کە چ بووە کە بەرێ ئەو هەموو مەکروف ناجایزەیان تاقەت هێنابوو،شیکردنەوەکیان نیشان نەدا)سوپا،هەر چەند بە(حوکمی خۆی) بەرگری کەری کۆماری(نادێنی) بوو،بۆخۆی لە ڕێزی پێشەوەی ئەم سیاسەتی (ئیسلامگرا) بوو: ئەم سیاسەتە لە سەردەمی ڕێبەری ئەو دەوڵەتانەی لە دوایی کۆدتای نیزامی سالی 1980 دەستیپێکرد. لەم ساڵەدابوو کە ڕاهینان و فێرکردنی دینی لە قوتابخانەکان، و بنکەو سەدان مزگەوت بە پارەی تەرخانکراوی دەوڵەت دەستی پێکرا. لێبوردنی نیو نەتەوەیی،ڕاپۆرتی ساڵیانەی وەزارەتی دەرەوەی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،دیدەبانی حقوقی بەشەر و گەلێک لە تورکەکان و گروپەکانی دیکە هەموو ساڵێ بە لگەو دیکۆمەندی زۆر لە بابەت شکانی حقوقی بەشەر لە تورکیە بڵاو دەکەنەوە. ئەم زولم و زۆری وزێدەڕۆییە،لە ئەشکەنجە و جەزرەبە ئاسایی وەک دەستدریژی و تەعەداکەری لە پێش وپاش بە ژنان و کیژان و(لە فەلاقەدان)، گرتنەکانی بە خوازیار هەتا شێوەی سووک تری سووکایەتی وەکوو ڕووداویک کەلە 1989 ڕوویدا دەبەرخۆی دەگرێت: لەم ڕووداوەی ئاماژەپێکراوە ئەرتەشیەکان کویخای ئاوەدانیان لە تەویلە مەجبورر بە خواردنی (تەرس و پەین)کرد.

بە ڕوانین لەمە کە یاسای سزایی تورکیە ئەو کارانەی کە لەناوچەکانی دێهاتی ژێر چاوەدێری (حکوومەتی نائاسایی) ڕوودەدا، لە بەسەرداچوونەوە بەپێی قانوون لە دادگاکاندا هەڵداوێرێ_ ودادگای

بەسەرداچوونەوە لە بەرسەرڕاگەیشتن وپرسینەوە بەوچەند خاڵە کە بۆیان ناردراوە بێ مەیلیان نیشیاندا_دەجا تەنیا ڕێگای چارەسەری بۆ کوژراوانی ڕووداوەکانی ئەوها دەستدرێژکردن بە(کمیسیونی حقوقی بەشەری ئوروپا)بوو. تورکیە وەکوو ئەندامی شووڕای ئوڕوپا بە پێی پەیمان دەستەبەربوو کە داوەری شووڕاکە قبووڵ بکات،بەڵام ئەم کمیسیونە زۆرجار تەنیا بە چاوپێداخشاندنەوە بەبەشێکی کەم لەم داواکاریە کە بەوی ئەسپاردرابوو ڕەزامەندی دەربڕی. گرتنی بڕیاررزوربەی ساڵەکان وەدرنگ دەکەوت و دەگنخاندرا،بە تایبەت ئەگەر وڵات تووشی ئەم گیروگرفتەبوایە،داوەری کمیسیونی قبووڵ نەدەکرد و مەسەلەکەی بۆ دادگەی شووڕای ئوڕوپا دەبرد. ( بۆنموونە دەوسییەی"تەرس خواردن"پێنج ساڵ دوایی ناردن بۆکمیسیون وبە دانی300/000فرانگ بەسکاڵاکەر کۆتایی پێهات)کوردەکانی تورکیە سروشتیە چارەنووسی خۆیان لە گەڵ چارەنوسیك هەڵدەسەنگاند کە سەدام حوسێن بۆ کوردەکانی ئیراقی پێکهێنابوو. ڕاستە،ناپاڵمەکانی تورکیە کوژراوی کەمتری لە چەکەکانی شمیایی کە ئێراق یان عەمەلیاتی ئەنفال.کە ئامانجی ڕەگەزبڕینەوەی بەتەواوی وسەرجەمی کوردەکان بوو، نەبوو،بەڵام هەردووحکوومەت بەدەست هاوەڵایی دڵ کراوەیی گوندەکانیان خاپووروێران دەکرد و لە جەماوەریان بەتاڵ وچۆل دەکردن،وهەردوو مافی ئیسانەکانیان بەبەرفرەوانی بەوێنەی گروپێک پێشێل دەکرد. هەتا وەزارەتی دەرەکی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بەم ویکچوونانەی دەم پێداهێنا: جان کورن بلوم، یاریکاری جێگری وەزارەتی دەرەکی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا کاتێک لە 1996 لەوی پرسیارکرا کە ماڵەکانی وێرانکراوەی خەڵکی کورد لە تورکیە لەگەڵ خاپووربوونی دێهاتەکانی ئیراق چ تەوفیری هەیە، وەڵامی داوە: (ئەگەرمرۆڤ دانیشتووی گوند بێ چ تەوفیری نییە.)

زوڵم وزۆری دەستدرێژی و ئاکاری نارەوا و ناجایز لە دەڤەری تونجلی(درسیمی پێشوو) لەپاییزی 1994 بە ڕادەیەک بوو کە (عزیمت کویلوغلو) وەزیری بەرپسیاری حقوقی بەشەر، فەرمی دەستدرێژی و تەعەدای هێزەکانی ئیستخباڕاتی دەم پێداهێنا_ ئەمانە شتانێک بوون کە تێکۆشەرانی حقوق بەشەر سەردەمێک بوو کە گوتبوویان: کویلەغلو گوتی: ( عەمەلیاتی تڕوڕیستی ناوچەکانی دیکە شۆڵی پ.ک.ک.یە، بەڵام لە (درسیم) ئەم ترورە،کاری حکوومەتە،و لە درسیم،حکوومەتە کە دێهاتەکان وێران دەکات گوندەکان چۆل دەکات و ئاگردە دا. لە باکووری ڕۆژهەلاتی وڵات دوو میلیون کەس بی ماڵ وحال بوونە. بەخەڵکی ئەوگوندانەی کە گوندەکانیان چۆڵ کراون دەبێ خوراک بدرێ و ئەنوابدرێن)بەڵام ئەمجۆرەی کە پێویست بوونەیاندانێ. بەڵام ئەم قسەدەربڕینانەی کویلەغلو بۆخۆی ڕابردویەکی بناخەداڕشت،هەر چەند ئەو بەشیوەکی بە دوور لە ڕاستی بە هیما پ.ک.ک.ی بەرپسیاری عەمەلیاتی تروریستی لەکوردستان ناساند. بەرلەوی هیچ کارگێرێکی فەرمی حکووکەتی هەتا ئەم ڕادە بەمەسەلەکەی دەم پیدانەینابوو، و لە دوای ویش کەس ئەوهای نەکرد. لەراستیدا ئەو وەزارەتخانەی کە ئەو بەرپرسایەتی وی وەسوکربوو،ولەگەڵ کەمبوونی بوجەش ڕووبەڕووبوو،لە 1992 لەدژکردەوە بە

ڕەخنەیەکی زۆری وڵاتانی ئوروپایی وئامریکا لەکارنامەی حقوقی بەشەری تورکیەبەوجودهات،و بەم ئامانجە کە بێئەوەی تەنگەژەو ئاڕووشەیەک بۆ حکوومەت وەدیبهێنێت لە داوێنی لەم ڕەخنانە کام کاتەوە.

تونجلی،کە خەڵکەکەی کوردەکانی زازا،زوان و عەلەوی مەزەب پێکیان دەهێنا پارێزگایەکی ئاسایی کۆمەڵایەتی کورد نەبوو. درسیم کە مەڵبەندێکە ئیکجارشاخاوی بە دۆل و گەلی دەقوڵ،هەتا بە ئەنازەو پێوانەی کوردیش دەڤەریکی چەخت و هەڵەمووت ورژد وهەزاربەهەزاربوو. ناوی پێشووی وی بەر لەمە کە تورکەکان ناوی کوردی شوێنەکان بگۆڕن (درسیم ) بوو. و تەنیا ساڵەکانی 1937- 38 بوو کە کەوتە ژێرحوکم ودەسەلاتی حکوومەت. سروشتی شاخاوی دەڤەر، و لە ئاکامدا کەمتەرخەمی وگوێچکەڕانەداشتن بۆ حکوومەتی ناوەندی، و سەربادان لە دانی باج و پیتاک بە حکوومەت،دەستگیرەوهۆکاری بەدەست ئاتاتورک دا هەتا داوێنی ئەم دژو قەڵایچەی کە لە بەرامبەر حکوومەت خۆڕاگریان دەکرد سەرکوت بکات. لەوجێگایە کە ئارشیفەکانی تورکیە هەروا مۆروموم کراوباقی مانەوە،چرکەکان و دورودرێژی ڕاست ودورست هێندە لە بەسەرهاتی وی لە دەست دانییە،بەڵام ژمارەیەک لەکوردەکان هەروا دەنگۆی قۆڵ لەسەرنەکێشراو لەکەلک وەرگرتنی دەوڵەتی مستەفا کەماڵ لەگازەکانی ژهراوی لەسەرکوتی وی بوخچەدەکەنەوە.

کەسێک حاشا لەم ڕاستیە ناکات کە عەمەلیاتی نیزامی کە درسیمی بەچۆکداهێنا بەڕادەیەک تۆقێنەر بوو کە ناسیونالیسمی کوردی لە تورکیە بۆ ماوەی نیو سەدە کپ و بێدەنگ کرد. حەوت ساڵ پێشتر،عصمەت ئینەنۆ،کە بۆخۆی کورد بوو و دەستی ڕاستی ئاتاتورک و جێگری وی بوو، شک ودوودڵی سەبارەت بە بڕیاری کۆماری تێدانەهێشبۆوە. ئەو ئەگەرچی کورد بوو ڕایگەیاند کە(تەنیا نەتەوەی تورکە کە مافی خۆیەتی لەم وڵاتە لە حقوقی نەتەوەیی و قەومی کەلک وەرگرێت،هیچ نەتەوەیەکی دیکە مافەکی ئەوهایان نییە) ئەم هزروفکرە سادەیە بەەردی ژێر خمی ڕاهێنانی (کۆماری)گوردرا، لە ڕاستیدا ئینەنۆ، بوو کە دەست بەکاری شەڕکردن لە(درسیم) بوو.

بۆ نموونە صبیحە گوکجن،زڕکچی ئاتاتورک و لە لایانگرانی سەرەتای کاری کۆماری، پەنجاەساڵ لە دوایی بۆمبارانی شۆڕشگێڕانی درسیم دەلێت: کە نەک ئەوکات و نەک پاشان هیچ چاخ هەستی بەوبابەتە نەکردو بۆی بە داخ نەبوو: (ئەم کارە بۆ داکۆکی لە زیندومانەوەی کۆماری لاو پێویست بوو.) و

ئەم بابەتە لە بەرگری و دیفاع لە هزرەکانی پێشکەوتووخواز وهەلاواردنی دین لە سیاسەت،دژی شوێن تێکەری ئیسلامی هزری بولێڵ شی دەکەنەوە کە کۆماریخوازان داواکاربوون هێزەکانی کوردیان وړووژاوکردبوو. ئەم ژنە لیی زێدەدەکات: ( ئەمە ڕاسپاردەیەک بوو کە ئاتاتورک بەمنی ئەسپاردبوو و ئەمن بەڕیوەم برد ) لە سەرکوتکردنی درسیم دەرگای ئەشکەفتەکانی کە پیاوژن ومندالیان کورد بۆ وێ پەنایان بردبوو دیوار کێشا،و ئەوانیان بە زیندووی دەوێداسوتاندن. ئەو لێرەوارانەی کە خەڵک پەنای بۆ بردبوون و خۆیان تێداحاشاردابوو ئاگردان، ئەوانی کە لەو حاشارگایاندابوون هەموو کوشتن. (ئەم کاروکردەوە لە1994دوو پات بۆوە،سرنج ڕاکێش ئەمەیە کە ئەم ناوچەیەی کە سوتانددرابوو ناوچەیەک بوو کە کرابوو بە پارکی جەنگەڵ،کە قەرار بوو دارەکانی بپارێزن.) کوردەکانی درسیم جەنگین هەتا ئەمە کە تەقەمەنیان تەواو بوو. گوندەکان سەرجەم  وێران و خاپوورکران،و هەزاران کەس لە پاشمەنەکان لە بەڕیوەبردنی ئەوەی ڕۆژنامەکانی تورک بە خەتی گەورە رایان گەیاند و بەپیشواز لە ئاخافتنەکانی بەناوبانگی(کاتو) دووپێوەند لەوەکارتاژ دەچوو، سەری لاپەڕە کانیانی خۆیان ڕازاندەوە:( درسیم لەگەڵ هەردڕاست کراوە.)

پێشتر ئوروپایەکان لە ئامادەگی چاوتێبڕینی کەمالیستی لە پەیوەند لەگەڵ ئەم(شەڕلە ڕێی چاکەو پێشکەوخوازیان)قبووڵ کرد. کوردەکان لە درسیم ڕاونرابوون،تەنیا لە 1946 ئەوکات کە دامو دەستورو ڕێووشوێنی نائاسایی باتڵ بوو ئیجازەیان وەرگرت بۆ ماڵەکانی خۆیان بگەڕێنەوە. دوو ساڵ دوایی یەکێک لە هاوالدەرانی تورک کە سەردانی دەڤەری کرد و نووسی: ( ئەگەر لە گەڵ خەڵک لە دەوڵەت قسەی لە خوێی وەربدەی ئەوان دەست وجێ ئەم(دەوڵەتەی) بە سۆنگەو سەبەب وبنچینەی کارگێری باج و پێتاک و پۆلیس دەبن...)چونکە لە درسیم قوتابخانەیەک نییە، دکتۆرێک نییە،ئێمە بە خەڵکی درسیم هیچ شتێک نادین،تەنیالێیان دەستێنێن. ئێمەحقمان نییە ئەوها لەگەڵ ئەوان ڕەفتاربکەین وبجۆلێنەوە.)

نێو سەدە لە پاش وی، قسەکانی (بوت شکێنی)کویلە غلوی وەزیر،دیسان کارتێکەری و ئاکامی مانەوەی بەروبووی نەبوو. سیاسەتی چۆل کردنی گوندەکان ڕانەگیرا،هەرچەند لە 1995هەنگاوی بەتاڵ کردنی گوندەکان و کوژرانی بەنهێن وشرت وگۆم وبێ سەروشوێن  و ئەشکەنجەو جەزرەبەی حکوومەت لە کوردستان شل بووە،ڕەنگە هۆکارئەمە بوو کە حکوومەت کەمبوونی(قوربانی) پەیداکردبوو. خودی ئەو وەزیرەلە1994 لە سەردانی گوندەکانی بەتاڵ وچۆل کراوتونجلی ڕێگری لێکرا. ئەڕتەش هەروا ڕێگری لە چاوپێکەوتنی خانم چیللر،سەرۆک وەزیران، لەم گوندانە بوو،لە حالێکدا کە خانم چیللر بۆخۆی لە لاینگرانی توندتیژ ئەم کردەوانە  بوو. خانم چیللر لە بەرامبەرسکالای گوندەیەکان کە دەیانگوت هیلیکۆپتەرەکانی نیزامی لە مالیخۆیان وەبەر ڕگباری مەترالوزو شێستیر دەدەن بەحاشا کردنێکی (سوررئالیستی) دەستەوداوین بوو. وگوتی: ( ئەم هیلیکوپتەرانە بێ گومان ئەفغانی و یان ئەرمنی

وڕووسی بوونە،بێ دوودڵی تورک نەبوونە.) یەکێک لە دێپلۆماتەکانی ئامریکایی کە پێی ئەسپاردرابوو دەسەڵاتدارانی تورک ئیقناح بکات بەمە کە ئەم دەستدرێژیانە بەحقوقی بەشەردوایی پێبێنن،لەدوایی چەندساڵ حەول وتەقەلای دل ئێشەر بەم ئاکامەگەیشت کە(تورکیە خەرابترینی دوژمن ونەیاری خۆیەتی.) بەڵام چێللرلەم حاشاکردنانە و وەدروخستنەوانە بە تەنیا نەبوو.

16ی ژوئیەی 1937 بەناوی ڕۆژنامەی تایمزلەندەن کە شیکردنەوەی کمالیستی  قەبووڵ کردبوو ڕەخنەی گرت: ئەوانەی کە لەگەڵ ڕاهێنان وفیرکردن دژایەتی دەکەن، شۆرشێک کەبەهۆکاری هێزەکانی نیزامی دابمرکیندرێت.)(هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت کەکوردەکان لەگەڵ ڕاهێنانێک دژایەتی دەکەن،ئەوەی لەبەرامبەریدا ڕادەوەستن، (تورک بوونە.).

هاڤگرانی ناتۆی تورکیە بە نیگەرانی و دڵخورپەو ئاڕوشەی شەڕی کوردستانی تورکیەیان تەماشا دەکرد،بەڵام خۆیان تێهەڵنەدەقوتاند، هەتا بەم شەڕی کە تورکییەی بە مەسخەرەگوڕیبوو کۆتایی بێنن: چونکە تورکیە داواکاربوو کە هەڤگرو یەکگرتووی خەتی پێشەوەی ناتۆو سەنگەرو پاردەی دەڤەری وی، لە بەرامبەر کمونیسمە.هەڵبەتە ئاڵمان جار بە شێوەی کاتی ناردنی چەکەکانی پێشکێشی وەدوا دەخست و ڕادەگرت،هەر وەک لە1993ئەوهای کرد،و ئەمە چاخێک بوو کە تێگەیی کە ئەم چەک وچۆلانە دژی کوردەکان لە کاردەکات و کەلک لێوەردەگرێ. بەڵام لە سەریەک چاوپۆشی هەروا بەردەوام بوو. لە ئیراق،ڕۆژئاوا بەهۆکاری کێبەرکێی بازرگانی و ڕێگری لە شوێن تێکەری ئیران لە ناوچە نەیدەویست بە دیکتاتۆریکی بەدناوی وەک ئیراق سەبارەت بە ئاکاری ناحەز لە گەڵ کوردەکان فشاربێنێت، و لە پەیوەندی لە گەڵ تورکیە یەکیەتی ناتۆ بەهۆکاری ئیلاقەی ژئواستراتژیک و لە بەرچاوگرتنی چونیەتی هاوپەیمانێک و کێ بەرکیی بازرگانی لە هەلێنانی هەنگاوی کارتێکەر لە پەیوەند لەگەڵ دەوڵەتێک کە بە شێوەی دموکراتیک هەڵبژێردرابوو تاقەتی بڕا.

لە 1992 بەم لاوە ئەمن نیشانەکانی بەلەزو تاڵۆکەکەوتنی سەرکوتێەکم لە ماوەی سەفەریک، لەگەڵ دوو هاواڵدەری ئینگلیزی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکییە،گوێبیس بووم. لەم سەفەرە لە دیاربەکر، لە ناوچەی ناەندی پەیکارو پرچەنگی پ.ک.ک. بە قورس و بەرفرەوانی لە پێدەشت و شاخاویەکاندا بۆ ڕۆژهەڵات چوێن یانی لیجە،"باتمان"(ناوەندی نەوتی تورکیە کە بەهۆکاری بێ سەروشوێن وشرت وگۆمی خەڵک کە لەوێ ڕوودەدا دەنگین و ناوبەدەرە)سیرت،الوندرە،(ئەوشوێنە کە زوربە لە کوردەکانی ئێراق

لە 1991 پەنایان بۆ وێ برد )لێرە بەر لە چوون بۆ باشوور وسەردانی سەرلەنوێ لەماردین ودیاربەکر بۆ ڕۆژئاواگەراینەوە. و لە درێژایی سنووری ئێراق و سوورییە بە سیلوپی، جەزیرە،میدیات،آیدل ونسیبین هاتین. لەگەڵ یەکێک لەدۆستانی کورد دانیشتووی ئامریکا قەول وقەرارمان دانا بوو کە دیلمانجیکمان بۆ بدۆزێتەوە. وئەم دیلمانجە لاوێک بوو کە کەمێک ئینگلیزی دەزانی،و بە توندی دێوانەی پ.ک.ک. و هزری ئۆجەلان بوو. لێحالێبوون لە قسەکانی ئیکجارچەتوون بوو،بەڵام قسەکانی پەسەندکردنی ئاقیدەو ئیمانی کوێرکوێرانە بوو کە ئەمن دەیان کەڕەت لە شەڕەکاندا دێبووم کە لاوەکانی بۆ خۆکوژی دنەدەداو ورۆژاو دەکرد. ساویلکەیەکەی جۆرێک بوو کە هۆکاربوو لەخۆراگەمەی پێبدەم. بەڕاشکاوی دەیگوت کە ئەمنی بە ئەمپریالیستی تەواوعەیاردەزانی_ و ئەمە لەبزێک بوو کە لەدوایی لە بەریەک هەڵتەکانی یەکیەتی شووڕەوی لە شوێنەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە برەو کەوتبووە. ئەوقسانەی کە پێکەوەمان گۆڕینەوە لەنیگەرانیەکەمی کەم کردەوە،چونکەنیگەرانی ئەمە بووم کە ئەگەر لەگەڵ هیزەکانی ئیستخباڕاتی تورکیە دەردەسەرپەیدابکەین چ بەلایەک بەسەرئەم گەنجە دێت،چونکە زوربەی ئەمجۆرە ئاڕوشەو گیروگرفتانە بۆ ڕۆژنامەنووسانی دەرەکی لە ناوچەکانی دیهاتی لە ژێردەمودەزگا وشێوازی نائاسایی هاتووچۆبکەن،دێتەپێش. بۆ ئێمە لە خەراپترین حالات مەترسی دەرکردن وڕەنگە لیدان لەئارا دابوو،بەڵام ئەم لاوە بۆیارمەتی بەچەند دەرەکی خۆبین وبەپۆزوئیفادە کە دەیانەویست مۆمڵ بۆ حکوومەت وەدیبێنن،گیانی لە مەترسی هاویشتبوو. زوربەی ڕیگاکان خەراپ بوون،کۆلێنەوەی یەک بەدوای یەکدا لە پۆستەکانی لێکۆلێنەری توندوتیژ و تەژی لە ترنجان،کش وهەوایەکی تەواو لە باشترین چۆنیەتی بولێل و هەوراوی بوو. بەڵام سەرنج ڕاکێش ئەمە کە بۆ هەر شوێنێک کە دەمان ویست دەمانتوانی بچێن- وئەمە شانسێکی گەورەبوو.

دیلمانجەکەمان لە ڕەکێشکردنی بۆچوونی کوردەکان کە ئێمە بەئەنقەست وەک بەهەڵکەوت لەگەڵ ئەوانمان وتوویژ دەکرد پسپۆرێکی تایبەتی هەبوو. (زوربە لەوشوێنانەی کە هاتووچۆی کەم تیدادەکرا، و فکرمان دەکرد کەسمان بەدواوە نییە،و بۆ خەلک تەنگەژە دورست نایکەین ئەوهامان دەکرد.) لەنزیک ئەروح،لەوشوێنەی کە یەکەمین عەمەلیّاتی نیزامی پ.ک.ک. لە 15 ئەوتی 1984 دژی بنکەکانی ژاندارمەری ڕوویدا،وەرزێرێک لە جاشەکان و هیزەکانی ئیستخبارات زوانی بەسکالاکردەوە،نەخازا لە هێزەکانی(تایبەت) کە زوربە جل وبەرگی مروڤی ئاسایی نانیزامیان لەبەردەکرد وگوارەلەگوێدا،هاواری خەڵک لەدەست وان بەگویچەکەی ئاسمان گەیووە.

ڕووناکتر لەم دادخوازیەیی ئاسایی لە بەرزبوونەوەی زوڵم وزۆری،لێروانین حەبەساو تاساوسەرسامی کاسبوونی چاوەکانی بوو کە ئەوکات کە پرسیارم لێکرد چتۆ بۆ شارێکی دیکە بچێن. پرسیارەکمان

چەندجار چەند پات کردەوە،هەتاکوو کە تیگەیشتین دەگمەنن ئەو کوردانەی کە بەو ناوانەی کە دەوڵەت لە ماوی سالەکان لە جیاتی ناوەکانی کوردی بە سەرشارەکان و گوندەکانی دابڕاون،ئاشنابن(دوایی تێگەیم کە دەوڵەت ناوەکانی ئەرمەنی و عەرەبیشی لە سەرجادەکانی فەرمی یان خەریتەکان و تورِی ئاو گەیاندن بوونە، گوۆرِیوە: لێرە مەسەلەکی بەقازانجی شیاوی گویزتنەوە،بە سەر ئیدولۆژیدا زاڵ ببوو) لە سەریەک تورکەکان بەدستەوداوێن بەمجۆرە کارانە، و کێشانی بەرق و دانانی تەلەفوون- کە شۆلێکی باش و بە قازانج و شیاوی رِیز لێنانە_ رِواڵەتی کوردستانیان گورِیبوو، بەلاّم نەک خودی کوردەکان: کە تەنیا ئیلاقەی گەورەیان بە تورکییە-ئەگەر ئیستاش لەو بواریدا مابن-ئەمەیە کە لە سەرماییەی دەولّەت بەرهەمێکی بەئینساف بەرن، چونکە تیگیون کە ئانکارِا ئەگەر بخوازێ چ کارێکی دەتوانێ کەبۆیان بکات. ئەوهەی ئەم جۆرە خەڵکە کە لە گەڵیان قسەمان کرد،هێشتا تینەگەیبوون ئەمە بوو: کەحکوومەت خەریّکی ئەمە بوو کە ئەوان زێدەتر لە هەر زەمانێکی رِابردوو سەرکوت وزەلیل و دەستە وەستان و سووک و چرووک کات.

بۆ ئەوەی کە باشی تێگەیبای و بە وردی زانیبوات کە کوردەکان لە گەڵ چ چارە رِەشیەکی تەنگ وچەڵەمە دەست بە بەرۆک و یەخەن دەبوایە بە سەر کوشتارەکان و دوورخراوەکانی عوسمانی و سەفەوییە لە سەدەی شازدەهەم چۆبایەوە مێژووت لەم بارەو سەروبن کردبوایە. ساڵەکانی دوایی کە (ئەحمەدتورک) ئەم سەرکوتیەی بۆ شێکردمەوە. گوتی: (باب و باپیرانمان،کە لە سەرکوتی دوایی شورشی شیخ سەعید رِزگاری ببوو بەردەوام بەمەی رِادەگەیاند ووشیاری دەکردینەوە کە حکوومەت بێ بەزەو بی روحم و بێ ئینساف،بەلاّم ئەمە دژوارترین توندو تیژترین رِۆژگاربوو.)ئەوکورِی یەکێک لە بنەماڵەی گرنگی عەشایری، و سەردەمێک ئەندامی پارلەمان بوو. باوکی بە درەنگەوە بەرِاپەرِینی ساڵی 1925ی (شیخ سەعید) لکا. لەجەرەیانی سەرکوتی شۆرِش،شانس یاری کردبوو بەسەلامەت لیی دەرچوو بوو. گوتی: (بەری خەڵک سزادەدران کە رِاستەو خۆ لە شۆرِش بەشداریان کردبوو،ویان دەستەیەک لە سەرۆکانی عەشایریان سزا دەدان، هەتا رِیبەری کورد بێ هێزکەن. بەلاّم ئەو جارخەڵکی ئاسایی کەچ پەیوەندیان لەگەل مەسەلەی شەرِ نەبوو سزادان،چونکە لەجەرەیانی شەرِ،لایانی حکوومەتیان نەگرتبوو! لە رِابردوو ئامانج،دامرکاندنی شۆرِش بوو،ئەم کەرِەتە ئامانج سەرکوتی خەڵک وپێناس وکەسایەتی و کەسینی ئەوان بوو.)
پ.ک.ک. شتێکی ئەوهای لە خودا دەویست،پێشتر ئەونیشانانەی کە حیکایەتیان لە باخ بوون لە سەرمەستی لە سەرکەوتن دەبرِیبوو. لە1990بەم لاوە خۆپێشاندان رِەزایەت لە گەڵ پ.ک.ک.وگالّەدانی دوکان وبازار،پرِوپاگەندەی ئاشکراورِاشکاوانە بوو بە هۆکاری بەرِیوەبردنی عەمەلیاتێکی توندوتیژی تۆڵەوەرگرتنەوە لەلایان هێزەکانی نیزامی تورکیە. لە شاری شرِناک کە قەلاّیچەی نەتەوەخوازانی کوردستانی تورکیەیە،چەندحەوتوو پێشتر ئەرِتەش لەماوەی عەمالیاتێکی توندوتیژ دانیشتوانی لەناو

شارڕاونابوو. گەنجان بە تۆقیندراوی کە لە گەرەک وکۆڵانەکان تووشیان دەبوین بەسرتە دەیانگوت کە چلۆن و بە شێواوزو شکلێک دست و پێی پۆلیس و هێزەکانی ئەرتەش کویرم کەس نابوێرم لە هەموو کەسێکیان تەقەدەکرد. تەنیا بناو خانووبەرەکانی دەوڵەتی لە بەلاوئافات سەربەمۆرمابوونەوە( کەئەمە بۆخۆی داوای دەوڵەتی کە پ.ک.ک.ی بەمەتاوانباردەکرد لە قودرەت ئیحتوباردەخست) ئێمەخۆمان بەخۆشبەخت زانی کەتوانییومان خۆمان دەشاری بکێشین،کە سەردەمێک بوو لە ڕووی دەرەکیان وهاواڵدەران گاڵەبوو: لە وێ تووشی کۆبوونەوەکی سەیربووین،بریتی لە پیاو ژنان و منالان،کە لە دەورەی پێکەری هەموو شوێنێکی ئاتاتورک،بەر پاکرابوو. بەشداران لەم ڕێوورەسمە- جاشەکانی دیهاتی، بنەماڵەکانیان،و دەستەیک موزیک-بەبێچم وقەلافەت وهێکەلی دەمجد و شیوازی فەرمی سەبارەت بەکۆمار جامینخوازی و وەفاداری خۆیان دەردەبڕی. بۆلای والیێ یان فرمانداری ناوچە چووم،ئەوهێندەم ڕەجاو تکا، لێکرد لە ئاکامدا ڕەزامەندی دەربڕی کە وتوویژمان لەگەڵ بکات،لەناوکوڕی پاریزگاردەکانی چەکداری لەناوئوتمبیلەکەی بۆ نوسینگەی چووین. لەپشت میزکەی دانیشت وبۆ پرسیارەکانی ئێمەی گوی هەلخست،دوایی دە دەقیقە قسەی قۆروو بێ تام، لە نەکاو دەستووری دا لە شار دەرمان کەن. لووت و لیوەو تووزو نەزەو چەعرەیەکی ئەوهای نەبوو کە بکرێت بەڵگەی بۆ بێنینەوە. ڕۆیشتین.

چەند ڕۆژ دوایی، دوایی فراوین لە نسیبین بە ماشین بۆ چوارڕێیان چووین کە ڕوو بەڕووی شارداری بوو: نسیبین شارێکە هاوسنوور لە گەل قامیشلی سووریيە. ڕیگایەکی دووردرێژمان بڕیبوو. هەوا گەرم بوو. لە یەکێک لە قاوەخانەکانی(شەقامی) ڕەخ مەیدان ویستمان ساردیەک بخوینەوە. بەلاق دانانمان هەراو هوریای قسەکردن کە کاتی پارک کردنی ماشین دەمانبیست،مات بوو ئێمە لە ناو دە دوازددە مرۆڤ کە چروچاوی ساردو بی حالیان بە خۆوەگرتبوو دانیشتین. زوربەی دەمانچەی ڕوتیان بە دەست وەبوو، هێندیک چەکیان لە قەد بەستبوو. تێکۆشانمان بە دەستپێکردنی قسە ناسەرکەوتوو ماوە: ئەوانە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی دەرەکی تیکەلاویان نەببوو، حەزەیان نەدەکرد کە کارەکەیان لەمە رادەست پێبکەن.

بۆ ئەوسەری مەیدانی شاری  چووین، شاردار بە خولقەکی خۆش  ئێمەی وەرگرت. نسیبین بەهۆی شرت وگۆم وبێ سەروشوێنی خەلک دەنگین بوو. گوزراوەکان جاروەبووکەسانێک بوون کە دیاربوو کە بەدەست نیشانکراوی بونەتە ئامانج. تێکۆشەرانی سیاسی کورد،بلاوکەرو بلاوکەر یان ڕۆژنامەکانی جامینخوازی کوردی کە لە ئاستانبۆڵ چاپ دەکران،و جاروابوو کەسانێک کە  کە چ ڕۆڵیان لە مەسەلەیەکدا نەبوو تەرمیان بە نیشانەی دەسەلاتی حکوومەت، چەند کاتژمێر لە شەقامەکان دەماوە. پرسیارم کرد هۆکاری ئەمە چیە؟ کەبەڕواڵەت بکوژێک بەهۆی ئەم کوژراوانە ناگیرێ؟ بۆچی بەقەولی کۆمەڵگای لێبوردنی

نێونەتەوەیی، تۆمەتبارانی(ئەم ئەشکەنجەی بەرفرەوانە بەپێی رویش قاعیدە)لێیان ناپرسرێ کەسێک لە مەرسزادان ئەو تاوانانە ناکەویتەبەر پرسیارو لێکۆلێنەوە؟
شاردار کە مرۆڤێکی ئیکباربەشەرم وحەیاو خاوەن ئاوەز بوو، لە نێوەراستی ساڵەکانی دەیەی سی تەمەن بوو، وەلآمی داوە کە زۆرساناییە...و بە پشوو دریژی بۆی شیکردینەوە،گوتی: دەست تێوەردانێک کە پێشتر لە یاسای سزادانی تورکیە سەری گرتووە و بە کەرەناو باڵابان راگەیندرابوو،ئەو دەقەرانە دەباوەش ناگرێ کە حالآتی نائاسایی تیدا راگەیاندراوە. فەرمانی بەدواداچوونی کارگێرانی دەوڵەت لەسوکری (فەرمانداری گشتی) لە دیاربەکرە،کە ئەو بەکردەوە هەنگاوهەلێنان لەم بارەوە بەفەرمانداری نیزامی دەسپێریت،و ئەو بەپێی عادەت کارێکی ناکات. بەلآم دڵنیایە ئەم تۆمەتانەی کە بوخچەیان دەکرێتەوە وبەپێی وان سەربازو ژاندارم و گروپەکانی تایبەت بەردەوام مافی بەشەر لە هەڵسەنگان پێشێل دەکەن،زەبر لە ناوبانگی حکوومەت دەدەن.؟ شاردار هەر دوو دەستی بەرزکرد،وەک وەی ویستبێتی بڵێت کە ئەو قانوون بەریوە دەبات،و لە جەنگەی شەر بۆچ دەبێت گارگێرێکی بەرپسیار بیهەوێ لە(سنووری قانوون)سەرپێچی بکات.

دژکردروەی ئەم دەسەلاتداری نانیزامی لێکدانەوەیەکی وەبیرهێنامەوە کەیەکێک لە رۆژئاوایەکان دوونەسل پێشتر لەو مرۆڤانەی تەنیا و برست لێبراو دەکات کە لە کوردستانی( وکێوی)فەرمانی کۆماربەریوەدەبن: مامۆستایانی کە بە کوردەکانی رەمەکی دەرس دەڵێن،ئەوسەربازانەی کە آسایش وئارامی سەقامگیردەکەن،ئەوکارگێروحاکمانەی کە حوکمەکانی توندوتیژیان بەریوەدەبن،شەوانە هەتاقرقرۆچکە شەراب دەخۆنەوە،میهەنگەکانی کەلەناوجێوبانیان بۆسەیان داناوەتەوە وەدەنگ دێن.هەربەوجۆرەی کە گویچکەم لەقسەکانی هەڵخستبوو لەنەکاو شتێکی دیکەم وەبیرهات: یاسای ژمارە 1850،کەلە 1930بۆماوەی شەش مانگ هەمووئەوکەسانەی کە لەسەرکوتی شۆرشی ئاگری بەشدارای بووە لە راوانان وبدواداکەوتن قانوونی چاوپۆشی دەکرت. لەدوای چاوپێکەوتن لەگەل ئەم کارگێرە،بەپێی رەسم وعادەت سەردانی فەرمنادارمان کرد کەدڵنیایی کردین لەنسیبین ئارامی بەسەرشاردازاڵ بووە،سێ مانگە کەگچکەترین روودا نەقەوماوە.

بۆ خواردەنەوەی ئابجۆێک،بۆئەو کافەی قەراخ شەقام گەراینەوە. مرۆڤی دەچەکداری خۆراگرو لەسەرخۆ، بەرواڵەت هێندیکیشیان خواردبۆوە،هەنۆکە بەپیرەوەچووتر لە بەرێ بوون،هەرچەند شێوەی ئاخافتن و رووبەرووبوون دۆستانەتر لە بەرێ نەبوو. بە ئێمەیان گوت: کە بەر لە داهاتنی تاریکان لە شار وەدەرکەوین. بەلآم ئێمە نەمانەویست بەو راسپاردەیە عەمەل بکەین،چونکە نەمانەتوانی بەرلە رۆژئاوابوون خۆمان بگەێنینەماردین،کە شاریکی جینار بوو کە میوانخانەی هەبوو،ونەمانەویست بە سەفەری شەوانە خۆمان بە دەستی چارەنووس بسپێرین،لە سەریەک ماندو بوین، برپارمانگرتبوو کەشەو

لە نسیبین بمێنینەوە. چێشتمان لە ڕەستورانێکی هەرزان خوارد، و بۆ نوستن بۆ موسافیرخانەکەمان گەڕاینەوە کە لەویش هەرزانتر بوو.
کەمێک لە دوای کات ژمێر 10دەنگی تەقینەوەێکی توندمان بیست،بەدوای ویدا دەنگی ڕەگباری چەکەکانی خودکار. بۆسەر پلەکانەکان چووین کە بزانین ئەم دەنگەو ئەودەنگانە لەکوێی دێن-هیندەنەمابوو وەبن دەستووپیی دە دوازدە کەس بکەوین کە بەلەز لە پلەکانەکان دەهاتنەخوار، لەنێو ڕێگا چەکەکانیان لە خۆیان شەتەک دەدا. بۆسەردان لە شوێنێک کە پێمان وابوو دەنگی تەقە لە وێدەهات، چوینەدەر: ئیستیگای ڕیگای شەمدەفەربوو: هەر ئەو ڕێگا ئاسنەی ناسراوبە خەتی بێرڵەن-بەغدا،کە ئالْمانیەکان لە سەرەتای سەدە،دەستیان بە سازدانی وی کرد و قەت تەواو نەبوو.

خولاسە ئەمەش یەکێک لەداوای دەولْەت سەبارەت بە ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەلاتی کێوی. کاتێک بۆ دیاربەکر گەڕاینەوە تێگەین کە دوو ساعەت بەر لە واردبوونمان هاوالْدەرێکی گەنج کە دوستی نزیکی دیلمانجەکەمان بوو لە کاتی چوونە سەر شۆڵ لە ناوەندی شار ڕەگباریان لێکردبوو کوشتبوویان.

چوارسالْ دوایی چاخێک بۆ دیاربەکر گەڕامەو شوێنەواری سەرکوت لە دێهاتەکان- وئارامی لەشار لە هەموو جێ وەبەر چاو دەکەوت. تالْووکەی و لەزی چۆل کردنی گوندەکان بە ڕادەیەک بوو کە جەماوەری پایتەختی نافەرمی کوردستانی تورکیەی لە 1990 بەم لاوە لە380/000 بە1500/000کەس زێدەی کردبوو. زوربەی تازەهاتوان کە لە گوندەکان ڕاونراو دەرپەڕاندرا بوون و بۆشارەکان پەنایان بردبوو شۆڵێکی بەردەوام و موچەیەکی هەمیشەییان نەبوو،و بە بەرەکەتی بەخشین و ئەنعامی سامانی هاوولاتی کوردیان ژیانیان دەکرد، چونکە یارمەتی دەولْەت بەکردەوە بوونی نەبوو. ئەو حقوق زانەی کە بە سکالای پەیوەندار بە مافی بەشەر ڕادەگەیی و بەهۆی ئەم ملۆزمەی کە پێکیدێنا بەردەوام ئەزیت دەکرا وئەمنی بۆ چاوپێکەوتنی تەنەکەئاوییەکان برد کە لە دەورەی شاری قەدیمی هەلْکەوتوو لە ڕەخ دەجلە بەرفرەوان دەبوونەوە.

یەکەمین راوستانمان لەکۆمەلْەکی (450) دەزگایی بوو، کە دەستەخانووبەریەک چوارنەهەم،کە لەڕاستیدا بە نشتەجێکردنی ئەوگوندەییانە دورست کرابوون کەلە بۆمەلەرزەی سالی 1976 بێ مال وحالْ بوون. ئەمانە خەلْکانەی خۆش شانس بوون،ئەوگوندییانە بوون کەلەگوندەکانیان ڕاونرابوون،هەرئەوەندەبووسەریان لەبن میچێکی بوو. بەلأم زۆرینە بێ ئیش بوون،وبەچاوی بی واز لێروانێنیەکامی تایبەتی وەرزێرانی بای ئەنواو چوزە هەموو کۆلأن وگەڕەکانی تەژی لەقوڕوچلْپاو دەخولانەوە. منالاکان لەرەخ کۆماکانی لک وچرپی و ئیشکەل وقلأشکەری کەلەدەرەوە لەسەریەکیان

کەڵەکە کردبوون گەمەیان دەکرد،لێرولەوێ کەرێک بزنێک ئەم شانۆیەی ئاوایی کامڵ دەکرد- ئەمانە ماڵاتیک بوون کەئەم گوندەیانەی بەزۆرەملی لەگوندەکانیان وەدەرنرابوون توانیبویان نەجاتیاندەن و لەگەڵ خۆیان بیانهێنن. خۆشترئەمە چاوساغەکەمان گوتی: کەئەم گوندەییانەی ڕاونراو،لەشوێنی ئەوکوردانە نشتەجیکرابوون کەلە سەرکوتی سەدام حوسین بۆ تورکیە هەڵاتبوون(کوردەکانی ئیراقی کەلە هێرشەکانی شیمیایی سەدام حوسێن لەئەوتی 1988 دەرچووبوون وبۆتوەکیە هەڵاتبوون لەم شوێنە- ئەم کۆمەڵەخانوانەی ناسراو بە450دەزگاە-نشتەجێ کرابوون،هەتا کوو لەئاکامدا لە1991 بۆئیراق گەڕانەوە.)

لەکۆڵان پشت کۆڵانەکانی نزیکەی شارنزیک بووینەوە،لێرە دەگەیشتینە خانووبەرەکانی تەنەکەئاوا، لە گەرەکی تەژی تەپۆڵۆکی شار،کەنەکارەبای هەبوو نەئاو. لەنەکاو کۆمەلیک ئاپارتومانی ڕیک وپێک و خاوێن وپۆشتە بەپارکینگ ورێگاکانی واردبوون و پۆشتەبەهوموو کەرەسەی هاسانکاری لەبەرمبارخۆمان بینی،کەهێشتا بەتاڵ وبیٚ دانیشتووبوون. لەدوایین سەردانم لەدیاربەکر،لەم خانووبەرانەشوێنەوارێک نەمابوو. لەبێنینی ئەم خانووبەرانەی نوێ ڕێک وپێکانە واقم ورما- لەمجۆرەخانووبەرانە لەناوەندی شار،ودەوری پشتی وقەراخ قوجاغی وی،دیبووم. چ کەس لەکوردستان دەیتوانی بنای دەئەوها دورست بکات؟ چاوساغەکەم گوتی: (ئەمانەدەوڵەت بۆ بنەماڵەکانی ژاندارمەری وسەربازەکان وپۆلیسەکانی ودەست وپیی تری ئیستخباڕاتی سازدابووکەبۆ شەربۆکوردستانی هێناوە)

دوستێکی ئەندازیاری کە لەکاری حیسابداری دەستی هەبوو دەفتەری لەبیربوونی هێنا،لەبەرخۆیداهێندێکی حیسابی کرد. گوتی: (بەنیسکۆڵەیەک زێدەترلەنێوەی ئەم پارەیەیەی کەخەرجی ئەم بنای ئەم/4000خانوە لەدیاربەکەرکراوە،دەوڵەت دەیتوانی 2200گوندی بەتاڵ کراوە سەرلەنوێ بۆژیان ئامدەبکات، هەربنەماڵەیوی گایەکی نیرومانگایەکی شیردەو دوو بەرخ و دوو بزنیان بداتێ) ئەوپەنابەرانەی کەلەگەڵ وانن ئاخافتن هەبوو گوتیان هیوادارن بۆ گوندەکانیان بگەڕێنەوە،بەڵام دەزانن کە هیزەکانی ئیستخباڕاتی ڕەزامەندی دەرنابرن. ئەم خەڵکە بەلانی کەم ئەم دلخۆشیەیان هوبوو کەلەگوندەکانیان نزیکن،وئەگەرشەڕکۆتایی پێهات وکارگێرانی حکوومەت دلیان نەرم بوو دەستیان لە توندوتیژی هەڵگرت دەتوانن بۆ گوندەکانیان بگەڕێنەوە. ئەم خەڵکە لێرە ئەمین لە شوێنەوارو زەختانە بوون کە هۆکاردەبوو وەک ئەوکوردانەی کە بۆناوچەکانی ڕۆژئاوا وباکووری وڵات پەنایان بردبوو زوان وریورەسمی خۆیان لەبیربەرن. ڕێنوینی کەری حقوقزانم بەڕادەیەک هەرەشەی لێکرابوو کەتێدەکۆشا دورست سەری ساعەتی شەشی پاش نیوەڕۆ لەماڵ بێت. بەڵام بۆ کەسانێک کە ئامانجی گەورەی دەمودزگا نەبوون ژیان لەشار بە(بەرەکەتی) جەستەی هێزەکانی ئیستخباڕات هەتائەوڕادەیە دارماڵ لە هەڵچوون نەبوو کە پیشتر بوو. سبحەینان،پاش نێوڕۆیان،چاخی ڕۆژئاوابوون لەدەوروپشتی دیاربەکر،بەحەساری قەدیمی سازدراو لەمەرمەڕی ڕەش،دەگەریان ولە هەمووشوێن

خەڵکیکمان دەبینی کەسەرانسەری ڕۆژ بەدوای شۆڵ وگەڕانی خۆیاندا بوون. لەڕابردوو کەس بەرلەڕۆژئاوابوون لەشەقامەکان نەدەبینرا. هەنۆکە پۆلیسێکی ئەوهاش لەشەقامەکان وەبەرچاونەدەکەوت. ئاخۆ حکوومەت(ژێربنای)ڕوالەتی پ.ک.ک.ی لە ناو بردبوو و ئەوی بۆ بن هەردڕاونابوو؟

سەردەمێکی کەلە پاش نیوەڕۆیەکی دەمارەهەستە وردکەر، بەدوای دۆزینەوەی موزەی (ضیاء گوکالب،م گوزەراند، کە بە کوێرەوەریەکی زۆر ئەوم لە پشت گەرەکانی دوور لە بازاری ناوەندی پەیاکرد. گۆگالب لە 1876 لەم شارە لەبنەماڵەیەکی کورد لەدایک ببوو،پاوکی کارگێری پلەنزم بوو. خوێندەنەکی ئەوهای نەبوو،بۆخۆی فیرببوو: شاعێرێکی وەخۆکەوتوو،هوروژاو کۆمەڵناسێکی هەڵبژێردراوبوو. وبەخاوەن نەزەری هەڵکەوتووی ناسینالیسمی شەڕکەری تورک گۆڕدرا.
گوکالب، کەکارتێکەرلەهزری امیل دورکهایم وهێندیکی دیکەی خاوەن فکروفرانسە، فرەزانایانی ئاڵمان بوو، لەساڵەکانی بەرلە شەڕی یەکەمی دونیاگری ئەوەڵ لەحکوومەتی تورکانی جەوان ناوبانگ وئیعتباری وەسەریەکنا. ئەم بڵاوبونەوەی شوێنی قەڵەمی بەناوی(اصول ترکیسم) لە1920 بوو. کە دەلیل وبەڵگەهێنانەوەی ئاچەری بۆ دامەزراندن حکوومەتی جێگرتوو هەڵاواردنی لە دین و وەپشت گوێچکەخستنی مافی کەمایەتیەکانی ملی وقەومی، وتوانەوەیان لە نەتەوەی تورک دا،لەبەردەست ئاتاتورک دانا. ئەودەلێت: (نەتەوە گرووپێکی ڕەچەڵەیی ویان قەومی یان جوغرافیایی یان سیاسی یان(ارادی،نییە،بەڵکوو بریتییە لە گرووپێک کەزوان ودین وئیخلاق وجوانی ناسینی هاوبەشیان هەیە،یانی لەپەروەردەفیرکردنێکی تەنیا کەلکیان وەرگرتووە.) گوکالب لە 1924 وبەرلەوەی کە ئاتاتورک هزرەکانی بەڕیوەبەرێ کە ئاکامێکی ئەوها پڕمەترسی تۆقینەر بۆ کوردەکان بەدواداهەبێت ئەو مرد.
گۆکالبیش وەکوو زوربە لە کوردەکانی ناوبەدەرو دەنگین کە بە کۆماری تورکیەیان خزمەت کردخۆی بە کورد نەدەزانی. ئەم حاشاکردنە لە پێناس لە گەڵ بۆچوونی عوسمانیەکان کە هەمووهاوولاتی مسیحی و یەهودی و موسڵمانی خۆیان،لە گەڵ پاراستنی زوانی دایکی و ئاخیزگەی نەتەوەیی وتایبەتمەندی و پاوانکراوی فەرهەنگی،(عوسمانی) بەحیساب دەهێنان،دژایەتی هەبوو. گوکالب دەیگوت: (ئەمن ئەگەر زانیباشم ڕەچەڵەم لە دەڤەرەکانی کوردنشین یان عارەب نشین هاتوون،دیسان لەتورک بوونی خۆم کمترین شک و گومان و دوو دلیم نەدەکرد،چونکە لە موتالایی کۆمەڵایەتی خۆم تێگەیوم کە بنەڕەتی نەتەوایەتی پەیوەندی بە پەروەردەوفیرکردنە.یان بڵین لە سەر ئەوڕاوەستاوە.)

ساڵەکانی پێشتر لە یەکێک لە چوار ڕێیانی حەسلی شار تابلۆیەکم بینی بوو کە چلۆنایەتی موزەکەی نیشانددا. هیواداربووم کە سەردان لە وی لە کردنەوەی ئەم گرێپوچکەیە،یانی حاشالە ئاخێزگەی کوردی بەناوی سیوسیالیسم بەربلاوی تورک،کە پێم شتێکی سەیروسەمەرەبوو یارمەتیم بکات. نمونەو ویکچوونی زۆرهەبوون،تەنیا گوکالب و عیسمەت ئینەنۆ نەبوون... کە دوایی بووبەسەرکۆمار. یەکی دیکە لەمانە ژەنەراڵیکی کورد بە ناوی جەماڵ گورسل، کەبەسەرکۆمار دانرا،و یەکەمین کودتا لە سێ کودتای تورکییە بە ڕیبەری ئەو بوو، کە لە1960جلەوی دەسەلاتی وەدەست گرت. ئەو بەمیلیون کوردی زەنگی مەترسی وئاگاداری لیدا: ( ئەرتەش لە بۆمبارڕانی شارەکان و گوندەکانی کورد شک وگومانێک بوخۆی نادا،وحەمامێکی ئەوها لە خوێن وەڕێدەخات...)

کاتیک لە ئاکامدا مووزەکەم دۆزیەوە،شتێک کە سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشام بی ڕەنگ ورووییی وی بوو: بە دەورەیدا حەوشەکی گچەکێشرابوو کە جگە لە چەند مریشک و جوجەڵە شتێکی دیکەی لێوەبەر چاو نەدەکەوت. بە تەنیا لەو خانووبەریەی کە تازە ڕەنگ کرابۆوە، کەوتمە ری،هەتا دالاندارێکی ڕەنگ ژاکاوو سیسهەڵگەڕاو مەلوول گوتی: کە موزە(لە دەست پینەوپەرۆدایە.)لەڕاسیتداجگە لە نێوەپەیکەری ئاتاتورک کە ڕازێنەری عیمارەتەکانی مللی و دەوڵەتین، پێنج شەش هۆدەی موزە کە جامەکانی هەمووبەتاڵ بووم . سەرتا ناهومێد بووم،بەلاّم هەنۆکە هێندە دڵنیانیم کە وەلامێکی کە دەمەویست نەمدۆزێبێتەوە.

ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا وەکوو ئەندامی مەزنی ناتۆ بۆ تورکییەپێکهێنەرگرنگایتیەکی دەرفرەوان بوو. هەتا لەدوایی کۆتایی پێهاتنی شەڕی سارد،تورکیە بۆ ماوەی چەندساڵ پلەی سیوەمی لەپێرستی وەرگرتنی یارمەتیەکانی دەردکی ئامریکا پاوان دەکرد،هەرچەند لەم پلەریگایەکی دوورودرێژ لە پشت ئیسرائیل ومیسربوو. لە 1994 کەخەراپترینی سالی سەرکوتی پارێزگاکانی کوردنشین بوو،تورکییە گەورەترین هاوردەی چەک وچۆلی نیزامی لەئامریکا بوو،وبەم بۆنەوە گەورەترین کڕیاری چەک دونیا بوو. قورخانەوجبەخانەی تورکیە کە80% لەسەتی وی ئامریکایی بوو بریتی بوو لەتانگەکانی ام-60- شەرکەر-بۆمب هەڵگرانی اف-16،هێلیکۆپتەرەکانی تۆپداری گورە وهێلوکۆپتەرەکانی گچکەی بلاک هاوک ولەهەموانیان دژی کوردەکان کەلکی وەردەگرت. پێنتاگوون بەردەوام تورکییەی بەکەڕینی چەک وچۆل دلگەرم دەکرد ودنەدەدا،جگەلەسەردەمێکی کورت کەلەوماویدا فرۆشتنی بۆمبەکانی گوڵچین دژی تاکەکەسی ڕاگرت. کاتێک گروپەکانی حقوقییەشەرئاشکرایان کرد کە فرۆکەکانی اف-16 اسی تورکییە گوندەکانی کوردنشینان بۆمباردومان کردوە گەلێک خەلکی ئاسایی نانیزامی کوژراون،واشنگتۆن هێندیک پەریشان بوو. پەنتاگون بەدۆزینەوەی(ڕێگای خۆدەربازکردن) کارێکی کرد کەدەولەتی کلینتۆن بەپێچەوانەی قانوونێک کە دانی کەرەسەی شەڕی لەکاتیکدا کەلەوی کەلکی نابەجێ وەرگیرێ یاساخ دەکردو پێشدەگرت، هەروالەنادرنی چەک وچۆل بۆ تورکیە بەردەوام بێت،هەرچەندگرنگترووپالەبەرتر.

چەندین هەزار ئامریکایی کە بنکەکان و ریکوپێکی و کۆکردنەوەی ئاگاداری و خەبەرەکانی ناتۆیان بەڕیوەدەبرد لە قەراغ قوجاغەکانی تورکیە بلاو ببوون،ئەم ریکی وپێکییە سروشتیە لە چاخی شەڕی سارد ئیکجارپێکهێنەری گرنگایەتی بوون، بە تاتبەت لەدوایی ئینقلابی ئیسلامی ئیران کە هۆکاربە بەستنی پۆستەکانی(گویچکە هەلیهەلیخستن)سەقامگیر لە قەراخ دەرایی خزەر بوو،کەلەمەش بەبایەختر بوون.

بەلام بوونی نیزامی ئامریکا کە ڕابردوی وی بۆ سالەکانی دەیەی 1950 دەگەڕاوە هیچ کات بۆ لەگەڵ بارودۆخی کوردەکانی تورکیە لە گەڵ وی ڕووبەڕووبوون کەلک وەرنەگیرا. هێزەکانی ئامریکایی دەستووری بێ ئەولائەملاو موحکەمیان هەبوو کە بەئاخافتن لە مەسەلەی سیاسی لەگەل هاوپەیمانی (هەست پێکەری)خۆیان-یانی تورکەکان-خۆیان بپارێزن. ئەمن ئەمەم دەزانی،چونکە لە ناوەڕاستی دەیەی 1980 بەردەوام لە ئەفسەرانی ئامریکایی کە لەتورکیە خزمەتیان دەکرد سەبارەت بەکوردستان، کە گەلێک لە بنکەکانی ئامریکایی لەو سەقامگیربوون،پسیارم دەکرد. دایم و دەرهەم لە نەبوونی ئیلاقە و ئۆگری ئەم ئەفسەرانە واقم ورمابوو. ئاخافتن و قسەکردن لەگەڵ ئەم ئەفسەرانە لە بەرچاوم بەشتێکی وەک گەڕانەوە بە نەبوونی ئیلاقەو ئۆگریەک گەیی کە لە هاوتایەکانی سیاسی ونیزامیان لە بالویزخانەی ئامریکا لە تاران لەسالەکانی 1970 بینی بووم: ئەم خاوەن پلەوپایانە بەلەبەرچاوگرتنی ڕێزوحورمەتی "شا" بەزانین وهەڵسەنگاندراو،لەتێکۆشان بەمەبەستی تێگەینی فەزای دژایەتی لەگەڵ وی خۆیان دوورەپەرێزرادەگرت. وئەم کەکتەرخەمەیە بۆقازانج وبەرژەوەندی ئامریاکا ئاکامێکی کاراساتاوی پێوەبوو.

لە ماوەی سالەکان دەولەتەکانی ئامریکایی یەک بەدوای یەکدا، بەلگەی جۆراوجۆریان لەشیکردنەوەی سەهەلەنکاری خۆیان لە بابەت خۆراگری لە مەڕسەرکوتی کوردەکان نیشان داوە. لەسالانی دەیەی 1950 ی پەیمانی بەغدا(کە دواییەکان کاتێک ئیراق دوای ڕۆخانی دەمودەزگای سەلتەنەت لە 1958 لەوی وەدەرکەوت بە سازمانی پەیمانی ناوەندی(سنتو) ناوی گۆڕا) لەماناادا هەروئامانج ونیەتی دژی کوردی بوو کەلەپەیمانی 1937ی سەعدئاباد ئاوێنەی بالانوێن بوو. نەتەوەخوازی بە تایبەت لەناو کومیەتیەکانی قەومی ولاتانی مەیلەو ڕۆژئاوایی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەلکەوتوو لە نزیکی پارەدی پۆلاین جێگای شک ودوودلی بوو،هەر وەک لە ئەمپەڕاتووری شوورەویش ئەوها بوو. بەدامرکانی شەڕی سارد لە 1991 قسەی هەلدانی ئیرانی خومەینی،تورکیە بە پلەی ژانداری "نادێنی" پلەی بەرزبوو،وبەم

ئەرکە، کە دەراوسی ئیسلامی خۆی لە خەتی پاراستنی قازانجی ڕۆژئاوا رابگرێت. کۆتایی پەریشان وئاڵۆزی شەڕی کەنداوی فارس لە 1991 ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای بە زیندانی ئانکاراو سیاسەتەکانی خۆدی واشنگتۆن گوڕی،کە زوربە لەگەل یەکتر دژایەتیان هەبوو. سادەتر گوتبم،واشنگتۆن بۆ داکۆکی ئاسمانی لە کوردەکانی ئیراق و ناوبانگی زبرلێدانی خۆی بە ڕەزامەندی تورکیە بەکەلک وەرگرتن لە بنکەکانی ئاسمانی ئەنجیرلیک- نزیک ئادانە- ئیحتیاج بوو،لە حاڵیکدا کە سەرکوتی بێ وچانی کوردەکانی لە خودی تورکیە چاودەقوچاند.

ئەم سیاسەتەی چەتری هەوایی کە بەناوی" دابین کردنی ئاسایش" وجار"چەکوچی هەلاوەسراو" ناو دەبردرا،بەکردەوە لەلای سیاسەتەپیشەکانی تورکیە قورسایەکی نەبوو: ئەم سیاسەسەتمەدارانە بەهەڵە بەخۆیان قبوڵکردبوو کەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بەئەنقەست حەولدەدا حاشارگایەک بۆ پ.ک.ک. لەباشووری ئیراق دورست بکات"(تەنیا ستادشوێن تێکەری ئەرتەشی تورکیەبووکە لەگەڵ واقیع بینی عەمەلیاتی دابین کردنی ئاسایش بۆ گەڕانەوەی میلیونها کورد وکۆمکردنەوەیان لەسنوورتورکیەشیاودەزانی،وهەرئەوبوو کە دەوڵەتانی تورکییەی بە قەراردادی سەرلەنوێ مەجبووردەکرد" دەیەکانی دووردرێژ ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکالەگەڵ بنەڕەتی ئاقیدەی فەرمی تورکیە ڕێککەوتبوو ولێکدانەوەی وی لەکوردەکان بەناوی "تورکی کیوی" قبووڵ کردبوو وبوونی ئەوانی حاشالێکردبوو،وهەنۆکەش ئەم داوایەی تورکیەی لەمەڕ ئەمە کەپ.ک.ک. سازمانێکی تروریستە وجگەلەەم نییە بەتوندی قوڵ لەسەرکێشاوپەسەندکردبوو. لەگەڵ ئەم هەمووە سەرکەوتنی پ.ک.ک.لەکەلک وەرگرتن لەسەرکوتیەکانی تورکیە بەبەروپێش بردنی نیەتی خۆی وبەرفرەوان کردەوەی شوێن تێکەری خۆی لەناوئاپوورەی نەتەوە ومیللەتی کورد،بی شک ودوودڵی هۆکاری نیگەرانی واشنگتۆن وپایتەختەکانی دیکەی ڕۆژئاوا ببوو.

زوربەی کوردەکان بە ڕاستی لە پ.ک.ک. دەترسان و بە بەڵگەی ئینسان دۆستانە لە گەڵ ئەوجورەشێوەو کردەوەی وی دژایەتیان دەردەبڕی،و دەیانزانی کە چ دژکردەوەیان لە لایان دەولەت بۆسەرکوتی خەڵکی ئاسایی کورد دەهوروژێنێ. لەگەڵ ئەم هەموە ئەم خەلکە بەگرنگی ئۆجەلانیان دەم پیدادەهێنا. ئەم مرۆڤە یانی ئۆجەلان –تاک و تەنیا پێناسی کوردی کە زەمانها بوو لە تورکیە حاشای لێدەکرا زیندوکردبۆوە. بەڵام واشنگتۆن هیچ کات جگەلەدەست لە یەک هەلسوونی دیپلۆماتیک کارێکی دیکەی نەکرد. جێگرانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە حقوقی بەشەردەیان کەرەت سەردانی تورکییەیان کرد ودەستدرێژی وزولم وزۆری وخوێنڕێژی دەولەت و جاشەکانیان مەحکووم کردن. لەگەڵ ئەم هەمووە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا هەروا بە باش و شیاوتری دەزانی "فنجانی تورکییەی نیوەپڕ" ببینی،لە حاڵیکدا گەلێک لە تورکەکان دەیانزانی کە ئەم فنجانە لە باشترین کاتی خۆی"نیوەچڵە"

و ئاو دەدەڵێنێت. دەوڵەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لێژنەکانی ئامریکای دنەدەدا بچنە تورکییەوو دەوڵەتی دڵگەرم و هاندەدا بۆ بەڕیوەبردنی چاکسازی لە قانوونی سزا و نەرمنواندنی شیوەی لێپرسینەوە بکەن، کە بە دەستەوداوین بە ئەشکەنجە لە تۆمەت وەپاڵ نەراوەن قسەوەردەگرن.
بەلام بەپێچەوانەی شایەدو بەڵگەی گەلێک فرەکەر کە لە زولم و زۆری و دەستدرێژی نیشان دەدات،دەسەلاتدارانی ئامریکایی هیوای خۆیان لە سەربنچینەی ئەم مەسەلە قەیم وتۆکمەکرد کە باشبوونی ئاکارو ئەلسوبینیش وشیوازی فیرکردنی پۆلیسی و چلۆنایەتی روش وبیچمی قەزائی،بە پێکهێنانی وەزارتخانەیەکی(بی دەسەلات)بەرپسیاری کاروباری حقوقی بەشەر وگۆرانکاری دیکەی ڕواڵەتی کە بەبۆچوونی گەلێک لە تورکەکان بڕوبیانوو پەلپ و تەشقەڵە و تیتاڵ یان خۆتێهەڵقوتاندن لەناو ولات بوو،دەتوانێ بە قازانج و کارتیکەربێت. لاق داگرتنی ئامریکایەکان دائیم دەرهەم لەسەرئەمە بوو کە چاک سازیەکی ئەوها نەتەنیا بۆ کوردەکان بەڵکوو بۆ هەمووخەڵکی تورکیە خێروقازانجی هەیە.
بەلام ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا کەلە شوینسم(وەرگیراولەناوی سەربازێکی سەردەمی ناپلئونی ئەوەڵ،کە دەمارگرژێکی زۆری سەبارەت بەسیستەمی سەلتەنەتی هەبوو. یانی"تەمایلات توندی ملی" -تورکەکان ترسی هەبوو و لە مەسەلەکانی دیکەی سیاسی بە هاوکاری و ئالیکاری تورکیە ئاتاج بوو،بەئاشکرایی هەنگاوێکی لە مەڕ چارەسەری سیاسی مەسەلە و کۆتایی هێنان بەم شەڕی ناوەخۆ کە زەبریکی توندی لەئاسایش وخۆشبختی تورکیە دەدا،هەڵنەهێنا.

پەیوەندی و دۆستایەتی ئامریکاو تورکیە ئاویتەو تێکەڵ بە دژ بەیەکتری ئەوها بوون. ئانکاڕابەهۆکاری ئاڕووشەیەک کە لەگەڵ پ.ک.ک. هەیبوو لە کردەوە لە گەڵ کوردەکانی ئێراق ڕووبەڕووبونەوەیەکی ناڕێک و دژ بە یەکی هەبوو: هەر ئەو کوردانە هەتا چاخێک کە لە 1994پێکەوەبەشەڕهاتن دیسان لە سیاسەتی واشنگتۆن بۆ وەلانانی سەدام حوسێن(یان خەیاڵێکی ئەوها)بەوێنەی دەست وپیی بنەڕەتی مانەوە. سیاسەتی خودی تورکیە خەتێکی هێندە راست وبێ گروگۆڵ ودیاری کراوی نەبوو: تورکیە نارەزایەتی خۆی لە پێکهێنانی پارەمان و دەوڵەتی ناوچەیی کورد نەدەشاردەوە،و ئەوی وەکوو حکوومەتێکی نهێنی ئیدانەو مەحکووم دەکرد،ترسی هەبوو لەمە کە مبەبادا ڕابردوەکی بۆ کوردەکانی خۆی لەناو تورکییە پێکبێنێت، و گوتی ئەوی ئی قبووڵ ناکرێت. لەگەڵ ئەوهەمووە یارمەتی سالانەی بەرامبەری 13میلیون دۆلار بۆ کڕین کەرەسەوشەڕوشالاتی خواردەمەنی ئاتاجیەکانی دیکە پێدەدان. وبەیەکیەتی نیشتمانی وپارتی کوردستانی ئیجازەدا(نوسیگەی پەیوەنداری) لە ئانکاڕا بکەنەوە، بە پێچەوانەی ڕیگری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە تەواوی ئاڵەگوڕ وئاڵش وێرش ئیـنساندۆستانەی لەگەڵ ئیراق پێش دەگرت،فروشتنی (قاچاخی گازوئیلی دزێلی ئیراقی کە خەرجی مووچە و خەرجەکانی دیکەی(دەوڵەتی ناوچەیی) بوون،قبوول دەکرد.

ئەم هەڵسورانەی تورکیە لە هەربابەتەوە،وە رەفتارو ئاکاری دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ دەوڵەتێکی وێکچوو بوو. لەگەڵ ئەمە لەعەینی حاڵداکە تێدەکۆشا پەیوەداری سیاسی و ئابووری لەگەڵ سەدام حوسێن دەست پێبکات،بەم هیوایە کە ڕۆژێک دەسەڵاتی خۆی بۆسەرباشووری ئیراقدا بەرفرەوان بکات،وبەم شێوەیە پ.ک.ک.لە دەست وێڕاگەین بەحاشارگە دەست بەپۆش کات. تورکیە لە بیری کردبوو کە لە ڕابردوو سەدام حوسێن لە یارمەتی بەپ.ک.ک. و بەوجود هێنانی تەنگەژە بۆ تورکیە هۆکارو دەلیلی تایبەتی خۆی هەبوو: ئەم دژ بە یەکتربوون و نەسازانە ناگرنگ بە حیساب هاتن. وتورکیە بە هێرشەکانی پەیتاپەیتا و چەند پات کەرەوی بە باشووری ئیراق کە بڕوبیانووی سەرکوتکردن وتیک وەرپێچانی پ.ک.ک. و لەناو بردنی پێشمەرگەکانی وی سەری دەگرت،بولێڵی لە نیوان پێشمەرگەکانی کوردی ئیراقی کە پێشتر توند بوو،توندوتیژترکرد. هیچ کام لەو هەڵویست و جۆڵانەوەو هەنگاوهەڵینانانە جێگای پەسەندی ئامریکا نەبوو.

بەڕوو تێکردن بە سیاسەتی لغاوی دوولایانەی دەوڵەتی کلینتۆن و تەک و تەنیا هێشتنەوەی دەوڵەتەکانی ئیراق وئیران، دەستپێکردنی شوێن تیکەری سەرلەنوێی ئیران لە 1994 لەباشووری ئیراقیش بەدڵی واشنگتۆن نەبوو. لەدابەشکردنی شۆڵ کە لە نیوان زلهێزانی دونیا جلی کردوەی پۆشیبوو،دەوڵەتانی ئوڕوپایی بەڕاشکاوی لە هێرشکانی تورکیە بۆناو خاکی باشووری ئیراق ڕەخنەیان دەگرت،لە حالێکادا کە ئایالاتی یەککگرتووی ئامریکا لە بەر چاوی دونیا بە تیولێک گوتن بەسی دەکردو بەوکەسانەی کە لە سیاسەتەکانیان ڕەخنەدەگرت دەگوت: کە لە پشت شانۆ هێندیک شۆڵان دەکات(کە هەڵبەتە ئەم مەسەلە دایم و دەرهەم بە کەیفی دلی ئامریکانەبوو)خاوەن پلەوپایەی بەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا جاروبار لە بەر چاوی خەڵکی دونیا بەداخ دەبوون و بەشێوەکی ڕیزوئیحترام دەیانگوت کە شەڕلەگەڵ پ.ک.ک.تەنیا بەسەرکوتکردن کۆتایی نایێت.

بەمجۆرە ئانکارا وواشنگتۆن لەناوچە تووشیمەسەلەی بەرزبووەو ئاڵۆزودەمەتەقەبون کەبەروالەت پەیوندیەکی بەکوردەکان نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەوانی دەگرتەوە. ئەگەرلەم مامەلەیەدالایانی تووشبووی ماجەرەیەکرتووەکی جێکەوتووی ئوڕوپایی بوایە ڕەنگە کەئەم گەمەی دەدیپلۆماتیک بێ ئاکام وکارتێکەرنەبوایە. بەڵام کارتێکەری ئەم سیاسەتانە چەندلکی،کەکزیش بوون،ڕووەکی ئەوهای لە تورکیەنەبوو. تورکیە دەسەڵاداریک نەبوو،وڵاتێک بوو کجگەلەکێشمەکێشمە لەگەڵ کوردەکان لەگەڵ هەشت دراوسییان زۆرکزیان هەتازۆرخەراپ بوو. لەگەڵ ئەم هەمووەدەوڵەتی کلینتۆن تورکییەی وەکوو پاڵپشتێکی گەورەی سیاسەتی لغاوی دوولایانەی خۆی هەڵبژارد،وویکچوونێکی کەلە بەبەت نوێ کردنەوەی دانیشتنەکانی وەزیرانی دەرەکی وڵاتانی ئیران وسورییە_بەشێوەیپەیمانی سەعدئاباد)هەبوو دەری نەدەبڕی. ئیران وسوورییەوڵاتانێک بوون کەواشنگتۆن هیچ کات نەیدەویست پەیوەندی لەگەڵ ئەم

جەرەیانە هەبێت. خولاسە وەزیرانی دەرەوەی ئەم ولاتانە پێکەوەکۆدەبوونەوە،غەرەزوبوغزودوژمنایەتی خۆیان سەبارەت بەهەرکوردوکوردی بوو دەردەبڕین. "هەڵبەتەئەم دەربڕینە هاویەکیەتی فەرمی دیپلۆماتیک ڕێگری لەمەنەدەکرد کەسوورییە وئێران وئیراق بەپ.ک.ک.پەگەنەدەن،هەتالەوپایەگایان تورکییەیان وەبەر هیرش دەدا."

کردەوەی ئەم سێ حکوومەتە بجۆرێک کەلکی ناحەز وەرگرتن لە جەرەیان بوو: ئەمانە دەیانەویست حاشا کردن لە پێناسی کوردەکان لە لایان تورکیە"وەکوو نموونەیەکی بەبەڵگە"بۆ حاشاکردنی مافی کەمایەتیەکانی کوردی خۆیان ئاڵگۆ قەراربدەن. تورکیە فریووی ئەم جەرەیانەی خوارد و لە تەڵە کەوت. تورکیە سەبارەت بەم مستعمراتی عارەب پێشووی عوسمانی بە ڕادەیەکی هەستی بە سووکایەتی دەکرد و بە شێوەیەک لە گەڵ ئیراق و سوورییە دەجۆڵاوە کە وەک بڵێی تەنیا پەیوەندی دوو لایانەی ئەوان لە سەر مەسائل و تەنگەژەی ئارامی و ئاسودەییە، و لە گەل مەملەکەتەکانی باشتری دیپلۆماسی حاکم لە سەرپەیوندداری و پەیوەندی ولاتەکان هیچ پەیوەندی ڕەبت وپەیوەندی نییە. ئاکامەکەی ئەم سیاسەتە کارەساتاوی بوو، هەر چەند کەم بوونی کارگێرانی تورکی کە سکالای لەمە زێدەتریان هەبووبێت کەلەگەڵ دەراوسیەکانی تووره"سەرکاریان هەیە- وەکوو وەی خاویی و بێ هەڵویستی سیاسی خۆیان لەسەرئەم بنچینە شی دەکردەوە!

لە هیچ شوێنێک ئاکامی کرێکاران گرانتر لە پرۆژەی ئاناتۆلی باکووری ڕۆژهەلات نەبوو،کە بەناوی"گاپ" باشترناسراوە. لەساڵەکانی دەیەی 1980 تورکییە یەک لایانە بۆ بەڕیوەبردنی ئەم گەلاڵەی بەرفرەوانکردنەوە وئاوداشتن کەچەمەکانی "دجلە"و"فەرات"ی بەردەگرت هەنگاوهەڵیا. تورکیە داواکاربوو کەلەوجێگایە کەئەودوو چەمە لەچوارچێوەی سنوورەکانی وی سەرچاوەوەردەگرن،پێویست ناکات بەمە کە یاسایەکی نێونەتەوەیی ڕوون ئاتاجی ولاتانی دراوسی بۆ بەشکردنی ئاوی ئەم دووچەمە لەبەرچاوگرتووبۆچوون دەربڕێت- لە حالێکدا کەبوونی ئەم ولاتانە پەیوەندی بە چلۆنایەتی بەردەوامی جەرەیانی ئەم ئاوە بوو. ئانکارا بۆ لەکۆڵەخۆکردنەوەی سکالاکانی ئەم ولاتانە لاقی داگرتبوو لەسەرئەمخالە کەبەڵێ بەبەرەکەتی ئەم پێش بەندانەیە نوێ بووە کە دراوسیەکان توانیویانە بۆ یەکەمین کەڕەت بۆ هەمێشە وبەعالاتێکی بەردەوام ئاو وەرگرن. وتویژی سێ لایانە ویەک لەدوای یەک کەسەبارەت بەپشکەبەشی ئاو بەڕیوەچوو بەئاکام نەگەیی. سندوقی نێونەتەوەیی پارە،بانکی دونیا،وسەرمایەدارانی دیکەی دەرەکی،بریتی لە نیودەولەتی وتایبەت، بەم هۆکارە کە تورکیە پێشترئەم مەسەلەی گرنگەی لەگەڵ ئیراق وسوورییە چارەسەرنەکردوە بەئاکامی نەگەیاندوە لەترسی تووش بوون لەکیشمەکێسمەکی ئەوها لەدابین کردنی خەرجی ئەم گەلاڵەیان سەرلادا. ئەمە ئاخرین وبنەبانی نارەزایەتی رۆژئاوابوو. پسپۆرانی نێونەتەوەیی تەخمینیان کرد کەبە ئاخرگەینی بەرنامەکانی

تورکیە،سووریە لەوانەیە تەنیا 40% ئەوئاوەی کە پێشترلەچەمی فەڕات وەردەگرت وەرگرێت،هەنۆکە ڕادەی وەرگرتنی ئیراق 20%زێدەترنابێت. ستادی هێزەکانی چەکداری تورکیە بەشیوەیەکی یەک لایانە(بێ پەسندکردنی دەولەت)قەراردادێکی لەمەڕڕاهێنانی نیزامی لەگەڵ ئیسرائیل ئیمزاکرد: ئەم کردەوە کەبەتۆڵەی داکۆکی سووریيە لەپ.ک.ک. بوو سیاسەتی (دەورووپشتی ) ئیسرائیلی زیندوکردەوە،هەرچەند ئەمجارولآتی یەهودی لەتورکیە بۆ زەخت هاوێشتنەسەرسووریيە وئیران کەلکی وەردەگرت،کە لەپێشوودا یەکگرتووی بوو.

کاتێک مەسەلەی کوردەکان لەسەرئالۆزی وگرێپوچکەی سیاسەتی دەڤەری زێدەکرد هیوای دەوڵەتی کلینتۆن بەهۆی دەلێک ولایانی سیاسی ناوەخۆ،لەسەرتورکیە زۆرتربوو. لەدوای ڕەزایەت دەربڕینی دیتون لەنەوامبەری 1995،کەبەشەڕی چل وسێ مانگەی بوسنی کۆتایی هێنا،واشنگتۆن بۆ چەرەسەری گرێ گەورەیە کە هەڵبژاردنی سەرلەنوێی کلینتۆنی لە 1996 بەتوندی هەرەشە لێدەکرد ڕووی لەئانکاراکرد. دەولەت ڕاگرتنی هێزەکانی ئامریکایی لە بوسنی بەماوەی زێدەلەساڵێک لەمەرسیاسی بەکارێکی پڕمەترسی دەزانی،چ بگات بەمە کە شۆلی ڕاهێنانی ئەرتەشی تازەپێ هەڵگرتووی موسڵمان کەکاتێکی زۆری دەگرت وەسوکربگرێت- ئەم ئەرتەشە دەبێ لەبەرامبەرصربەکان وکرواتەکان لەبوسنی بەرگری دەکرد. خولاسەئەم ڕاهێنانەیەکێک لە شیاوتریەکانی مەزنی سیاسەتی ناوەخۆی ئامریکا بوو. واشنگتۆن بەم بڕیارەگەیی کوتورکیەی کەپێشوو یەکێک لەقودرەتەکانی کۆنەپەرستی لەبالکان بووە دەتوانێت بەبێچم وهەیکەلی دۆستیکی مەیلەو بەرۆژئاوا، وموسلمانیکی مام ناوەندی، وشەریکی ناتۆ، نیشان دا وئیشی ڕاهێنانی کرواتەکانی بەوی ئەسپارد وئاقیدەی وابوو کەتورکیە دەتوانێت بە باشی ئەم کارەگرنگەئەنجام بدات.

تورکیە کە بەم "کە بەو ڕیزو پلە ڕاژەو ڕوتبە" ی گرنگ بەرزکرابۆوە کە هەلی بۆ دەرخساند بۆ دواڕۆژ داواکاری جێ پێیەک لە بالکان بێت خۆشحاڵ بوو. کەسێک لە بە ئاشکرا لەم دوو لا ویککەوتنە ئاخافتنێکی نەهێنا گۆڕ: کە چسانە تورکیە بۆ خۆی پێناسی کەمایەتی کوردی خۆی پێشێل و خاشەبڕ کردوە هەنۆکە بە موسڵمانانی ژێرچەپۆک و چاوساوە و ژێرئازارو ئەشکەنجەی کرواتەکان وسوربەکان یارمەتی دەکات کە بەرامبەر(بەرگری لێکەرانی کرواسی وسوربستانی گەورە) لە بوونی خۆیان بەرگری ودیفاع بکەن؟ "ئەتاتورک پشتی لە دونیای ئیسلام کرد بوو،و جەماوەری تورکی مەوجود لە خاکە داگیرکراوەکانی پێشووی عوسمانی وەکوو خۆ بەرهەڵلا کردبوو. بەلآم تورکیە لە سالآنی دیەی 1980 داواکاربوو کە جدابوونەوەیەک یان دژایەتیەک لە نێوان سەرکوتی کوردەکان خۆیوو بەرگرییەکەی لە کەمایەتیەکانی تورکی بلغارستان ویۆنان وقبری نییە) شتێک کەلە ڕاهێانی سوپای بوسنی بۆ تورکەکان بەتایبەت سەرنج ڕاکیش بوو ئەمە دەیندارییەک بوو کە ئەمریکابە وی پەیدادەکرد،کە دەکرا دواییەکان لە وی کەلک وەرگیرێت،نەخازە ئەگەر لە دواڕۆژدا یەکگرتووانی ناتۆ لە بابەت کوردەکان وکۆی دیکەی

سیاسەتەکانی ناجوری زەحتت بۆ وی بێنن. بۆ یەکەمین جارتورکیە شەڕەف وگەورەیی وەدەست هێنا بە بەشێک لە سیاسەتەکانی ناوەخۆی ئامریکاگوڕا، کە ئەونێوئاخنە بۆ سیاسەتەکانی دەرەوەی ئامریکا ئیکجار پڕمەترسی بوو. دیپلۆماتەکانی ئامریکا بە ڕووتیکردن بەو دەمەتەقانەی کە لەگەڵ گروپەکانی فشاری جامینخوازانی یۆنان و ئیسڕائیل لە کۆنگرەهەیانبوو لەگەڵ ئەم مەسەلە بەباشی ناسراویان هەبوو.

ئاخ،پەیوەندییەکانی ئامریکا لەگەڵ تورکیە لە چەندساڵی پێشوو چەندە لێکهاڵاوبووا! لە سەرانسەری سەرکۆماری ڕێگان،باڵوێزی ئامریکا لە تورکیە ڕابرت اشتراوس هوپە بوو،کەلەوێن لەدایک ببوو. ئەودەست نیشاندەی ڕیگان و سەردەمێک مامۆستای علوومی سیاسی زانستگای پنسیلوانیا بوو. نزیکەی دەساڵ پێش کە ئەمن لە ماوەی وتویژێک سەبارەت بەبێ تەوفیری ئامریکا لە بابەت شکانی مافی بەشەر لە تورکیە-بوتاییەت لە کوردستان- هێندیک پسیاری دە ئاڕووشەکەرم بوخچەکردنەوە، هەشتاو چەندساڵە بوو. هەتا ئەوکاتیش پارێزەرو داکۆکی کەرانی مافی بەشەری ڕۆژئاوا دانی ئەوهەمووچەک وچۆڵەیان بە تورکیە بۆ ژێر لێپرسینەوەبردبوو،و دەترسان  کە دوور نییە لەم چەکانە لە کێشمەکێشمەکانی ناوەخۆی کەلک وەربگرێ و دەکاریان بکات" پاشان لەساڵی 1996 هەرئەو بەرگریکەرانی مافی بەشەر لە خۆراحەوڵیاندا وەزارەتی دەرەوە ئیقناع بکەن بەمە کە بەماددەی 502ی ب یاسای یارمەتیەکانی دەرەکی بەلگەبێنەوە،کە بە ڕوونی دانی چەک وچۆڵی بە وڵاتانەی کەبەردەوام مافی حقوقی بەشەردەشکێنن یاساخ بکەن-بەڵام عەجایب ئەمە بوو کە بەپێی ئیختیدارێک کە بەسەرکۆمارییاین دابوو ئەم چەکانە بەردەوام تەحویل دەدران." اشتراوس هۆپە" مەبەستەکەم حاڵی بوو. بەڵام ئەرکی حەسلی ئەمە بوو کە لەوساڵانی توندی شەڕی ساردی تورکییەکان لە پەیکاروپڕچەنگ لەگەڵ(ئەپمەڕاتووری شەیتانی) ڕووس لە ڕەخ ڕیگان ڕابگرێت. هێندیکی شتکی بە پەیوەندی لەم بارەوەگوت: دەی باشە لێگەڕای بە ئوروپاییەکان بە(کاروباری حقوقی بەشەریان)خەریک بن... ودوایی بەمەکرو حیلەی پیرەپیاوان دەستەوداوین بوو: چورتێکی لێدا،وهاوکارانی کە لە سەرپەنجەدەرۆێشتن ئەمنیان بۆ دەرەوەی هۆدە ڕێنوێنی کرد، کە مبادا خوانەکردە لە خەوڕابێت.

ئەمە زامانە هێشتا ساڵانێک بوو کە کارگێڕانی تورک سەبارەت(بەتورکەکانی کێوی)خۆیان بێ دەنگیان هەڵبژاردبوو. لە 1987 گۆڤارێک پەیوەندار بە باڵی چەپ بەناوی(ینی گوندم)دەستی لەکردەوەیەکی بەغیرەت وجسوورانەدا،ولەتەواوی مەتڵەبی گۆڤارەکەی بە قسەوباس وبەمە تەرخان کردبوو کە تەنگەژەی ژمارەیەکی تورکیە مەسەلەی کوردستانە،کە تەنیا لەڕیگای سیاسی دەکرایَ چارەسەربکرێت. یەکیک لەنووسەرەکانی بەبەتاەکان،ئەفسەران وکارگێڕانی تەقاو بوون کەلەباکووری ڕۆژهەلاتی

(کوردستان)خزمەتیان کردبوو،بل لە نزال کندالٚ،سەرپەرشتی خودی(ئیستیتۆی کوردی)پاریس. کندالٚ بەئیشتیای خۆی لەتورکیە رۆیبوو،بەڵ ناوهێنانی لەتورکیە کفربوو. هەروەک پێشبینی دەکرا گۆڤارەکۆکرایەوەو دەستی بەسەرداگیرا،بەڵام شەش رۆژ لە دوکانەکانی رۆژنامەفرۆشی مابۆوە- وئەو تاخیرووەدەرنگی کەوتنە لەکۆکردنەوەی وی بە چاوپۆشیٚ ویان سەهلەنکاری حکوومەت شیکرایەوە.

ساڵێک دوایی، یان شتێکی لەم رادە،کایاتوپری،قسەکەری چاپەمەنی ئۆزەلیم لەنووسینگەی کارکەی لەئانکارا چاوپێکەوت. سالێان بوو ئەوم دەناسی،لوتفی کردبوو کارهاسانی چاوپێکەوتنێکی لەدیاربەکر لەگەڵ فەرمانداری گشتی پیاوەکی کەللەشەق بوو ئەمنی بەبیچم وهەیکەلێکی کەنێوچاوان گرژی لیٚ نەدەشیردراوە قەبوول کرد،ولەوەلام وپەرسڤ دانەوەی ئاسایی بەپرسیارکانم جوابجەنگی کرد. ئەوهوەڵامانەی کەدەیدانەوەی هیچ وێکچوونێکیان وەراستییەکان نەدەچوو. توپری بەوراەیەدەناسی کەئەوی تێگەینم کە ئەمجۆرەئاکارورەفتاروکلۆڵی وسەخڵەت وبەنگازی وپەریشانحال کردنی کوردەکان کارێکی منداڵانەو نیشانەی برست لێبڕان وبیٚ دەرەتانیە. ئەوم لەجەرەیانی زێدەرۆییەکانی کەبەوخۆم شایەتی وی بوون ئاگادارکرد،وگوتم تورکیە بێگومان کاری باشترواجبتری لەوەم هەیە کەکوردەکانی بەهۆی فرۆشتنی(کاسیتەکانی)موسێقی یان گۆرانیەکانی خۆیان زیندانی بکات،مەگین هێندیک دەست لەدەوڵەت داهەبن کەبیانەویٚ بەلەرێ لاەانی حکوومەت لەم بارەوەپ.ک.ی یاری بکات. ئیدی لاقم لەبەستێنی ئاکاری توندوتیژی هێزەکانی ئیستخباراتی نەنا: بەرووکردن لەدزکردەوەی کەحیکایەتی لەئارووشەیەک کەدەری دەبری دەکرد،پێویستیم بەم کارەنەدیت. گوتم ئەگەر ئەوتوویژانەی کە لەناوچەکانی دیهاتی دەکرێن بەڵکەودەلێک ورادەی ئەم جەرەیانە بن.ئەشکەنجەوجەزرەبەی خەڵکی ئاسایی ونانیزامی وسوتاندنی ئاواییەکان ئەم مەترسییەی هەیە کەکوردەکان لەتورکیە بیانی بن: ئەوەم لیٚ زێدەکرد زۆرینەی نزیک بە یەکدەنگی خەڵکانێک کەلەگەڵ ئەوانم قسەکردوە سەربەخۆیان ناویٚ. (کەهێشتا داوای حەسڵی پ.ک.ک. بوو.)ولە ئیلاقەی (ئاپۆ) بەمارکسیسم شەریک نین. ئەم خەڵکە تەنیا دەیانەویٚ کەلەگەل ئەوان وەکووهاووڵاتی دەرجەیەک بجۆڵێنەوە،رێزبۆ فەرهەنگی ئەوان دابنێن،ودەڤەری پاشکەوتوویان لەپشکەبەشێکی لیهاتوو لەسەرمایەدانانی ئاوەدەنکردنەوە بەرهەم وەرگربێت.(گوتم)ئەمن ساڵهای ساڵە شایەدی دەیان راپەرین لە وڵاتانی دونیای سیوەم بوومە،پێم سەیرە کە بۆچ وڵاتیکی وەک تورکیە کەلەسەربناخەی رۆژئاوا بەریوەدەچێت وئەندامی ناتۆیە،پێویستە ئەم نیشانانەی ئاشکرا کەلەسەرردودیوارنەخش کراوان ئەوهانادورست بخوێنیتەوە. هەڵبەتە تورکیەکان بۆخۆیان هەتا ئەورادەزیرنگن هەتاتێبگەن کە سەرکوتی دەوڵەتی تەنیا بەهەڵمسانی ریزی شۆرشگێران یارمەتی دەکات... .

ڕەخنەکانم ئەوهێندە بەردەوام کرد کە لە ئاکامدا فکرم لێکرد بەپێچەوانەی دۆستایەتی چەندین ساڵە،تۆپزی لە منی بوێت کە لەنووسینگەی وەدەرکەوم. کاتێک قسەکانم بە کۆتایی گەیاند توپزی بەشێوەیەکی سەرتە بەمنی گوت: (دەزانم،دەزانم، بەڵام ئاڕووشەی ئێمە ئەرتەشە، وتەنیا ئۆزەل دەزانێت کەلەگەڵ ئەوان چلۆن بدوێ وهەڵکات)

ئەوەی تۆبزی دەیەوێ بڵێت ئەمە بوو کە ئۆزەل- کە لەکەسینی ئاتاتورک بەم لاوە بیرمەندوخودان هزر و بووت شکێن ترین سیاسەتمەداری تورکیە بوو، و پیاوێک بوو کە ژەنەراڵەکان لە دوای کۆدتای سالی 1980،کە سیوەمین کودتا لە ماوەی سێ دەیە بوو، ئەویان بە سەرۆکی دەوڵەتی ڕواڵەت نانیزامی دانابوو-ئەگەرچی لە1983 بەدەنگی خەڵک هەڵبژێرابوو هێشتا وەک بلێێ بە سەرکارو بارەکاندا زاڵ نەببوو. ئەم وتەی تۆپزی خۆپەسندی و قۆڕەدەماغی ئاشکراکەربوو: چونکە ئاتاتورک لە 1923سیستەمی عوسمانی بەیارمەتی و ئالیکاری ئەرتەشی سەرنخوون کردوکۆمارەکەی دامەزراند. وڵاتەکانی دیکە دەوڵەتەکانی خۆیان لە سەرچینی مام ناوەندی نیزامی فئوداڵیستی یان هێزەکانی کۆمەڵایەتی دیکە بناخەدارڕشتبوو،بەڵام لە تورکیە ئەرتەش بوو کە کۆماری پێکهێنابوو،و تورکیە ئەو چاخ وڵاتێکی کزو نیگەرانی تەواوەتی خاکەکەی بوو،کە لە دەست ئەندازی مەسیحیان قەراری گرتبوو: لە ڕۆژئاوا کەوتبووبەر هرشی یۆنانیەکان، و لە ڕۆژهەڵات دەستدریژی ئەرمەنیان بوو کە بە تۆڵەی کشتاری ئەرمەنیەکان لەلایان عوسمانی وبە مەبەستی وەرگرتنەوەی وڵاتی مێژوویی خۆیان هێرشیان بردبووسەر. وگرووپی ئەفسەرانی ئاتاتورک لە ڕاستیدا پاڵپشتی گشتی نیزام،لە سەروی هەمووان بوو- وئەم کۆمایە لەسەر ئەمە بڕیار گربوون کە بێ سیلەچاوی پێخۆش بوون یان پێناخۆشبوونی خەلک،پانەگۆڕایی حەسلی ئاناتۆلی پاشکەوتوو لە دەمارەکانی ئیسلامی وی جیا بکەنەوە وئەوەی ئیکجاروبۆ هەمێشە بەرەو ڕۆژئاوا ڕابکێشن.

شۆڕشی ساڵی 1925ی شێخ سەعیدی کە ڕەنگ ورووی مەزەبی هەبوو،دەماری سەرەڕۆیی نیزامی بەهێزکرد. شۆڕشێکی دیکەش کە لە ساڵی 1930 قەوما،و سەیر ئەمە ئەمجارشۆڕشی پێکەوەوویکڕای کوردەکان و ئەرمەنیەکان بوو کە پێشتر قوربانیەکانیان بوون،ئەمجەرەیانەی دیسانش زۆرتر بەهێزکرد. کاتێک ڕەزاشا بە هێزەکانی تورکی ئیجازەدا کە لە خاکی ئیران ئاوابن و شورشگێران لە ئاگری گەمارۆ بدەن،شۆڕش بە شێوەکی کارەساتاوی کۆتایی پێهات(ئەم خەیانەتەی ڕەزاشای دوایی چل وپێنج سال کورەکەی محەمەد ڕەزاشا دوو پاتی کردەوە،ئەوکات کە لە 1975 لایانی ژەنەڕاڵ بارزانی بەرڵلاکرد) ئەم ڕووداوە لەگەل ڕوداوی درسیم شک ودوو دڵی سەبارەت بە نەتەوەخوازی کورد(ناسیونالیسم)لەوڵاتانی پان وبەرێنی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەلاتی تورکیە زیندو ڕاگرت،و ئەم دەڤەرەانە هەتا 1950 لە ژێرچاوەدێری بارودۆخی نائاسایی نیزامی دابوون، و لە دوایی وی هەتاساڵی 1965 لەڕووی دەرەکییانی بیرتیژو زۆر بە پرسیار گاڵە مانەوە.

1-شۆڕشی ئاگری
2-شۆڕش سالی 1937ی درسیم، بەڕیبەری سەیدڕەزا،کە تورکەکان ئەویان بۆ وتوویژ بانگێشتن کرد، وهەرلەودانیشتن دا ئەویان گرت ولەسیدارەیان دا!
لە جەرەیانی شەڕی سارد،پێش و پاش لە وی،هێزەکانی چکداری تورکیە یانی نیزامیان دائیم ودەرهەم بۆ لێکدانەوە وشێکردنەوەی ڕۆڵی گرنگی خۆیان لە زندەگی سیاسی تورکیە(بەرگی بەرەندەی) کوردستانیان لە ئاسین دابوو. یانی ئەگەر بوونی  هەشت ولاتی ناباب دراوسی بۆ ئەم مەسەلە بەس نەبوو. مەگین هەرلەو فاسیلە نیوان دوو شەری دونیاگر کوردەکان لە هەژدەی شۆڕش لە نۆزدەی شۆڕش کە لە تورکیە روویدا بەشداریان نەکردبوو؟ شک و دوودڵی دەروونی چینی نیزامیان لەم سالانە، لەمەڕ سەرکەوتن لە درێژترین شەڕیان هەر چ بووە،خولاسەڕاستییەکە ئەمەیە کە شەڕی پ.ک.ک.ئەم چینیەی لە ناوەندی سیاسەتی تورکیە ڕاگرتبوو. دەربڕینی ئەم چێنە،یانی شوڕای ئەمنیەتی مللی،ڕواڵەت لە ژێرچاوەدێری سەرکۆماربوو-کە لە 1989 هەتا 1993سەرکۆمارئۆزەل بوو. ڕەنگە جیا لە خودی ئۆزەل قورسایی و گرنگایەتی کەسایەتیەکانی نیزامی-یانی بەرپرسی ستاد هاوبەش و فەرماندەرانی ئەرتەش و هێزەکانی ئاسمانی و دەریایی و ژاندارمەری- زێدەتر لە ئەندامانی نانیزامی بوو،کە لەوان وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی ولات بوون. کۆمەڵگای ئیسخبارزاتی نەتەوەیی شوێن تێکەرترین ئۆرگانی تورکیە بوو، بەرپرسی ستادی هاوبەش،بە پێی قانون اساسی تورکیە لە مەڕ پلەو پایەو ڕاژە گەورەتر لە وەزیری بەرگری و ئەندامانی دیکەی دەولەتە.

هاتووچوو پەیوەندییەکان ئۆزەل لە گەڵ ئەرتەش،کە ئەوی وادار بە کاروباری بەڕیوەبردنی ولات کرد،باوخواردن ودەنگدانەوەو پێچ وپەناو وجارئاویتەوتێکەڵ بە سووکی بوو،هەر وەک کەرەتێک لە بەشدارابوون لە ڕژەی نیزامی پانتۆلی کورتی، خەڵکی تورکیەی تووڕەکرد. لەڕاستیدا ئەم وێککەوتنانەی پێش بینی نەکراو یەکێک لە چەکەکانی بوو کە ئەو نەک تەنیا لەبەرامبەر  نیزامیان بەڵکوو لەبەرامبەر پاریزگاردی(عادەتەکانی(پیرۆز)ی ئاتاتورک بەکاری دەبرد. ئەم خەڵکە دایم ودەرهەم حازربوون بۆ بێشوێن کردنی هەرکردەوەیەک کە بە کرانەوەی کۆمەڵگای تورکیە دەلکا، بیرووەریەکانی ئاتاتورک بۆ سەرزاران بانگێشتن بکەن.  بڕیارەکانی ڕیگائاوەلاکەری ئۆزەل- یانی قبوولکردنی پەنابەرانی کورد،یاسای کەلک وەرگرتن لە زوانی کوردی بۆ قسەپێکردن لە 1991،وبەتایبەت وتوویژو چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی کورد لەبەهاری ئەوسالێدا-نیشانیدا کەدەتوانێت هەتابەبایی ئاڕووشەکردنی ژەنەڕاڵەکان بدەست وەگرتن وداهێنان وپاشەرۆژ بینینی لەگەڵ سیاسەتی تورکیە ئاویتەبکات. یەکێک لەدیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوایی کە سەردەمێکی دوورودرێژ بوو لەتورکیەخزمەتی دەکرد،دەیگوت: (ئۆزەل هەربەمجۆرەی کەبەگەلێک تەنگەژەی تورکیەڕادەگەیی فکری بۆ دەکردەوە

لەکوردەکانیشی فکردەکردەوە،ئەویش بەشیوەیەک کە ئەم کۆمەڵگایە هەتابەئاقل وهزریشی دانەدەهات،چ بگات بەمە کە ئەوی هەڵتاوێت.

ئۆزەل بەپێچەوانەی زۆرتری سیاسەتمەدارانی تورک بەردەوام مەترسی لە هێزەکانی چەکدار نەبوو. محەمەدعەلی بیراند-ئەستێرەت تەلەفزیون وچەپەمەنی، کە لە 1988 وەکوو یەکەمین ڕۆژنامەوانی تورکی کەلەغەڵ ئۆجەلان چاوپێکەوتنی کرد هەراوهورایای هەستاند- دەڵیت: ( ئۆزەل بەکەسینی وەکوومنی هەڵڕەخساند لەبن سیبەری وی کاربکەن.)هەتادەرگایەک لەڕووی باسی ئازاد سەبارەت بەمەسەلەی کورد بکرێتەوە. سلیمان دەمیراڵ،غەنیمی لەمێژینەی ئۆزەل، کە دواییەکان وەکووسەرۆک وەزیران و سەرکۆمار لەجێگای وی دانیشت،هیچ کات لەبیری نەبردەوە کەلەدەیەکانی پێش ئەرتەش دوو کەرەت ئەوەی لەسەرکورسی دەسەڵات هیناوەتەخوار،بەبەرفرەوانی بۆچوون وئاقیدەی وی ئەمە بوو کەبەرادەیەک لەقەومانی کودتایەکی دیکەدەترسێت کەبەقەولی یەکێک لە ڕۆژنامەنووسان لە دەکارکردنی فکرولێکدانەوەی ئەم مەسەلە(لەشاڵواری دەڕی ونیزامیەکان بۆنی پیسایەکەی دەکەن،و هەرخۆرە کەلک وەرگرتنی ناحەز لە وی دەکەن.)

بەڵام ئاکاروهەڵس وکەوتی ئۆزەل لەگەڵ نیزامیان بەم ڕادەیە کەمەدحکەرانی بەتێپەڕبوونی زەمان لەوی بیردەکەنەوە ئەوهاش بێ شیلەوبیلە نەبوو. ئەو لەپاش ئەوەی کەلەمارسی 1992 لەجەرەیانی بەرپاکردنی نەورۆز- ساڵی نوێی کوردەکان- سەت کەسێک کوردلەپێک هەڵپرژانی یەک لایانە لەگەڵ هێزەکانی ئیستخباڕات کوژران،بەرپسیارەتی ئەودەڤەرانەی کە لەژێر(ڕاگەیاندراوی بارۆدۆخی نائاسایی) بەڕیوەدەچوون هەمووی بەنیزامیان ئەسپارد. لەمانگی ئەوت ئەوساڵی هێزەکانی ئەستیخباراییی لەسەربنچینەی دەنگوی بێ بناخەو بۆشاری شەڕناخ هەڵکەوتوو لەسنووری ئیراق هێرشی برد وزوری سەدەمەبەشارەکەگەیاند،ئەبەوجۆرەکەهەمووەدانیشتوانی شار کەبریتی لەبیست هەزارکەس بوونلەترسی گیانی خۆیان بەتیکراپیی لەشارهەڵاتن.

بەرەلاکردنی هێزەکانی ئیستخباراتی سیاسەتێک بەنەزەر نەدەگەیی کە ئاکامەێکی باشی لێ بکەوێتەوە. لە1993 قەستی کوشتارو خەراپکاری لە کوردستانی تورکیە بەوپەڕی خۆی گەیی. ئێستاهەتا کەمالیستەکانی زۆر توندڕەو دوو ئاگرەش حاشایان لە ڕاستیەکان نەدەکرد کە شەڕی کوردستان تەنگەژەی دەرجە یەکی تورکییەیە،کە هەموویانی لە هیزو توانا خستوون. پاشان لە نەکاو بۆ یەکەمین جارلە1984 بەم لاوە،هیوایکی گزنگ بەرەبەیان وەبەرچاوکەوت: بەهاندانی جەلال تاڵەبانی،ئۆجەلان لە17ی مارسی( 1993) ڕایگەیاند کە پ.ک.ک. ئاگربرێکی شەش مانگە لە21ی مارس بەڕیوەدەبات.

ئۆجەلان پێشتر لە1990 ئاگربڕیکی بە تورکیە پێشنیارکردبوو،بەڵام ئەمجار جڵەوی کردەوەکەی وەدەست گرت،ورایگەیاند کە پێشمەرگەکان تەنیا لە کاتی بەرگری لە خۆیان لە شەڕبەردەوام دەبن. وتاڵەبانی رۆژێک بەر لە وی بە یەکێک لە رۆژنامەکانی تورکی گوت کە ئۆجەلان حازرە لە بەرامبەر ئاشتیەکی کمتر لە سەربەخۆیی لە پەیکارو پەرچەنگی چەکدارانە بەقازانجی رێگا چارەسەری بۆ وتوویژ دەست بکێشیتەوە،ئەمەی لێ زێدەکرد ئەگەر دەوڵەتی تورکیە ئۆجەلانی بەلایانی و توویژ قبووڵ نەکات،ئەم دەکرێ ئەم وتوویژە بە هۆی نوینەرانی کوردی پەرڵەمان کە بە جێنشینی لە لایان وی کاردەکەن بەرێوەبچێت.ئاقیدەی دیپلۆماتەکانی رۆژئاوا ئەمە بوو کە پ.ک.ک.شوێن تێکەری سیاسی ونیزامی خۆی بەرفرەوان وپان وبەرین دەکرد. پ.ک.ک. بەلەخۆبابیەکی زۆر بە گریدەکانی دونیای راگەیاند کە بەر لە سەفەر بەباکووری رۆژهەلاتی تورکیە لە نوسینگەی ئوروپایی وی ویزاوەرگرن. نانیزامی وزۆربەی هێزەکانی ئیستخباراتیش،نەیادەوێرا لەچاخی شەوانە لە شارەکانیان وەدەربکەون- دەڤەرەکانی دیهاتەکانیش ئیدی هەرلیی مەپرسە. بەڵام تورکەکانی لانگری شەڕ کە چەندین مانگ بوو داواکاربوون کەپ.ک.ک.بە هۆی کارتێکەری پەیەکاروپەرچەنگی ناوەخۆیی لە بەریەک هەڵوەشاوەوە لەت لەت بووە و ئۆجەلان لە ناوحیزبەکەی شوێن تێکەری لە دەست داوە،هەنۆکە دەیانگوت کە پێشنیاری ئاگربڕ وی بەم مانایەیە کەپ.ک.ک. لە ئولکەی شەڕ تێشکاوە و نابێت ئیجازەبدرێ کە ئەم تێشکانەی بەسەرکەوتنی سیاسی قەرەبۆ کاتەوە. ئاشتیخوازان ئەم پێشنیارەیان بە چاوی هەلێک لێدەڕوانی کە بەکەلک وەرگرتنی لە وی رەنگەبتوانن کولاوکە و لاباجەیەکی هیواداری وهومێد بدۆزنەوە. هاتووچۆی ئۆزەل لەگەڵ هێزەکانی چەکدار بەپێچەوانەی تەسلیمبوونیکی کەلەساڵی رابردووکردبووی لەنەکاو هەنگاوی لە خولێکی زۆرکارتێکەرنا. لە نێو سیاسەتمەدارەکانی تورک تەنیا ئەو بوو کە هزرێکی کراوەو زەوقی بە هۆی ئەزموونی( رابردوشکێن) و پسپۆریەکانی سیاسی هەبوو کە بۆ داهێنانی فرمولێکی کە لایانەکان قبووڵی بکەن و کۆتایی هینان بەشەڕ پێویست وزەروری بوو.

ئۆزەل بەهۆی هاواڵدەرانی تورک کە لە لبنان لەگەڵ ئۆجەلان لە پەیوەندی دابوون ئاگاداربوو کە ئاگربڕ لە دوارۆژێکی کورت رادەگەیندرێت. ئۆزەل لە سەرتا دوو دڵ بوو،ئاقیدەی وابوو کە سووریيە،پشتیوان و داکۆکی کەری مەزنی ئۆجەلان،لە مەسەلەیەکی ئەوهادا دەست تێوەردانی دەبێت و بۆ لەدەست دانی ئۆجەلانی کە لە نێوان ناخۆشی لە مێژینەی تورکیە وسووریيە لە سەرئاوی (فەرات) گەورەترین کۆلەکەی زەختی وییە،حازر نابێت. بەڵام چەند رۆژدوایی ئیلاقەکی زۆرتری نیشاندا. ئەو هەتا جغزو نیشانەکانی گشتی نەخشەکەی کە لە بیروبۆچووندابوو،بۆ "گنجیزچاندار" ئەو رۆژنامەوانەی کە لە1991هۆکاری چاوپێکەوتنی ئۆزەلی لە گەڵ رێبەرانی کوردی ئیراقی پێکهێنابوو ئازانتی کرد، و تازە لە چاوپێکەوتن لەگەل ئۆجەلان گەراپۆوە. ئۆزەل چانداری لە درنگانی نێوەشەو بۆلای خۆی رێگادا،ولەگەڵ لێبوردنی بەربلاو بەڵام وەردە وردە رەزایەتی دەربڕی: سەرتا لێبوردنی پێشمەرگەی ئاسایی، کە تۆمەتبار بەجنایەتی تایبەت نەبوون،ئەم ژمارە عافوودەکران و ئیجازەیان پێدەددرا کە لە ژیانی ناو کۆمەڵگا

بەشداری بکەن،لە دوایی دووساڵ ڕیبەرانی پێشمەرگەکان وەبەرلێبوردن دەکەوتن، ولە دوایی پێنج ساڵ فەرماندەرەکانی پلەبەرز و هەتا خودی ئۆجەلانیش وەبەرعافووو لێبوردن دەکەوت.

هەنۆکە ئەوهەی هۆکاری ئاڕووشەی فکری ئۆزەلی بوو هزری وی بەخۆوە خەریک کردبوو ئەمە بوو کە چتۆ ڕەزامەندی پەرڵەمان وەربگرێت کە لە زال بوونی شەڕی تاڵەبان بوو کە ڕایندەگەیاند حکوومەت "هیچ کات لەگەڵ تروریستان وتوویژناکات." ئۆزەل بەدڵنیایەکی تەواو(بەچانداری) گوت: ( ئەوهێندەی کە سیاسەتمەدارانی هۆکاری نیگەرانین نیزامیەکان نین،چونکە ئەوان لە خەتەکانی شەڕگەن ودەزانن کە گەللە بەمرۆڤ وەنان چ مانایەکی هەیە.) ئەوهەروا دڵنیاو خاترجەم بوو کە دەتوانێت ڕەزامەندی ژەنەڕاڵ گورشی وەرگرێت. گورش بەرپرسی ستادی هاوبەش، و یەکێک لە نیزامیانی (کەللەڕەق) بوو. ئۆزەل بەزوانێکی(زیرەکانە) گوتی ئەو وەک سەرکۆماریک ئەوئیختیدارەی هەیە کە کاتی سەرکۆماری سالێکی دیکە درێژکاتەوە.

هەموو کوردەکان لە تێگەینی ئەم خۆش باوەڕیە شەریک نەبوون. هێندیک توانایی ئۆزەل یان هەر کەسێکی دیکە لە شوێن تێکەری لە سەرنیزامیان دەبردە ژێر لێپرسینەوە،چ بگات بەمە کە کەسێک پەیدابێت ئەوان لە گەڵ خۆی هاوفکرو هاو هەنگاوبکات. ئەحمەدتورک،نوینەری(کوردی) پەرلەمان گوتی کە ئۆزەل هەوکاتان بەوی گوتووە( لە بیروبۆچونی دایە حەولبدا هەتا ژەنەڕاڵەکانی پلەبەرز بە قبوولی ڕێگاچارەسەریەکی ئاشتی ئیقناع بکەت.) ئەحمەدتورک ئەوکات ئەوهای ئاکامی وەرگرت کە ئۆزەل زۆر لە دۆخ و هەڵکەوتی خۆی لەم ئولکەدا دڵنیا نەبوو، چونکە (وتەی ئەمە کە تێدەکۆشێ پەیوەندی وهاتووچۆی باش لە گەڵ نیزامیان ڕاگرێ بەم مانایەیە کە دەسەلآتی ڕاستی لەدەست ئەودانییە.)

ئۆزەل لە هێنانەگۆڕی قسە لە مەڕ هەنگاو هەڵینانی دوارۆژ پالپشتی ئەم مەتەڵەبەبوو کەحکوومەت نەبێت لە مەمەلە لە گەڵ پ.ک.ک. تاڵووکە بکات: نابێ ئەوان لە گەڵ حکوومەت لە ترازویدا هەلبکێشی ووەزن بکات. حکوومەت دەبێ بەم(مەسەلە کۆتایی بهێنێت کە نەخشی دەرجەدوهەمی) لەبەرامبەر ئۆجەلان وەسوکربگرێت،دوبێ سەر لە نوێ جلەوی کاروکردەوەکە وەدەست بگرێت.

ڕەمەزان،مانگی ڕۆژوی موسڵمانان، دەهات تەواوبێ وئۆزەل بەمەسلەحەتی بینی کەهەتا حەوتووەکی دیکە کەحەوتووی وچان بوو،کارنەکات. بەهەڵکەوت نەورۆزیش لەچاخی وچاندان بوو،کە بە بەرەکەتی دەستووری ئۆجەلان وفەرمانی ئۆزەل بەهێزەکانی چەکداری نیزامی بێ خوینڕیژی تێپەڕی.

چاخێک چاندار دیسان لە15ی ئاوریل، لەگەل ئۆزەلی وتوویژ کرد،ئەم چاوپێکەوتنە لە ناوفرۆکە بەڕیوەچوو: ئۆزەل لەچاوپێکەوتنی فەرمی لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوندی شوورەوی پێشوو بەتورکیە گەڕاوە. چاندار بەوی گوت کەئۆجەلان سبەی بەدریژکردنەوەی بەبێ مەرج ئاگربڕ ڕەزامەندی دەربەبڕیت. ئۆزەل پێیخۆش بوو،بەڵام گوتی: ( دەترسم ئەم ئەحمەقانە کارەکە خەراب کەن.) چاندارپرسی :" ئەم ئەحمەقانە: کێن؟ ئۆزەل لەبن لیوانداگوتی: (دەوڵەت.) ئەو لەخیری بەشداریان لەتەکبیری گەڵاڵەیەک کە مەسەلەکەچارەسربکات چاوی پۆشیبوو،بەچانداری گوت کە دەیەوی ئەون دووربکات،وفەرمانی عافوولێبوردن سەرکۆمار بەپەسندکردنی دادگای قانوون اساسی بگەینێ. وئەمەی لێ زیدەکرد: ( کەگەیمەوەئانکاڕا دەبێت دەست بەکاربم... وخیرا. چونکە ئەگەر هەل لەدەست بدەم بارودۆخ لەوەی کەهەیە خەراپتردەبێت.) قەراربوو دوو ڕۆژدوایی دیسان چاوی بەچانداربکەوێت،وسەبارە بەوبڕیارانەی کە پێویستە بگرێت لەگەڵ وی وتوویژبکات.

بەلام سەرکۆمار لە17ی ئاوریل بەهۆی "حملەقەلبی" مرد. ئاخرینی چاوپێکەوتنی(16ئاوریل) لەگەڵ دەمیرال بوو،کە وەک سەرۆک وەزیران جێگری ببوو،مانگێک دوایی وەک سەرۆک کۆمار لە شوێنی وی دانیشت. سیاسەتمەدارانی تورک ئەوها لە گەڵ مسئلەی جێگری سەرکۆمار دەرگیردابوون کە ئاگربڕی پ.ک.ک.یان لە بیرنەبوو چ بگات بەو داواکاریانەی کە هەنۆکەی دەیکرد و لە داوێنی داواکانی زۆرکەم ببوو. ئەزموونیش نەکرا هەتا بزانین ئاخۆ ئۆجەلان بە ڕاستی حازری وتوویژ بوو- هەتا ئیستاش ئیمتحانێک لەم بەستینە نەکراوە. کاتێک مەسەلەی پەیوەندی بەکوردستان دەبێت تورکەکان،چ لە هەڵویستی دەسەڵات یان کزو لاوازی،ئەگەر چارەسەریەکی دیکەیان هەبێت حازر بە وتوویژنین. چەند کەسێک لە ڕۆژنامەنووسانی ناسراوو ناوبەدەر و لەگەڵ ڕابردوویک کە تەنیا پردی نێوان لایانەکانی کە پێکەوە نێون ناخۆشیان هەیە لەمە لەشک وگۆماندان کە دەست وپیی نهێنی تورکیە لە بن پەردە پەیوەندیەکی لەگەل ئۆجەلان هەبووبێت.

هێشتاش مەعلووم نییە کە بۆچ ئۆجەلان پێشنیاری ئاگربڕێکی کە تاڵەبانی بۆخچەی کردبۆوە قبوڵ بکات. لەوانەیە وەریگرتبوو کە(خەرجی) بەردەوامی شەڕ هەیە بە توندی بەرز دەبێتەوە. لەمانگی مارس بە چانداری گوتبوو کە لەگەڵ ئەم ئاگربڕەی یەک لایانە دەیەوێ بە سیاسەتی دەوڵەتی لە بابەتی ویرانی گوندەکان و گویزتنەوەی جەماوەر(کۆتایی بێنێت) ئەمە نیشانی دەداکەپ.ک.ک.ش هەستی هەیە. بەڵام ئۆجەلان مرۆڤێکی بەتەواوی پێست ئەستووربوو. ئەوەی لێ زێدەکرد: (دەزانم کە لە بەرامبەرئەڕتەش سەرکەوتوونابم،بەڵام دەتوانم بایی زۆرقورس بە سەرویدا دابسەپێنم.) ئەم ئازەنتی

وشیکردنەوەی لۆژینی ئاسایی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو،کە حیکایەتی لەبی گیانکردنی ڕەقیبی بەهێزوتوانا دەکرد. ئەو هەروا بەم خاڵە کە لەدوارۆژ لەسیاسەتی تورکیە نەخشی بەڕیوەبردبوو فکری لێکردبۆوە، بێ ئەوەکەشیکاتەوە چتۆ بەئاڵەگۆڕیکی ئەوها سەرکەوتوودەبێت.

ئەحمەد تورک مانگێک دوایی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان، لە لبنان،گەڕاوە. لەگەڵ ئەم بۆچوون ئاقیدەیە کە(ئاپۆ) هەنۆکە تێگەیووە کە ئەمپڕالیسم،بەبرێکی قاقەزەی زێدەترنییە،ئاماژەیە بەقسەی مائۆ: "ئەمپەرالیسم لەبەبریکی کاغەزەی ویۆەترنییە". هەرچەند بەبۆچوونی وی پ.ک.ک.هێشتا لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی لێهاتووژێهاتی مابەینی زۆرهەیە. سەیر ئەمەیە: کە داواکاریەکانی بڵاوکراوەی ئۆجەلان هەنۆکە خودموختاری لەباوەش نەدەگرت: ئەو لە دریژکردنەوەی ئاگربڕ نێوەڕاستی ئاوریل داخوازیەکانی سیاسی خۆی هەتا بە ڕادەی ئازادیەکانی فەرهەنگی و هەتا بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیو-تلویزیۆن بە زوانی کوردی و هەڵوەشانەوەی چاشەکان بەناوی(گاردی نەتەوەیی) دیهاتی وباتڵ کردنی ڕیووشوێنی(بارودۆخی نائاسایی) و ناسینی مافی سیاسی بنکەکانی کورد نزم کرد. کۆنەپارێزەکانی تورکیش داواکاری شتێکی لەمە زێدەتر نەبوون.

هزرو فکرو لێکدانەوەی ئۆجەلان هەر چ بوو،لە مردنی ئۆزەل بە توەندی ڕادتڵەکا. لە1991 گوتبووی( ئەگەر کەسێک هەبێت کە ڕیگاچارەیەک بۆ ئەم مەسەلە بدۆزێتەوە، ئەم ڕیگایە ئۆزەل هەڵیدەویزنی.) ئێستا بە چاوپۆشین لە ڕابردووی نەخۆشی ئۆزەل،بە نوێنەرانی کوردی پەرلەمان کە بەدەستووری ئۆزەل لە گەڵ وی چاوپێکەوتنیان کردبوو گوت: بیروبۆچوونی وایە کە ئۆزەلیان بە دەرمانداوکرد هەتا ڕێگری لە مەبکەن بوخچەی ئاشتی بکاتەوە، و ئەمە شتێکە کە بە تەواوی بە بیروبۆچوونی ئاویتە بە(خیاڵاوی) وی ڕیکدەکەوێت.

چونکە شوێن پێیەک لە حەزی تورکەکان بە دژکردەوەی ڕەزامەندی لە بەرامبەر پێشنیارەکانی ئۆجەلان نەبوو ئاگربڕ بێ ئاکام مایەوە. لە24ی مەی پێشمەرگەکانی پ.ک.ک. پێشی ئۆتووبوسێکان لەنزیک بنگۆل گرت و32سەربازی ناچەکدار کە بۆ مەرخسی چووبوون لە گەڵ چوارنانیزامی کوشتن. مانگی دوایی ئۆجەلان بە فەرمی کۆتایی ئاگربڕی ڕاگەیاند.پ.ک.ک.عەمەلیاتی توندوتیژی دژی تورکی لە ئۆروپاو دژی ناوەندیەکانی تۆریستی تورکیەی وەڕیخست کە سالانە چوارمیلیاردلاری بۆ تورکیە بەرهەم هەبوو. ئەم کردەوە توندو تیژە چەند پات هۆکار بوو دەوڵەتەکانی فڕانسەو ئاڵمان نووسینگەی پ.ک.ک. گاڵە بدەن،بەڵام عەمەلیاتی نهینی بەردەوام بوو. لە کوردستان بەهێرشی هیزەکانی ئیستخباڕاتی بەلیجە وکولپ هەڵکەوتوو لە نزیک دیاربەکر،کە قەڵایچەی پ.ک.ک.بوون،شەڕبەتوندیەکی زۆرتر دەستپێکردەوە.

زوربه له كوردەكان و توركەكان هێشتا له سەربیروجۆچوونی ئۆجەلان هاوبەشەن كه ئۆزەل بەدوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەكدابوو كه بتوانێ فرمولی سیاسی بۆ كۆتایی هێنان به شەڕ پەیدا بكات- هەرچەند چ بەڵگه و سەنەدیكی ئەریتی وسەلماندراو له پەسندكردنی ئەم بۆچوونه له گۆڕێدانییە، بەڵام هەنۆكه هەموو له بنەبانی ناهومیدی دەیانبینی كه كەسێك له ئاسۆی سیاسەتی توركیه نابینرێ كه بەم شەڕەكۆتایی بێنێت چ بگات بەمه كه مرۆڤێكی ئەوها له خاوەن دەسەڵاتیش بێت وبیهەوی هەنگاوێكی كارتێكەر لەم بەستێنه هەڵگرێت. گروپێك له توركەكان كه ئۆزەلیان دەناسی ئاقیدەو بۆچونیان وابوو كه ئەگەر زیندودو بوایه فریوی كوردەكانی نەدەخوارد و زێدەپاروێكی ئەوهێندەی نەدەدانێ. بۆ نموونه،بیراند كه زورجار ئەوی دەبینی دەیگوت: ( ئەگەرئۆزەل مابوایه خەرێكی ئەم مەسەلە دەبوو و كێشمەكێشمەكەی به شێوەیەک كۆتایی پێدێنا كه بەكوردەكان كمتر له وەی كه ئەوان داواكاری بوون دەدا.)

كارتێكەریەكیش كه ئەمن له دواییین چاوپێكەوتن لەگەڵ وی له شەشمی ژانویەی 1993 وەدەستم هێنادورست ئەمه بوو. ئەو كات ڕێگاچارەی پێشنیارەكەی بۆ چارەسەری مەسەلەی كورد زێدەترلەمه كه ڕیككەوتنەكی سیاسی یان هەتافەرهەنگی بێت ئاویتەیەک بوو له(ئابووری) و(بۆلای خۆ ڕاكێشان ولەخۆ هەڵچنین). دەیگوت ئاتاجیمان بەكات و سەبرو حەوسەلە هەیه. بیست سال پێش(90% كوردەكان له ڕۆژهەڵات و باكووری ڕۆژهەڵات دەژیان،هەنۆكه تەنیا 60هەتا 65له سەتی له ڕۆژهەلاتی ئانكارا ژیان دەكەن. بیست ساڵ پێشتر تەنیا 15هەتا 20 له سەت له وێ دەمێننەوە) ئەم ڕواڵەت بەدەست هێنان هزری وی بوو،یان بەلانی كەم ئایەرەیەک بوو كه دەیەوێست لەگەل من باس بكات. ئاماروسەرژمێرەكانی توركیه دایم ودەرهەم دەبێ به ئیحتیات وهوشیاری حیسابیان لەسەرنكرێ،وئەمن هەتائێستا بۆم ڕوون نەبۆتەوە كه ئەو ژمێرەی نیشانیداهەتاچ ڕادەیەک لەگەڵ ڕاستی هاوسەنگەن. قسەی بنەڕەتی ئۆزەل ئەمه بووكەلەڕۆژئاووباكووری ڕۆژئاوا(یانی كوردستان)هەردی كشت وكاڵ زورم وجەماوەرئیكجازێدەبوو.

ئۆزەل كه بۆ خۆی سەردەمێك یەكێک له ئابووری زانانی مجدی بانكی دونیا بوو،پەرەپێدانی ئابووری بەكارهێنا. له سالەكانی دەیەی 1980 بۆ دابین كردنی ژێرخانی ئابووری ورەكێش كردنی سەرمایه بۆ ئەو دەڤەرەی پاشكەوتوو له بیرچۆوە كه زۆرپێویست بوو،كارەباو تەلەفون بۆ گچكەترین كۆخەكانی كوردنشین بێنێت. دەوڵەت به شێوەیەكی یەک لایانه دەستی له گەڵاڵەیەكی بەرزەفرانەو هەراو هوریا وەرێخەری بەناوی (گاپ)یش دابوو: خەرجی ئەم گەڵاڵەیه 32میلیارد دۆلاربوو،كه خەزینەی وڵاتی بەتاڵ كردبوو، و كیشەو تەنگەژەی بەڕاستی لەگەڵ ئیراق وسووریيه سازكردبوو،وئەو دوو وڵاتەی به تۆڵەی ئەم

هەنگاووهەڵویستە بە داکۆکی لەپ.ک.ک.وررووژاوکرد بوو. خولاسە،شەڕ ئەم هیواییەی کە پەرەی ئابووری دەتوانێت ئەم مەسەلە چارەسەربکات لە مەترسی خستبوو.

بەم شێوەیە ئۆزەل بێ ئەمەی کە ڕەپ وڕاست شتیک بلێت ئەمنی حاڵی کرد کەکوردەکان بەسەفەرکردن بۆ ڕۆژئاوا بیانەوێ یان نەیانەوێ(دەبن بەتورک)-وبە چۆرتی لێکدانەوەی وی لە دوارۆژدا تەنیا یەک سێوەم یانی سیزدە یان پانزدە میلیون کوردی تورکیە لە کوردستان دەمێننەوە- ئەم ژمارەیەش لەوانەیە کەم ببنەوە، وزوربەی ئەم خەڵکە زوان وفەرهەنگ وپێناسیان بەتایبەت(نەتەوەخوازی) توندوتیژو دوژمناتی و غەرەزو ئاویتەیان لەبیردەچیتەوە. لە1988کە تورکیە پەنابەرانی کوردی ئیراقی پەنادا، ئۆزەل بە ئەوانی گوت کە "دایە"گەورەی یانی نەنکی کوردە،یەتا ئەو تەنانەت وەشەیەک تورکی نەدەزانی- و کوردەکان خۆشحاڵ بوون.کاتێک کە تورکەکان لە ڕاتڵەکانیک سەرهەڵداو لەم دۆزینەوەیە وەخۆهاتنەوە تەنیا شتێکی کە بینیان ئۆزەل بوو کە سەرکۆماری وڵاتی تورکیە بوو- کە نەیدەزانی کوردیش قسەبکات.

بەلام ئەو شتەکانی بنەڕەتی،یانی چۆنیەتی ئاڵەگوڕی تەرەو هەڵوەدای لەبەرچاودووردەکرد: ئاوارە بوونی سەرەتایی کوردەکان شتێکی دڵبخوازی و کارتێکەر لە ڕەنگی ئابووری بوو،وبەشێک لەبزوتنەوەی گەورەتری پەنابردن گوندییەکان بۆ شارەکانی ڕۆژئاوا بوو. ئێستا هێزەکانی چەکدار بە ئەنقەست ئاوایەکانیان چۆل بەتاڵ دەکرد گوندەیەکانیان بۆ شارەکان ڕاودەنان. هەنۆکە ئۆزەل بە چاوپۆشی لە خەسارەتەکان و ئاڕووشەکانی شەڕ، بەسۆزوی شەوقی دەروونی قسەی لە خۆیی وەردەدا کەلەشارەکانی ڕۆژئاوا،پەڕاوەیزەکان و لیوارەکان باکوور،بە کوردەکان دەدا. ئەمەش بەشێک لە تاسەو خەونی گەوترەترو بەرفرەوانتربوو کە لە بیروبۆچووندا بوو هاوکاری ئابووری دەریای ڕەش لە ئابووری وڵات هێمن وخاوکاتەوە یان بڵێن پاشەکەوت کات. ئەم زوان بازی خۆهەڵگێرانەوەسەرمەقولاتدان پەیوەندی بە ڕاستیەکان نەبوو- بەڵام بەڕواڵەت باش بوو،چونکەبەهەرحال لەگەڵ یەکێک لەهاواڵدەرەکانی ئامریکایی هاوقسەبوو،ئیستاکە ئەمجۆرەبووبۆچی خەراوی بارودۆخ بەهەیکەلێکی باش وخۆشایند نیشان نەدات؟

شەش مانگ دوایی مەعلووم بوو کە تەواو مانگێک دوایی چاوپێکەوتنم لە گەڵ وی،قاقەزێکی شەش لاپەڕەی بۆ دەمێراڵ نوسیوە، و لە ویدا شوێن تێکەری پ.ک.ک.ی بۆ ئەو کوردانەی هەتا ئەو کات بێ لایان مابوونەوە شیکردۆتەوە. ئەو لەم نامەیەدا دەلێت: ( کۆمار لەگەڵ گەورەترین هەڕەشە ڕووبەڕووە: بومەلەرزەیەکی کۆمەلایەتی دەتوانێ بەشێک لە تورکییەی لە بەشەکانی تری وڵات جیابکاتەوە، و ئێمە لە بن کاولەکانی خۆیدا گۆڕبکات.) ڕەیگای چارەسەری(شێوەداهێنان) کەبۆ ئەم تەنگەژەییەی دۆزیبۆوە کردنەوەی دەرگای ئاخافتن سەبارەت بە مەسەلە ولەهەمان حالی دوورخراوەی200/000/ کورد

لەوجەڤەرانە بوو کەهێزەکانی چەکدار لەومەڵبەندان زەبریان لێ دەوەشاندرا- وئەمە سیاسەتێک بوو دەستیپێکرابوو. چ ئاکامی ئەم کردەوەی حالێبوو یان نەببوو خولاسە ئاکامی ئەم پیویست وواجبەی ئەم عەمرەروون بوو: بەم شۆڵە ئەم بەشەکوردەش لەشوێن وجێگای خۆیان هەڵدەقەندران،وبەم شێوەوشێوازە لایانگران وجامینخوازان وپەیکاروپەرچەنگ خوازوخەباتگێڕانی پ.ک.ک. نەتەنیا لەکوردستان بەڵکوو لە شارەکانی تورکییەش بنەگرتوونشتەجێ وسەقامگیردەبوون.

ڕاگویستن و شوێن گۆڕی دەیانهەزارکورد لە ئاخرین پلەی خۆی دەیتوانێ تەنگەژە و گیروگرفتی نیزامی بەشیوەی کاتی چارەسەربکات، بەڵام بە وەرگەیشتن بە ئامانجێک کە مەبەستی بیرۆبۆچوونی ئۆزەل بوو هێندەی یارمەتی نەدەکرد. لەم شیوازە هزرو فکرکردنەوەدا لێڕوانێنێک بەڕاستیەکان وبارودۆخی لەگوڕێ نەکرابوو. ئەمە حەقیقەتی هەیە کە ئاوارە بوونی وردەوردەی پێشتر مەسەلەی ڕەکێش و توانەوەی سانایی ترکردبوو: کوردەکان هێندیک شۆڵی هەرچەند نزمیان دۆزیبۆوە،منالەکانیان لە قوتابخانیان بەجێهێشتبوو. بەڵام هەنۆکە شەڕ،جەماوەرکی تێکەڵاوی لە حەسیرئاواییەکانی قەراخ شارەکان لێکترکۆ دەکردەوە،وئەم خەڵکە(دورگەیەکی) لە ژیانی گوندەییەکانی کوردی لەم شوێنانە بەوجوود دەهێنا کە لە بەرامبەر کۆمەڵگای دەوروپشتی خۆی ودەست وپییەکانی لەخۆهوڵچنینی وی، کارناتێکەربوون. فەرماندەرانی تورک لە دانی کار بەکوردەکان خۆیان لادەدا. ئەمەڕیوو رەوشێکی گشتی بوو. زوربە ڕێوو ڕەسمی بەخاک ئەسۆاردنی ئەو سەربازەانەی تورک کە لەکوردستان کوژرابوون هۆکاری هەرهەڵدانی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ کوردە ئاوارەی ناوچە دەبوو.

نییەت عەزم وبڕیارو هیزو توانایی ئۆزەل لە بەرهەم و بەرەوبووم گەیاندنی گەڵاڵە ونەخشەکانی هەرڕادەش بوو بەهەرحاڵ ئەو وەکوو(تۆرمز) کاریدەکرد کەڕووگەوحەزی هێزەکانی چەکدار بە خاپووروویڕانی سنووردارردەکرد. بەمردنی وی جێگرانی بەرپسیارەتی خۆیان لەڕیبەریشەڕی بەتەرواوی بەهێزەکانی چەکدارداوە. دەمیراڵ جاخێک بەرلەوی کەبەناوی سەرکۆمارجێگری ئۆزەل بێت قسەکانی خۆی لەبابەت(ناسینی ڕاستەقانی کورد)وادەکانی هەڵبژاردەنی لەبیرخۆی بردبۆوە: کەوادەی دابوو کەبنکەکانی پۆلیسی ئابڕوتکاوەوپیاوخەراوی پۆلیسی بەبناکانی(بەدیواری شوشەیی) بگۆڕێت.ئەم قسانەی کەچەند حەوتوو لەدوایی سەرکەوتن لەهەلبژاردنی نوامبەری 1991 دەربڕی هیواداریەکی زۆری لەناوکوردەکان وباڵوێزەکانی ڕۆژئاوایی ورووژاوکرد. بەڵام بە خێرایی ئەم هیواوئومیدانە جلی ناهومیدی وخەون وخەیاڵیان لەبەرکرد. دەمیراڵ لەدەستپێکردنی سیوەمین خولی سەرۆک وەزیرانی نیشانیداکەکەل وپەلی نەرم ملکەچی هێزەکانی چەکدارە- وادەی دا کەسەرەتا ڕەگی پێشمەرگەکانی ماوە هەڵبڕێ

وهەرسیان بکات دوایی سیاسەتی خۆی لەبەبەت کوردستان لەئەزموون بدات- ئیدی لەم بارەوەهیچ شتێک نالێت.

بەرزبوونەوەی پلەی بەسەرکۆماریش گۆڕانکۆرێەکی لەم بڕیارە نەدا. تنسوچیللر کە جێگری هەڵبژاردەکەی بۆ سەرۆک وەزیران بوو لەسەرەتا ئیلاقەدەربڕینی بەموتالآی ئەم(مدل باسک)کرد- کەناوێکی ڕەمزی ونهێنی بوو کەتورکیە بۆ(کەڵەکە نەبوونی)سیاسی بە وێنەیەک هەڵبژاردبوو کەلە ئیسپانیا کاری پێدەکرا. خانم چیللرسەبارەت بەکەم وزۆری مەسەلە لەگەڵ(گونزانس) سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا وتوویژی کرد،هێندیکێش لەگەڵ فیکری بەڵاوکردنەوەی زوانی کوردی لەڕادیو وتەلەفزیون گەمەی کرد. بەڵام تەنیادانیشتنێک لەگەڵ دەمیڕاڵ وبەرپرسی ستادی ئەرتەشی تورکیە خانمی بەشەرکەرێکی بەئیلاقەعەوز کرد،وڕایگەیاند کە چاک سازی پێویستە بەزەمانێک بسپێردرێ کەتروریسم لەرەگ ورەشەوەخاشەبرکرابێت. کەوکەبۆخۆی پایەگایەکی سیاسی نەبوو،تێگەیی کە یەکیەتی تەواو لەگەڵ هێزەکانی چەکدار دەتوانێت ڕادەی دەنگەکانی هەڵبژاردن ئیمجاربەرزکاتەوە،وهەرئەم یەکیەتی بەم خاتوونەی خویندەواری ئامریکایی بەنۆرەی خۆی یارمەتی کرد کە ئەوباجەی کارەساتاوی فەرمانگە ماڵیەی وڵاتگیانی سەلامەتی بەردەدەر.بوجەی نیزامی زۆرتر لە دوو قات زیدەبوو،ئەمەبۆخۆی بەبەرزەبوونەوەی نرخی سەرسام هێنەری هەڵمسانی(تورم)ی تورکیە لە 1994ئالیکاری کرد: نرخی هەڵمسان بە24 لە124 لە100% گەیشت وئەمە لەحاڵێکدابوو کەئابووری تورکیە کە بەشێوەی ئاسایی تێکۆشەربوو بەشەش لە دەردەسەتی کەمبوون لەبەرهەمی خالسی مللی بەهۆکاری عەکس مەیلی کرد.

ڕەوگەو بەستێنیك کە دەوڵەتێ چیللر هەڵیوێزا نیشانەگەری مفلیسی سیاسەتمەدارانی(جەرەیانی گەورەی سیاسەتی) تورکییەیە. خانم چیللر لەفرێدانی ئەوهەی ناوی (وسولی) لەسەردانرابوو ئاتاجی بە ئیقناع بوون نەبوو. ئەو لەئیلاقەوحەزکردن وئارەزوو تامەزرۆیەک کە بە پسندکردنی وی هەبوو،داواکاری دەوڵەتی نانیزامی لە شەرعیەت پێدانی لەوەی کەهەبوو بێ ئیعتوبارترکرد،هەتائەوجێگایە کە بەنەزانین ڕووتێکردنێکی بۆ کودتایەکی دیکە وەدەست نیزامیان دا-یانی ئەگەرهێزەکانی چەکدار بۆ شیکردنەوەی سەرکوتی خۆێناوی خۆیان لەکوردستان لەسەریەک ئاتاجیان بەسوپەری بەڵا پەیداکردبوایە. ئەوهەرئەو(شێتەی بەقازانجی) چێرۆکێک بوو،شێت ودێوانەیەکی بەتەواوی وشەش دانگ. ئەولەبەرامبەرهیچ جۆرەسەرکوتێک پچوکترین ئاڕووشەی لەخۆی دەرنەبڕی. چۆل وبەتاڵ کردنی ئاواییەکان،ون بوون وشرت وگۆمیان،خەڵک کوژرانی بەنهێنی...هەموو ئەم شتانە لەدووساڵی سەرەتایی سەرۆک وەزیری وی بەتوندوتیژی لەزێدەیی دا. ژمارەیەکی بێ وێنە لە هاواڵدەرانێک کە بارۆدۆخی کوردستانیان دەنوسی ون وبێ سەروشوێن بوون،کوژران وسەدان کەس لە وان بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی جیاخوازانە ویان بە تۆمەتیدەخەراوترلەوی بۆ دادگایەکانی

نائاسایی وئیستخباراتی سەرۆی کمالیستی ڕەپێچەک دران. بەلاکەرانی ئەم گۆڤارورۆژنامانە وڕۆشنبیرانێش کەلایانی وشیارەئیحتاتیان لەدەست دابوو ولوحکوومەت ڕەخنەیان گرتبوو تووشی ئەم چارەنووسەبوون. سمائیل بشێکچی، کۆمەلناسی ڕاستەوخۆو نادەمارگرژی تورک،کەیەکەمین جارلە 1971 بەتاوانی بەرگری لەکوردەکان زیندانی کرا بەهۆکی لاق داگرتن لەسەرئاقیدەوبۆچوونی، کەبەڕاشکاوی دەریدەبڕی، بەزێدەترلەدووسەت ساڵ زیندان مەحکووم بوو. هەتایاشارکەماڵ،بەناوبانگ ودەنگینترین ڕۆمان نووسی ولات،کەکوردە وبەلام ڕۆمانەکانیخۆی بەزوانی تورکی نوسیوە وسەردەمێکە پالێوتراوەی خەلاتی نۆبل بووە لە تەمەنی حەفتاویەکدا بۆ بن پێچکەی میزی مەحکەمەی ئەمنیەتی ڕەکێش کرا: ئەو لەڕەخنە بەئاکاریک کە لەگەڵ کوردەکان دەکرالەگەڵ توندرەوانی کەمالیستی دەرگیربوو. ئەولەوتارێک کە لەگۆڤاری " ئەشپیگل" ی ئالمان نووسی دەولەتی تورکییەی لەڕۆژی دامەزرانی کۆمار هەتاهەنۆکە بەدیاریکردن تۆمەتبار بەسەرکوتی ڕیک و لەسەربناخەی ورەوشی خەلکی کوردو(کوژرانی زوان وفەرهەنگی کورد) کرد. کاتێک لەمارسی 1996 بەتاوانی دنەی خەلک بە بێزاری ودوژمنی، وپڕوپاگەندەی جیاخوازانە) مەحکووم بە بیست مانگ زیندانی هەلاوسراوبوو،گوتی: (لەم ولاتە نەدێموکراسی هەیە و نە یاسا.)

دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم ناڕەوایانە سەبارەت بە خەلکی کورد- بەتایبەت شایەدی دان لە دانیشتنەکانی لێکۆلینەوەو تۆژینەوەی کۆنگرەی ئامریکا ، (ئۆرگانی تەرخانکراوبۆ ئاشتی)پەرلەمانی ئوروپا یان شورای ئۆروپا- خولاسە، ئەم حەول و تەقەلاو تیکۆشان و خۆماندوکردنە و ئەو هەموو بەدواداچوونی بێ ئولائەملا و زوربە ڕەپێچەکدانی بۆ بن پێچکی کورسی محاکەمەی(دادگای ئەمنیەت) بە دواداهەبوو. لە نیوەڕاستی سالی 1994 چیللرحزبی(دیموکراسی) کە حیزبیکی کوردبوو هەلوەشاوە ڕاگەیاند،پێچ شەش کەس لە نوێنەرای ئەم حیزبە لە پارلەمان،پەنایان بۆ ئۆروپا برد، شەش کەسی دیکەش کە مابوونەوە و لە سەرهەلویستی خۆیان لاق پێداگربوون، یان بەڕادەی بەس بەدرەنگەوە وەخۆکەوتبوون، گیران و دادگایی کران و هەر یەک بە حەپسی دوورو درێژ مەحکووم بوون- وبەمجۆرەبەم پرۆسەیەی، هەرچەند خاوو کاڵ و نەگەیو، بەلام هەر نەبێت هەلبژاردنێک بوو کە لە ماوەی حەفتاساڵ ئازادانە بەڕیوەچووبوو،کۆتایی پێهێندرا. ئەوهابوو کە دەتگوت دەولەت و پەرلەمان هیچ کات لە ڕاتلەکانێک کە لەیلازانا، بەوانی دابوو چ چاخ وەخۆیان نائینەوە: لەیلازانا،کە"پاسیوناریا"ی گەنج و لە خۆ هەلچن بوو بە دوو زوانی کوردی و تورکی سوێندی خوارد.

چێللر هەرچەند وەرەزی و درێشوکەی ویژدانی لە گوراندنی ئەم دوایین لاباجەو کۆلاوکەی متمانەی قانوونی، لە جەرەیانی سەرکوتی سیاسی کوردەکانی تورکییە،هەست پێکردبوو ئەم هیچ کات حێجزبوونی دەرنەبڕی. لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا زالبوونی ئەم سەرۆک وەزیرە(فوتوژنیک)بەزوانی ئینگیزی ئامریکایی، و چاوپێکەوتنەکانی تەلەفزیۆنی،ئەوی بە کەسایەتییەکی ڕووتیکردنی ئەم

چاپەمەنیە گۆڕاند: هەموویان بەهۆگری وئیلاقەی ئەم ژنەجوان وجندیەی مووسوور کە وڵاتێکی موسڵمانی بەڕیوە دەبرد لێدڕوانی،بەندەوارو دەلبەستەی بوون،و هیچ کەس ڕاست و دورستی سیاسەتەکانی نەدەبردە ژێر پسیار: بە بەرەکەتی ئەوگەمەی شانۆگەری وی هێزەکانی چەکداری تورکیە توانیان داهێنان و داهاوردنی شۆڵەکان سەر لە نوێ وەدەست بگرێت،و هەتا دەڤەرەیێکی بەربلاوی لەکوردستان کە پێشتر لە ژێرئیختیداروحوکم وفەرمارەوایی پ.ک.ک. دابوو(ئارام)کاتەوە،بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوو شۆڕشی کورد دامرکێنێ و وردو خەڕاش بکەن.

تێبینی: 1- کۆمیتەی داکۆکی کەر لەڕۆژنامەوانان کە ناوەندی وی لەنیویورکە،لەکۆلینەوەی ساڵی 1995ی خۆی ڕایگەیاند کە تورکیە لە مەڕ ژمارەی ڕۆژنامەنووسانی کە لەمساڵداکەوتوونەزیندان(دەرجەی یەکەمی) لەدونیاهێناوەتەوە. لە 1995 53کەس ڕۆژنامەنوس بەهۆکاری ڕاپۆرتی ڕوداوەکانی پەیوەندیداربەکوردستان لەزیندان بوون. کتی مارتن(KatiMarton)بەرپرسی کۆمیتەی داکۆکی کەر لەڕۆژنامەوانەکان گوتی: کە( تورکیە لەم بارەوە-یانی لەبارەی لەبەندی هاویشتنی ڕۆژنامەوانان- لەوڵاتانی توتالیتر،وەکوو چین وسوورییە،پێشبڕەی بڕیوەتەوە. ئەولەدەوڵەتی تورکییەی ویست کەقانونیکی دژی تروریستی ڕێکەوت 1991 کە زوربە لەسەرکوتی چەپەمەنیەکان لەوی کەلک وەردەگیری باتڵ بکات.

2-Pasionaria(پازیوناریا) بەمانای گڵ ساعات.(لەقەبی) وەزیری دەرەوەی ئیسپانیای ئینقلابیە.

3-Photogenicلەوشە بەمانای گزنگ بەڵام بەکەسێک دەگوترێ کە لە وێنەدازۆرجوان ودڵ ڕەکیش بێتەبەرچاو.

4-لەدەسامبەری1993حەولمدا ڕەزامەندی سەرنووسەرنیویورک(New Yorker ) بەنووسینی وتارەک لەمەڕ تورکیە وتەنگەژەکانی وی ڕەکێش کەم. لەسەرەتائیلاقەمەندی خۆی بۆ ئەم مەسەلە دەردەبڕی،بەڵام پاشان گوتی کەمەبەستی نیشاندانی گەڵاڵەیەک لەخانم چیللر بووە- ئەویش گەڵاڵەیەکی ئەریتی. ئەوخانمی دلێری لەماوەی سەردانی لەواشنگتۆن لەتەلەفزیەن بینی وئەوجۆرەی کەبۆخۆی دەیگوت دلبدندی ببوو.

لەفۆرییەی 1996 لەئاستانبۆڵ،کە هەروەک لەپەنابەران هەڵمساوە کەبەئازایەتی دەتوانرێ بەگەورەترین شاری کوردنشین ناو بەرین،بنەماڵەی ئەریک ئەمنی بەرۆژێکی تۆفانی بۆ ماڵی خۆیان برد. لەبنەمانەی گۆلانی خولاوی،لە(کاناریە)دەژیان،کە گەڕەکی بەلەنگازنشینە،کە ڕیگاەبیست دەقیقەلە فرۆکەخانە دوورە،و65000تازەوارد لەگوندەکان لەونشتەجێن،کە زۆرایتی کوردن. بنەماڵەی ئەریک- چواربراو زێدەترلە سی کەسی دیکە لەئەندامانی تەمەنی جۆراوجۆریان هەیە-بەکردەوەهەتائەوجێگایەی کەبە دەوڵەتی تورکیە پەیوەندی هەیە خەڵکانێکی (نەبینی) بوون

ئەمانەوەکوو زوربەی کوردەکانی کە لەڕۆژهەڵات وباکوری ڕۆژهەڵاتی ولات بەزۆرەملی لەمال وحالێ خۆیان ڕاودەنرێن تەنگەژەی قانوونیان هەبوو: دوو لەبراکان دەیانگوت کە بەتاوان وتۆمەتی یارمەتی بەپ.ک.ک. لە گوندەکەیان،هەڵکەوتوو لەنزیک شرناک، زیندانی کراون وئەشکنجەکراون(شەڕناک یەکێک لەقەلایچەکانی ناسراو نەتەوەخوازان ونزیکی سنووری ئیراق وسوورییەیە.)

برای گەورەتر،عەبدولڕحمان، کەچل ویەک ساڵ بوو دەیگوت تەنگەژەی ئێمە لەپەیوندی لەگەڵ گێران وزیندانی کردنەکەی لەوڕۆژەی لەمانگی ئەوت دەستی پێکرد کەپ.ک.ک. یەکەمین عەمەلیاتی نیزامی خۆی لە(ئەروح) بەڕیوەبرد(ئەروح شیست مایل لەگەڵ گوندەکەیان مابینی هەبوو). گوتی لەپەیوەندی لەگەل هێرشێ پ.ک.ک.نەبووە،بەلام بەشک وگومانی بێ بناخەی ئەندامەتی لەپ.ک.ک. 193ڕۆژ ئەشکەنجە بووە،پاشان بەحەوت ساڵ زیندان مەحکووم کراوە،چونکە(بە قەولی خۆی) قبووڵی نەکردوە کە (لەگاردی گوند)خزمەت بکات یانی ببێ بەجاش. بێ ئەمە کەسێک لەوی پرسیارکردبێت گوتی: کەبەڵێ،کوڕێکی لەپێشمەرگەی پ.ک.ک.یە. گیرانی خۆی هۆکاری گرتن وزیندانی براکەی خالد ببوو کەلە دەرەوەی پاریزگاکانی کوردنشین خزمەتی سەربازی دەکرد(خزمەتی سەربازی بۆکوردەکان لەدەرەوەی کوردستان حەمەرێکی دیریکراوە)خالد کەمرۆڤێکی سی وپێنج سالەبوو گوتی: مانگێک لەوپێنج مانگەی کەلەزیندان ماوەتەوە ئەشکەنجەکراوە،لەدوایی وی نزیکەی 10کەڕەت زیندانی کراوە-ژمارەی گرتنەکانی لەبیرنەمابوو. پۆلیسی نهێنی تورکیە حەولیدابوو ئەوی بەجاسووسی وقسەهێنان وبردن وادارېکات.

هێزەکانی ئیستخباڕات بەردەوام بۆ گوندەکەیان لە هاتووچۆ دابوون وسێ سەرەیان لەسەرهەڵنەدەگرتن،ماڵەکانی نیشانەکراویان زوربە لەگەڵ گاوگۆل ومەڕومالاتەکانیان کەدەویدابوون هەموو ئاگردەدان،وبنەماڵەکان لەئاکامداتیگەین کەدەبی گونەکانیان چۆل کەن لە 1993 یەک یەک ودوو دوو دووگوندیان بەتال وچۆڵ وبەڕەڵلاکردن، وبۆ کانارایەهاتن، یەکێک لەبرادری خێزانی یان کێدی خوشکی بەرێ هاتبوو. ژن ومنداڵ بەئوتوبوس هاتبوون،بەلام مرۆڤەکان بەکامیونەکانی باری ڕێگایان بڕیبوو: (چونکە بەمجورەجکەلەوەهەرزان تەواودەبێت بازرسی ئەمنیەتیش کەمتربوو) ناوی هیچ کام لە ئەندامی بنەماڵە وەکوو دانیشتووی کاناریە نەنووسرابوو. هەروەک زوربەی لەم کوردانەی ئاوارە بۆیان هاتبووپێش نەیاندەتوانی دەنگ بدەن. ئەوبرایانی کە ئاخافتنیان بەخۆ تەرخان کردبوولەلایانگرانی باناوبانگی هادپ بوون(یانی ماهوارەی پ.ک.ک.)چونکە بەقەولی عەبدولرحمان(ئەگەرسەربەخویش کەژێهاتووی وین هەیە پێمان نەدەن،ئەم حیزبەدیسان بەرگر ودیفاع لێکەری پێناسی کوردیە...)ئەو لەحالیکدا کەبچوکترین شوێنی پێداوەدەرکەوتنی هاوبەشی بوخچەدەکردەوە کەهەتا کوردەکانی دژ بەپ.ک.ک.ش دەیڵێن،ئەمەی لێ زێدەکرد: ( بەلانی کەم دەبێت بەکوردەکان مافێکی مساوی وەک یەک و پشکە بەشێکی بەئینسافانە لە پارەتێڕژتن بدەن.)

بێ بوونی بەڵگەی پێویست نەبۆخۆی ونە هیچ کام لەئەندامانی بنەماڵەکەی نەیاندەتوانی بەپێی یاساکاریک بکەن. بەڵام خەڵکانێکی بێ باک وزیخ وچاونەترس وبەورە بوون دایم ودەرهەم لەبەزاری ڕەشی شۆڵ،کارێکیان لە شۆڵی ساختمانی یان شوغلێکی کەم دەستحەق دەدۆزیەوە کەپێویستی بە پسولەی فەرمی نەبوو،هەروا پرسیارەپەرسقی نەدەجوڵاند،بەرتیلیش جاروبارو هەردان بیر،پۆلیسی لە شوێنی دانیشتنیان دوورەپەرێز دەکرد. ئەم ماڵەی یەک نەهەم وشڵوغ و بێ سەندوقەباڵە بوو: شریکەی هۆدەسازی کە دووبرای بەکرێکار گرتبوو لە بەرامبەر دەسحەق بەوانی یارمەتی کردبوو، براکان بناکەیان سازدابوو. هێندیک لە منداڵەکانیان بە لوتفی خانمیکی تورکی دۆست- کە گوتبووی مناڵاکان ئی وین بەناوی خۆی لە قوتابخانە ناونوسی کردبوون.

لە هۆدەی دانیشتنی مەڵەکەی برایانی ئەرک، کە ڕایەخی بەرە بوو، لە کارەبایەکی کەلک وەردەگرت کە لە کارەبای شەقام دزرابوو، شوێنی سەربەرزی تایبەتی دەزگایەکی تەلەفزیونی بوو. بنەماڵەکە هەموو شەوێ بەرنامەی(میدیا) کە لە ماهوارەی پ.ک.ک.بەڵاودەکراوە و بڵاوکردنەکەی وی لە1994 لە دەرەوەی وڵات دەستیپێکردبوو تەماشادەکرد- حەول و تەقەلاکانی فەرمی تورکیە بۆ گاڵدانی هەروابەردەوام بوو(بەمبارەکی وپیرۆزی شێوەی قانوونی ئیکجار ورد بین و مووقەڵێشی دەزگای(آپۆ) لە پێنج وڵاتی ئوروپایی، تەنیا لە هاوینی 1996 بوو کە تورکیە توانی عەمەلیاتی دەرەوەی سنووری پێچخواردوولێکهاڵاوی (ئاپۆ) ئاشکرا بکات و وڵاتانی پەیوەندار بەمە ئیقناع بکات کە ئەم دەزگایانە ببینن. لەگەل ئەم هەمووەش لایانگران و کارزانان و بەرپرسی وی خێراسەرکەوتووبوون لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکە بەردەوام بن) براکان بۆ کڕینی (دیکودر) بەهۆی لێک جیاکردنەوەی بەرنامەکانی کە بەزوانیەکانی کرمانجی وسۆڕانی وزازاو عەرەبی وتورکی بڵاودەبۆوە،نزیکەی 200دۆلاریان کۆکردەوە. بۆ شاردنەوەی ئانتێنی دەرەکی و(دیکودر) لەکاتی هێرش کردنە سەری پۆلیس، زۆریان وردبینی بکارهێنابوو.

ئاخۆ هەرئەو تەماشاکردنەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی بەس بوو؟ براکان وکەس وکاریان بەدەوام دەیانگوت: کە خەونی ڕۆژێک دەبێنن کە بۆ گوندەکەیان بگەڕێنەوە. خالد کەلەنیوبراکانی تەنیاکەسێک بوو کە دووەمی دەبیرستانی خویند بوو سەبارەت بە بایەخ ودۆژمنایەتی لەگەڵ حکوومەت کەمترین شک ودوودڵی نەبوو. گوتی: (ئەمن زێدەترلەسەت کەس لەهاقاڵانم،لەوانە زێدەلەبیست کەس لە هەوقوتابیەکانی دەورەی دووەمی دەبیرستانیم لەدەست داوە... بەڵێ کە بایەخی هەیە!)لەشیوەی قسەکردنی بچولکترین شک ودوودڵی نەبوو.

ئاقیدەی وێکچووی ئەم بەرهەق وڕوازانینەی ئامانجیان،کارتێکەریەک بوو کە هاواڵدەرێکی لاو بەناوی (قەدری گوسل) لەدوایی بیست مانەوەلە یەخسیری پ.ک.ک. وەدەستهێنابوو. ئەوهاواڵدەری ئاژانس فرانس بوو. زورتری ماوەی ئەم دیلیەی لەدەورووپشتی گوندی لەدایک بووی ئەریک،هەڵکەوتوو لەنزیک شرناک،تێپەڕکردبوو. گورسل چیرۆکی ئەم بەسەرهاتەی لە31ی مارسی 1995 بۆمن گێراوە. وگوتی کەلە ڕووداوی هێرشی /37000کەسی تورکیە هێزەکانی تورکییە بۆ باشووری ئیراق لەعەمەلیاتێک بەناوی (عەمەلیاتی پۆلا) لەماوەی ڕێگرتنێک لە نزیکایی نسیبین پێشمەرگەکانی  پ.ک.ک. یەخسیربوو، کە هەموویان ژن و پۆشتە بە کلاشینکۆف بوون.

ئەوو هاوسەفەرەکەی کەوێنەکێشێکی ڕۆیتێر بوو بۆخۆیان تاوانباری ئەم هەلوومەرجەبوون: دەیانزانی کە شەوانە ڕێگاپڕمەترسییە،بەڵام بە لەز بوون. پ.ک.ک. لەگەڵ ئەوان ئاکاری جوانی نیشاندا،بەڵام بۆ ئەوەی کە بەشوێنەکەیان نەزانن ئەوانیان بەردەوام،زوربەشەوانە دەگویزتەوە. جارەکیش لەداوی نیزامیان کەوتن،تەقەلێکدان ڕوویدا: خومپارەبوو کە لەدەورووپشت دەتەقیەوە،هێلیکۆپتەرەکان ڕاستەوخۆ لەسەرسەریان بوون،وئەم دووە بەوڕادەیەی کە لە هێزەکانی تورکیە دەترسان لە پ.ک.ک.نەدەترسان. کێژەکانی دەرس نەخوێن تەنیابەکوردی دەئاخافتن،جگە لەژمارەیەک کە کوردی سوورییە وئیراق بوون، مرۆڤەکان بەتورکی قسەیان دەکرد ولەگەڵ هاواڵدەران سەنگوسوژاندن دەکرد: سوعبەتیان پێدەدان،کە (دەست وپی سپی) بوون یانی کاریان نکردبوو بەئیستیلاح ناسک ونازداربوون. وبەم هۆکارە لەوپەیامانەی کە بەبێسیمەکان عەمەلیاتی دەگۆڕدرانەوە لەوان بەناوی(دووشاخەی لالە) ناودەهێنا.

فەرماندەرەکانیان بوسیوادترو حەوت هەشت ساڵ رابردوو ئەزموون وتێکۆشانی شەڕیان هەبوو،لەمارکسیسم یان قسە دەکرد،ئەوکەسانەی کە خویندەواریان کەم بوو تەنیا بەنەتەوەخوازی کوردئیلاقەیان نیشان دەدان: ( هەموو خوازیاربوون کوردستانێکی تاقانە وپتوون بنیات بنێن وکوردەکانی هەموو پارچەکان یەکگرتووبکەن،ولێیان یەقین بوو بەوکوژراوی ئینسانی وخەسارەی ئابووری کەلەتورکییە دەدەن وئەم تەنگەژانەی کە بۆی سازدەکەن لەئاکامدا ئەوی بۆ پشت میزی دانشتن ووتوویژ ڕەکێش دەکەن. ئەمانە زوربە بۆ شیکردنەوە هیوای خۆیان لەشکانی ئامریکا لەویتنام وەبیردەهێناوە. لەناو مرۆڤانی ئاسایی کەم بوون کەسانێک کە زێدەتر لە یەک دووساڵ خزمەتیان کردبێت، کە بە لێڕزوانین بەکەل وپەل وکەرەسەی جۆراوجۆری کوشتارێک لە دەوڵەتی تورکیە بۆ کۆژتنیان لە بەردەستیداهەیە سەردەمێکی کەم نییە. ژمارەی گوژراوەکانی  خۆیان نەدەشاردەوە. ئەم هاواڵدەرانە لەنێوان نزیکەی بیست وپێنج گوند تێپەڕیبوون،کە لە ماوەی ساڵەکانی ڕابردوو حکوومەت ئەوانی وێران کردبوو یان خەڵکەکە، بۆخۆیان بەجێیان هێشتبوو ڕۆیبوون. ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی هێزەکانی

ئیستخباڕات بوو،کە شۆڕشگێڕانیان لە دەست وێراگەین بە سەرچاوەکانی جەماوەری وژیانکردن بێ بەش کردبوو.

خواردن بە بنەماو جەوهەری خەریک بوونی مێشک وزەینی پێشمەرگەکانی ڕەنگ وڕوو پەڕیو گۆڕدرابوو،کە شیوازی ڕوخساریان شایەتی بەکەمخوێنی و خواردنی بێ ویتامین بوو. زۆرجارلە(جاشەکانیان) دووری دەکرد،بەڵام جاروابووهێرشیان دەبردە سەرمێگەل وکەتەپەزان کەشوانەکانیان جاش بوون،وجارێک بۆ وەدەست هێنانی گۆشت هەشت جاشیان کوشتن. زوربەی خوراکی پێشمەرگەکان برنج وماکاڕۆنی... وچای بوو،کەلەو ئازوقەی کەلە ئەشکەفتەکان تاقەت دەکرا دابین دەبوو. جارێک لە ئەسلەوتەکیان خۆحاشاردا کەتەژی لەقوتی بەتاڵی ساردین وشاماسی وڕۆنی زەیتوون و ساردی نائاڵکۆڵی بوو- دیاریەدا کەئەم ئەشکەفتە لەڕابردوو یەکێک لە عەنبارەکانی گەورەی تەدارەکاتی بوو. یەکێک لەپێشمەرگەکان سەردەمێکی وەبیردێناوە کە کەل وپەلی ئەوها،بەسەلاّدی تازە وزەیتون وپەنیر،بەردەوام دەگەیی، وئەمەی لێ زێدەکرد: ( بەرادەی حکوومەت بەسامان بووین)تەنیا نیشانەی حێجزبوونمان ئەوکات ئاشکرادەبوو کە زەخیرەی شکرمان نەمابوایە. کزومەلوولی لە هەربارەوە، یەکێک لەوانە دەڵتەنگی بۆ ماڵ وبنەماڵەیان سەرکۆنەدەکرد...

کارتێکەریەک کە گورسل لەم ڕووداوەی وەدەست هێنا ئیرادەو عەزم و بڕیار- و(نامرادی) بوو. زوربەی ئەو کوردانەی کە لەم "دەستە"ی شێست کەسە خزمەتیان دەکرد گەنجانێک بوون کە دەورەی دەبیرستانیان کۆتایی پێنەهێنابوو، زەمانێک دووروودرێژ لە دیاربەکرو شارەکانی دیکە بەدوای دۆزینەوەی کرێکاری عەوداڵ بوون، کاتێک چ کارەکیان وەدەست نەکەوتبوو، هاتبوونە سەرئەم بڕیارە کە لەگەڵ پ.ک.ک.بکەون،و لە گەڵ حکوومەت شەڕبکەن. گورسل بەمنی گوت: ( ئەمن وافکردەکەم جیالەوان بۆ هەمووکەسی دیکە بەردەوامی لە ژیان لە بارودۆخێکی ئەوها ئیکجار چەتوونە. بەڵام ئەمانە ورە و ئاقیدەو ئیمانی تایبەت بەخۆیان هەیە. بە بۆچونی من لە مەڕ نیزامی زۆربەهێزن،جۆرەشتانێکن گونە ژووقە،ناشکێندرین،چونکە واقیعەتی ژیانیان، هەتەری دیکە لەڕاستییە) ئەوئاخافتنانەی وی لەگەڵ ئەوشتانەی کە ئۆجەلان لە دێمشق سەبارەت بە ڕاهێنان گوتبووی: ئەوانەی کە تازە دێنەجەرگەی پێشمەرگە دەدا،دورست دەهاتەوە: گرنگترین شت نەک هەڵ ومەرجی ماددی وبەدەنی بەڵکوو ڕاهێنانی سیاسی وحازرکردنی زەینی بوو.

سەیرئەمە کە ویکچوونی ئەم هەڵکڕانەم لەنووسینگەی کامران ئینان لە پەرلەمانی تورکیە لەئانکاڕاگوێبیس بووم. ئەم کوردەی کە بەشێک لە پەیکەری حکوومەتە،گوتی: ئەگەرنیزامی کەماڵیستی لەتەنگەژەکەوتووە ئەمە بە هۆی هەلەیەکە کەدەولەتی کردۆیەتی،ولەڕۆژهەڵات وباکووری ڕۆژهەڵات لەئولکەیەکانی ڕاهێنان وفیرکردن ودابین کردن کاروبارسازدابنی ڕیگا ئەمجۆرەشتانە بۆلاوەکانی کورد

بەڕادەی بەس پارەیان تێنەڕژتووە و(بەم شێوازە خەڵکیان بە(دەستەچیلەی ئاگرتێبەردانی تروریستەکانی پ.ک.ک. گۆڕاند.) پسیاری کرد: (پ.ک.ک. کێیە،جیالەلۆچێک لاو کە دەبیرستانیان تەواکردوە نەیانتوانیوە بۆزانستگابچن،وئیدی نەیانتوانیوە بەسەرکشت وکاڵ بگەڕێنەوە،یان شۆڵێک بدۆزنەوە؟) گەنجانی کورد ئەم شەڕەیان وەڕێخستوە کەلەماڵ بەدوارۆژی بولێل دەست بەیەخە بوون کە گویزتنەوە بۆ شارەکانی رۆژئاوا وباکوور بەخاڵی سیبەرگەیووە. ئازانتی وشیکردنەوە ولێکدانەوەیەک کە لەمەسەلەکەی کرد بەڕادەتەواو وردبینانەودورست بوو،وئەمن چاوەنوارم نەدەکرد کە شتێکی ئەوها مووقەڵێشانەم لەوێ گوێ لێبێت،ئەویش بەم زوانە بەم توندوتیژییە.

زێدەترلەدەساڵ دەبوو کە (اینان)م دەناسی،ئەوم وەکوو(عەمووتام)ی کوردلەسەرلاپەڕی زەینم پێنوس لێدابوو. لەڕابردوو پێم وابوو کە شیوازی فکرکردنەوەی وی تێگەیوم- بەڵام ئیستالەم یەقینە کە "نا"! یان دونیاگۆڕابوو. ئەوکەکۆمایخوازێکی بێ گرێوگۆڵ بوو،پیشوودەکرا ئەوی وەکوو نموونە لەئازانتی ڕوناکی خەتی کمالیستی بناسێنی: ئەوخاوەن دانشنامەی حقوق لەزانستگای ژنو بوو،دیپلۆماتێکی ڕابردوو،وەزیری پێشوو،پالاوتراوەی سەرکۆماری، وئەندامی بەردەوامی هەربووپەڕلەمانی وڵات بوو. لەماوەی ساڵەکان، بەتایبەت ئەوچاخ کەوەزیریانرژی وسەرچاوەکانی سەرشتی بوو،چەندین کەرەت سەبارەت بەگەلاڵەی حەزلێکردووی، گاپ،لەگەڵ وی وتویژم کردبوو. مرۆڤێکی (پێچەوانەی)ترلەوی ناکرێ لەدونیای خەیالات،لەبەرچاوڕاگری.

تێبینی: 2-ئاماژە بەرمان"کلبەعموتام" نووسینی هنریت بیچراستو،و کەسایەتی حەسڵی وی(عمووتام) عمووتام ڕەش پێستیکە،کە شیوەی ئاکاروڕەفتاری لە بەرامبەر سپی پێستان بە قسەلوسییە.
1-تۆفیق ڕەشید بەگ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە لە 1926 بەهنری دابز،کمیسرعالی بریتانیا لەبەغدا، کەلە ئانکارا سەردانی کردبوو گوت: ( دەوڵەتی تورکیە بەن ئاکامە گەیووە کەکوردەکان هیچ کات ناکرێ ڕەکیش کەین،یان بتوینینەوە ڕیگاچارەئەویە ئەوان لەوڵات دەربکرێن. تورکیەی نوێ لەسەرلەشی کوژراوان بناخەی دامەزراخمی لێدرا،ودەبێ بەتوندوتیژی خۆمان بەردەوام کەین. وڵات لەبەلای یۆنانیان وئەرمەنیان رزگاربووە،هەنگاوی دووایینی وی ئەمەیە کەخۆی لەشەڕی کوردەکان نەجات بکات ئەوانیش لەکۆڵەخۆیان بکەنەوە. ڕەشیدبەگ دەرکردن وهەتلەکردنی کوردانی لەسەربناخەی دواکەوتوویی زەینی ئەوان لێکدەداوە، دەیگوت: (تورکیە بەسەرزەمین پرپێت وبەرەکەتی وان ئاتاجی هەیە،وبەبوونی ئەوان لەدەڤەرەکانی سنوور متمانەی نییە. دابز دەڵێت: ڕەشیدبەگ گوتی: ( کاتیک لەوڵات ڕاونران، ئیدی هیچ ڕێگایان پێنادەین بۆ وڵات بگەڕێنەوە.)

ڕەگەکانی کوردی(اینان) بۆ بنەماڵەی شێخەکانی نەخشبەندی مەسەلەیەکی ئیکجارکارتێکەربوو. دایکی ئەرمەنی بوو کەلە کوشت وکوشتاری ساڵی 1915گیانی بەسەلامەت رزگارکردبوو. ئەو لە 1929 لەیەکێک لەو واگوونانەکانی مەڕوماڵات گویزنەوە کە بنەماڵەکەی لە پارێزگای ڕۆژهەلات بۆ دوورخراوەی بۆرۆژئاوای تورکیە دەبرد لەدایک بوو. بەدوایی شۆڕشەکانی یەک بەدوای یەکدای کوردەکان، دوورخرانەوی ئەوها شتێکی ئاسایی بوو. کەمالیستەکان مەلاکانی ناوبەدەر یان سەرۆک عەشایرەکانیان چ لەشۆڕشەکاندابەشداریان بوایە چ نەبوایە لەشوێنی دانیشتن خۆیان هەڵدەقەندو دووردەخستەوە( نشتەجێکردنی حازیزئۆغلۆ،نوینەرای پەرلەمان لەدیاربەکر،کەپیاوێکی ئیکجارنازنینە کەناوی چکۆڵەی دەینداری ئەم عەمرەیە کەلەساڵی 1939 لەماوەی دەورانی دوورخراوەیی بنەماڵەکەی لەشاری سیلوان،کە لە 1925 هەتا 1974 درێژی کێشا،لەدایک بوو)ئەم دوورخراوییانەبەم مەبەستە بوو لەئیدی ڕێبەرێک لەناوکوردان نەماوە. ئەم دوورخراوەیانە لەهەڵسەنگان لەگەڵ سەدان دەرس خوینەکانی کوردی کە بەگومانی داکۆکی لەشۆڕشی سالی 1930 ئاگری لەتەلیسیان کردن وزاری تەلەیسەکانیان درون لەدەریاچەی وانیان هاویشتن،ونەزۆک لەمەعرکەنەجاتیان بوو. ئەم دوورخراوەیەی ناوەخۆ هەرچەند دژواربوو بەلام دژوارترلەسیاسەتێک نەبوو کەئاتاتورک لە بیروبۆچوونیداهەبوو. ئەوشیاوتری دەزانی کە هەموو کوردەکان لەجیاتی دوورخراوەیی بۆ ناوولات بۆ ولاتانی دەراوسی ڕاوبنێت،وتەنیا شتێک کە ڕێگری لە بەڕیوەبردنی ئەم سیاسەتەبوونەبوونی پارە بوو.

لەدوایی ساڵی 1950 (اینان) وکوردەکانی دیکەی ژێهاتوو،بەپێچەوانەی حێجزبوونانەی کەبنەماڵەکانیان لەگەڵیان دەست بەبەرۆک بوون،کارەکانیان بەرز بۆوە- ئەمە شتێک بوو کە زوربەلە تورک وکوردەکان وەکوو بەلگەودەلێلێک بۆ بی نەزەری نیزام بوخچەدەکردەوە و مەدحیان دەکرد."اینان" بەخزمەتکاری کۆمار گۆڕدرا- ئەمە خزمەتکارە تایبەتی کۆماربوو،ولەگەڵ کوردەکانی پاریزگای بتلیس پەیوەندی نەبوو،ئەوبەدەیان ساڵ لەپەرلەمانی سەنا،نوینەریان بوو. ئەو وەکوو زوربە لەکوردەکانی کەلەنیزامی کۆماری دەستیان لەپلەوپایە گیرببوو ئەوهەڵچوونانەی کەلە وەفاداری بەکەمالیسم و ڕەچەلەکەیان پەیداببوو بۆبنەچەک ورەچەڵەی دیکەی دەبرد،ولەچاوپێکەوتنەکانی بەرێ کاتێک لەم جەرەیانم قسەدەخۆیی وەردەدا لەمەسەلەکە خۆی دەدزیبۆوەو وەلامیکی بەپرسیارەکانم نەدابۆوە. ئەمکەڕەی کاتیک ڕەپ وڕاست لێم پرسی ئزخۆ خۆی بەکورد دەزانێت یان تورک،وەلامی داوە: (ئەمن قەت ئەم پرسیارەلەخۆم ناکەم. وەکوو سەید- یانی ئەولادی ڕاسپاردەی خودا فکردەکەمەوە،دەبی ئەمن بەعەرەب بەحیساب بێنن.)

ئەم سووڕانە،بزواوتنەوەکی ئیشزانانەو بەئەزموونانە و پسپۆرانە بوو. لەگەڵ ئەم هەمووەش هەروەک قسەکانی سەبارەت بە ڕەکێشەری پ.ک.ک. نیشان دا،پیاوەکی سیبەری ڕووناهیەکانی زێدە لەپێشوو لەم نێوەداسەری هەڵدا. ئەو بێگومان هێشتا کاری بە پ.ک.ک. نەبوو: لەناوچەکەی- بەوڕادەیە بەهێزبوو

کە ساڵهای ساڵ بۆ شوینی خۆی نەگەڕێتەوە،و هەڵبژێردرێت،چ بگات بەمە کە بیهەوێ پەیکاروپرچەنگی کەسینی هەڵبژاردن ڕیبەری بکات(بەڵێ) شوین تێکەری تەریقەتی نەخشبەندی لە دەڤەر ئەوها بوو کە بەبێ بوونی خۆی لە مەڵبەند هەڵدەبژێردرا. بەڵام لە نیزام تووڕە بوو،بە تایبەت لەم ڕووەوە کە چوارساڵ بەدوایکدا بوو کە ئیعتباری گەلاڵە حەزلێکراوی-گاپ- نزم کردبوو. دابین کردنی پارەش زێدەلە چاوگەی ئابووری تورکیە بوو. هەتا لە چاخی باشتر خەرجەکانی گاپ بەڕادەی زۆرلە سەرکەمبوونی بودجەی وڵاتی زێدەکرد: ئێستا ئەم کەمکردنەوەی ئیعتوباراتی گەلاڵەکە نیشانەی ئەمە بوو کە خەرجەکانی شەری کوردستان بەرزببوو. لە ڕاستیدا هەتا یەکەمین خولی گاپ کە بۆ دابین کردنی ئاوبۆ ئاوداشتنی کشت وکاڵ بوو، نەک بۆ کوردستان بەڵکوو بۆ عارەبی دەشتەکانی حەڕان هەڵکەوتوو لەنزیک سنوورلەگەل سووربیە پێشبینی کرابوو- و تازەئەویش هەنگاوی بەرەوپێشکەوتنی هەڵنەهێنابوو،چونکە بۆ ئامادەکردنی لوولەکان گەورەی سیمان، پێویست بە مایلێک مابینی کۆتایی، پارەی لە بەر دەست نەبوو.

"اینان" لەکارگێرانی دەوڵەتی ئانکاڕای بە توندی ڕەخنە دەگرت. جارێک لەگروپێکی وان کە لە گەلاڵەیەکی ئاوەدانکردنەوە دەشوغلێن پرسیارکرد ئاخۆ بۆ ئوروپاچوونە. هەموو جیالە یەک دووکەس دەستیان بەرزکردەوە. بەحێجزی وبێزاری گوتی: (چاخێک پرسیم چەند کەستان بۆ ڕۆژهەڵات وباکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات چوونە،تەنیا تاکێک دەستی بەرزکرد... وڵاتی خۆیان نەدەناسی. بەرنامەکانیان لێرە لەئانکارا- حازردەکردن،لەبەرئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە کەلەبەرنامەداشکەست دەخۆن.)گوتی ئەندازیاریکی ئیتالیایی کەلەڕۆژهەڵاتی وڵات، لەشوێنێک کەبۆ دورست کردنی فاکتۆڕی لەنەزەرگیرابووگەڕابۆوە زوربەئەدەبانەپرسیاری کرد کەئاخۆ گەلاڵەکەرونەخشەکێشان وئەندازیارانی تورک بۆ دەڤەرچوونە- چونکە لەگەلاڵەکەیاندا هەل ومەرجی توندی ئیقلیمی عەواملی ناوچەیی لەنەزەرنەگیراون(ئەم جەرەیانە سەردەمێک بەرلەدەستپێکردنی شەڕی ناوەخۆ بوو) اینان گوتی: ( نا کەس نەیویستبوو بچێت وچاوێکی لەدەڤەروشوێنەکە بخشێنێت.)

"اینان" لەم نێوەدداگوتی کەکوردەکان ئەوڕادە بەشخوراو تەعەدالێلکراوو دەسدری پێکراو ناهەقی لێکراو کەوتوونە تاوانبارنین- ئەەم داوایەکی تازەبوو. وەکووئەوەی کە بەئاشکرایی وڕاشکاوی سەربەرزیان پێبکات،هەرچەند بەفەرمی تاوانی گەلێک لە تەنگەژەکانی تورکییەی لەسەرسوکری ئەوان دادەنا: (دایم ودەرهەم لەگەڵ دوژمنانی وڵات دەستی یەکیەتی وێکدەدەن.) ئەو بە شانازی وغرور لەڕۆڵێکی گرنگ کەکوردەکان لەیارمەتی بەئاتاتورک ەساڵانی بەرلەدامەزرانی کۆمار گێڕابوویان(ئەگەربەفەرمی لەمە قسەناکرێ) وەبیرهێنایەوە وگوتی: ( کوردەکان بوون کە کۆماریان پێکهێنا،وبۆ ئاتاتورک لەگەڵ ئەفسەرانسەوی و ئینگلیزیەکان یۆنانیەکان وئەرمەنیەکان جەنگین. زۆربەی ڕێبەرانێک کەئاتاتورک

لەوتارێک کەبەبۆنەی دەهومین ساڵی دامەزرانی کۆمار کردی لەئەوانی ناوهێنا کوردبوون.) دەتگوت سێرۆمی ڕاستی لێ گرێدراوە،هەنۆکە بێ ڕێگری وپێش گری پێی پێوەدەناو لێی دەخوڕی. بەپێ قرسان گوتی: ( چاولێکەن، 250 هەتا 300) نوینەر لە 550نوێنەری پەڕلەمان(ڕەچەلەکوردن،هەرچەند لەئاستانبۆڵ هەڵدەبژێردرێن.) ئەمە شیاوتریەکی ئاساییە کەئەو خەڵکانی دیکەش زۆرجار هۆزوتیروی خۆیان دێننەگۆڕ هەتانیشان بدەن کە چلۆن(سیاسەتی ڕەکێش کردن)ی هەمووهاوشاریانی وڵاتی بێ فەرق وجیاوازی وفەوفیر لێڕوانینی ئاخیزگەولێهەستانی ڕەچەڵەیی،بەکۆماریخوازانی باش گۆڕێوە.

"اینان" کە ئەمن ناسیبووم لە ڕابردوو لە دانیشتنی نافەرمی و دۆستانە زۆرکەوتنەژێرکارتێکەری کوردی خۆی هەڵدەپەسارد و هەتا دەتوانین بڵێن کە(سڕی)دەکردن. بەڵام هەنۆکە سەرم سوردەما- پێشترهیچ کات ژمارەیەکی بەم گەورەیەم گوێ لێ نەببوو. "اینان" بە رواڵەت دەیەویست بڵێت کەکوردەکان توانایی سیاسی تایبەتیان هەیە کە هۆکاردەبێت خەڵک بەشێوەیەک کە هیچ لێوەشاوەیی ولکاوەیی و شاینبونیان لە گەل کۆمەڵگایەک نییە هەڵدەبژێردرین. لەم هەلەم کەلک وەرگرت وپرسیارم لێکرد ئاخۆ ئەویش لەگەڵ بۆچوونی کەسانێک مەوافیقە کە پێش بینی دەکەن لە نێوەڕاستی سەدەی دوهاتوو کوردەکان لەمەڕ جەماوەر پێشبرەلەتورکەکان دەبرنەوە؟ وەڵامی داوە: ( بەلێراونین لە ئاماری بەرزی زاوزۆ هیچ دوورنییە) ئەمەش خوارپێچەیەکی دیکە لە(تبوی) کمالیستی لە شیکردنەوەو ئازەنتی ولێکدانەوە ئامارەکانی جەماوەری بەپیی ئاخیزگەی ڕەچەڵەیی وقەومی بوو.

پاژی 10

**لێرەو لەوێ**

بەشی زۆرتری سەرتای سالی 1996م خەرجی وتوویژ لە گەڵ"اینان" و کوردەکانی تورکیە کرد. بەلام لە ماوەی تەواوی ساڵ،بە تایبەت لە حەوتووەکانی ئاخری هاوین، ئەوکوردانەی کە نیگەرانی بارودۆخ بوون بەردەوام لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، لەندەن و واشنگتۆن تەلەفونیان دەکرد هەتا ئەمن لە کارەساتێک کە بەڕیوەوبوو ئاگاداربکەن. دورست هەشت ساڵ پێش لەو دەستەیەی کە تەلەفونیانکردبوو وخەبەریان دابوو کە سەدام حوسین لە بادینان گازی شیمیایی لە کارکردوە- ئەمە ڕیزلێنان لە ئاگربڕی شەڕی ئیران و ئیراق بە شێوەی سەدام بوو. ئەمجارئەم خەڵکە وەک مارپاپۆکەیان بەستبوو و لە دڵەخورپەی ئەمە دابوون  کە بەغزو دوژمانایەتی دانەمرکاوی نێوان پارتی دێموکراتی بارزانی و یەکیەتی نیشتمانی تاڵەبانی،دەیانەوێ ئەو نیسکۆڵە هیوایەی کە بۆکوردەکان لە وەرگرتنی خودموختاریک کە لە سەدەی بیستەم موجود بوو،بەبایدادا. بەڵام هەتا بەهۆشترین وخەیاڵپەروەرترینی

ئەم کەسین وکەسایەتیانەی کە لەگەڵ من پەیوەندیان دەگرت نەیاندەتوانی ئەم هێرش وهێرشانەی بەرامبەر لاوزوکزی ئەم دوو ڕیبەری شەڕخواز کە دەستمایەوسەرمایەی هاودلی لەگەل کوردەکانی ئیراقیان لە دەرەکی بە تەواوی لە ناوبرد بوو،بەقوەی فکرو پێشبینی تێبگەن. لە ماوەی مانگەکانی دوایین ئەم دووئاغایانە جۆرەشەڕێکی کشوییان،دەسپێکرد: کەلەماوەی وێدا سەرەتا پارتی دێموکراتی کوردستان وپاشان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەڤەرەکانی بەرفرەوانیان لە خاکی کوردستان دەست بەسەرداگرت. زوربە لە خەڵکەی ئاسایی کورد کە دەیان بینی کەسێک کە رۆژگارێک پاڵەوانی نەتەوەیی ئەوان بوون هەنۆکە بە گەسکەقەڵەودەست وپیی ئیران وئیراق گۆڕدراون،لەم بابەتە هەستیان بەغەم وپەژارە ڕەنج بەخۆڕایی دەکردهەرواهەست بە عەیب وشوورەیی وسوکایەتی.

لە مانگی ئەوت سەدام حوسێن،لە ماوەی چەندین ڕۆژ بەدوای یەکدا دەیان هەزار لە هێزەکانی هەڵبژاردەی خۆی یانی گاردی سەرکۆماری و زێدە لە سەدان تانگ و تۆپ-لەباکووری مەداری 36 دەرجە کە نێوان ناوچەی یاساخ بوو کە فڕۆکەکانی ئامریکاو ئینگلیز وفەرانسەوی لێیان پاریزگارگاری دەکرد نشتەجێ کرد. ئەمن پێم سەیرنەبوو. لە مانگی فۆرییە کە لە کوردستان بووم دەنگۆی بەردەوامم بیستبوو کە حیکایەتیان لەمە دەکرد کە بارزانی چەندین مانگە لەگەڵ سەدام حوسین وتوویژ دەکات. مەگین هەر لەو زستانی دەیان تانگ و زرێپۆش لە بەغدا نەخزابوو؟ تەلەفون کەرەکان هەنۆکە لە ئاخرین و بنەبانی ناهومێدی دوایین هەوداکانی ئومیدی کزی خۆیان بە نییەتی دەوڵەتی کلینتۆن بەستبۆوە کە بۆ ڕێگڕی لە ڕوودانی کارەساتێک لە هێزەکانی ئاسمانی کەلک وەرگرێت- مەبەست لەم ڕووداوە عەمەلیاتی هاوبەشی سەدام و بارزانی بوو،کە لە بنەبانی تۆقین و حیجزبوونی ئەم خەڵکە بەر لە گزنگ هەڵاتنی ڕۆژی 31ی ئەوت دەستپێکرد،و بە لەز پاشمەنەی ناسیونالیستی کوردی ئیراق و داواکاریەکانی(مەلیکایەتی) تۆفانی سارای بە سەرکەوتن لە مەترسی دەخست.

لە ساڵی 1988 لە "مارتاوینتارد" بە تاڵۆکە، لە حالێکدا کە دوعای خێری ڕۆژنامەکەم،"واشنگتۆن پۆست، بەڕێکردنی ڕێگابوو گەیبوومە تخووبی تورکیە هەتا سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری ماوەی هەڕشەکانی شیمیایی ئیراق ڕاپۆرتەکانم حازربکەم. ئێستا سەرنووسەری ڕۆژنامە بەپێچەوانەی ئەمە کە بەردەوام زەختم دەخستەسەر وهانم دەدا بەمە کە باشترە ڕاپۆرتەکانی دەستی ئەوەڵ سەبارەت بە بیروبۆچوونی ئاشکراو ڕاشکاوانەی لە زێدەبوونی نییەتی ئیراق ئامادەبکەم،پچوکترین هۆگری وحەز لێکردنی خۆی دەرنەدەبڕی.لەمە کاولتر ئەمە بوو کە دەوڵەتی کلینتۆنیش ڕواڵەت بەم مەترسییەی کە هەولێر،پایتخەتی نافەرمی کوردەکانی ئیراقی هەڕەشەلێدەکرد وتەنیا دە دوازدەمایل لە ناوەندی کۆی هێزەکانی ئیراقی مابەینی هەبوو ئیلاقە و ڕووتێکردنێکی نیشان نەدەدا. دەوڵەتی کلینتۆن بەدڵنیایەکی لە سەرئەمەپێداگر بوو کە بارۆدۆخ وەکوو ئەوچاخانەی کە لە ڕابردوو لە گەف وهەڕەشەکانی ئیراق

قسەدەکرا، نیوئاخن بەتاڵ لە ژێرچاوەدێری دایە. واشنگتۆن بەرواڵەت ئاقیدەی وا بوو کەسەدام حوسێن کە زەلەیەکی وێکەوتووە،ئیدی نایەوێت کە مامەلەی (نەوت لەبەرامبەرچێشت) کەبەکوێرەوەری سەری گرتبووو بەئیعتوباری وی دەیتوانی لە ماوەی چەند حەوتووی دوارۆژ، بۆ هەرشەش مانگ بەبایی دوو میلیارد دۆلار نەوت بفروشێت،لە مەترسی بخات.

تێبینی:2-کاتیک هەولێر(ئەربیل) یەک دوو حەوتوودوایی سەربازی کوردتەنیا دیپلۆماتی مەوجودی کە لەئانکارا بوو وئیستابۆ کوردستانی ئیراقی سەفەردەکرد (بەئەکتەری گەمەکانی شانۆگەری دوایی گۆڕا) فرانک بیکرئیبگلیزی بوو.

.

بیروبۆچوون ونییەتی بەڕاستی واشنگتۆن هەرچی بوو پسپۆرانی کاروباری ڕۆژهەلاتی نێوڕاست ئاقیدەیان وابوو کە دەولەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بڕیاری گرتبوو ئەم مەترسییەی حیساب کراوقەبوول بکات و لە وەرزی پەرچەنگ و پەیکار هەلبژاردن و دەنگدانی سەرکۆماری، کارێک نەکات. لەڕەوانگەی دەولەت،کارێکی ئەوهاش نەدەکرا. ژمارەی گەمەبازانی سەر شانۆ لە ڕادەبەدەر بوو: ئیران وسووریيەو تورکیە، شورشگێرانی کوردی تورکیە،سەدام حوسێن و سەرۆکانی دوو حیزبی دژی یەکتری کورد... وئەم ژمارەیە کۆنترۆڵ نەدەکرا،ئەویش بە خەرجی دەرکەوتێکی کەم. دەست تێوەردان دژی سەدام حوسێن و لایانگری لە هەریەک لە لایانەکانی کورد شتێک بوو کە سەرکەوتنی پێوەنەبوو. یەکێک پەیوەندار بەئیران بوو،یەکێک بە ئیراق. لە ماوەی تەواوی سالی پێشوو دەولەتی ئامریکا لە زنجیرە دانیشتنێک کە لە کوردستان و ئیرلەند کرابوو حەولیدابوو بارزانی و تالەبانی پێک بێنیتەوە، بەلام سەرکەوتوونەبوو. ڕابردووی ئەم دوژمنداری و کێ بەرکێیەی خوێناوی بۆ سالەکانی دەیەی 1960 دەگەڕاوە،وئەم دووە ئەم مەسەلەیان بە هێند نەدەگرت کە داکۆکی ئامریکای پەیوەندی بەیەکیەتی ئەم هەردووانە هەیە. ئەم دووە،یانی پارتی دێموکرات و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان،دوروست یان نادورست ئاقیدەیان ئەوهابوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لەم تێکۆشانەی ئاشتیخوازانە ڕاست ناکات، چونکە ئەو چەند میلیون دۆلاری پێ ئاتاج بوون بۆ هێزەکانی پاردە کە هەردوولاقبولیان کردوە دابین نە دەکرد.

لە بەرامبەر،چوارهەزارکەس لە ئالۆزی و شەڕوپێکدانی هاوینی 1996 گیانی خۆیان لەدەست دا. کە زۆربەی خەلکی ناچەکدارو ئاسایی بوون،و هەزاران کەسی دیکە لە ماوەی دوایی وی کوژران. داکۆکی لە کوردەکان لە ڕۆژئاوا کە سەردەمێک ئیکجارگەرم و پڕچم وجۆڵ و بە شەوق و ئیلاقە بوو دامرکا،هەنگاوی کوردەکانی ئیراق لە(کالێدوڕەکانی دەسەلات)ئیدی پێشوازی لێنە دەکرا.(جارێک بەهۆی دیپلۆماتێکی

ئامریکایی کە لەگەڵ لێژنەدابوو کە لە گەڵ کوردەکانی وتوویژ کردبوو و لە کەللەڕەقی کوردەکان وەگیان هاتبوو،بە نهێنی گوتبووی: ( ئەگەر پێشترتێنەدەگەیم کە کوردەکان لەبەرچی ولاتی خۆیان نییە، ئێستا دەزانم بۆچی) ئیلاقەی ئامریکاش لە مەڕ لەشکرکێشی لە باشووری ئیراق دامرکا. ڕیبەرانی هەر دوو حیزب،کارتێکەری و قازانجی(کۆنگرەی ملی ئیراقیان) لە ناوبرد: ئەم کۆنگرەی(ئۆپۆزیسیون) بوو کەخەرجی وی (سیاه) دابینی دەکرد وپایگایەکەی لەکوردستان و ئامانجی رووخانی سەدام حوسێن و دابین کردنی دێموکراسی لە ئیراق بوو.
لەگەڵ ئەم هەمووە پەیوەندی ودۆستایەتی ناوچەیی دژبەیەک، ئامریکا حوکم وفەرمانی دەکرد کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا(بەپێچەوانەی ئەودوودڵیانەی کەبەوی دەست دەدا کەکوردەکان و تەنگەژەکانیان بە تەواوی بەرەڵلا بکات بە خۆیان بسپێرێت) لانیکەم بوونی لەباشووری ئیراق هەبێت. نیگەرانی گەورەی،لە تورکیە بوو. ئاوریلی 1991 بەم لاوە بەرگری ودیفاع لەکوردەکانی ئیراق- هەتالەکاتی پیویست لەبەرامبەر ڕیبەرانیان- وەلەوتەنیا بەم مەبەستە کەسەدام حوسێن دیسان بەمیلیون کورد نەتۆقێنێ ورەوانەی سنووری تورکییەیان نەکات- پێکهێنەری گرنگایەتی تایبەتی بوو. خولاسە،لەسەرداواکاری سەرکۆمار ئۆزەل بوو کە سەرۆک بووش لەگەڵ ئەوهەموو وەدرەنگی خستن و گبخاندن کە کردبووی لە ئاکامدا کوردەکانی ئیراقی لە شاخاوەیەکان ڕزگارکرد. لەدوایی ئەمە بوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،هاتەسەرئەم بڕیارە کە بۆشایی و بەتاڵایی لە گۆڕێ بەنشتەجێکردنی سەرلەنوێی کوردەکان، و کەلک وەرگرتن لەوان وەکوو بنکەیەکی پێشەوە لە وەدیهێنانی ئۆپۆزیسیونێکی دژی سەدام ئیستفادەلێ بکات. و تازە بودجەی سەرەتایی بۆ ئەم ئۆپۆزیسیونەی یەکگرتوو جامینخوازی دێموکراسی(کە بە کۆنگرەی نەتەوەیی ئیراق ناودێربوو) نە دەوڵەتی حەزلێنەکردووی بووش بڵکوو کۆنگرە(ل 1991) بەعەمەلی هێنا،کە بەمە بڕیارگر بووکە سەری سەدام خوسێنی لەبن ئاو ڕۆکات.

ئەم پشتیوانەیە دایم ودەرهەم لەگەڵ ئەم حەزلێکردنە هاودۆخ دەبوو نەوەکوو کارێک بکرێ کەتورکەکان ئیکجار کارتێکەر کە بەهۆکاری ناسەرکەوتن لە کۆتایی هێنان بەشەڕ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردی ناوولات تووشی دوو دلیوو گومانێک بوون کە هەتا بە(پارانویا)دەهات،دەڵ ئێش بن.

تورکیە- ئیدی چاوپۆشی لە ئیران وسوورییە وخودی ئیراق- هەمیشەترسی ڕێنیشتبوو لەمە کەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بە نهێنی دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی لە ئیراق پێکبێنێت. بەدەستەواژەیەکیترتورکەکان هەم خوایان دەویست وهەم خورما: چ کاریک لەباشووری ئێراق نەکرێ کە بۆنی پێکهێنانی وڵاتێکی کورد لە وی هەڵمژن، بەڵام ڕۆژئاوا ڕیگری لەسەرهەڵدانی موشکیلە لە سنوور بکات: ئەو دەردەسەریەی کە سەدام لەوانەیە وەدیبێنێ،سەدام حوسێنێکی کەکردەوەی بۆ پێشبینی نابێت. بەم شیوەیە سیاسەتی رۆژئاوا ئەمەی لێکەوتەوە کەکوردستانی ئیراق لەمەڕ ئابووری لە تەنگانە

ڕابگرێت- ئەمە تورکیەی ساکیت کرد،بەڵام هۆکاری بێکاری وپەریشانیەکی بەرفرەوان لەباشووری ئیراق بوو، وهەڵچوون لە نیوان بارزانی و تاڵەبانی توندترکرد. لەئابووریەکی مردو وڕوانێن لە مەردن فرێدانی کەلاشێنکۆڤێک، بە سانایی ترین ڕیگا بە دابین کردنی بنەماو جەوهەری مووچە گۆڕا.
سیاسەتی ئامریکا لە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ بۆشایی و بەتالایی دەسەلات لە باشووری ئیراق لە بەرامبەر ئەم لە بەرچاوگرتنەی دژ بەیەک، بە ڕاستایی کەمترین لاباجەی هاوبەش بەعەرزداکەوت. وەدیهێنانی هاوسەنگ نیوان گروپەکانی کوردی کە لێکتر دووردەکەوتن،ڕاگرتنی تورکەکان لەسەرشانۆ، ڕاگرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی ئیراق وەکوو خاڵی ناوەندی دژی سەدام حوسێن. ئەم سیاسەتە لەگەڵ مانووڕەکانی ئیران- وجاروبار سووریە- زەختی کەوتە سەر. بەڵێ،ئەوها بوو بێ بڕیاری و شک ودوودڵی کە بە واشنگتۆن بە میرات گەیی،ئەو کات کە دەوڵەتی بووش لە 1991دوگمەی کۆتایی شەڕی کوشی و کاری تەواونەکرد. لەدوایی ئەوەی کە تۆماری داکۆکی ئاسمانی ئامریکا وەرپێچراوە ئیدی بەڕیوەبردنی گەلاڵەیەک کە(سیاە)بۆ کەلک وەرگرتن لە کوردەکان لە وەڕێخستنی شۆڕشی دژی سەدامی، لە ئەڕتەشی ئیراق لەمارسی 1955 لە نەزەری گرتبوو،دژواربوو. بارزانی کە هەنۆکە لە گەڵ تاڵەبانی دەست بەیەخە ببوو بۆنی مەسەلەکەی کردبوو،و لە ئاخرین چرکە هەموویان خۆیان کیشایەوە قەراخ. ئەم ڕووداوەی پارتی دێموکراتی کوردستان ( وکۆنگرەی نەتەوەیی ئیراقی) لە یەکترناموکرد،لە سەرئاڕووشەی پەیوەندی نێوان دوو ڕیبەری کورد زێدەکرد. جێگای سەرسوڕمان نییە کە لەهەل ومەرجێکی ئەوهادا ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا مەجبوور بوو بەئاگربڕێکی تێکشکا وخۆشحاڵ بێت کە دیپلۆماتەکانی ئەو هاوینی لەئێرلەند ڕیکوپێکیان کردبوو.(ئەم ڕیووشوێنە هیچ کات دەوامی نەهێنا،هۆکاری مەسەلەکە لەسەریەک نەبوونی دڵپاکی لە ناو ڕیبەرانی کورد و نەبوونی دوو میلیون دۆلارێک بوو کەدەبوایە بۆ دابین کردنی ڕیککەوتنێکی بەردەوام بە کوردەکانی بێ لایان و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیون بدرێت. ئەم نەبوونی پارە، ئەوجۆرەی کە هێندیک دەیانگوت ئاکامی شەڕیک بوو کەلەسەربودجە لەکۆنگرە لە جەرەیاندابوو کە کۆماریخوازان بەسەریدازاڵ ببون،و هێندیك حكوومەتی فیدراڵیان خستەژێرزەخت. دەستەیەکیش داواکاربوون کە واشنگتۆن ئاقیدەو بیروبۆچوونی ئەمە بوو کە کوردەکان بۆخۆیان دەبێ ئەم دراوە ئامادەکەن،ولانیکەم نێوەی لەوی پێشەکی بدەن.)

ڕیگاچارەی مەسەلە لە تیئۆڕی بەڕادەی بەس سانایی بوو،هەرچەند وەکوو هەمێشە بێفەڕونائەمین بوو: تاڵەبانی لە دەروێستهاتن وتاقەت پێشکان لە هەولێر دەست دەکێشێتەوە وبە پەڕلەمانی کورد ئیجازەدەدا لە کارەکانیان بەردەوام بن،لە بەرامبەربارزانیش پشکەبەشی یەکیەتی نیشتمانی لەپێتاک و باجێکی زۆر کە لە فرۆشتنی ناقانوونی گازۆئیلی ئیراق لە تورکیە وەردەگرێت،دەستپێدەکاتەوە. بەم شێوەیە پاڵپشتی ڕۆژبەڕۆژزێدەی تاڵەبانی بۆ مامەلە و هاتووچۆ لەگەڵ ئیران کە بەزاڵبوونی بارزانی

لە سەرتەنیا ڕێگای گەیشتن بۆترکیە پێویستی جۆغرافیایی بەسەروێداداسەپاند بوو، ئەگەرئیکجاریش لەبەین نەچێت بەڕادەیەکی زۆر دێتەخوار. بەم شێوەیە بارودۆخی پێشوودەگەڕێتەوە.

واشنگتۆن لە تەڵەیەک کەوت کە دەکرێ بە سیاسەتی(دوورەپەرێزی) ناوبەرین، کەبۆخۆی هەمیشەشتێکە کە زوویان درەنگ لێک بڵاودەبێت. تەنیالەنیوەڕاستی ئەوتی 1996 بوو کە دەوڵەتی کلینتۆن دژکردوەی ئاشکرای نیشان دا، ئەمە چاخێک بوو کە لە ماوەی زێدەتر لەساڵێک بۆ یەکەمینجار شەڕێکی توندوتیژ لەنێوان پارتی دێموکرات ویەکیەتی نێشتمانی کوردستان هەڵایسا،ودەوڵەتی کلینتۆن بینی کەبارودۆخ دێ لەکۆنترۆل دەبچێت. لە27ی ئەوت، ڕابرت اچ،پلیرو،جێگری وەزیری دەرەوە لەکاروباری خاوەری نزیک، بۆ هەردوو ڕیبەری کوردی تەلەفون کرد ورەزامەندی هەردووکانی بۆ تێکۆشانیکی دیکە بۆ ئاشتی و پێکهاتنەوە وەدەست هێنا: هاسانکاری وتوویژ لەکۆتایی مانگ لە لەندەن دیاریکرا. بەڵام ئەم وادەیە زۆردرەنگ بوو،وشەڕ ڕۆژێک دوایی وی دەستی پێکردەوە. هەنۆکە تەوەوی گەلاڵەی بناخەسستی داکۆکی لەکوردەکان لەسەردەرانەی لەبەریەک هەڵتەکانداب‌وو. دەوڵەتی کلینتۆن لەتێگەیشتن ڕادەی بوغزوکین هەر دوو ڕیبەرانی کورد سەبارت ناتوان ببوو.ئەم دوژمنداریەوغەرزو کینەیە لە ئاکامادا بە خاڵێک گەیی‌بوو کە ئیدی گەڕانەوە لە وی لەکردن نەهاتوو بوو.

ڕێگری لێکردنی ئابووری کە دەوڵەتی بەغداو ڕۆژئاوا لە سەرکوردستانیان بەرێوەبردبوو-جگەلە دەستدیژی گچکەو گەورەی ئیران و تورکیە لە باشووری ئیراق- پشوخواردەنەویەکی هزری (دەڤەرەکی ئەمین) بۆ کوردەکان لە ماناو مەفهووم بەتاڵ کردبوو: ئەمە پشووخواردنەوەی خۆلقێنەری (یەکگرتووەکان) بوو،هەتا بە دەستەوداوین بە وی بتوانن پەنابەرانی کورد بە هاتنەخوارلە چیاکان دنەوهان بدەن و لە زەختی تورکیە بۆ قبوڵکردنیان کەم کەنەوە. لە هەڵ ومەرج وبارودۆخێکی ئەوهادا خوشین وخزینی نهێنی بەرەوسەربەخۆیی، کە فکرێک بوو لە بارودۆخی نائاسایی باشووری ئیراق لەم کات لێکدەدرایەوە،ڕەنگ ورووی لەدەست دا. بارزانی و تاڵەبانی هەر دوو،بەخۆیان قەبووڵ کردبوو کە بوون و مانیان لە مەترسی دایە،و هەر دوو بۆ تەڵەی سونەتی کوردی ڕووبەڕوو بوون: هیواو پاڵپشت بەوڵاتانی ڕەقیب. وتوویژی گوماناوی بارزانی لەگەڵ سەدام حوسێن و وتوویژی تاڵەبانی لەگەڵ ئیران لە ژوئنی ئەوساڵیدا دەستیپێکرابوو.

دوایین زەنگوڵەی مەترسی بەدەستدریژی سێ ڕۆژی پاسدارانی ئینقلابی ئیران بۆقوڵایی کوردستانی ئیراق وەدەنگ هات. بە وتەی پارتی دێموکراتی کوردستان،ژمارەی ئەم پاسدارانە /2000کەس بوو،ئامانجی ڕواڵەتی ئەوان(پێگەی) پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی ئیران هەڵکەوتوولە هەشتا

مایلی ناوکوردستانی ئیراق،لە نزیک کوی سنجاق بوو. ئەم پێشمەرگانە هەنۆکە ئیکبارکزولاواز بوون، لە ماوەی ساڵەکاندا هەرچ زۆرتر لە سنوور دوورتر ڕاونرابوون وئیدی هەڕەشەیەک بۆ ئیران بەحیساب نەدەهاتن،لە بەر ئەمە مەبەستی ئیران لەم دەست درێژیە بەیەقین شتێکی دیکەبوو. بارزانی بەیەقین دەیزانی کە ئەم هێزە بەم مەبەستە واردی کوردستان بووە کە چەک وچۆڵی قورس لەبەردست تاڵەبانی دابنێت. لە بیرمان نەچێت کە تاڵەبانی ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لافی لێدەدا کەشۆڕش دژی پارتی دێموکراتی کوردستان لە حاڵی ڕوودان دایە وپ.ک.ک.یارمەتی ئەودەکات. بەلام ئەم دەسدریژیە، ئازادی کردەوەی ئیرانیشی لە باشووری ئیراق نیشاندا: تورکیەوپ.ک.ک.ش- کەئامانجی ئەوبوو- سالانی ساڵ بوو لەم دەڤەرەی ئازاد هاتووچوویان دەکرد. لەمە گرنگتر،ئەم دەستدریژیە داوای ئامریکای بەسیاسەتی کردەوەی لغاوکردنی دوولایانە کە بە پیی وی لە بیروبووچون دابوو ئیراق وئیران هەردوو لاتریک ودوورەپەریزو گۆشەنشین بن بەئاشکرای نیشان دا. بارزانی داوای کرد کە هەروەک لەدانیشتنی ئیرلەند قۆڵی لەسەرکێشراوە،ئامریکا دەستدریژکەر دیاریبکات و بناسێنێ. لەبەرامبەر،دژکردەوەی واشنگتۆن بێدەنگیەکی ئەبەربوو.

بەم شێوەیە شانۆ، بۆ وەرگرتنی سەیرترین بڕیار لە مێژووی کورد پێکهات- لەحالێکدا کەئەم مێژووە تەژی لە شتانێکە کە بەڕوالەت لەگەڵ لۆژین نەیدەخویندەوە وبەگەمەی شێروخەت دەچن. تاڵەبانی کە لێی یەقین بوو ئیران بەڕاستی داکۆکی لێدەکات جەسووربببوو وەکوو زۆرکەڕەت لەڕابردوو(زیرەنگی) لە ڕادە تێپەڕاند. ئیدی گویچکەی بە ڕاسپاردەکانی دەرەکی دەیندارنەبوو. ئیران بە ئاشکرادەستی بەرزببۆوە. تاڵەبانی بەم وتەیە کە بارزانی تەنیا لە شوێنی داشتنی شاخاوی خۆی لە سەلاحەدین و لە ناو لوولەی دوربین دەتوانێ ئەربیل(هەولێر) ببینێ!(ودەستی وێرابگات)دەیان کەرت پلارومەتەڵەکی تێگرد.

کاتێک تاڵەبانی لە17ی ئەوت بە هاوبەشی ئیران هەنگاوی بۆ دەستدریژی گەورەهەڵێنا،ئەم دەسدریژیە هاوکات لە گەل پەنجاهمین ساڵهاتی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان و پەنجاهمین ساڵهاتی لە دایک بوونی مەسعودبارزانی بوو. پارتی دێموکراتی کوردستان دەیانکەڕەت ئیرانی تۆمەتبار بەداکۆکی لە یەکیەتی نیشتمانی لەگەڵ پشتیوانی تۆپخانە و هێلیکۆپتر ویارمەتی بە هێزەکانی وی کرد،و لە دەوڵەتی ئامریکای داواکرد کە ئیران و تاڵەبانی ئیدانەومەحکووم کات. هەڵبەتە لە کوردەکان شاراوەنەبوو کە ئیران لە کیشمەکێشمەکانی بەرێ( نیوان یەکیەتی نیشتمانی و پارتی دێموکڕات) ئەم یارمەتیانەی بەبارزانی کردبوو،و بەپێی سونەت پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە دەستەبەندیەکانی ناخی کوردستانی ئیراق، حیزب و فرقەیەکی جێ سیلەچاوی ئیران بوو.

لە حەوتووی کۆتایی مانگی ئەوت،ئەوچاخ کە پلترۆ ئامادە دەبوو لە لەندەن لەگەڵ هەردوو گرووپی کورد وتوویژبکات،بڵاوکراوەیەک پەیوندار بە پارتی دێموکرات دیسان بە تکاو ڕەجا لە وەزارەتی دەرەوەو شورای ئەمنیەتی مللی ئامریکا و(سیا) و هەر کەسی دیکە کە لە واشنگتۆن گویچکەی لە بابەتە دەگرن، داوای دەکرد کە(ئاگاداریەکی ڕوون و ئاشکرای دژی دەست تێوردان وخۆتێهەلقوتاندنی ئیران) بەدەولەتی ئیران بدەن. ئەم بڵاوکراوەیە داوای دەکرد کە دەولەتی ئامریکا(بەئیراقیش لەم بارەوە ئاگاداری بدات،)و ئەمە عادەتێکی سەیربوو،چونکە تاڵەبانی پێشتر لە بابەت سەینەوبەینەی بارزانی و سەدام دەیان کەڕەت زەنگی مەترسی هەژاند بوو. بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوەیەی پارتی دێموکڕاتی کوردستان جێگەی هێندەبەتاڵی لە خەیاڵ نەدەهێشتەوە. بڵاوکراوەکە دەیگوت: کە نشتەجێ کردنی هێزەکانی ئیراقی حیکایەت لەمەیە کە ئیراقەکان حازردەبن هەتا بەبیانووی ڕووبەڕوون لەگەڵ ئیران حوکم ودەسەڵاتی خۆیان بۆسەرباشوورئیراق بگەڕینەوە.) پارتی دێموکڕاتی کوردستان بە لە بەرچاوگرتنی ئەمە کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا وولاتانی دراوسی ئیراق هەتا حازر نین کارێکی سیاسی دژی ئەم هەنگاوە هەڵێنن زەنگی ئاگاداری لیدەدا: (تەنیاڕێگاچارەیەک کە باقی ماوەتەوە هاتنەوەی ئیراقیەکان بۆ باشوورە، کە بەتوندی پێی ئیلاقەمەندن کە شوێن تێکەری ئیران بەینابەینی(متعادل) بکەن. ئەگەرشتێکی ئەوها ڕووبدات پارتی دێموکراتی کوردستان پێشی ناگرێت) بارزانی بۆخۆی لەم حەوتووەدا لە وتوویژی تەلەفونێ داحەولیدا بە"پلترۆ" قبووڵ بکات کە (ئەم شەڕەشەڕێکی کوردی نییە،کە بکرێ خۆی لێ دوورپەرێزبکرێت، بەڵکوو هێرش ودەستدرێژی ئیرانییەکانە) گوتی: ( ئەمن نەشێم لەبەرامبەرئەم زەختەدا خۆم ڕاگرم. ئەگەرئێوەکارێکی نەکەن ئەمن لەوانەیە لە ئیراقیەکان داوای یارمەتی بکەم.)

بەڵام ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا هێشتا هەروا بڕیارگربوو کەلەم کێشە لە لایانگری دووری بکات. بەلەدەست دانی شوێنەکان،پارتی دێموکراتی کوردستان لەدرێژایی جادەی لەشکرکیشی هامیلتن، بەبەرەکەتی داکۆکی تۆپخانەی ئیران لەیەکیەتی نیشتمان کوردستان، بارزانی لێی یەقین بوو کە هێزەکانی لەگەڵ مەترسی لە ناوچوون ڕووبەڕوون،مەگین ئەمە کە دەست لەکارێکی بدەن کە ڕاویژکەرانی نزیکی ئەویان(مامەلە لەگەڵ شەیتان)ناودێرکرد. بارزانی هەنۆکە کوژرانی سێ برای و زێدەتر لە هەشتهەزار بارزانی و دەیانهەزارکوردی دیکەی بەدەستی سەدام حوسین لە بیربرد و لە وی بۆ وەدەرنان و ڕاونانی یەکیەتی نیشتمانی لە هەولێر یارمەتی ویست: ئەم بڵاوکراوەیە پەیوەندار بە پارتی دێموکراتی کوردستان کە لە وی بیرمان کرد لە باشترین حاڵات هێندیک غەرزوبوغزی لەکارکردبوو: پارتی دێموکراتی کوردستان نەک تەنیا(پێشی ئیراقیەکانی نەگرت)بەڵکوو هەروەک

ئیراقیەکان دوایی ئاشکرایان کرد لە زۆرزیاتر یانی لە22ی ئەوت لە سەدام حوسێن داوای یارمەتی نیزامی کرد بوو... ئاشکراکردنی ئەم سڕیاتە بارزانی زۆرحێجزکرد.

لانیکەم ئەمە شتێک بوو کە تارق ئازیز،جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیراق، بەزیرەکی ئاشکرای کرد: ئەوگوتی: کەبارزانی لەوڕۆژیدا(22ی ئەوت) قاقەزەکی بەناوی(جەناب)بۆسەام حوسین نارد ولەویدا داوای کردکە(خۆی تێهەڵقوتێنی وئەوان لەمەترسی دەرەکی یارمەتی بدات)مەترسی دەرەکی،ئیران بوو.ئەمە بۆ زوربەی کوردەکانی ئیراق مەعلووم نەبوو کەبارزانی(کۆڕی ناوەخۆیان)چ ڕادە دواڕۆژی ئەم مەسەلەیان هەلسەنگاندبوو،ویا بەوردی چ کاتیک ئەم بڕیارە نەحسەیان گرتبوو. ئەوەی لەبەرچاو بووئەمە بوو کە پارتی دێموکراتی کوردستان بەئاشکراوبێ پەردە پلتیری فریودا،ئەوی بۆ لەندەن برد ولەدانشتنی 3ی ئەوت بەشداری کرد ودیاریکردنی چاوپێکەوتنێکی بۆڕۆژی داویی دانا،لەعالێکدا کە لە بیروبووچونداوبوو عەمالیاتی هەولێرئەوڕۆژی دەست پێبکات. بەڵام هەتا ئەگربڵێم کەواشنگتۆن ئاگاداری پارتی دێموکراتی کوردستانی موعتەبرنەزانیوە،دەوڵەتی ئامریکا بەهۆی ئەووێنانە ئاسمانی وماهوارەکانی کە لە نشتەجێی هێزەکانی ئیراقی دەکرا،ناتوانێ هیچ جۆرە بیانوو بەهانەیەک بێنێتەوە وسەری بوخچەی بکاتەوە.

بۆ لێحالیبوون وتێگەینی هۆکارەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان(لەهەنگاوهەڵێنان بەم کاروکردەوە) ڕەنگە سانایی ترین ڕێگا ئەمە بێت کە بڵێن بارزانی ئەوهێندە کەلەتاڵەبانی بیزاربوو لە سەدام حوسێن ترسی نەبوو-یاکوو مەسەلەکەی بەشێوەی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست بەم هەیکەلە دەبینی کە(نەیاری نەیارم دۆستی منە)ئەم بڕیارەی بارزانی تەژی شتیک زێدەلەمە بوو،چونکە بەهەرحاڵ ئالیکاری بە خەرابترین وبەسام وترسناکترین دوژمنی کورد لەسەدەی بیستەم لکەیەکی عەیبەی سەیری لەداوینی دا. بەڵام بەشەکانی دیکەی ناخۆشی ئەم کورتەمێژووەش گرنگ بوون: مەسعودبارزانی هیچ کات خەیانەتی کیسینجەری لە1975 لە بیرنەکردبوو،هیچ کات بەتەواوی لە کارتێکەری سووکایەتی ساڵەکانی دوورخراوەی بەزۆرەملی ومەجبووری کە ئەو ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای لەم بابەتەوە بەتاوابناردەزانی وەخۆنەهاتبۆوە. ئەو بەیەقین بە تویکل کردن و شاردنەوەیەک کە لەساڵی 1991 کوردەکانی ڕزگارکردبوو تیگەیبوو. لە وی بەدوا هیچ کات لە بابەت تابشت و تاقەت هێنان وبەقەراری بەدواکەوتنی ئامریکایەکان بە پێچەوانەی وادەکانی چەندپات کراوەی کارگێرانی ئامریکایی، لەبرنت اسکوکرافت وجمیزبیکر،لە دەوڵەتی بووش بگرە هەتا آل گور،جێگری کلینتون وئانتوونی لیک،ڕاوێژکەری ئەمنیەتی ملل، دوورلە نیگەرانی نەبوو.دەگوترێ بەشێک لەم وادانە بەنووسراوەشن.

اسکوکرافت،کە هەنۆکە تەقاو بووە ئەوشتانەی کە بە چاپەمەنیەکانی گوت ئەم شک ودوو دڵیانەی بە شێوەکی سەیروسەمەرە بەهێزکرد: (ئێمە قبووڵمان بوو کە ئامانجی جوانی ڕزگاربوون لە بەڵای سەدام حوسێن بۆ مەسەلەو تەنگەژەکان ڕیگا چارە نادۆزێتەوە ،یان هەتاپێویستی ونییەتی ئێمەش دابین ناکات. لە بەرئەمە مەجبوور ڕیگاچارەسەرێکی دیکەی نالەبار کە زۆرجار تەنیارێگایەکە لەبەردەستە هەڵمانبژارد.) و بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی قسەی خۆی گوتی: (ئەگەر لە شەڕ بەردەوام ببواین سەدامان دەڕۆخاند ڕەنگەئەمرۆ بارودۆخمان خەرابترلە وەی کە هەیە دەبوو)چونکە ئەم ڕووداوە (بۆشایی دەسەڵاتی لە خەلیجی فارس وەدیدەهێنا،کە ئیران ئەوی پڕ دەکردەوە.)ئێمەی مجبووردەکرد کە هێزەکانی ئامریکایی بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچە بۆ سەردەمێکی نادیاربهێڵینەوە.

بارزانی بڕیارگربوو کە ئیدی بۆ دوورخراوەیی نەچێت. ئاوازەی قسەکانی کە لەوکاتی تێشکانی یەک شەمموی جەژنی پاکی 1991 کە ڕووی لە پێشمەرگەکان بوو گوتی: و ئەوانی دنەداو هان ودڵگەرم کرد کە نەترسن و(ڕانەکەن وەکوو ئەرمەنیەکان پەنابەریەتی هەڵنەبژێرن)هێشتا لە بن گویچەکەمدا دەنگدەداتەوە. هەر ئەو ئیلاقەمەندی بە مانەوە لە ئیراق،بە هەر قیمەت وباییەک بەلێکدانەوەو ئازەنتی خۆراگری و بەر بەرەکانی وتێکۆشان بە وتوویژ لەگەڵ سەدام حوسێن هەتاژانویەی 1992 یارمەتی دەکرد،لە حاڵێکدا کە ئەو چاخی تێگەیبوو کە هیوایەک لە گۆڕێ نییە. دەلیل هێنانەوەیەکی ئەوها هیچ کات زەبری لە(کەسایەتی وئیعتوباری نەتەوەخوازی وی نەدا) هەر لەو ژانویەی 1991 لە مەقەڕی شاخاوی خۆی بە منی گوت بوو: کە کوردەکان بەهەرحیسابێک مافی وڵاتی سەرخۆیی خۆیان هەیە- کە هەڵبەتە دەشیزانی کە حەسل و ناوەڕۆکی سەرکوتانەی وڵاتانی دەراوسی جۆرێک نییە کە بەدەست هێنانی ئەم ئامانجەی غایی هەتا تێپەڕ بوونی سەدەیەکی دیکە ئیحتمال بداو کردن بکات.

ئەو لە ماوەی سەردەمێکی کورت لە مەڕ شک و گومانەکانی خۆی لە بابەت هۆکارەکانی ئامریکا،زاڵ بوو: لە ژانویەی 1992 لەماوەی سەردان و چاوپێکەوتنێک لە واشنگتۆن بەدڵپاکی گەڵاڵەی ئامریکای بۆ کەلک وەرگرتن لە(کۆنگرەی مللی ئیراق) بەهۆی ڕووخانی سەدام حوسێن پەسندکرد. بەڵام لە کەللەڕەقی ئامریکا لەکۆمیتەی ڕێگری لێکردنی کۆمەڵگای نیونەتەوەیی،ئەوکات لە ئەنجامدانی هەرجۆرەیارمەتێکی ئاسایشی بەکوردەکان سەری لادا،ئیکجاردڵساردبوو- لە حالێکدا کە کوردەکان لەلایەک لەلایان کۆمەڵگای ناونەتەوەیی بەکوێرەوەریبوون ولە لایەکەی دیکە بە توندی لە ژێرگەمارۆی ئابووری سەدام حوسێن دابوون. مسئلەی ئابووریش ناکۆکیەکەی لەگەڵ تاڵەبانی قوەت پێدا. مانەوەی سەدام حوسێن لە سەرکورسەی دەسەلات تەنیا تاوان و گوناحی بارزانی نەبوو. ئەگەر لە مەسەلەی کێشمەکێشم لەگەل تاڵەبانی و لە مەترسی پێخستنی ئۆپۆزیسیون بەشێک لە تاوان رووی لەوی بوو، ئەویش مافی خۆی بوو

لەپاڵخۆیدا فکربکاتەوە ئاخۆ ئاکامی مەسەلە(لە لاتەریکی دوورەپەرێزی)بەکەیفی واشنگتۆن نەبوو؟ لە ماوەی ساڵەکان لەگەڵ زیدەبوونی ئیلامی دەمارگرژ لە عارەبستانی سعودی و یەکگرتووەکانی دیکەی واشنگتۆن، خۆشحاڵی ئامریکا بۆ ڕووخانی سەدام حوسێن شل ببوو. ئامریکایەکان ڕەنگەکەمترلەوەی نیشانیاندەدا لەم بەستێنە مجدبوون.

کاتێک ئەوها بوو ئاخۆ گەمەی واشنگتۆن هەرئەو گەمەی کیسینجەرنەبوو: یانی کەلک وەرگرتن لە کوردەکان بۆ کزولاوازکردن،بەڵام نەک بۆ ڕوخانی دەوڵەتی بەغدا؟ بارزانی تەنیاکوردیک نەبوو کە لە خۆی پرسیاربکات ئاخۆ مانای(لغاوی دولایانە) لەڕاستیدا ئەمە نەبوو؟ خەلاسە،یەکێک لەدیپلۆماتەکانی پایەو پلەبەرزی ئامریکا بەمنی گوت کە تەنگەژەو ئاڕووشەی بنەڕەتی کەکوردەکانی ئیراق لەگەڵ وی ڕووبەڕوون نەک سەدام حوسێن بەڵکوو ئەوژەنەڕاڵەی (سوننە باشەیە) کە لەوانەیە لە شوێنی وی دابنێشێ. وپرسیاری کرد: (ئەتۆ فکرت بۆ دەچێ چ دەقومێت،چاخێک کۆمەلگای ناونەتەوەیی کەسینیەکی ئەوها بەناوی یک تۆماس جفرسنی نوێی لێکبداتەوە،وئەوبڕیاربگرێ کە حاکمێەتی ئیراق لەسەر مەملەکەت بەڕیوەبەرێت؟ کۆنگرە ودەوڵەت بە بڕیارێکی چەتوون، ڕووبەڕوودەبن.)

ئەگەرئامریکایەکان، یەکگرتووەکانی عارەبیان، کوردەکان و ئۆپۆزیسیون، تووشی نیگەرانی ئەوها گیانخۆربوون،سەدام حوسین نەبوو. مامەلەی(فرۆشتنی نەوت لەبەرامبەرغەزا)وەدوایی کەوت- ئەویش وەک بینینمان هەتامانگی دسامبەر بەڵام ئەم جەرەیانە زەبری لەئیراقیەکان دەدا ولەگەڵ فەرماندەرو وبنەماڵەی ئەوان و گاردی سەرکۆماری بەنازونیعمەت پەروەرەش کراوی دەمووەزگای ئیستخباراتی کەئەو نیزامیەکەی وییان لە سەردەسەلات ڕاگرتبوو کارێکی نەبوو. لەکاتیدا لەئاکامدابڕیاری گرت کەلە کات ژمێری بەرلە گزنگدانی شەممەی 31ی ئەوت دەست بەهەنگاوهەڵێنان بکات،بەبڕشتەکیکی تایبەت بەخۆی ئەوهای کرد: سەدام حوسێن لە شانۆیەکی قودرەت هێزێکی مەزنی بریتی لە/300تۆپ وزێدەلە /350تانک ونزیکەی 30/000هەتا40/000سەرباز،کەزوربەی گاردی کۆماری پێکیان دەهێنا،بۆ ئولکەهێنا. ئەم گەمەیە ئاکامی داوە: بەپێچەوانەی دەڤەری(فڕین یاساخ) لەچوارچیوەی مەداری 36دەرجە،فڕۆکەکانی یەکگرتووەکان خۆیان تێنەهەڵقوتاند. چەندڕۆژدوایی وی وەزیری بەرگری،وویلیام پری، لەشیکردنەوەی بڕیاری دەوڵەت ئەوەی کەتێدەپەڕی وڕادەبرد بەناوی(شەڕی ناوەخۆی کوردەکان) لێکداوە، سەرکۆمارکلینتۆن بەم وتەیە کە توانایی یائالاتی یەکگرتووی ئامریکا لەکۆنترڵکردنی ڕوودای ئیراق(سنووردارە)قسووری ئامریکای لە جەرەیان وسەرلادانی وی لەهەنگاوبۆهەڵگرتن بەکردەوەئازەنتی کرد. دەوڵەتی کلینتۆن بەلانیکەم ئەم ئاکامەی هەبوو کە بەشوێن تێکەری ئیران لەباشووری ئیراق کە ڕۆژبەڕۆژتردەبووبەمووی دەماخ کۆتایی پێهێنا. بەڵام هەتا ئەم دەڵدانەوەیەش کاتی لەئاوهاتەدەر.

سەدام حوسێن هەتانێوەڕاستی پاش نێوەڕۆ ڕۆژی ئەوەڵ عەمەلیات بەسانایی وبێ هەنگاوهەلگرتن بەشەڕێکی هێندە بەئامانجەکانی خۆی جلی کردەوەلەبەرکرد بوو: ئالای ئیراقی لەسەرعیمارەتی پەڕلەمان ودەولەتی ناوچەیی و فەرمانگەکانی ڕادیوتەلەفزیون لەهەولێرهەڵدابوو. پارتی دێموکراتی کوردستان لە ژێرداپۆشانی هێزەکانی ئیراق، دەستی بەهێرش کرد، وهێزەکانی هەلگری چەکی سووکی یەکیەتی نیشتمانی، کە خۆراگریەکی هێندەیان لە خۆ دەرنەبڕی،لە ناوبرد. سوپای زیندوکراوەی سەدام حوسێن وپۆلیسی نهێنیش خۆیان بە سەر ئامانجەکانی گەورەدا جێگرکرد: تیک وەرپێچانی تۆماری ئۆپۆزیسیونی ئیراق،کە خەرج ودەرچوونەکەی وی(سیا) دابینی دەکرد، وکۆمەگایەک بوو لەعارەبی شیعەمەزەب وئاشوری وتورکمان وگروپەکانی دیکە. مەقەڕی ئۆزیسیون هەولێر ودەوروپشتی مەسیحیەنشین وی بە ناوی(ئانکاوە) بوو. (سیا) بەوەخت نەفەرەکانی خۆی لەناوچە وەدەرخست،بەلام کەل وپەلی ئالکترونێکی بە بایەخ لەگەڵ پەروەندەکانی ئۆپۆزیسیون لە خۆی بەجێهێشت.

ئەوکوردانەی کە لە دەموو دەزگاکانی ئامریکا لە هەولێردەشوغلێن پیوەبوون. لەمێژ بوو بەئەوان وادە درابوو کە ئامریکا بەرنامەی بۆ بردنەدەریان لە هەولێر هەیە-ئەم وادانە بە درۆ دەرچوون. سەدان کەس لە جەنگاوەرانی ئۆپوزیسیون کە زوربە لە وان ئەفسەرو سەربازبوون کە ڕیزی ئەرتەشتیان بەجێهێشبوو بە ئۆپۆزیسیون لکابوون ودەیانزانی کە ناتوانن چاوەروانی چ ڕوحم وچاوپۆشیەک لە سەدام حوسین بکەن جەنگین و گیانیان لە دەست دا،یان گیران و دەست بەجێ ئیعدام کران،یان زیندانی کران هەتا لە دوا ڕۆژدا لە دوایی ئەشکەنجە ئیعدام بکرێن. پۆلیسی نهێنی ئیراق،کە جارو بار جلی کوردیان لەبەردابوو،بەبەرەکەتی ئاگاداری ورد کە لە شوێنی کار،یان ماڵی کوژراوەکانیان هەبوو خەلکیان کوشتارکرد. ئەوخەڵکە تۆقیندراوەی کە گیانیان لەم هەراوهورایە نەجات دابوودەبوایە بۆخۆیان لەفکری خۆیان بوان،دڵنیا بوون کە دەست و پێی پۆلیسی نهێنی ئیراق هەر چرکەیەک لەوانەیە ئەوان بگرێ وبکوژێ. لە بارزانی بگرە هەتا کارگێڕانی پلەبەرزی پارتی دێموکرات،بە ڕواڵەت کەسێک سەبارەت بەم خەیانەتەی کە بە یەکگرتووەکانی خۆیان(لەکۆنگرەی نەتەوەیی ئیراق) کردبوو هەستیان بەخەجاڵەت و سەرشۆڕی نەدەکرد. قسەکانی ویلیام پری لە بابەت(شەڕی ناوەخۆ)گرێدانی دەم لە شیکردەوەی ڕاستیەکان بوو،چونکە کۆنگرەی نەتەوەیی ئیراق)ی لەبەرچاو دووردەکرد: ئەمەشتێک بوو کە زێدەلە/200کەس لە دەست وپێی تێکۆشەری (کۆنگرەی مللی ئیراق) کە لە هوتێل سەلاح ئەدین ڕاگیرابوون،ئەم ڕاستییەیان دەم پێداهێنا. ئەم تێشکانی گەلالەی(سیا) کەبەشێک لەپسپۆرانی خاوەن ئەزموون ئەمجۆرە(بەرەڵلاکردنی) ئەویان لەگەڵ ئەوهەی لە1975 لەسایگون یان مەسەلەی کەنداوی فارس (بەرازەکان) —هیرشی بەکرێگیراوانی کۆبایی داکۆکی لێکەری ئامریکالەکوبا-لە1961

هەڵدەسگێنن. سروشتیە نەیتوانی بەحەولدانی دوارۆژی ئۆپۆزیسیون یان هەتا بەدابین کردنی هاوکاری لەهەر جۆرە عەمەلیاتێک لە هیچ شوێن لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست یارمەتی کات.

ئەوسەدەمەی کە ئەم کردەوەی سەدام حوسێنی کردی هەربە ئەوندە سنووردارنەبوو. خۆگنخان وشل وشەوێڵی بێ جووڵەبوونی ئامریکا بەتاڵ بوونی قسەیەکی کە بەوردی ڕیک وپێک کرابوولەمەڕ ئەمە کەقودرتەکانی ڕۆژئاوالە3/5میلیون کوردی کە لەسەر17هەزارمایل بڵاوبوونە داکۆکی دەکەن،ئاشکراکردو نیشانی دا. ئەمەڕاستە،لەنێوەڕاستی ئاوریلی 1991 فڕۆکەکانی شەڕکەری یەکگرتووەکان لەدەڤەری فڕین یاساخی باشوور مەداری 36 دەرجە خول وسوڕیان دابوو،بەڵام ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکاسێ مانگ دوایی بەلەز هیزەکانی پیادەی خۆی لەمەڵبەند وەدەرخست. لەدەورەی دوایی شەڕی وێتنام و کۆتایی شەڕی سارد تەنیازلهێزی دونیا ئەم دڵ وغیرەتەی نەبوو کەسیاسەتیکی دەرەوەی بەهیزبگرێت وهێزەکانی چەکداری کە ئەم هەمووپارەیە خەرجیان دەکات وارد کردەوەبکات. لەبەرامبەر واشنگتۆن بۆ ئەوەی کە سیاسەتی خۆی سەبارەت بەباشووری ئیراق وەڕاست بگەڕێنێت دژی سەدام حوسێن بە هەڕەشەی هێزەکانی ئاسمانی هیوای گرێدابوو- کە بەحەقیقەت ئامانجی ئەوان هەرەشەی چاڵاوەکانی نەوت بوو کە ئیراق بە خەرجێکی زور پێنەوپەڕۆی کردبوو. بەڵام لەڕاستیدا تۆڵەی ئەمریکا لەبەبەت کردەوەی ئیراق لە هەولێر،ئامانجی نیزامی بوو: یانی سیستەمی بەرگری دژی ئاسمانی کەسەدام حوسێن بەپەلە پێنەوپەڕۆی کردبوو،ئەم ئۆرگانانەبوون کە وەکوو ئامانج بۆ هێرشی بەموشکەکانی کروز هەلبژێردران.

هەموو ئەم ڕووداوانەی کە لە پاییزی سالی 1991 قەومان ڕووی لە دوردریژی بولێڵی زانیاری (عەمەلیاتی ئارامکردنەوەی کردنی ئاسایش وئێروویی) لە1991 نشتەجێکرد،کە هەنۆکە حەنەکچی بەتەوسی سەرکۆنە ئەوی بەعەمەلیاتی(ئارامکردەوەی خەیاڵات ودەهەزرەوچوون وساوێر) ناودەبەن. دەستەبەری یەکگرتووەکان بە داکۆکی لە کوردەکان لە هەرد هێج کات بۆدەرەوەی ناوچەی ئەمین دریژنەبووە،و ئەم دەڤەری ئەمین بۆخۆی سێ گوشەیەکی گچەبوو لە باشووری ڕۆژئاوای ئیراق کە هێندە بۆ لای باکوور دریژنەدەبۆوە کە هەتا دەهۆکیش بگریتەوە. جگە لەمە، ئۆپوزسیسیونی ئیراق لێی یەقین بوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و هاوپەیمانانی لە ژێر زەختی بەردەوامی تورکیە(کەبوونی چەتری ئاسمانی پەیوەندی بەوی هەبوو) مەجبوور بوونە لە1995 بەملاوە لە دریژبوونەوەی داوینی ئەم ڕاسپاردە کەم کەنەوە و ڕۆڵی هێرشکەری فڕۆکەکانی شەڕ بە توندی بەرتەسک وسنووردارکەن. ئێستا کە هێزەکانی زریی ئیراق لەباشوور مەداری 36دەرجە وەجۆڵەکەوتبوون دیواری خۆنواندن بەتەواوی

ڕووخا: هەرکوردێک هەستی دەکرد کەم کارە کە سەدام حوسێن بی ئاڤدین بەڕیوەی بردوە دەتوانیٚ دووپات بکرێتەوە.

جان دویچ، بەرپرسی (سیا) لە سەر نیگەرانی حەسلی قامکی دانا،ئەوکات کە وتی بەپێچەوانەی پاشەکشەی سەربازانی ئیراقی(بێگومان کە کارگێرانی ئیستخباڕات ودەست و پیی پۆلیسی نهێنی ئیراق لە ناوچە بوونیان هەیە.) کوردەکانی باکووری مەداری 36 دەرەجە،یانی ئەوانەی کە لەسلیمانیە یان دورتر لە وی لە کفری و کلار دەژیان و هیچ کات لە چەتری ئاسمانی یەکگرتووەکان کەلک وەرنەگرتبوو، هەنۆکە زێدەتر لە پێشوو لە سێرەی مەترسی دابوون. لە ڕابردوو کاتێک دیپلۆماتەکانی لە بابەت ئەم کوردانەی دانیشتووی ناوچەکانی باکووریتری (باشووری ئیراق) پرسیاریان لێدەکرا لاقیان لەسەر دەقرساند کە بۆ داکۆکی لەوان دەتوانی بە بڕیارنامەی 688 بەڵگەبێنەوە کە یەکەمین سەندێکی نیو نەتەوەیی بوو کە لە پەیمانی سوور بەملاوە لە کوردەکانیان بە ناو یاد دەکرد.

ئەوئاکامانەی کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لەبوونی ئیراق لە هەولێرکردی ڕەشبینانەو پەرت بوو. دژکارانی لەشکرکیشی ئیراق چاوەنواڕیان دەکرد ئامریکا دژی گاردەکانی کۆماری دژکردوەی بەلەزنیشان بدات- هەرچەند ڕەنگەئەم چاوەنواڕیە پەیوەندی بەدوایی پاشەکشەی ئەم هێزانە لەهەولێربوو،چونکە ئامریکا نەیدەویست لەم ناکوکیەلایانی هیچ یەک لەدووگروپی کورد بگرێت. بەڵام شتێکی ئەوها ڕووی نەدا،چونکە دەوڵەتی ئامریکازەبرلێدان لەسەدام حوسێنی بەکارێکی بێهودە وبیٚ ئاکام دەزانی،وبەم دەلیلە بۆ تۆڵەوقەرەبووکردنەوە باکووری هەڵبژارد،بەم بەڵگەودەلیل ساناوبیٚ نباخەوبنچینە کە ئامانجی ڕاستی سەدام حوسێن لە ڕاستیدا لە جیاتی بیٚ ئیعتوبارکردنی(بەرە) یان بەرفرەوانی حاکمیەتی ئیراق لەباشور،ئولکەکانی نەوتی کەوێت وعەرەبستانی سعودی بووە. قەسەکەروو تاربێژانی دەوڵەت حەولیاندا بەرپسیارەتی ئامریکا لەداکۆکی لەکوردەکان کچکە بنوێنن،ئاکاری دوورلەئاقل وفکرلێنەکەری بارزانی وتاڵەبانی ئیدانەومەحکووم کەن،وبەئیشارەت یێیانگەیاند کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکائێستا بەهۆی هەڵەکانی ڕیبەرانی کورد ئیخلاقەن ئیجازەی هەیە لەپەیوەندی لەگەڵ دواڕۆژی خەلکی ئاسایی کورد خۆی بەبەرپسیارنازانێت.

نیکلاس برنز قسەکەری وەزاڕەتی دەرەوە حاشای لەم ڕاستییەکرد کە هەڵەو وسووچ وقسوورئامریکا کەمتەرخەمی و خۆلێبواردنی وی لە یارمەتی مالی بە کوردەکان هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە ببوو. ئەو گوتی: (ئەگەرلەسەرهەڵدانی ئەم شەڕە بەرپسیارەتیەک هەبێت،ئەم بەرپسیارەتیە لەسوکری دوو گروپی کوردە،نەک ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا. ئێمە بۆماوەی پێنج ساڵ هەمووجۆرە هەل ڕەخساو و ئیمکانمان بە کوردەکان دا. داکۆکی سیاسیمان دانیٚ،یارمەتی ئابووری ئینسان دۆستانەمان پێدان،

ناوچەیەکی ئەمن و ئاراممان لە باشوور لە بەر دەست نان،کە دەیانتوانی لە کاروباری خۆیان بەشێوەی تەواو خودموختاربەڕیوەی بەرن. و کوردەکان نەیانتوانی لەم هەڵەی مێژووی گەورە کەبۆمللەتی کورد هاتبووپێش کەلک وەرگرن)

ئەو ڕووداوی دەست وجێ لە(هەرد)ڕوویدا ئەم خەیالە و بۆچوونەی ڕەت نەکرد کە لە بۆچوونی واشنگتۆن باشووری ئیراق ئیدی شتێکی کۆتایی پێهاتوو پێنووس لێدراوە. چەندکاتژمێر بەرلەمە کە یەکەمین شەپۆلی تۆڵەکردنەوەی مووشکەکانی کرۆز لە سیوەمی سپتامبەر ڕووی لە بنکەکانی بەرگری دژی ئاسمانی ئیراق لەناوچەی ژێرحوکمی حکوومەتی سەدام حوسێن بێت،پنتاگوون دەستووری بەتاڵ کردنی(ناوەندی هاوئاهەنگی نیزامی لە زاخۆ دەرچواند- کە دورست لەم لایەی چەمی(خابور)ە. ئەمن کاتیک  گەیشتمە ئەم ناوەندیە بەتاڵ کرابوو،و ئەو کوردانەی بەئاشکراپەریشان وتاسا بوون لەویان پارێزگاری دەکرد. ئەمە ناوەندییە هاوهەنگاوی لە میژیبوو ئەرکێکی گرنگی کەلە 1991 بەم لاوە لە ژێرچاوەدێری سەرهەنگ(ناب) بەڕیوە دەچوو وەلا نابوو. سەرهەنگ ناب یەکەمین فەرماندەری ئەم ناوەندییە بوو،و پێیخۆش بوو وتوویژی خۆی لە گەڵ ئەرتەشی تێشکاوی ئیراق بەوتوویژ لەگەڵ(هیتلەر) بشوبێنێت. پاش ئەوکات تورکەکان یەکێک لە ئەفسەرانی خۆی لەم ناوەندییە خزاند و لە گروپێک کە پێکهاتوو لە ئەفسەرانی ئامریکایی و ئینگلیزی وفرانسەوی و هولەندی بوو زێدەکرد،پاشان لەبەرامبەر ئیجازەی یەکگرتووەکان لەبنکەی (ئەنجیرلیک) وەکوو لێژنەی فەرماندەهی ناوەندی واردبوون. ئاقیدەی سەرشێتانەی تورکیە بەمەکە(ناوەندی هاوئاهەنگی)بەپێشمەرگەکانی پ.ک.ک. لەباشووری ئیراق یارمەتی دەکات،بەکردەوە کاری ئەم ناوەندییەیان ئیفلیج کرد. کاتیک لەئاوریلی 1994 هەڵەیەک لەلایان هێزەکانی ئاسمانی ئامریکا بۆبەهۆکاری کەوتنەخواری دووهێلیکۆپتەری ئامریکایی، کە سەرنشینەکانی بریتی لە کارگێڕانی پایەبەرزی هاوئاهەنگی نیزامی بوون. ڕاسپاردەی ئەم لێژنە بەکردەوە لەهەرشێوەیەک کۆتایی پێهات. ئەم ڕووداوە هۆی بەداخ بوونێکی قووڵی کوردەکان بوو، چونکە ئاقیدەیان وابوو کە بوونی ئەفسەرانی ڕۆژئاوا لە ناوچەی بارزانی وتاڵەبانی لەدەرگیری مەنع دەکرد. ئامریکابەڕەزامەندی، داوای تورکییەی بۆ گویزتنەوەی عەمەلیات(ناوەندی) بۆ ئەولای سنوور- بۆسیلوپی لەخاکی تورکیە- لە کۆڵەخۆکردەوە،وچەندحەوتوو بەر لە ڕووداوی هەولێر تورکییە ڕەزامەندی بە درێژ کردنەوەی(چەتەری ئاسمانی) هەتاکۆتایی ساڵ دەربڕی،بەڵام دەولەتی تورکیە بەدەربڕینی حەزومەیلی موافیقەتی ئیراق،ئەم چەتری ئاسمانی بەکردەوە لە کارتێکەری خست: ئەنجیرلیک ئیدی نەدەبوایە بۆ عەمەلیاتی تۆلە وەرگرتنەوەی ئاسمانی کەلکی لێ وەربگێرێت. دەستەیک لەکوردەکان گوتیان کە تورکەکان ئیجازەیان نەدەدا فڕۆکەکان بۆمب یان هەتا لە هێندیک وەخت تەقەمەنی لەگەڵ خۆیان هەڵگرن.

چۆل وبەتاڵکردنی لەنەکاوی(ناوەندی هاوئاهەنگی نیزامی) یەکەمین نیشانەی ئاشکرابوو لەسەرئەمە کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا ئیدی کوردستانی ئەمین لەدەست وپێیی سەدام،یان ئەوهەی "برنز" ئەوانی بەناوی(حەنەکچی ئەمنیەتی) سەدام حوسین لێکداوە،نازانێت.(پارتی دێموکراتی کوردستان (سەرسوڕمانی دەربڕی): ئەم یەکەمین دەم پێداهێنانی ئاشکرای بەم مەسەلە بوو کەدونیای دەرەکی دواوکاریەکانی پەیتاپەیتای لە مەڕ ئەمە کە ئالیکاریەکەی لە گەڵ سەدام حوسێن ڕوداوێکی کەسینی وسنووردداربووە وئیدی کۆتایی پێهاتووە،باوەڕناکەن). هەنۆکە (فەرمانگەی یارمەتیەکانی زەرووری وفەوری دەرەکی)وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا کەلە 1991 بەملاوە ماددەی خواردەمەنی ویارمەتیەکانی بەبایی 795 میلیون دۆلار لەناوکوردەکان داروبەشکردبوو،ناوچەی بەجێهێشت. وماوەی چەند چەند حەوتوودوایی چەندسەدت کەس لەگاردیی وکارگێرانی (ناوەندی هاوئاهەنگی نیزامی وئیدارەی یارمەتیەکنی زەروری وفەوری دەرەکی) نزیکەی 2000کەس لەئەندامانی بنەماڵەکان سەرەتابۆتورکیە وپاشان بۆجەزیرەی گوام لە زەریای ئارام گویزرانەوە،هەتابۆ یائالاتی یەکگرتووی ئامریکاببردرێن وبەڵام هەنۆکە هەتادوایی تەواوبوونی دەنگدان وهەڵبژاردنی ئامریکا لەبەرچاونەبن. ( لەنێوەڕاستی ئۆکتۆبەر700کەس لەنەفەراتی کۆنگرەی مللی ئیراق وبنەماڵەکانیان لەئاکامدا بەدوای ئەم وادەیە وەدەرکەوتن. ئەمن نزیکەی پێچ حەوتووپێش ئاڵۆزی وئەستەمی بارودۆخی ئەم دەستەیەم مەترسیدارراگەیاندبوو،لەگەڵ ئەم خەڵکەی تۆقیندراو،کە هێشتا لە بنکەی بارزانی لە سەلاحەدین بوون،وتوویژم کردبوو. بارزانی یارمەتی کردن هەتابۆشاری سنووری زاخۆبگەڕێنەوە.)

ئەم بڕیارانەی ئامریکا ئەوچەند ئۆرگانەی نادەوڵەتی ڕۆژئاواش کە هێشتا لە یارمەتی بەکوردەکان بەردەوام بوون وادارکرد کە لە کوردستان وەدەرکەون. لەکۆتایی نوامبەر/5000کەس لەوکوردانەی کە لە ئۆرگانەکانی یارمەتیدەرکارگێربوون (لەگەڵ بنەماڵەکانیان)بەفڕۆکە بەگوام گوێزتنەوە،هەتالەوێرابۆ ئامریکابچن: ئەمە بزوتنەوەیەک بوو کەویژدانی ئامریکایەکانی ئاسوودەکرد،بەڵام کوردستانی ئیراقی لە بوونی زوربە لە پسپۆرترین ژنان و پیاوان بێ بەش کرد. ئەم ئۆڕگانانەی نادەوڵەتی بەشێک لە جیانەبۆوەی سیاسەتی ئامریکا بوون،وکارگێرەکانیان کە لەئیراق ویزایان بەهیچ کامیان نەدەدا بەباشی دەیانزانی کە ئەگەروەدەست حکوومەت ئێراق بکەون زیندانی دوورودرێژ چاوەڕوانیان دەکات. دەڕۆژ دوایی دەست بەسەرداگرتنی هەولێر،دەوڵەتی ئیراق زەختی بەرزکردەوە. سەدام حوسێن بێ ئاگاداری پارتی دێموکڕاتی کوردستان،کە ئیکجارنیگەران بوو کە بەغدا پەردە لە سەرپەیوەندییەکەی هەڵدەگرێ، گەمارۆی ئابووری کە پێنج ساڵ پێشتر لە سەرباشووری ئیراقی بەڕیوەبردبوو هەڵگرت: (ئەم گەمارۆی ئابووری)مووچەی کارگێرانی وڵاتی لە باشووری ئیراق ڕاگرتبوو،ناردنی کەل وپەلی خواردەمەنی وسوتەمەنی یاساخ کردبوو وحەولیدابوو بەم زەختانە کوردەکان بێنێتەسەرچۆک. بەڕاگەیاندنی شکانی ئەم گەمارۆی ئابوورییەی بەغداو دانانی سێ بەرپرسی ئیستخباڕات بۆسەرسێ پارێزگای کوردنشین،

ڕایگەیاند،کە مەعلووم بوو لە مانوڕیک وێوەتر نییە. ئەم گەمارۆی ئابووری لە سەرەتا هەستی کوردەکانی ورووژاوکرد،بەڵام کوێرەوەری بەبەشییەکی زۆریشی بەدواوەوەبوو. هنۆکەباتڵ بوون وهەڵگرتنی ئەم گەمارۆیە بەمانای ئەمە بوو کە سەفەرکردن لە نێوان ناوچەکانی ژێرچاوەدێری حکوومەت وکوردستان بۆ هەمووان،یەک لەوان پۆلیسی نهێنی،کە هۆکاری ترس ولەزەزوتۆقینەری بوو،ئازادە،لەعەینی حاڵدا بەڕیوەبردنی لێبوردنی گشتی کە ڕاگەیاندرابوو ئەوکوردانەی کە بۆ(ئۆرگانەکانی ئیمدادگەیاندن دەشوغڵین،هەڵداوێراو جیایی دەکردەوە. ئەم داودەستوورو ڕەوشتە هەروائەوکوردانەی کە خۆشحاڵ بوون ئێستادەیانتوانی بینزین،بەتایبەت نەوت بۆ گرمکردنەوەی هۆدەکانیان بەیەک لە یەک لە سەتی بایی بازاڕی ڕەشی پێشووبکڕن،وەهۆش هێناوەو ئارام کردەوە. لەبنکەی بارزانی لەسەلاحەدین هاقالانی دێرین بەشیوەیەکی تایبەتی لەشوێن تێکەری پۆلیسی نهێنی ترسی ونیگەرانیان دەردەبڕی ولەمنیان پرسیاردەکرد ئاخۆ ئامریکایەکان ویەکگرتووەکان دیسان لەوانەیە چەتری داکۆکی ئاسمانی هەتاساڵی 1997 درێژکەنەوە؟ ئەم چەترەداکۆکیەکە لەکریسمس درێژکراوە،هەرچەند بە پێ قرسانی تورکیە،ئیدی عەمەلیاتی ئارامکردنەوەی ئاسایش)نەدەگوترا، وپەیوەندار وسنووردار بەدۆزینەوەی ئاسمانی بوو، وفرانسەش لەپڕونەکاو فڕۆکەکانی لەعەمەلیات وەدەرخستبوو. ئەم سنووردارکردنی نوێ ئیکبارلە سەرترس ونیگەرانی کوردەکانی زێدەکرد.

خەڵکی کوردستان باشیان دەزانی کە سەدام حوسێن لەگەڵ بارزانی ئەو بەرەیەی کە بووش لە1990 بەکوێرەوەری پێکێهێنابوو هەڵوەشاندوە: دوو وڵات لە وڵاتانی بەشدارکەر،یانی فرانسە وڕوسیە، زێدە لە دەیەیەک بوو کە میلیاردها دۆلاریان پارە بەدەوڵەتی ئیراق بە قەرزدابوو هیوادابوون لە دوارۆژ قەرار دادەکانیان بە قازانجی نەوتی و بازرگانی لە گەڵ ئیراق گرێدەن، و هەنۆکە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکایان نیوان دەگرت. فڕانسە بە ئاشکرا لە لکان بە ئامریکا وئینگلیستان لە بەرفرەوانی ناوچەی فڕین یاساخ لە باکوور، لە مەداری 32دەرجە بە مەداری 33 دەرجە، سەری لادا،و بەڕیوەبردنی وتووێژی ڕاستەو خۆی لە نیوان سەدام حوسێن و پارتی دێموکڕاتی کوردستان ڕاسپارد- ئەمە ڕاسپاردەیەک بوو کە واشنگتۆن پێیخۆش نەبوو شتێکی لەم بارەوە گوێبیس بێت.
یەکگرتووەکانی ئامریکا لە دونیای عەڕەب(بەجوێکردنەوەی کەویت کە هێشتا لە ڕاتڵەکانی هێرشی ئیراق بە باشی وەخۆ نەهاتبۆوە) لە هێرشی مووشەکی کە بەتۆڵەی عەمەلیاتی هەولێر کرابوو بێ کەیف بوو- ئەوئامانجانەی کەلەکوردستان هێرشیان دەکراسەر زۆردوور بوون. ئەودەنگ ودەنگۆیانەی کە وەبن گوێچکە دەکەوت حیکایەتی لەمە دەکرد کە سەدام حوسێن لە گەڕانەوەی حوکمڕانی خۆی لەباشووری ئیراق،هیچ یاسایەکی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نەشکاندوە.عەڕەبستانی سعودی، لەوشوێنەی کەهێزەکانی ئامریکا لەکمتر لە سالێک سەر لە نوێ هێرشیان دەکراسەر،تەنیاوڵاتیکی عاڕەبی نەبوو کە نیگەرانی

ئەمە بێت کە پەیوەندی لەگەڵ واشنگتۆن دەتوانێت لە دەستی بەرهەڵستکارانی دژی ڕۆژئاوایی، و ئیسلامی، بە شیوەیەکی ناسکی پەتی جەڵلاد بگورێت. عەرەبستان بۆ پەرسڤی ئامریکا بەکردەوەی سەدام ئیجازەی کەلک وەرگرتن لەپایەگاکانی نەدا.

لە ئانکارا،سەرۆک وەزێرانی ئیسلامی وڵات،نەجمەدین ئەربەکان، کە تازە بۆ قایم بوونی پەیوەندی تورکیە لە گەڵ ئیراق دوو وەزیری بۆ بەغدانارد بوو لەگەڵ سێ حەوتووی ئاڵۆزی ڕووبەڕوو بوو، تنسوچیللر،وەزیری دەرەوە وستادی ئەرتەش کە هەمووکارەی ولاتە،لەم(ئاڵۆزیەیان) کەلکی وەرگرت وبەم بەڵگەو دەلیلە کە پ.ک.ک. لە نائارامی ڕۆژ بەرۆژ لەزێدەی باشووری ئیراق کەلک وەردەگریت چەندین گەلاڵەی بۆ وەدینهێنانی (ناوچەیەکی ئەمن) لەباشووری ئیراق ڕاگەیاند،کە کۆپی مزەوروجەعلەکەی گەلاڵەیەک بوو کە ئیسرائیل لە باکووری لبنان بەرێوەی بردبوو(دەڤەرێکی ئەمنیەتی)ناولێدەنا. بەڵام مەبەستی ئەم خەلکە روون نەبوو: دیپلۆماتەکان دەیانگوت کە ئەگەر دەوڵەتی ئیراق بەتەوای بۆ کوردستان بگەڕێتەوە و دەڤەرەکانی سنوور دەست بەسەردابگرێت سەدام حوسێن لە هەلومەرج و بارودۆخێک دادەبێت کە لە تورکیە بە هۆی ئەمەی کەلە 1991 پایەگاکانی لە بەردەست واشنگتۆن دانا،تۆڵەی لێبکاتەوە.

خولاسە "گەلاڵەی ئەمنیەتی" بە بێ دەنگی وەلانرا،تورکیە کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو هەنگاوی بۆ دەستدریژی گەورەوگچکە بۆ سەرباشووری ئیراق هەلێنابوو، لەم دەستدریژی وتەعدایانە چی بۆ نەکرابوو و هیچ کات نەیتونێبوو بە بوونی پ.ک.ک. لە ناوچە کۆتایی بهێنێت،مەجبوور پاشەکشەی کرد،و ئاڵۆزی مەوجود لە سیاسەتەکەی کاتێک ئاشکرابوو کە خانم چیللر لە دوایین سپتامبەر گوتی: کە چ ئیرادێک نابینێت لەمە کە سەدام حوسێن بۆ سنوور بگەرێتەوە،گوتی ئەم قسە بەمجۆرە بەسەدام ڕاگەیاندراوە. کاتێک وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بەم کارەی رەخنەگرت،خانم چیللر بەشیوەیەک کە هیچ ئگارئیقناح کنندە نەبوو گوتی کە هیچ جۆرەناکوکی بیروبۆچوونی سیاسی لە نێوان ئانکاراو واشنگتۆن نییە.

لە ناو کوردستان بارو دۆخێکی ڕووحی سەیر لە هەمووشوێنێک حاکم بوو. ئەمن توانیم زۆربەسانایی سەردانی دەڤەرەکان بکەم. لە پێنجەمی سپتامبەر دۆستان و ئاشنایانی دێرینی پارتی دێموکراتی هەتا پسولەی هاتووچووی تایبەتیان لە بەردست دانام کە ئیجازەی دەدا بە ڕێگاکانی ئەواندا تیپەربم وبۆلای تاڵەبانی بچم، کە لە بنکەکەی خۆی لە"قلاچۆلان" هەڵکەوتوو لە شاخاویەکانی نێوان سلیمانیەو نزیک تخووبی ئیران بوو. کارگێرێکی فەرمی پارتی دێموکراتی کوردستان داوای لێبوردنی کرد لەمەکە ڕێگایەکی لێ دەرێژ کردۆمەوە، لە ئازانتی داگوتی: (ڕێگای سەرڕاست گاڵەیە،چونکە ئەمرۆ هیرشیکی

دیکەمان لەم نزیکیە دەست پێکرد هەتا ڕیگری لەمە بکەین کە تاڵەبانی بیهەوێ دیسان هەولێر داگیر کات.)

کاتیک کە هیوپاپ،هاواڵدەری"ایندپندنت" و ئەمن خۆمام گەیاندە بەستێنی یەکیەتی نیشتمانی، ناوچەیەکان گوتیان دەیان ئامۆلانسی پڕ لە برینداریان بینیوە کە بۆسلیمانیەدەچوون. لەم حاشارگایەی شاخاوەی،تاڵەبانی و خێزانی هێرۆ،ئێمەیان وەکوو ئەندامانی بنەماڵەی خۆیان کە سەردەمێک بوو نەیانبینی بوو وەرگرت. هێرۆ،لە بنکەی دەرەوەی ئەربیل،کە هەنۆکە تەفروتونا کرابوو،بەشێوەیەکی موجیزئاوی لە ژێرئاگری قورس لە مەعرەکە دەرچووبوو گیانی بەسەلامەت دەر بردبوو.

قسەکانی تاڵەبانی لە پەرسڤ بە پرسیارەکانی هاوالدەری"ایندپندنت" کە لە وی سەبارەت بە نوێکردنەوەی دوژمنداری پرسیاری کرد،ئەو ڕادەیەی کە ڕەنگی وتاری هەبوو، دەباوەشگرتووی ڕاستی نەبوو. ئەو لە ئامریکایەکانی ڕەخنەکرت،کە بەئاگاداریەکانی ئەویان گوێچکەهەڵنەخستووە وپێشی هێزەکانی سەدام حوسێنیان بۆ لای ئەربیل(هەولێر)نەگرتووە. گوتی: (هەلێکی زێراوی بۆ زەبرلێدانی چوارلشکری گاردی کۆماری لەهەولێر،لەدەست درا. ئەگەر ئەوهان کردبوایە ئەمە بۆخۆی کۆتایی پێهێنان بەکاری سەدام حوسین بوو.)فڕانسەشی بەم هۆیە کە لەگەڵ بڕیاری بەرە بۆ زەبر وەشاندن لەسەدام لە ڕیگای ئاسمانی بەرهەلستکاری کردبوو سەرکۆنەکرد،و سویندی خوارد کە(لە)شەیتانیش) یارمەتی قبوڵ بکات. دەستی بەسیگارەوە بەروئاسمان بەرزکردەوە وڕاوەشاند وگوتی: (خۆکوژی ناکەم) وگوتی بڕیارگرە لە گەڵ ئاقای بارزانی نەک وەک کوردێک بەڵکوو وەکوو خائینیك لە شەڕبەردەوام بێت. جارێک کە بە تەلەفوونی ماهوارەیی دەیەویست لە گەڵ پلیرو یان رابرت دویچ(بەرپرسی کاروباری باشوور کەنداو کە وتویژی پەیوەندار بە ڕیککەوتنی ئاشتی بێ ئاکامی لە ئیرلەند لەگەڵ وی کردبوو) قسەبکات و بە نەزانراوی دەرگایەکەی گاڵە نەدابوو کۆتایی قسەکانیانم بێستن: بەوی گوتبوو کە ئاقایان دانیشتنیان هەیە،یاکوو خولاسە دەستیان وێراناگات و لە بەردەست نین. بەوتوویژ لەگەڵ کەسی فەرمانبەر ڕازی بوو،کە لە وانەیە وتوویژەکانی بەم قسەیە دەست پێکرد: (ئەتۆ حاڵت چۆنە؟ )ئەوگوتی: (باشم)بێ دوو دڵی فکری کردبوو کە ئێمە دەنگەکەمان وەبن گوێچکەناکەوێت.

ئەم دەربڕین هەڵسەنگانە دورست بوو لە مەڕ لە بەریەک هەڵتەکانی یەکیەتی نێشتمانی. سێ ڕۆژدوایی پارتی دێموکراتی کوردستان بەلەزوخێرا پەنجامایل لەڕۆژهەڵاتی هەولێر پێشڕەوی کرد،وبڵێندایەکانی "هەیبەسوڵتان" هەلکەوتوو لەرۆژهەڵاتی "کۆی سنجاق"ی دەست بەسەرداگرت، ولەگەڵ بەربەرەکانیەکی گرنگ ڕووبەڕوو نەبوو،لەحالیکدا کە بەپێچەوانەی ئەوتۆمەتانەی تاڵەبانی وەپاڵی دەنان کە دەیگوت سەدام حوسێن بەتانگ وتۆپخانە وچەکی شیمیایی پارتی دێموکرات ئالیکاری دەکات،هیچ هێزەکی ئیراقی لەم عەمەلیاتەدابەشداری نەبوو. ئەم تۆمەتانەی پەیوەندار بە کەلک

وەرگرتن لەچەکەکانی شیمایی ئەگەر کارتێکەری لەمەسەلەدابوو ئەمە بوو کە ورەی هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی کەلە هەولێرتێشکاو وهەڵات کزکرد. لە ڕۆژی یەک شموو نیشانەیەکی نیسکۆلە لەشەڕ لە جادەبەرچاو دەکەوت. یەکیەتی نیشتمانی ئەوهەمووی، هەتاسلیمانیە کە قەڵایچە دیکەی وی بوو،پاشەکشەی کردبوو.

ڕۆژێک دووایی وی "کورت شورک" هاواڵدەری ڕۆیتێر و ئەمن لە چوارڕیگایەکی گەورە لە لای چەپی ڕۆژهەڵات، چەند مایلی دوور لە مەعرەکە ڕاوەستابووین،لە حالێکدا کە پێشمەرگەکانی پارتی دێموکرات چاوەروانی دەستووربوون. نێوەڕاستی بەیانی بوو هەواگەرم بوو. لە نەکاو لاوێک لە سەروانێتبارێک هاوارکرد: (کێ دەیەوێ بەخۆڕایی بێ بۆ سلێمانیە؟ ) دوو پێشمەرگە خۆیان دەوانێتەکە هاویشت. کاتێک هەردوو سواربوون نەفەرادی پارتی دێموکرات بێ ڕێک و پێکەکی تەواو سەراوژێربوونەوە وڕیگای سەدی دووکانیان گرتەبەر، کە بە ڕوالەت ئامانجێکی نیزامی بوو،چونکە یەکیەتی نیشتمانی کە ئەم سەدەی لە ژێرچاوەدێری دابوو کارەبای تەواوی پارێزگای هەولێری بە تۆڵەی لە دەست دانی هەولێر هەڵبڕیبوو.

ستوونی بێ سەروبەری پارتی دێموکراتی کوردستان کە ڕەنگە نزیکەی پێنج هەزارکەس بریتی لە نەفەراتی تەمەن جۆراوجۆربوو، بە سواری لۆچێک کامێون و ئوتوبوسی دەستکەوت وەڕێ کەوت. "شۆرک" کە لە1991- 92پێش چوون بە"سارایەوو" بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە شەڕی "بوسنی" بۆماوەی ساڵێک لە کوردستان مابۆوە و گیانی ساغ و سەلیم نەجات دابوو،هەر وەک سەربازێکی خۆشڕەو لەبێ موبالاتی ئەم خەڵکەو کەمەتەرخەمیان بەڕیووشوێنی سەرەتایی نیزامی ئاورینگی دەدان،ئەمنیش. بەڵام"شورک" حەولیدەدا هەروا نزیک لە سەری ستوون بین،لە وێ کە دووکەس لە کادیرەکانی حیزبی بەناوەکانی(ڕۆژنووری شاویس) و فاضل میرانی،کە سەردەمێک لە"ناش وێل فرۆشەندەی ماشینی دەستی دوو بوون،خەڵکی بەبڕیارگرتریان ورووژاوکرد کە بەرەوپێش بچن،پەیتاپە یتا دەیان گوت و دووپاتیان دەکردەوە : (مام جەلال هەڵاتووە،نەهێڵین ئەم هەلەمان لە دەست بڕوات،کارەکەی تەواوکەین.!)

لەو چێشتخانەی کە چەندڕۆژپێشتر،کاتیک سەردانی تاڵەبانیم کرد،لەوێ فراوینم خواردبوو هەنۆکە چۆل بوو،لێی تێپەڕین. خوارەوەتر،دەنگی تەقەی چەکانی خودکار لەتەپکەکانی سەراوژێری ڕۆژهەلاتی جادە بێدەنگی دەشکاند. تەنیا ئەوکات بوو کە ستوونی پارتی دێموکڕات دەستەیەکی بە قەراخ قوجاخان نارد،دۆشکەیەکی قورس،کەلەسەروانێت قایم کرابوو هێناپێش. هەریەک لەقەراخەکان پێشمەرگەیەکیان لەدەست دا،ستوون بەبەروپێشچوونی خۆی بەرەوام بوو، پاش نێوساعەت شورک وئەمن ولێخور ودیلمانجی کورد،بەهۆی ڕێژنەی گوللەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە هەرد بزمارکوت بووین. ئەم تاکە هاوێژەرەبەڕادەیەک نزیک بوو گیڤەووێڕەی گوڵلەکانی لە بەرزایی سەرمان دەبیست. پێشمەرگەکانی پارتی دێموکرات بۆ دۆزینەوەی حاشارگا هەریەک بۆ لایەک هەڵاتن. شووک لەخۆراچاوەروان ماوە کە

تەقەدامرکێت. لە ئاکامدا کاسکی سەبروحەوسەلەی پڕبوو: لە نەکاوخۆی هاویشتەپشت فەرمان،ئاماژەی بە ئێمەکرد کە سواربین،و بەلێزانی و پسپۆری قاچاخچێەک کەلەدەستی پۆلیسی ڕاکات سەری ماشێنی وەرسوڕاندەوەو بەتوندکی تەواو ئێمەی لە مەعرەکە دوورکرد. بەڵام ئەمن ئێشێکی زۆرم لەپشت هەست پێکرد،چرکەیەک فکرم لێکردەوە کە ئەنگاوتراوم، و لە دەستی خۆم ناراحت بووم کەبۆنێوشەڕێکی ئەوها گۆماناوی هاتوون.

دوایی ئاشکرابوو درێژوکەی مێش هەنگوینەبووە،لەڕاستیدا شەڕێکی ئەوها نەبوو. موشەک هاوێژەکانی چەند لوولەیی وتۆپەکانی دژی ئاسمانی کە لە سەرکامیونەکانیان دابستبوون هەرچەندجاریک بۆ ڕاونانی پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی لە بنکەوسەنگەرەکانیان یان بێدەنگ کردنی ئاگربارانی ئەوان تەقەیان لەبەرزایی وبلیندایەکانی شاخاوی دەکرد. شورک بەردەوام لەبن لێواندادەیگوت: (ئاخ دەستەیەک خۆمپارەدەیتوانی هەمووئەوگروپانی بەباشی زەبرلێبدات!) بەڕوالەت لە یەکیەتی نیشتمانیش کەسێک لە سەرئەم بۆچوونە شک وگومانە نەبوو: لە زەوی گەمە،تووش ببووین،کەدە دوازدەخۆمپارە لە دوو لای ڕێگا تۆقینەوە،شەش کەس لە جەنگاوەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان بریندداربوون،کەبە خۆڕاگریەکی تەواو چاوەروان مانەوە هەتائەوان بۆ پشتی جبهە بگوێزنەوە. پارتی دێموکرات ئەورۆژی پێنج شەش کوژراوی دا،وهەتاپاش نیوەڕۆیەکی درەنگ زێدەلەبیست مایل پێشڕەوی کرد،وسەدی "دووکان" ی گرت. بەڵام تیگەیی کە ڕۆژی پێشتر یەکیەتی نیشتمانی بەرنامەی کامێتری کۆنترۆلی بەرهەمهێنانی هیزی "سەددی" هەڵگرتووەبردووە.

بارزانی لە حاڵێکدا کە بزەی لە سەرلێوان بوو،لە گەڵ هاڤاڵانی نزیکەی سەروکەڵلەی وەدەرکەوت،لەبن سێبەری دارێک دانێشت. بێ دوو دڵی پارتی دێموکراتی کوردستان لە بیروبۆچوونی دانەبوو لێرە-لە دووکان- بمێنێتەوە... تازە ئەگەر بارزانی بڕیاری ئەوهای بوایە دەستدرێژیەکەی دژی دوژمنی وەرە لە دەست داو سنووردداربکات. ڕۆژی دوایی بە شێوەیەکی تایبەتی بە منی گوت کە هیزەکانی لە هەڵەبجە،هەڵکەوتوو لە نزیک سنووری ئیران، بۆ سەر سلیمانیە هێرش دەبەن هەتا دونیا بزانێت کە کاتێک تاڵەبانی داواکارە کە هێزەکانی ئیراقی لەم شەرە بەشداریان بووە درۆی گوتووە. لەگەڵ سەرئەندازیاری خۆش ئیخلاق و خۆش بەرخوردی سەد قەرارم دانا کە شەو لە شوێنی بنکەی وی بمێنمەوە،چاخێ گەیمە وێ، سەرۆکی پەلە بەرزی پارتیم بینی کەلەچیمەنکی زۆرەدڵڕاکێشی بنکەکەی کە دەیڕاوانیە سەردەریاچەی سەد،دانیشتبوون ویسکیان دەخواردەوە. خانەخۆێیەکەمان داوای لێکردین کە شەومیوانی وی بم،ئەم ڕووداوەی بە چێشتی ماسی جەژن بگرین.

نزیکەی کات ژمێر نۆی شەو خەبەری خۆ بەدەستەوەدانی سلیمانیە،لە رۆژئاوای ئەورۆژی گەیشت. هێزەکانی نشتەجیّ لە هەڵەبجە شاریان بە بیّ ڕوو بەڕوو بوون بە چ بەربەرەکانێەک دەست بەسەرداگرتبوو. لە چێمەنی حەوشەی بنکەی سەر ئەندازیار،لە ژێر تروسکەی ئەستێرەکانی ئاسمان نوستین،کات ژمێرشەشی بەیانی کە لە خەو هەستام،پارتی دێموکرات بۆ کامڵکردنی سەرکەوتن لە سلیمانیە وەڕیکەوتبوو. بەرەو سنوور وەڕێکەوتین،لە ئاخرین بەشی ڕیگای پڕ لە نەفەراتی بەربڵاوی یەکیەتی نیشتمانی تیپەڕین کە بە پیادە بۆ ئیران دەڕۆیشتن. بە گروپێکی چینی مام ناوەندیش کە چل وهەشت کات ژمێر پێشتر بۆچیاکان هەڵاتبوون و هەنۆکە بۆ سلیمانیەدەگەڕانەوە تێک هەڵەنگوتین. زوربەی ئەم خەڵکە لە چاوەروانی لە کویرەڕیگاکانی سنووری کە ئیران لەکردنەوەیان لاساری دەکرد ماندووببوون. ڕووداوی سالی 1991بەبارستای کەمتر دووپات ببۆوە: هەتلەوهەلوەدایی دیسان بەکۆمەڵ بوو-ئوتمبێلی سواری،کامیون،تراکتۆر،وئوتووبوس تێکەڵ ببوون چاوەروانی گورانکاری بڕیاری ئیران بوون.

لە قەراخ ڕێگای شارۆچکەی شاخاوی پێنجوێن تووشی سیّ لاوی خۆش تیپ بووین،کە بۆ ڕۆیشتن یان مانەوە چ بڕیارێکی دورستیان پێنەگیرابوو. هەرسێکیان زور بەڕەوانی بە ئینگلیزی دەئاخافتن. مرۆڤی ئەم گروپە لە خزمەت یەکێک لە ئۆرگانەکانی نێو دەوڵەتی هیمداد بوو،دوو خۆشکی لەزانستگای سلیمانیە دەرسیان دەگوتەوە،. ئەم سیّ کەسە دوو ڕۆژ پێش،ئەو چاخ کە یەکیەتی نیشتمانی دەستی بە پاشەکشە لە شارەکان کردبوو هەڵاتبوون،ئەم سیّ کەسە لە مەی کە خوشکی گەورە(بەخەیانەتی موسعودبارزانی)نادەبرد و هەروا لە دووبارە بوونەوەی حکوومەتی بەعس تۆقیبوون- لێیان یەقین بوو ئەم بزوتنەوەیە گەڕانەوەی خودبەخودی بەعس بەدواوەیە. لە وەی لە(ماڵ) چاوەنواری دەکرن لە ڕادە بەدەر دەترسان. ئەدی بۆچی بۆ ئیران نەدەچوون؟

ئەم لێکدانەوەی ناهومێدانە،شیکردنەوەی بارودۆخی ڕووحی گەلێک لە کوردان لەدوایی یەک چوارم سەدە زوڵمی ئیراقیەکان و پێنج جار ئالۆزی و جەنجال و ئینقلاب و پەریشانی و بێقەراری وبیّ تاقەتییە. بەڕاستی، چلۆن کوردەکان ئەم هەمووسەردەمە غیرەتیان ڕاگرتووە،جێگای باوەڕنییە. هەر لە سەرەتا هەر چی کە بۆنی وەدیهێنانی ئابووریەکی مانەوەوی دەدا لە لایان یەکگرتووەکانی ئۆڕوپایی(وتو)کرا، بەم هۆکارە کە ئەگەر وانەکرێت تورکیە واشنگتۆن و لەندەن و پاریس مەتۆمەتبار دەکات کە دەیانەویّ وڵاتێک بۆ کوردەکان دامەزرێنن(وئەم بیانوو یان دەلیلە)هیچ کات بەئاشکرابۆ سەرزوان نەهات). هەڵبەتە سووریيەو ئیران و ئیراقش کەیف خۆشبوون کە کوردەکان ئەومجۆرەی لە تەنگەژە کەوتبوون و بڕستیان لێبڕابوو. بە فەرمی بەکوردەکانی ئیراق دەگوترا کە هەڵاواردن و

تەوفیردانان بە قازانجی بەغدا تەواو دەبێت وبۆ یەکگرتوەکانی وی ئەم هەلەدەرەخسێنێ کەئەو نەرم نواندنەی بۆ ئەویش داوابکەن.

کۆمیتەی گەمارۆی ئابووری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وارد کردن و هێنانی سووتەمەنی یان کەل و پەلی یەدەگی ئیجازەندا هەتا بتوابێت ئەو چەند فاکتۆریانەی کە لە باشووری ئیراق بوون لە سەرپێ ڕاگری و هەتا بەواردکردن و هێنانی کەرەسەی ماشینی بۆ دورست کردنی پاڵایشگایەک بەهۆکاری بەرهەم هینانی و پاولاوتنی ئەو نیسکۆڵە نەوتەی کە لە بەر دەست کوردەکاندا مابۆوە دژایەتی کرد. تورکییە ئیجازەی نەدا کە ئۆرگانێکی ئینگلیسی پسپۆر لە دۆزینەوە وبێ کارتێکردن بێ ئەسەرکردنی مین) کەل وپەلیک کە بۆ ئەوکارە پێویستە بۆ باشووری ئیراق وارد بکات،لە ترسی ئەمە کە ئەم مەسەلە لە جیاتی بەتال و بێ ئەسەرکردنی بە میلیون مین کە لە شەڕی ئیران و ئیراق مابۆوە،یارمەتی بەپ.ک.ک. بێت. خولاسە ئەم هەموو پێداگری و توندوتیژی لە ڕەچاو کردنی دام و دەستوور ڕیگری لەمە نەکرد کە گەمارۆ بە تەواوی بشکێت. بەم شێوە دەلیل و بەڵگە داتاشینەی(بەراوەژو)ی ڕۆژئاوا-بە کوردەکانی ئیجازەدا گەنم بەئیراق بفرۆشن،لە بازرگانی پڕ لە قازانجی گازوئیل لە نیوان دەوڵەتانی تورکیەو ئیراق باج و پێتاک وەرگرن،و هەتا بایی کارەبای کە لە ئیراقیان دەکڕی بە دۆلاربێدەن. بەڵام ئیجازەیان نەبوولەت و پەتی حەوجێ پێبووی ناوەندی تەلەفونی دەهۆک بە بایی4000دۆڵار واردبکەن.

شایلەخانە وسەرمەستییەک کەسەرهەڵداو لەڕزگاربوون لە حکوومەتی تۆقێنەری سەدام حوسێن سالهابوو نەتەوەی کوردی لەسەرلاق ڕاگرتبوو. یەکەمین دەنگدانی ئازادی کوردستان کەلە مەی 1992سازدرا شەپۆلێکی ئەوهای لە سەرمەستی غروور و کەیف خۆشی هەڵستاند کە کوردەکانی ئیراق بۆسەردەمێکی دووردورودرێژ بەگازندەو سکالا هەموو کوێرەوەریەکانیان تاقەت هینا. بەڵام بەداخەوە ئەم هەڵبژاردنە ناکۆکیەکانی نێوان بارزانی وتالەبانی توندترکرد. بانگهیشتن بۆ دەنگدان بەم هۆیەبوو کە بارزانی لە وتوویژ لەگەڵ بەغدا بەکۆتای ڕیگاگەیبوو دەیەویست بەر لە بەڕیوەبردنی مامەلە شەرعیەت پێدانی دەنگەکانی لە پشت سەرداهەبێت.لەم نێوەدا تالەبانیش(داوی)گەمەی بەرزکردبوو،و زێدەپاروەکی زێدەتر لە شیاوبوونی نووسراو لە ڕێککەوتنامەی خودموختاری سالی 1970 کە لە نیوان سەدام حوسێن و باوکی لە سەروی ڕەزامەندی درابوو، هیچ کات بە تەواوی بەڕیوە نەچووبوو،بوخچەی کردبۆوە. ئەو ئێستا خوازیاری (فیدڕالسیم)بوو کە بە دورستی تاریف و شی نەکرابۆوە.لە جەرەیانی دەنگدان( ئەو جەهەرەی کە لە دەستی دەنگدەران دەدراو دەیانگوت پاک نابێتەوە لە ئالمانیە هێنابوویان بە درۆ دەرچوو،زەبری لێدا)بارزانی و تالەبانی هەر یەک یەقینی کرد کە سەرکەوتن بەویە،،ئەویدیکە بە تەقەلوب لە دەنگدان تۆمتبارکرد.(حیزبەکانی گچکە کە حەوت لە سەت دەنگی پێوستیان بۆ واردبوون لە پارلەمان نەهێنابۆوە،حذف کران. دەستەیەک لەکوردەکان لە سەرئەم

ئاقیدەبوون کە ئەگەر ئەم حیزبانە کورسیەکانیان لە پارڵەمان بە دەست دەهێنان دەیانتوانی وەکوو پاردە کاربکەن ورێگری لە دەرگیری دواڕۆژ بکەن.)

تەنیا بەبەرەکەتی سولح وئاشتیەکی نێوەچل کەلەسومین ڕۆژ لەدوایی دەنگدان لەنیوان دووڕیبەری گەورەی کورد سەری گرت لەپێکهەپڕژان پێشگیری کرد. زوربە لەکوردەکان کەلەم ناکۆکیانە وەتەنگ هاتبوون دواییەکان لییان یەقین بوو کەئەگەرئەم ئاشتیە سەری نەگرتبوایە شەڕهەرئەوکاتی دەستی پێدکرا. لەگەڵ ئەم هەمووە ڕوحیەکان بەرزو کەللەیان لە بادەی سەرکەوتن پڕاوپڕ بوو. گیروگرفتی ڕابردوو هەرچی بوو و یان شک ودوودڵی سەبارەت بەدواڕۆژ هەرڕادە بوو،پێشمەرگەکان لەهەردووک لا بەخۆشحالی لە پۆستەکانی پشکنین کەبە پەڕۆی زەردی پارتی وسەوزی یەکیەتی نیشتمانی ڕازابۆوە بەشەڕاکەت وهاوبەشی ئەرکی خۆیان بەڕیوەدەبرد.

زەختی دەرەوەش،بەتایبەت زەختی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا، لەم ڕیککەوتن وئاشتییە، کارتێکەربوو. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا وەکووهەمێشە رازی بەدەنگدان بوو،بەڵام لەترسی ئەمە کە تۆمەتبار بەدڵگەرمی و هاندانی کوردەکان بەجیایی خوازی ببێت لە ڕۆژی بەرپاکردنی دەنگدان چاوەدێرێکی بۆ کوردستان نەناردبوو(سەرهەنگ ناب لە جەژنێک کە تاڵەبانی بەهۆی سازدانی دەنگدان ڕیکی خستبوو بۆسەر شانۆ هات،چاوەروان ماوە هەتافڕۆکەکانی شەڕی یەکگرتووەکان لە سەرجەماعەت دەستیان بەفڕین کرد. گوتی:( ئەمەش ئاغای حاجی بووش کە دەنگیان لەسندوق هاویشت.) لەئاکامدا پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەمەڕ دابەشکردنی دەسەڵات پێکهاتن: پارتی دێموکراتی کوردستان لەکورسێکی خۆی لەپارڵەمان چاوپۆشی کرد هەتا هەرکام لەو دووحیزبە 50،نوێنەری لەپەرلەمان هەبێت،بارزانی وتاڵەبانی بەئیشارە لە دەنگدانی ڕیبەری چاوپۆشیان کرد،لەدەنگدانێک کەکرا ڕیبەری پارتی لەپێش بوو،بەڵام پەنجالەسەتی لەدەورەی ئەوەڵ کەپێویست بوو بەدەست نەهێنا. لەڕاستیدا بەرەندەی ئەم دنگدانەتاڵەبانی بوو،کە دژی هەرجۆرە مامەلایەک لەگەڵ سەدام حوسین بەدژی (فیدڕالیسم)،کە هەنگاوێکی پێشتر لەڕیککەوتنامەی خودموختاری ساڵی 1970 بوو،بەربەرەکانی کردبوو.

ئەم( لەبەرچاوگرتنە)ی حیزبی بەتایبەت لەمانگەکانی دوایی دەستپێکردنی کاری دەولەت وپەرڵەمانی ناوچەیی لەژۆئیەی 1992،خەملاندنێکی ئەوهای نەبوو. بەڵام لەمانگی ژانویە خەلک دەیانگوت کەئەم ڕیککەوتنەی(پەنجا-پەنجا)بەفرمول، بە(جەرەیانی زنجیرەیی)گۆڕا: وەزیرێک لە پارتی دێموکرات دەبوایە جێگرێکی لە یەکیەتی نیشتمانی هەبوایە،هەروا وەزێرێکی یەکیەتی نیشتمانی دەبوایە جێگرێکی لەپارتی دیموکڕاتی کوردستان هەبوایە. دۆستێکم دەیگوت: (هێندەی نەکێشا کە ئەم داب و

نەریتە بۆ غولامەکانی کە چاییان دەهێنا جلی کردەوەی بەخۆوەپۆشی) کارتێکەری و دژکردەوکانی دوایی ئەم مەسەلە، بەتایبەت لە دوایی دەرگیریەکانی بەربڵاو کەلە 1994 دەستیپێکرد،مجدتروتوندتربوو. لەماوەی سەردانێک کە لە فوریەی 1996 لە باشووری ئیراقم هەبوو،ڕەفیقان سفرەی دڵیان دەکردەوە ڕەنج و کوێرەوەریەکانی خۆیان دەردەدا.دۆستم مۆئید دەیگوت: ( لە دەڤەرێک کە لە ژێردەسەڵاتی پارتی دێموکراتە،خەلکی ئاسایی لە بارزانی بیزاری دەردەبڕن،و لە ناوچەیەک کە لە ژێرحوکم ودەسەڵاتی یەکیەتی نیشتمانیە،لە تاڵەبانی بیزارن.)

پارتی دێموکرات ویەکیەتی نیشتمانی ڕیزوحورمەتی خۆیان ئەوها لەبەرچاوی تەواوی خەڵک لەدەست دابوو کە ئەوخەڵکەی کە لە1992 بۆ دانی خوێن بۆ کوژراوانی بۆمبیک کەدەست وپیی ڕژیم لەناوماشینی دانابۆوە،سەفیان بەستبوو،هەنۆکە گویچکەیان بەداواکاری یارمەتیەکانی پەیتاپەیتای نەدەبزوت کەبەتەلەفزیون بڵاویان دەکردەوە کە لە خەڵک داوا دەکرا بەو کوژراوانی شەڕی ناوخۆ خوێن بدەن. قیمەتەکان بەرزببوون، باج وپێتاک وەرگرتوو لە پۆستەکانی پشکنین، و پێتاکەکانی دیکە ئەوها بوو هەروەک موئید دەیگوت: ( هەرکەس /500دۆڵاری لە گیرفاندابێت دەیەوێ لە وڵات بچێتەدەر- ئەگەر بۆخۆشی نەچێت کوڕەکەی دەنێرێ کە لە دەرەوەی وڵات پارەپەیداکات بۆ بەڕیچوونی منداڵەکانی بنێرێت) کەسانێک کە لە هەمووکەس پتر زەبریان وێکەوتبوو خەلکی شاری بوون،چونکە ژیانیان پویوەندی بە(گەڕانەوەی زەمین) بوو. گەلێک لە خەڵک بۆ سەرگوندەکانی ویرانکراویان گەڕانەوە،کە هەنۆکە بە یارمەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوایی پینەوپوڕۆکرابوون. سەدان کەس لە دکتۆران وئەندازیاران ومامۆستایانی زانستگاو پسپۆرانی دیکە کە بوونیان ئیکجارئاتاج و پیویست بوو بەم بزوتنەوەی نەتەوەیی لکابوون،ئێستا تووشی بارودۆخێکی ئەوها هاتبوون کەبۆ بەردەوام بوون لەژین کەل وپەلی ماڵیان لەهەراج دانابوو- ئەم خەڵکە دوایی سەرهدەمێک حیجزووەرس وناهومید بوون هەتڵە وئاواری وڵاتان بوون.

دڵ ئازارتر لە هەمووان ئاکاروڕەفتاری پێشمەرگەکانی دوو گروپ بوو کە بە دەستووری خۆیان خەلکیان لە ماڵەکانیان ڕاودەنان. هەتا سەدام حوسێنیش لە شارەکان ملک وماڵی کەسێکی دەست بەسەردا نەگرتبوو، وای بەشیاوتری زانیبوو کە حکوموتی تۆقینەری خۆی لە سەردەڤەرەکانی ئاوایی کە نیشاندانی دەسەڵات لە سەر ئەوان چەتوون بوو نشتەجێ بکات. سازمانی لێبوردنی کۆمەلگای نێونەتەوەیی نووسی: (ئەمە زوڵمێکی یەکجارزۆرو بەرفرەوانە،کە کوردەکان بۆخۆیان ئەوهەموو سەردەمە لە شێوازی شکاندنی مافی بەشەر لە هێزەکانی دەوڵەتی ئیراق زوڵمیان بینیوە،دەبێت دیسان

زوڵم ودەستدریژی تاقەت بهێنن- بەڵام ئەوکەڕەت لە رێبەرانی سیاسی خۆیان.) ڕیکەوتی ئەم ڕاپۆرتە ژوئنی سالی 1994.

